# گوڵەگەنمی زێڕین

د. ن. مەکینزی

# گوڵەگەنمی زێڕین

فەرهاد شاکەلی و خەبات عارف

گواستوویانەتەوە بۆ ئەلفوبێی کوردی و بۆ چاپ ئامادەیان کردووە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

د. ن. مەکینزی
گوڵەگەنمی زێڕین
فەرهاد شاکەلی و خەبات عارف گواستوویانەتەوە بۆ ئەلفوبێی کوردی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٤٩
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٤٧٠ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم

بۆ ژنەکەم

د. ن. مەکینزی

## ناوەڕۆک


مێتۆدی زانستی و مەبەستێکی سیاسی ..... 11
هاوکاران و ئاگاییدەرانی مەکینزی ..... 23
پرۆفیسۆر د. ن. مەکینزی ژیان و نووسینەکانی ..... 28

یەک: سولەیمانییە ..... 39
شا ئیسماعیل و قەمبەرتا ..... 43
سوڵتان مەحموو و ڕەشسوار ..... 66
ئەحمەد و فازوحور ..... 74
ئەچم بۆ لای خوا ..... 90
چەنگ قسەیەک ..... 94

دوو: وارماوە ..... 105
ژینی لادێیی ..... 107
بێژن و مەنیجە ..... 116
ڕێی خانەقی ..... 127
گرانی ..... 129
مشکان ..... 132
مەحموو و سیمەنسوار ..... 133

سێ: بنگرد و پژدەر ..... 149
پیاوی بێئەقڵ ..... 152
کیسەڵێک وە دوو مراوی ..... 154
بەیانی بەدبەختی ..... 156
گەنم ..... 157

ئەرسەلان لە مەملەکەتی فەرەنگییان ........ 158
هـاویـن ........ 180
تووتن ........ 181
قـازانج ........ 184
مـیسـال ........ 185
بۆ خاتری فەقێ محەممەد ........ 186
سوڵتـان سـەلیم ........ 188
چلویەک قـەتڵ ........ 191

چوار: ئەربیل، خۆشناو و ڕەواندز ........ 195
یسف و زلەخـا ........ 197
شێرزاد خان و شیمولعوزار ........ 207
حیکایەتەکی عوسمانی بینی عەفان ........ 217

پێنج: سـوورچی ........ 227
حـارێ من ........ 228
چێرۆک: ئەحمەد و سێ کۆسە ........ 229

شەش: ئاکرێ ........ 237
ئەحمەدێ پیرکێ ........ 239
چاکی نەمایە ........ 244
لەعبا ڕیڤی ........ 248
هارۆن ڕەشـیـد ۆ دز ........ 250
گولێت گـەنمی یێت زێڕ ........ 256
خـایین ۆ خـودێ ........ 263
مـەکرێت ژنا ........ 267
حاکمێ ئەنگلیز ........ 270
شێخ سەعدی ۆ یێ بێخەم ........ 273
کوڕێ سوڵتـان سەلیمی ........ 278
کچا حاکمی ........ 292

حەوت: عەمادییە و بەرواری ژۆر ........ 299
درەو ........ 301
بالیل ۆ هارۆنەڕەشید ........ 303
ئەم چۆینە چیای ........ 309
ئامیدیێ ........ 311
باپیرێ مە ........ 314
ئەحمەد چەلەبی ۆ بەهرەم فێرس ........ 315

هەشت: گوللی و زاخۆ ........ 323
میرزا محەممەد ۆ کافر ........ 324
ئاخفتن ........ 330

نۆ: هەورامانی لهۆن ........ 337
چەند ڕستەیەک ........ 341
پەندی پێشینان ........ 349
حەکایەت (١) ........ 350
حەکایەتەو حەمەتەمەڵی (٢) ........ 351
حەکایەت (٣) ........ 362
بەیت ........ 367

## مێتۆدی زانستی و مەبەستێکی سیاسی

وەرگێڕانی یا کارکردن لەگەڵ بەرهەمی کەسێکی وەک پرۆفێسۆر مەکینزیدا نە خۆشە و نە ئاسان. بنەڕەتی ئەم قسەیەم پێوەستی ئەزموونی ڕاستەوخۆ، بەڵام سنوورداری خۆمە لەگەڵ مەکینزی و بەرهەمەکانیدا. ئەمە هەڵسەنگاندن یا نرخاندنی سەرجەمی ژیان و کارە زانستییەکانی ئەو پیاوە نییە کە من بمەوێ لێرەدا بیگەیێنم بە خوێنەری کورد. نرخاندنێکی گشتلایەنەی ژیان و کاری مەکینزی لەوە فراوانترە کورتەنووسینێکی وەک ئەم پێشەکییە دەرۆستی بێت.

داڤید نەیل مەکینزی (١٩٢٦-٢٠٠١) زانایەکی ناوداری ئێرانناسی و کوردناسی بوو. لەو بوارەدا کۆمەڵێ بەرهەمی گرنگ و زانستیی پێشکەش کردوون کە، بێگومان، دەکرێ وەک بنەڕەتی لێکۆڵینەوەی زانستی و وەک نموونەی لێنزیکبوونەوەی زانستی تەماشا بکرێن. بەڵام، هاوکاتیش، نە بیر و بۆچوونە زانستییەکانی مەکینزی و نە هەڵوێستی خۆی، وەک تاکەکەس، بەرانبەر باس و بابەتەکانی دیکەی سەر بە کوردەواری، لەو جۆرە نین بتوانین (یا هەر نەبێ من بتوانم) بەرگری و پێشوازییان لێ بکەم. مەکینزی، وەک زانایەک و وەک کەسێکیش، لەو بابەتە بوو کە ئینگلیز پێی دەڵێت [Controversial] و من بە کوردی ناوم ناوە دەمەتەقێهەڵسێن.

وا بزانم یەکەمین جار مەکینزیم بینی هاوینی ١٩٨٣ بوو. دۆستە کوردەکانم لە شاری گۆیتینگەنی ئاڵمانیا(ی جاران ڕۆژاوا) دەیانناسی

و هاتوچۆیان دەکرد. ئێوارانێک چووینە سەردانی لە ماڵەکەی خۆی. دیارە وەک میوان ڕێزی گرتین و بیرەوەری و قسەی خۆشی دەگێڕایەوە. هەواڵی سویدی لێ پرسیم. دیار بوو لە تەمەنی لاوێتیدا چەند مانگێک لە سوێد ژیابوو، کچێکی سوێدییشی ناسیبوو. بەلام کاتێ هەندێک مەسەلەی زمانەوانیمان هێنایە ناو باسەوە، ئەو هەر وەک خۆی سوور بوو لەسەر ئەو باوەڕانەی کە هەر نەبێ دەبێ وەک نادۆستانە ناو ببرێن. دوای ئەوە ئیتر پێوەندیمان هەر هەبوو. جاروبار نامەمان بۆ یەکدی دەنووسی و من کتێب و نووسراوەکانی خۆمم بۆ دەنارد. جاری دووەمیش هاوینی ١٩٩٣ بوو لە لەندەن. هەردوومان چووبووین بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی "قەسیدە"دا کە خوێندنگەی لێکۆڵینەوەی ئاسیا و ئەفریقای سەر بە زانستگەی لەندەن ڕێکی خستبوو. ئەو لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر قەسیدەی پەشتوو نوسیبوو، منیش لەسەر "قەسیدەی کوردی". ئەو سێ ڕۆژەی کۆنفرانسەکە پێکەوە بووین و لەسەر خوانی دواشەوی کۆنفەرانسەکەیش ئەو و من و چەند هاوڕێیەکی دیکە لە دەوری مێزێک دانیشتبووین. دوای ئەو جارە ئیتر زۆر ئاگاداری دەنگوباسی نەبووم. هەواڵی مردنەکەیشیم چەند مانگێک درەنگتر بیست.

باوەڕ ناکەم کەسێک لەوانەی شارەزای کارەکانی مەکینزین گومانێکیان لە شێوازی لێکۆڵینەوەی زانستییانەی وی هەبێت. ئەو، وەک زانایەکی جیددی و خوێنەوار و زانستخواز لەگەڵ بابەتی نووسینەکانیدا هەڵسوکەوتی کردووە. بەلام من پێم وایە، ڕەنگە زۆر کەسی دیکەیش لەم ڕووەوە هاوباوەڕم بن، کە زانستخواز هەمیشە هاوواتای ڕاستیخواز، چاکیخواز یا دادخواز نییە. داهێنان و دروستکردنی دەیان و سەدان چەکی مرۆڤکوژ و وێرانکەر، ئامێری

ئەشکەنجەدان، کەرەستەی سیخوڕی و هەواڵگری، پەروەردەکردنی زۆر جـۆری مـیکرۆبی نەخـۆشـیی خـەتـەرناک و شـێـوازی ڕووخـاندن و مێـشکشـۆردنەوە، هەمـوو ئەنجام و بەرهەمـی لێکۆڵینەوە و ئـەزمـوونی زانستین. تـەنیا زانستیبوون نابێتە پاساوی بەچاکدانانی بەرهـەمێکی ماددی یا فکری، بەڵکە مەبەست و ئامانج و شێوەی بەکارهێنانی ئەو لێکۆڵینەوەیەیە کـە پێـمـان دەڵێ تا چ ڕادەیەک دەتوانێت لـەپێناوی مرۆڤدا سوودی لێ وەربگیردرێت.

ئێـمـە ئەگـەر بیـر لـە ئەنجـامـە ترسناکـەکـانی هـەندێ لێکۆڵینەوەی زانستی بکەینەوە، ڕەنگە یەکسەر دەرهاوێشتـە وێرانکارەکانی بۆمبی ئەتۆمی یا چەکی کیمـیاییمـان بێتـەوە بیـر. بەڵام دەرهاوێشتـەکانی لێکۆڵینەوە لـە زانسـتـە مـرۆڤـانـەکـان هێنده بە بەرچاوی خـەڵکی ئاساییەوە نین تا هـەموو کەسێک لـەوە بگات تا چ ڕادەیەک دەبنە هۆی وێرانکاری یا تـەنانـەت لەناوبردنی تاکـەکـەس یا کـۆمـەڵە و گـرۆی جۆراوجۆری مرۆڤ. کۆمەڵکوژییەکانی لێنین و ستالین لە یەکێتیی سۆڤیێت، هۆڵۆکۆستی هیتلەر دژی جوولەکە، شۆڕشی فەرهەنگیی چین، قڕانەکەی پۆڵ پۆتی کەمبۆچیا (کەمبۆدیا) دژی گەلەکەی خۆی و ئەنفالەکەی بەعس دژی کورد، هەموویان بەرهەمی بیـر و فـەلسـەفـە و ئیدیۆلۆگییەکن کە مرۆڤ بەرهەمی هێناون و خستوونیە گەڕ، بەرهەمی لێکۆڵینەوەی زانستین.

مەبەستی من ئەوە نییە بەرهەمەکانی مەکینزی، یا ئەوانەی وەک ئەو بیـریان کـردووەتـەوە یا بیـر دەکـەنەوە، لـەگـەڵ چەکی مـرۆڤکوژی یا ئیدیۆلۆگیی فاشیستانەدا بەراورد بکەم. ئەمە ڕەنگە ببێتە ناهەقییەک لەو و لە کەسانی وەک ئەو. بەڵام نایشکرێ چاو لە دەرهاوێشتەی بیر و بۆچوونە مـێـژوویی و زمـانەوانییـەکـانی مـەکـینزی بپـۆشـین. ئەو لە

لێکۆڵینەوەکانیدا هەمیشە بە گومان و بە جۆرێک پێشبڕیارەوە زمان و فەرهەنگ و مێژووی کوردی خوێندووەتەوە. ئەنجامی خوێندنەوەیەکی وەها هەر ئەوە نەبووە کە زانایەک بە جۆرێکی دیکە، بە جۆرێکی جیاواز، لە زمانێک یا فەرهەنگێک کۆڵیوەتەوە. ئەم هەڵوێستە بووە بە نموونەیەک، بە مۆدێلێک، و شێوەیەکی کارکردن کە لەناو کوردناس و ئێرانناس و ڕۆژهەڵاتناسەکاندا تەشەنەی کردووە. لە زۆربەی کۆنفەرانس و کۆنگرە زانستییەکاندا، لە گۆڤارەکانی توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسیدا و لە خوێندنگە ئەکادیمییەکاندا، ئەم هەڵوێستە بووەتە نەریتێک کە دەیان کەسی بەناو زانستکار لەسەری ڕۆیشتوون و پەرەیان پێ داوە. ئەم گومانکردنە بووەتە چەکێکی کارا بە دەست ناحەزانی کوردەوە بۆ گومانکردن لە هەبوونی کورد وەک نەتەوەیەک و هەبوونی زمانێک بە ناوی زمانی کوردی و بۆ سووکایەتیکردن بەو لایەنە شارستانی و فەرهەنگییانەی کە دەبنە کۆڵەکەی هەبوون و مانەوە و بەردەوامیی کورد.

پێم وایە هەموو ئەو لێکۆڵینەوە و وتارانەی مەکینزی لەسەر کورد و زمان و فەرهەنگی کورد نووسیونی، خوێندوومنەتەوە. لە هەموویاندا هەڵوێستی گومانکارانەی مەکینزی دووبارە و چەند بارە دەبێتەوە. تەنانەت هەندێجار شێوەی سەرنجدانەکەی دەگاتە ڕادەی سووکایەتیکردن. ئەم کارانەی مەکینزی، زۆرجار، لەلایەن ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی دیکەوە وەک بەڵگە و بنەڕەتێکی زانستی بە کار هێنراون بۆ دووبارەکردنەوەی باوەڕی گومانکارانەیان، یا بۆ هەڵچنینی تیۆری و بۆچوونی دیکەی لەو بابەتە.

هەڵوێست و دیتنی نادۆستانەی مەکینزی بەرانبەر کورد، شتێک نییە تەنیا ئەو خۆی دایهێنابێت و لەسەری ڕۆیشتبێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە

مەکینزی و دەیان ڕۆژهەڵاتناسی دیکەی وەک ئەو، بەرهەمی زانستێکن کە پێی دەگوترێت ڕۆژهەڵاتناسی (Orientalism) و هەر لە سەرەتاوە کەوتووەتە خزمەتی بەرژەوەندیی شەڕخوازانە و داگیرکارانەی کۆلۆنیالیستانی ئەوروپا و دواتریش ئیمپەریالیزمی جیهانییەوە. بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتناسان، کە ئەمە ئێرانناسان و کوردناسانیش دەگرێتەوە، لە هەڵمەتی دوژمنکارانەی کۆلۆنیالیست و ئیمپەریالیستانی ڕۆژاوادا بەرانبەر ڕۆژهەڵات و ئیسلام و گەلانی ڕۆژهەڵات نەخشی ڕێبەر و ڕێشاندەریان بینیوە. جیاوازی و ڕەنگاورەنگیی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانیان بە جۆرێک شی کردووەتەوە، کە ببێتە بنەڕەت بۆ ناتەبایی و ناکۆکی و دروستبوونی ئاژاوە و شەڕ و دوژمنایەتی. پارچەپارچەکردنی کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامی ئامانجێکی ستراتێگیی سیاسەتی ئیمپەریالیستانی ڕۆژاوایە بۆ داگیرکردن و وێرانکردن و ڕووتاندنەوەی گەلانی ڕۆژهەڵات. ڕوواڵەتێکی ئاشکرای ئەم سیاسەتە مێژووی شەڕخوازانە و داگیرکارانەی ئەوروپا و ڕۆژاوایە، لە هێرشی خاچپەرستانەوە تا داگیرکردنی ڤیێتنام و لاووس و کامبۆچیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

زەحمەتیی کارکردن لەگەڵ بەرهەمەکانی مەکینزیدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ کە هیوادارم ئەو ڕوونکردنەوەیەی لێرە بە پێشەوە پێشکەشم کرد، واتە لایەنی هەڵوێستی نادۆستانەی ئەو بەرانبەر کورد، ڕوونکەرەوەی یەکێکیان بێت. هۆی دووەمیش ئەو وردەکارییە کەموێنە و لەڕادەبەدەرەیە کە لە لێکۆڵینەوەکانیدا دەیخاتە کار. ئێمە هەڵوێستمان لەبارەی مەکینزییەوە هەرچییەک بێت، ناتوانین ئەو ڕاستییە بشارینەوە کە مێتۆدی زانستییانەی کارکردن و لێکۆڵینەوەی لە پلەیەکی یەکجار بەرز و ورد و بەرپرسیارانەدایە. من وەک

خوێنەرێک کاتێک نووسینەکانی دەخوێنمەوە، ناتوانم ڕێزی شێوەی کارکردن و توێژینەوەی نەگرم. پێیشم وایە دەبێ ئێمە ئەو دوو لایەنە لە یەکدی هەڵاوێرین.

ئەم کتێبە "گوڵەگەنمی زێڕین" بەرگی دووەمی کتێبێکە مەکینزی ساڵی ١٩٦٢ بڵاوی کردووەتەوە و ناوی ناوە "لێکۆڵینەوەی دیالێکتی کوردی" [Kurdish Dialect Studies] و وەک بەشی نۆیەم و دەیەمی "زنجیرەی ڕۆژهەڵاتییانەی لەندەن" چاپ کراوە. بەرگی یەکەمی کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ لێکۆڵینەوەی دیالێکتی کوردی لە ناوچەی جۆراوجۆری کوردستانی عیراق. مەکینزی، لەپاڵ وەسفکردنێکی یەکجار وردی پێکهاتەی ڕێزمانیی دیالێکتەکاندا، هەموو توانست و وزەی زانستییانەی خۆیشی خستووەتە گەڕ بۆ پێشاندانی جیاوازی و لەیەکنەچوونی ئەو دیالێکتانەی زمانی کوردی. بەرگی دووەمیش تەرخان کراوە بۆ کۆمەڵێک حەکایەت و پەند و هاوپرسەکیی ڕۆژانە. نووسەر ئەو تێکستانەی گواستووەتەوە بۆ ئەلفوبێیەکی تایبەت کە بتوانێت دەنگە جیاوازەکانی ئەو دیالێکتانە بپارێزێت و خۆیان چۆن گۆ دەکرێن، خوێنەریش بتوانێت وەهایان بخوێنێتەوە. لەم کارەدا مەکینزی بە ڕاستی وردەکارییەکی زانستییانەی بێوێنەی بە کار هێناوە و ئەوەی پێشان داوە کە توانستێکی زمانەوانیی چەند بەرزی هەیە. گرنگییەکی ئەم تێکستانە لەوەدایە کە نووسەر هەوڵی داوە شێوەی ئاخاوتنی ناوچەکان وەک خۆیان تۆمار بکات، هەر لەبەر ئەوەیش هەمیشە ئەوەی جەخت کردووە کۆمەک لە کەسانێک وەربگرێت کە کەمتر ناوچەکانی خۆیان بە جێ هێشتووە یا خوێندنی کوردی کاری نەکردبێتە سەر شێوەی قسەکردنیان و هەڵبژاردنی وشە و دەربڕینەکانیان.

بەرگی دووەمی کتێبەکەی مەکینزی تێکستی هەشت ناوچەی کوردستانی باشووری تێدا تۆمار کراون. بەڵام هەر مەکینزی خۆی کتێبێکی دیکەی هەیە: دیالێکتی ئاورۆمان (هەورامانی لوهۆن) The Dialect of Awroman (Hawrâmân- î Luhôn) 1966 کتێبەکە لە سێ بەش پێک هاتووە: ڕێزمان، تێکست و فەرهەنگۆک. ئێمە پێمان چاک بوو، تێکستەکانی ناوچەی هەورامانیش بگەیێنینە خوێنەری کورد، بۆیە ئەویشمان خستە سەر ناوەڕۆکی ئەم کتێبە، کە بوو بە پاژی نۆیەم. مەکینزی خۆی هەورامی بە زمانێکی سەربەخۆ دەزانێت و وەک دیالێکتێکی زمانی کوردی تەماشای ناکات، ئەوەیش بەشێکە لە هەڵوێستە سیاسییە نادۆستانەکانی. هەر لەم ڕووەوە دەبینین ئەو تەنیا شێوەی قسەکردنی ئەو ناوچانەی هەڵبژاردووە کە حوکوومەتی ناوەندیی عیراق، لەو سەردەمەدا، بە کوردستانی داناون. ئەو بۆچوونە ڕێک لەگەڵ بۆچوونی ئەو کاتەی بریتانیادا هاوئاهەنگ بوو. لەو ڕوانگەیەوە مەکینزی خۆی لە دیالێکتی کوردیی گەرمیان دوور گرتووە، لە کاتێکدا ئێمە دەزانین و مەکینزییش زانیویەتی ئەو دیالێکتە چەندە دەوڵەمەندە، بە تایبەت لە بواری فۆلکلۆر و فەرهەنگی میللیدا. بێجگە لەوەیش دیالێکتی گەرمیان یەکێک لەو دیالێکتانە نییە کە هەندێ لە کوردناسەکان بە کوردیی دانانێن، وەک هەورامی، زازایی یا فەیلی.

ئێمە کە لەم کتێبەدا تێکستە کوردییەکان دەگەڕێنینەوە سەر ئەلفوبێی کوردی، نوختەی دەرچوونمان ئەوەیە کە ئەم تێکستانە، ئەم چیرۆک و پەند و قسانە، بەشێکن لە کەلەپووری کورد و پێویستە خوێنەری کورد ئاگاداریان بێت، ئەگەرچی لەوانەیە مەکینزی هەم لە نووسینە زمانەوانییەکانیدا و هەم لە کۆکردنەوەی تێکستەکاندا مەبەستی دیکەی نازانستی و نازمانەوانییشی هەبووبێت. دیارە

گواستنەوەی تێکستەکان بۆ ئەلفوبێی کوردی یا هەر ئامادەکردنی ئەم کتێبە ئەوە ناگەیێنیت کە ئێمە لەگەڵ بۆچوونە زمانەوانییەکانی نووسەردا هاوبیر و هاوڕا بین.

شێوەی کارکردنی ئێمە ئەوە بوو کە چیرۆکەکان بخوێنینەوە و سەرلەنوێ بە ئەلفوبێی کوردی بیاننووسینەوە. لەو جێگایانەدا کە لە ناوەڕۆکی بڕگەیەک یا ڕستەیەک نەگەیشتووین، پەنامان بردووەتە بەر تەرجەمەی ئینگلیزیی تێکستەکان بۆ دڵنیابوون. لە چەند جێگەیەکی کەمدا هەستمان کرد کە نووسەر هەندێ وشەی بە شێوەیەکی هەڵە تۆمار کردووە. ئێمە هەڵەکەی ئەومان وەک خۆی هێشتووەتەوە، بەڵام لەناو کەوانەیەکدا بەو شێوەیەی بە ڕاستمان زانیوە، وشەکەمان نووسیوە. ئەم جۆرە کەوانەیە (....) هیی نووسەر خۆیەتی و ئەمەیشیان [....] ئەوەیە کە ئێمە لێمان زیاد کردووە. هەر ئەم کەوانەیە [...] هەندێ جار بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی وشە بە کارمان هێناوە، بەتایبەت ئەگەر وامان هەست کردبێت کە ڕەنگە خوێنەر لە وشەکە نەگات یا نەزانێت چ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە، یا شێوە ڕێزمانییەکەی بەلاوە نائاشنا بێت.

نووسەر لە نووسینی ناوە کوردییەکاندا، بۆ نموونە شار و ڕووبارەکان، ئەو شێوە ڕەسمییەی تۆمار کردووە کە لە دەوڵەتی عیراقدا بە کار براوە، وەک نموونە (سولەیمانییە، ئەربیل، دیالا و زاب)ی لە جێی (سلێمانی، هەولێر، سیروان و زێ) بە کار بردووە. ئەمە، دیارە، هەڵەیەک نییە لە نەزانینەوە سەری هەڵدابێت، بەڵکە هەڵوێستێکی سیاسییە. ئێمە هیچ دەستکارییەکی ئەوەمان نەکردووە و وەک خۆی هێشتوومانەتەوە. هەروەهایش لە پێشەکییەکەدا کە باسی ناوچەی لێکۆڵینەوەکەی دەکات، وەک باکووری عیراق ناوی دەبات و

نایەوێ بنووسێت کوردستان.

لە گواستنەوەی تێکستەکاندا ئێمە هەوڵمان داوە ڕێنووسێکی یەکگرتوو بە کار ببەین. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم تێکستانە هیی ناوچەی جۆراوجۆری کوردستانن دەبینین زۆر دەنگ لەو دیالێکتانەدا هەن کە لە سیستێمی ڕێزمان و فۆنۆلۆگیی زمانی ستانداردی کوردیدا جێگەیان نەدراوەتێ، لە کاتێکدا لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی کوردیدا هەن و دەبیسترێن. لە شێوەی قسەکردنی سلێمانی و گەرمیاندا دەنگێک هەیە کە لە ئەنجامی سوان یا گۆڕانی دەنگەکانی (د، ت، گ)دا دروست دەبێت و جۆرێک کۆنسونانت و بزوێن (ڤۆکال) یا نیوچەبزوێنی لێ دروست دەبێت. بۆ نموونە کاتێک وشەکانی (ئەحمەد، باوکت، بەگ) گۆ دەکرێن، ئەو سێ فۆنێمەی (د، ت، گ) لەو دیالێکتانەدا گۆڕانیان بەسەردا دێت. ئێمە ناچار بووین ئەو دەنگە بە شێوەی (ء) بنووسین. واتە ئەو وشانەی سەرەوەمان وەها نووسیون (ئەحمەء، باوکء، بەء). لە دیالێکتەکانی ناوچەی بادیناندا دەنگەکانی (ص، ط، ظ) دەبیسترێن و نووسەریش تۆماری کردوون. ئێمەیش بۆ نووسینەوەی ئەو دەنگانە ئەو تیپە عەرەبییانەمان بە کار بردوون کە لە کاتی ئاساییدا لە ئەلفوبێی کوردیدا جێگەیان پێ نەدراوە.

لەم تێکستانەدا ئێمە کۆمەڵێ وشەی جوان و سەرنجڕاکێشی کوردیمان بە دی کرد، کە شایانی لێکۆڵینەوەن، بە تایبەت لەو ڕووەوە کە ڕەنگە زۆر خوێنەر و نووسەر و توێژەری کورد، پێیان وا بێت ئەم وشانە لە زمانی کوردیدا تازەن، کەچی بە هۆی ئەم تێکستانەوە تێدەگەین لە پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوودا، تەنانەت لە لادێی کوردستاندا و لەلایەن کەسانێکی نەخوێندەواریشەوە، بە کار هێنراون.

هەندێ لە وشـەکـانیش ئێـسـتـا یا لە زمـانی کـوردیدا هەر نەمـاون، یا کـەمـتـر بـەرچاو دەکـەون، بۆ نموونە: ژوان [٤٦٥]، کـاڤل [٥٤٠]، بەرینگاربوون [٥٨٥]، لاڤینی [٦٢٩]، درۆهۆن [٦٣٩]، کەژاڤە [٦٥٣]، لاڤ [٦٦١]، دەرپۆشک [٧٠٣]، هەڤـران [٧٠٣- ئا]، مـۆچیـاری [هەورامانی، حەکایەتەو حەمەتەمەڵی: ١٨]. لەو ڕووەیشەوە کە مەعنا و بواری بەکـارهێنانی وشـە چۆن گـۆڕانی بەسـەردا دێت، دیسـان ئەم وشـانە شـایانی لێکۆڵینەوەن. وشـەیەکی وەک "ژوان" لە بنەڕەتدا تەنیا بۆ یەکگرتن و چاوپێکەوتنی دوو دڵدار بە کار هاتووە، کەچی ئەمڕۆ بۆ دیداری سیـاسی و کۆمـەڵایەتییش بە کار دەبرێت. "کاڤل" لە بنەڕەتدا واتە "کەوڵ": پێستی ئاژەڵ بە تووک، موو یا خورییەکەیەوە. ئەمڕۆ لە ناوچەی بادینان وشـەکە گۆڕاوە و بووە بە "کەڤال" و بە واتای تابلۆ بە کـاری دەهێنن. "دەرپۆشک" واتە "سـەرقـاپ"، "هـەڤـران" باراشـە و "درۆهۆن"یش درۆزن. وشـەی "مـۆچیاری" بە شـێـوەیەکی سـەرەکی لە ناوچـەی گـەرمـیـان بە کـار دەبرێت و دیارە لـە ڕێگەی "عـەشـرەتی جـاف"ەوە بڵاو بـووەتەوە. "مۆچیاری" زۆر لـە "ئامـۆژگاری"، کـە ئەمڕۆ باوە، جـوانتر و خـۆشـتـرە، لە کـاتێکدا دەمـانتوانی "ئامـۆژگـاری" بۆ "فێربوون و فێرکردن" بهێڵینەوە.

وشـەیەکی دیکەی یەکـجـار سـەرنجـڕاکـێش، وشـەی "بسـپـۆر" بوو [٧٥٩]. مـەکینزی لە لێکدانەوەی وشـەکەدا دەڵێ "لە جێگای دیکە پێی دەگـوترێت پسـپـۆڕ، منداڵێکە کـە هـێندە گـەورە بووبێت بـتـوانێت لە کاروباری ناومـاڵدا کۆمەک بکات یا بچێتە لای بەرخـەل و مێگەل". هەر مەکینزی دەڵێ وشـەی "وەرویێرکە" [وارماوە: ١٨٨] دیسـان بەو مەعنایە بە کـار براوە. وەرویێرکە لە هـەندێ نـاوچەی کـوردسـتـاندا واتە منداڵێک

کە تازە خەریکە پێ دەگرێت یا تازە پێی گرتووە. هەژار [هەنبانە بۆرینە، ل: ٩٢٠] دەیگێڕیتەوە بۆ وشەی "وەرگێڕکە" و لە لێکدانەوەیدا دەنووسێت: منداڵی فێرەڕۆیشتن، منداڵی بەکەیف و قسەشیرین، منداڵێ کە کاری پێ بکرێ. دیسان هەژار [هەنبانە بۆرینە، ل: ١٠٨] پسپۆڕ وەک "زانا لە پەزناسیندا، چازان و لێزانی کار"یش لێک دەداتەوە. لە کوردیی ئەمڕۆدا "پسپۆڕ" بە مەعنای "کارزان، کارناس، لێزان، شارەزا، خەبیر" بە کار دەهێنرێت.

لە سەرەتای هەر بەشێکدا، پرۆفێسۆر مەکینزی هەندێ زانیاریی لەبارەی ئەو شێوەزارەوە نووسیوە، یا ناوی ئەو کەسانەی هێناوە کە کۆمەکیان کردووە. ئەو پێشەکییانە و هەروەهایش زانیارییەکان لەبارەی ژیانی د. ن. مەکینزییەوە نووسەری ئەم پێشەکییە، کردوونی بە کوردی. ئەو بەشانەی لێ دەربچێت، ئیتر هەموو کتێبەکە بە هاوکارییەکی چڕ و ڕێکخراوی نێوان هەردوومان، خەبات عارف و فەرهاد شاکەلی، بەرهەم هێنراوە. ناونیشانی کتێبەکە، **گوڵەگەنمی زێڕین**، ئێمە خۆمان بۆمان هەڵبژاردووە و لە ڕاستیدا ناوی یەکێک لە چیرۆکەکانە. کتێبەکە بە ئینگلیزی وەک بەرگی دووەمی "لێکۆڵینەوەی دیالێکتی کوردی" بڵاو کراوەتەوە، ئەو ناوەیش، بە بۆچوونی ئێمە، ئەگەرچی لە چوارچێوەی پرۆژەی کارەکەی مەکینزیدا گونجاو بوو، بەڵام لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم چاپە کوردییەدا ڕێک نەدەکەوت. بەشی هەرە دواییی کتێبەکەی مەکینزی لەو تێبینی و سەرنجانە پێک هاتووە کە نووسەر لەبارەی تێکستەکانەوە نووسیونی و ئامادەی کردوون. ئەم بەشە زانیاریی ورد و باشی تێدایە، بەڵام زۆربەی زانیارییەکان لەو جۆرەن کە بۆ خوێنەرێکی ناکورد پێویستن، چ لە بواری زماندا بێت یا پاشخانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کوردستان. ئێمە وەرگێڕانی ئەو

بەشەمان بە پێویست نەزانی.

کارەکەی مەکینزی بۆ هەر مەبەستێک و لەپێناوی هەر ئامانجێکدا بووبێت، ئەو چاکەیەیشی هەیە کە کۆمەڵێک چیرۆک و پەند و گاڵتە و قسەی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی تۆمار کردووە. ئێستا کە ئێمە ئەم تێکستانە دەخەینەوە سەر ڕێنووس و ئەلفوبێی کوردی، بەشێک لە کەلەپووری نەتەوایەتیمان دەگەڕێنینەوە بۆ مۆزەخانەی فەرهەنگ و زمانی کوردی. ئەم تێکستانە لەبەر فرەڕەنگییان و لەبەر ئەوەیش کە لە ناوەڕاستی ١٩٥٠کاندا تۆمار کراون، دەکرێ ببنە بنەڕەتی لێکۆڵینەوەی تازەی زانستی لە بواری کوردناسیدا.

فەرهاد شاکەلی

هەولێر ١٥-٤-٢٠١١

## هاوکاران و ئاگاییدەرانی مەکینزی

پرۆفیسۆر د. ن. مەکینزی بۆ کۆکردنەوەی ئەم تێکستانە و بۆ جێبەجێکردنی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی، ساڵی ١٩٥٤–١٩٥٥، کۆمەکی لە خەڵکێکی زۆر وەرگرتووە. لە هەر ناوچەیەک کەسانێکی هەڵبژاردووە کە لە قسەکردندا ڕێک وەک خەڵکی ناوچەکە بدوێن و کارکردی شێوەی ئاخاوتنی ناوچەی دیکەیان لەسەر نەبێت. تەنانەت خەڵکی نەخوێندەواری پێ باشتر بووە، نەوەک ئەو کەسە بە هۆی خوێندن یا خوێندنەوەوە وشەی ناوچەی دیکە یا زمانی نووسینی کوردی لەگەڵ شێوەی ناوچەکەی خۆیدا تێکەڵ بکات. ئێستا کە نزیکەی پەنجاوحەوت ساڵ بەسەر ئەم کارەی مەکینزیدا تێپەڕیوە،



نامیق خەریکی جووتکردنە
(بڕوانە وارماوە: ١٨٩)

ئێمە نازانین ئەو کەسانەی یارمەتیی ئەویان داوە، چەندیان هێشتا دەژین و چەندیان کۆچیان کردووە. بەڵام لەوەیە بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە ببێتە هۆی ئەوەی کەسوکار و کوڕ و نەوەی ئەو کەسانە، دەنگوباسێکیان لەبارەی ئەو خزم و کەسانەی خۆیانەوە دەست بکەوێت. هێندەی من ئاگادار بم، شریت (نەوار)ی دەنگی ئەو کەسانە تا هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو لای مەکینزی مابوو. بەڵام ئێستا کە مەکینزی کۆچی کردووە، بەداخەوە نازانم ئەو نەوارانە کەوتوونەتە لای کێ. بێگومان دۆزینەوەی ئەو دەنگانە دەبێتە دیارییەکی بەنرخ و هێژا بۆ کەسوکاریان و هەروەهایش بۆ مێژووی زمان و فەرهەنگی کوردی.

ئەگەرچی ناوی ئەو کەسانە لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا دەدۆزرێنەوە، بەڵام پێمان باش بوو لێرەدا هەموویان پێکەوە تۆمار بکەین، بۆ ئەوەی ئاسانتر بناسرێنەوە:

سلێمانی:

١- عەبدوڵڵا نەجمەدین (عەبە)، تەمەنی نزیکەی ٢٣ساڵان بووە، باوکی قاوەچیی شێخ مەحموودی حەفید بووە. عەبە لە ماڵی شێخدا لە سلێمانی لە دایک بووە.

٢- ئەلف: تەمەنی نزیکەی ٣٠ ساڵ بووە. دوای تەواوکردنی خوێندن لە سلێمانی، لە بەغدا خوێندوویەتی و دواتر بۆ کارکردن گەڕاوەتەوە بۆ ناوچە و شارەکەی خۆی. عەرەبی و ئینگلیزیی زانیوە.

٣- بێ: لە ئەلف بەتەمەنتر بووە. لە تەمەنی گەنجیدا کاری مامۆستایەتیی کردبوو لە ڕەواندز و چەمچەماڵ. زۆر سەفەری کردبوو. عەرەبی، ئینگلیزی، تورکییەکی چاک و هەندێک فارسییشی زانیوە.

٤- مەجید سەعید: بەڕێوەبەری خوێندنگەی ناوەندی (لە قەڵادزێ؟).

وارماوە:

١- نامیق: تەمەنی دەوروبەری ١٩ یا ٢٠ ساڵ بووە، نەخوێندەوار بووە. خەڵکی دێی (سییارە) بووە.

٢- ئەوڵقــادری حــامی: ٤٣ ســاڵ. دارتاش بووە و لەبەر ئەوەی سێ پەنجــەی خـۆی بە تەواوی بڕیبـووەوە، بە (قـالە کـۆڵ) ناســرابوو. خەڵکی دێی (سییارە) بوو.

٣- مەحموو:؟

٤- تۆفیق: پیاوێکی گاڵتەکار بووە، تەمەنی نزیکەی چل ساڵ بووە.

بنگرد و پژدەر:

١- عەبدوڵڵای کوڕی مەلا مەحموود: گەنجێکی خەڵکی دێی بنگرد، لە بنەڕەتدا خەڵکی مەرگە بووە، لە سەرەتای بیستەکانی تەمەنیدا بووە. شەش ساڵی خوێندبوو. لە سلێمانی خولێکی ڕاهێنانی خوێندووە، بۆ ئەوەی دوایی ببێتە مامۆستای گوند، لە هەڵمەتی قەلاچۆی نەخوێندەواریدا (محو الأمية).

٢- حەمەشەریفی حەولای کوێخا مستەفای چنارنە: ٢٥ ساڵ، خەڵکی چنارنە بووە. ساڵێک خزمەتکاری ماڵە ئاغایەک بووە لە سندۆلان. لەو کاتەدا لە قەلادزێ خزمەتی کوڕەکانی ئاغای دەکرد کە لەوێ دەیانخوێند.

٣- ئەحمەد ئاغای گربداخ:

٤- عوسێنی برایم (حوسێنی ئیبراهیم): ٣٠ ساڵ. لە هەسار لە دایک بووبوو، بەلام لەو کاتەدا لە گربداخ دەژیا.

٥- ئەحمەدی موحەممەد سەعید: تەمەنی تۆزێک سەرووی پەنجا

ســـالان بووە، لە نوورەددین لە دایک بووبوو. نیـــوەی تـەمـــەنـی لە گربداخ ژیابوو.

٦- بائۆمەری ئەمزەی (باب هۆمەر/عومەر کوڕی حەمزە): لە هەڵشۆ لە دایک بووبوو. تەمەنی سەرووی ٦٠ سالان بووە. هاوڕێیەکی نزیکی ئەحمەد موحەممەد سەعید بووە. زۆر خێرا قسەی کردووە. لەو کاتەدا هەشت ساڵ بوو لە گربداخ ژیابوو.

هەولێر و خۆشناو و ڕەواندز:

١- عومەر سولەیمان: ٢٥ سالان. گەردی. خەڵکی گوندی گەزنە بووە.

٢- بەکر عـومـەر: نزیکەی ٤٠ ســالان. لە بنەچەدا خـەڵکی گـوندی شیـرەی خۆشنـاوەتی بووە. ئەو کـاتە نزیکەی دوانزدە سـاڵ بوو لە هەولێر دەژیا.

٣- موستەفا ئاغا (لە ڕەواندز).

٤- فەتتاح خەلیفە عەبدوڵڵا: پەنجا سالان. مەکینزی وەک شارەزایەکی درێژدادڕ (زۆربڵێ) باسی دەکات.

سوورچی:

١- حـوسـێن مـوحـەممەد ئەمین: ناوەڕاسـتی پەنجـاکـانی تـەمـەن. لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی بێسمەکەر (سویسناوە) بووە. ئەو کاتە دوو ساڵ بوو لە ئاکرێ دەژیا.

ئاکرێ:

١- فـارس: پیـاوی بنەمـاڵەیەکی ئاغـا بووە، لە ســەرەتای چلەکـانی تەمەندا.

٢- سادق: سەرتاش، لە کۆتاییی بیستەکانی تەمەنیدا بوو. لە کەرکووک مەشقی سەربازیی کردبوو، دواتر لە سوپای عیراقدا لە فەلەستین خزمەتی کردبوو.

ئامێدی و بەرواری ژۆر:

١- قادر سەعدوللای (قادۆ): گەنجێک بوو تەمەنی ئەوپەڕەکەی بیست ساڵ دەبوو.

٢- سەعدی: خەڵکی گوندی بێتکار بوو. یەکەمین گوندە لەسەر ڕۆخی چەپی زابی گەورە.

٣- خافوور [غەفوور؟]: هەر خەڵکی ئەو گوندە بووە.

گوللی و زاخۆ:

١- حوسەین: گوللی بوو، خەڵکی باتۆفە، گوندێکە نزیکەی هەژدە میل لە ڕۆژهەڵاتی زاخۆوە. تەمەنی بەرەو چل ساڵی دەچوو، دوایین دە ساڵی ژیانی لە شاری زاخۆ ژیابوو.

٢- خالید و مەهدی: دوو کوردی خوێندەوار، خەڵکی زاخۆ بوون. هەردوویان لە سەرەتای بیستەکانی تەمەنیاندا بوون. یەکەمیان مامۆستا بوو، دووەمیش هێشتا لە بەغداد دەیخوێند.

هەورامان (هەورامانی لوهۆن):

١- تەحسینی کوڕی موحەممەدئەمین سان، کوڕی جافەر سان، کوڕی حەمەسەعید سان

## پرۆفیسۆر د. ن. مەکینزی
### ژیان و نووسینەکانی

داڤید نەیل مەکینزی، زمانەوان، ئێرانناس و کوردناسێکی بریتانی، ڕۆژی ٨-٤-١٩٢٦ لە لەندەن لە دایک بووە. مەکینزی هەرگیز ناوی یەکەمی خۆی، واتە داڤید، بە کار نەدەهێنا، بەڵکە هەر پێی خۆش بوو وەک نەیڵ مەکینزی بناسرێت، بۆ جیاکردنەوەی لە باوکی، کە ئەویش هەر ناوی داڤید بووە. لە کاتی شەڕی دووەمی گێتیگردا دایکی و خوشکەکەی ڕەوانەی کەنەدا کران، بەڵام ئەم لەگەڵ باوکیدا مایەوە.



د. ن. مەکینزی
١٩٢٦ - ٢٠٠١

دەرسبێژی کوردی لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی و ئافریقایی، زانستگەی لەندەن ١٩٥٥-٦١، دەرسبێژی زمانانی ئێرانی ١٩٦١-٦٥، دۆسێنت ١٩٦٥-٧٥، پرۆفیسۆر لە زانستگەی گوێتینگەن ١٩٧٥-٩٤، ئەندامی ئەکادیمیای بریتانیا ١٩٩٦. ساڵی ١٩٥١ ژنی هێناوە، جینا شێفەر

(سێ کوڕ و کچێکیان بووە، ساڵی ١٩٨١ لە یەک جیا بوونەتەوە)، ساڵی ١٩٨١ گابرییێلا هۆفمان بووەتە هاوسەری و ساڵی ١٩٨٨ جیا بوونەتەوە. ڕۆژی ١٣-١٠-٢٠٠١ لە شاری بانگۆر، ناوچەی گوینیدی هەرێمی وەیلز، لە بریتانیا کۆچی کرد.

د. ن. مەکینزی کەسێکی فرەزمانە بوو، زانیاریی لە بواری زمانەوانیدا سەرنجڕاکێش بوو، چ لە ڕووی فراوانییەوە و چ لە ڕووی قووڵییەوە. لە پلەی یەکەمدا وەک شارەزایەکی گەورەی زمانانی کوردی و خواریزمی ناسرابوو، بەڵام لە بواری زمانانی دیکەی ئێرانییشدا، پەشتۆ، پەهلەوی و سۆگدی، کارێکی زۆری کردووە. هاوکات لە زمانانی نائێرانییشدا، وەک عەرەبی و چینی، شارەزاییەکی زۆری هەبوو.

مەکینزی لە لەندەن لە دایک بووبوو، لە چەند خوێندنگەی جیاوازدا خوێندبووی؛ سلاو، ویندسۆر و کامبریج، بەڵام ساڵی ١٩٤٣ بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە، وەک سەربازی منداڵ خۆی ناونووس کردبوو. بە کەشتی نێردرابوو بۆ هندستان و لە دوا قۆناغەکانی شەڕی بورمادا بەشداریی کردبوو. دواتر بەشە سەربازییەکەی گوێزرایەوە بۆ پیشاوەر لە هەرێمی سنووری باکووری ڕۆژاوای سەر بە بریتانیا. پێش دابەشبوونی هندستان لە ساڵی ١٩٤٧دا، مەکینزی لە هەرێمی باکووری ڕۆژاوا ئەفسەری ئازووخە بوو، هەر بەو هۆیەیشەوە فێری زمانی پەشتۆ بوو و مەیلی بۆ خێزانی زمانانی ئێرانی پەیدا کرد.

کە گەڕایەوە بۆ ژیانی ئاسایی، بڕیاری دا سوود لەو کۆمەکە وەربگرێت کە حوکوومەت دەیدا بەو کەسانەی خزمەتی سەربازییان

کردبوو، بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا. مەکینزی دەیزانی خوێندنگەی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی و ئافریقایی، کە لە ساڵانی شەردا گوێزرابووەوە بۆ کامبریج و ئەو کاتە گەڕێنرابووەوە بۆ لەندەن، باشترین جێگەیە لەگەڵ مەیلی زانستیی ویدا بگونجێت. لە پاییزی ١٩٤٨دا لەو خوێندنگەیە خۆی ناونووس کرد. لەبەر ئەوەی لەوێ زمانی پەشتۆ نەدەخوێنرا، زمانی فارسیی هەڵبژارد و لە ناوەڕاستی ١٩٥١دا بەکالۆریۆسی لە زمانی فارسیدا وەرگرت و ساڵی ١٩٥٣یش ماستەر لە زمانانی کۆن و ناوەڕاستی ئێرانیدا. هەر لە ساڵی ١٩٥١ەوە، لە پاڵ خوێندنەکەی خۆیدا، دەستی کردبووە خوێندنی زمانی کوردی لای س. ج. ئیدمۆنز. هەر ئەو کاتەیش بڕیاری دا خۆی بۆ لێکۆڵینەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی تەرخان بکات. لە پاییزی ١٩٥٤دا، لەگەڵ ژنەکەی و دوو منداڵە بچکۆلەکانیاندا ڕوویان کردە کوردستانی عیراق و کەوتە کۆکردنەوەی ئەو بابەتانەی بۆ لێکۆڵینەوەکانی پێویست بوون. بەو مەبەستە دە مانگ لە کوردستان مایەوە. دەیویست بچێتە کوردستانی تورکیایش، بەڵام دەستەڵاتی تورکیا ڕێگەی پێ نەدا. دوای کارکردنێکی مەیدانی لە کوردستان، ساڵی ١٩٥٧ دۆکتۆرای فەلسەفەی لە زمانی کوردیدا وەرگرت و تێزەکەی، "ڕووماڵێکی دیالێکتناسانەی کوردیی باکوور و ناوەندی"، دواتر بە ناوی "لێکۆڵینەوەی دیالێکتی کوردی" بە دوو بەرگ بڵاو کرایەوە (١٩٦١-١٩٦٢). لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا، مەکینزی بە وردی فۆنۆلۆگی، مۆرفۆلۆگی و سینتاکسی دیالێکتە کوردییەکانی باس کردووە و هەوڵێکی زۆری داوە جیاوازییەکانیان دەستنیشان بکات. لە ڕووی ڕێزمانەوە دیالێکتەکانی بەسەر دوو گرۆدا دابەش کردوون:

١- گرۆی دیالێکتەکانی ناوەندی: سلێمانی، وارماوە، بنگرد، پژدەر، موکری، هەولێر، ڕەواندز و خۆشناو.

٢- گرۆی دیالێکتەکانی باکوور: سوورچی، ئاکرێ، ئامێدی، بەرواری ژۆر، گوللی، زاخۆ و شێخان.

بە هۆی ئەم تێزەوە و بە هۆی لێکۆڵینەوەکانی دیکەیەوە لەبارەی مێژووی زمانی کوردی و پێوەندیی بە زمانانی دیکەی ئێرانییەوە، مەکینزی ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد، وەک ئێرانناس و زمانەوان. لە سالانی شەستەکاندا چەند کتێبێکی گرنگی بلاو کردەوە لەبارەی ئەدەبی پەشتۆ، زاراوای هەورامی و هەروەهایش زمانی کوردییەوە. هاوکارێکی وتبووی "مەکینزیی بەستەزمان، هەموو دیالێکتەکان دەزانێت، بەلام هیچ یەکێک لە زمانەکان نازانێت." مەکینزی ئەم قسەیەی بە خۆشییەوە دەگێڕایەوە.

هەر لەو کاتەدا ئاوڕی لە زمانە کۆنەکانی ئێران دایەوە و بە تایبەتیش خەریکی زمانی پەهلەوی (هەروەهایش فارسیی جوولەکانە و شێوە کەوناراکانی دیکەی فارسی)، سۆگدی و خواریزمی بوو. سەرکەوتنێکی گەورەی مەکینزی لەو بوارەدا دانانی سیستێمێکی زانستی بوو بۆ تیپگوێزیی پەهلەوی.

سالی ١٩٦٠ مەکینزی بە سەردان چوو بۆ یەکێتیی سۆڤیێت و چاوی بە ئێرانناسە گەورەکانی ئەو ولاتە کەوت. هەر لەو سەردانەدا بۆی ڕێک کەوت بچێت بۆ هەندێ گوندی کورد لە ئەرمەنستان.

سالی ١٩٧٥ مەکینزی کورسیی پرۆفیسۆری زمانناسیی ڕۆژهەلاتیی لە زانستگەی گوێتینگەن وەرگرت. لە ماوەی ئەو بیست سالەدا کە ئەو پلەیەی هەبوو بەرهەمێکی زۆری بلاو کردەوە. بەلام

بێجگە لە کارەکانی خۆی، مەکینزی بەشداریی کردووە لە ئامادەکردنی دەیان بەرهەمی زانستیدا، بێ ئەوەی ناوێکی ئەویان بەسەرەوە بێت.

وەک زانایەکی پایەبەرز مەکینزی سامێکی تایبەتی هەبوو. هەندێ جار ڕەخنەی تیژی دەگرت، چونکە حەزی لە دوودڵی نەدەکرد، کاتیشی بۆ درێژدادڕیی نەزاکەتدارانە نەبوو. ئەوانەی کاریان لەگەڵ کردبوو دەیانزانی ڕەخنە و توانجی مەکینزی بەشێکی دانەبڕاوی کەسایەتیی ئەون. بەڵام ئەوەیش هەیە کە مەکینزی ئەو پێوەرە زانستییە توند و ستانداردانەی بۆ کاری خەڵکی بە کاری دەهێنان، دەیسەپاندن بەسەر کارەکانی خۆیشیدا.

دوای ئەوەی ساڵی ١٩٩٤ ماڵنشین کرا، لە باکووری وەیڵز دانیشت. هەر بە گەڕانەوەی بۆ بریتانیا، بۆ ئەندامەتیی ئەکادیمیای بریتانی هەڵبژێردرا. پێشتریش، ساڵی ١٩٩١، بە بڵاوکردنەوەی یادنامەیەک ڕێزی گیرابوو. ساڵی ١٩٩٩یش سەرجەمی وتار و لێکۆڵینەوەکانی لە دوو بەرگدا بڵاو کرانەوە. لەو ساڵانەدا کە خانەنشین کرابوو، حەزی نەدەکرد هەر لەسەر دەستکەوتەکانی ڕابوردووی بژی، بەڵکە لەسەر کاری زانستی بەردەوام بوو؛ لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی زازاوە نووسی و هاوکاتیش دەستی کردەوە بە کارکردن لەسەر پرۆژەیەکی کۆنی خۆی، ئامادەکردنی فەرهەنگێکی خوارزمی. بە هۆی ڕووداوێکی پێکدادانی ئۆتۆمۆبیل و نەخۆشیی دڵەوە، دوو جار برینکاریی بۆ کرا، یەکێکیان بوو بە هۆی ئەوەی تووشی بیرکۆڵی ببێت. ئەگەرچی دواتر کەمێک چاکتر بووبوو، بەڵام لە ئەنجامی نەخۆشییەکی کورتخایێندا مرد.

## نووسینەکانی د. ن. مەکینزی لە بواری کوردناسیدا


1. "Gender in Kurdish," BSOAS (Bulletin of the School of Oriental and African Studies), 16, 1954, pp. 528-41.
2. Bajalani, University of London, BSOAS, Vol. 18, No. 3, In Honour of J. R. Firth (1956), pp. 418-435.
3. A Bibliography of Southern Kurdish, 1945-55, In JRCAS, London, 1957, Vol. 44, part: 1, pp. 31-37.
4. The Language of the Medians, In BSOAS (22) 1959, pp. 354-55.
5. Reviewed work(s): A Kurdish Grammar: Descriptive Analysis of the Kurdish of Sulaimaniya, Iraq by Ernest N. McCarus, BSOAS, University of London, Vol. 22, No. 1/3 (1959), pp. 591-592.
6. The Origins of Kurdish, In Transactions of the Philological Society, pp. 68-86, 1961.
7. Kurdish Dialect Studies, 2 vol., London: Oxford University Press (London Oriental Series, 9 and 10, Oxford University Press), 1961-62.
8. A Kurdish creed. In A locust’s leg: studies in honour of S. H. Taqizadeh. London, Percy Lund, Humphries & Co., 1962, pp: 162-170.
9. Pseudoprotokurtica. In BSOAS, vol XXVI, 1963, part 1, pp: 170-173.
10. Some Gorani lyric verse, In: BSOAS, XXXVIII/2, 1965, pp: 255-283.
11. The Dialect of Awroman (Hawrâmân-î Luhôn). Grammatical Sketch, Texts, and Vocabulary, København, 1966.

12. Malâ-ê Jizri and Faqi Tayran, In Yad-name-ye Irani-ye Minorsky, Teheran, 1969, pp. 125-130.

13. Some Kurdish proverbs, In Iran, 8, 1970, pp. 105-113.

14. La société kurde-langue, In: Encyclopedia of Islam, tom V, sous la dir.C.C.Berg et Al.Paris, Maisonneuve, 1986, pp: 482-483.

15. The Role of the Kurdish language in ethnicity, In: Peter Alford Andrews: Ethnic groups in the Republic of Turkey, Wiesbaden, 1989, pp: 541-542.

16. "The Kurdish of Mula Sa_id Samdinani," Journal of Kurdish Studies 1, 1995, pp. 1-28.

17. "Notes on Southern Zaza (Dimilî)," in Proceedings of the second European Conference of Iranian Studies, Rome, 1995, pp. 401-14.

# پێشەکی

مەبەستی یەکەمی کۆکردنەوەی ئەم تێکستانە ئەوە بوو بابەت پەیدا بکرێت کە وەک بنەڕەتێک بە کار بهێنرێت بۆ وەسفکردنی ڕێزمانی تاکەتاکەی دیالێکتەکانی ئەو زمانە کوردییەی لە باکووری عیراق قسەی پێ دەکرێت، یا هەر نەبێت وێنەیەکی بکێشێت. کێشەی یەکەم، بێگومان، ئەوە بوو ئاگاییدەری وا بدۆزرێتەوە کە بە دیالێکتە جیاوازەکان قسە بکەن بە شێوەیەک کە لە خاوێنییەوە نزیک بێت و ئەمجا نموونەی ئاخاوتنی ئاساییان تۆمار بکرێت. بەو جۆرە، بۆ دەستەبەرکردنی ئەوەی کە هێندەی بتوانن سروشتییانە و ڕەوان قسە بکەن، هەموو ئاخێوەران هان دەدران لەبارەی هەر بابەتێکەوە خۆیان بە چاکی دەزانن بدوێن. ئەنجامەکە هەگبەیەکی تێکەڵاوی چیرۆکی میللی، پەند و حەکایەت و چەند پارچەیەکی وەسفکاری و ژیننامەیە. ئەگەرچی ئەم تێکەڵاوییە لە یەکەم ڕوانیندا زیاتر وەک شتێکی تێکەڵوپێکەڵ دەردەکەوێت، هیوادارم وا ببینرێت کە پاساوی خۆی پێیە بۆ نواندنی دیمەنێکی فراوانتری تەرز و شێوەی قسەی کوردی، زیاتر لەوەی کۆمەڵێکی سەرتاپێ، با بڵێین، چیرۆکی میللی دەتوانێت پێشکەشی بکات.

هەر کاتێک هەلومەرج ڕێگەی دابێت، تێکستەکە، یا هەر نەبێت بەشی یەکەمی، ڕاستەوخۆ لەسەر تەیپ (شریت، نەوار)ی ماگنێتکراو تۆمار کراوە و دواتر، جار لە دوای جار، بۆ ئاخێوەرەکە لێ دراوەتەوە و

به ئامادەبوونی خۆی خراوەتە سەر کاغەز و لە بەشە نارِوونەکاندا کۆمەکی لێ خوازراوە. لەبەر ئەوەی ژمارەی تەیپەکانی بەردەست کەم بوون، هەرچۆنێک بێت، هەندێ تێکست ڕاستەوخۆ لە زار وەرگیراون و خراونەتە سەر کاغەز و بەو پێیەش نەبوونی خۆبەخۆیی و دروستییان پێوە دیارە، کە ئەم میتۆدە لەگەڵ خۆی دەیهێنێت.

یەک جار (بڕوانە: عەمادییە: ٧٠٤ – ٧١٢ و ٧٠٤ئا – ٧١٢ئا) دوو گێڕانەوەی هەمان تێکست دانراون ـ یەکەمیان بە شێوەی دیکتە (ئیملا) کردن بووە، کاتێک کە ئامێری تۆمارکردنەکە کاری نەدەکرد، دووەمیشیان لە تۆمارکردنی ڕاستەوخۆوە کە دواتر کراوە، وەرگیراوە. تەنیا چەند جارێکی کەم، کە هیچ ئالتەرناتیڤێک نەبووە، شتەکە تۆمار کراوە، بەڵام دواتر لێ دراوەتەوە و خراوەتە سەر کاغەز بەبێ کۆمەکی ئاخێوەرەکە. ئەمە بە تایبەتی لە تێکستەکانی خۆشناو و بەرواری زۆردا ڕووی دا، لە بڵاوکردنەوەیشیاندا ژمارەیەک بەشی نارِوون فرێ دراون یا نیشانەی گومانیان خراوەتە سەر.

وشەیەکی لێبووردن دەبێ بەو خوێنەرانە بگوترێت کە لێرەدا (لەم بەرهەمەدا) تەنیا چیرۆکە میللییەکانیان پێ خۆشە. دەبینن هەندێکیان ناتەواون. ئەو ئاخێوەرانەی کە ئەم جۆرە چیرۆکەیان دەگێڕایەوە زۆرجار پێیان خۆش نەبوو چیرۆک بۆ گوێکرێکی بێگیانی وەک میکرۆفۆن بگێڕنەوە، بەتایبەتیش بە ڕۆژ. یەکێکیان هەر بە تەواوی ڕەدی کردەوە قسە بکات تا مەجلیسێکی شەوانەی شایانی بۆ کۆ نەکرێتەوە، لە خێوەتێکدا کە بە تیشکی چرا ڕووناک کرابووەوە. کە دەستیان دەکردە گێڕانەوەی چیرۆکێک، هەرچەند بە سەر و دەست ئاماژە دەکرا کە ئامێری تۆمارکردنەکە زوو بەرەو کزی دەڕوات و دەبێ بێدەنگ بن، نەدەکرا ئاخێوەرەکان ڕابگیرێن یا قەناعەتیان پێ بکرێ

چیرۆکەکانیان لە کورتی ببڕنەوە. جارێکیان کە دوای بیست دەقە تۆمارکردن قسە بە چیرۆکبێژێک بڕدرا، بە تووڕەبوونەوە ناڕەزاییی دەربڕی، کە چیرۆکی ئەو "نۆ شەو بەردەوام بووە". لە هەلومەرجی وەهادا، کە کات نەبوو، یا ئاخێوەر سەبری ئەوەی نەبوو کۆتاییی چیرۆکەکە وا بگێڕێتەوە کە بخرێتە سەر کاغەز، دەبوو بە جۆرێ دەربکەوێت وەک بڵێی تەواو نەکراوە. بە کورتییەکەی هەرگیز ئەوە نەگونجا کە ئەنجامگرییەک لە کۆتاییی چیرۆکێک وەربگیردرێت. هەروەهایش چیرۆکەکان هیچ ناوێکیان نەبوو، مەگەر بە ڕیزپەڕیکی ئاشکرا و دەگمەن، ئەگەرنا هەموو ناوەکان داهێنانی خۆمن.

تەنیا یەک جار (ڕەواندز) چیرۆکەکە سەرەتای نییە. چیرۆکبێژەکە، کاتێ هان درا چیرۆکێک بگێڕێتەوە، نموونەیەکی پێشکەش کرد. هەر ئەوەندەی دەستی پێ کرد، هیچ شتێک نەیدەتوانی وای لێ بکات گوێگرانی زیندووی کوردی خۆی بێئومێد بکات بەوەی ڕاوەستێت و سەرلەنوێ دەست پی بکاتەوە، هەندێ کاتیشی پێ چوو تا توانرا ئامێری تۆمارەکە، کە خۆی زۆر تەواو نەبوو، بخرێتە کار. دوا نموونەی میزاج (مجێز) و میزاجکاری – ئاخێوەرێک، پێش ئەوەی هیچ شتێک تۆمار بکات، دەبوو بە چاکی قەناعەتی پێ بکرێت کە ئەوەی تۆماری دەکات هەرگیز، لە هیچ هەلومەرجێکدا، لە ڕادیۆی بەغداوە لێ نادرێت، ئەگەرچی ڕوونی نەدەکردەوە بۆچی وا بە ئاشکرا دژی ناودەرکردن بوو.

[لێرە بە دواوە، نووسەر بە درێژاییی پێنج برگە باسی سیستێمی تیپگوێزیی تێکستەکان، تایبەتمەندیی هەندێ فۆنێم و شێوەی ئامادەکردنی تێکستەکان دەکات. ئێمە بە پێویستمان نەزانی ئەو بەشانە بکەین بە کوردی، چونکە زیاتر بۆ خوێنەری چاپە ئینگلیزییەکە

گرنگن. سەرنجی ئامادەکاران].

لەوەیە تێکەڵاویی شێوازی هەندێ لە وەرگێڕانەکان، خوێنەر بێزار بکات. ئەمـــە تا ڕادەیەک ناچاری بوو. چۆنایەتیی بێکاتی هەندێ لە چیرۆکەکان، کاتێک دەبینین زرێپۆش لەگەڵ سیمورغدا بە خۆشی ڕادەبوێرێت، کاتێک وەزیرەکان تەلەفۆن بۆ پاشاکانیان دەکەن، پاڵەوانانی داستانی ئێرانی ناکۆکییەکانی خۆیان بە نارنجۆک چارەسەر دەکەن، یا کاتێ لێچوواندنێک بە شێوەیەکی سەیر بەراوەژوو دەکرێتەوە، وەک لە (وارماوە: ٢٧٠)دا دەردەکەوێت، کەسانی ئەزموونداری و لێزان بێهومێد ناکات کە خوێندنەوەیەکی نائاسایی و کەونارایان پێ ببەخشێت. بەڵام شتی سەیر و سەمەرەی دیکە بێگومان لەو هەوڵدانەی منەوە هاتووە کە هێندەی بکرێ تەرجەمەیەکی وشە بە وشە بەرهەم بهێنم. زۆرجار وشەیەکی، لە ڕوانگەی وەرگێڕانەوە، بە ڕووالەت پڕبەپێست، بە شێوەیەکی سەیر لەگەڵ هاوسێکانیدا نارێکە. لەوەیش زیاتر، ڕستەی نەبیستراوی کوردی هەر بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە و دەبێ وەرگێڕانەکە هیوادار بێت ئەگەر بتوانێت بەشێکی ڕێگاکەی لەگەڵدا ببڕێت. لەگەڵ ئەوەیشدا، هەوڵ دراوە، تەنانەت ئەگەر لەسەر حیسابی بەرهەمهێنانی ئینگلیزییەکی هەڵەقومەڵەقیش بێت. ئەوەی لێ دەر بچێت کە لە هەندێ دەستەواژەدا کە هاوشێوە ئینگلیزییەکانیانم قەبووڵ کردووە، بۆ نموونە "پادشام"، "بە ئیزنی ئێوە"، تەنیا بە هۆشیارییەوە وەرگێڕانی وشە بە وشەم واز لێ هێناوە، کاتێ ئەمە وەک شتێکی پووچ دیار بووبێت. [لێرەیشدا نووسەر هەندێ نموونەی باس کردوون کە زیاتر پێوەندییان بە خوێنەری چاپە ئینگلیزییەکەوە هەیە].

## ١
## سولەیمانییە

سولەیمانییە [بە کوردی: سلەیمانی]، پێتەختی هەرێمێکە هەر ئەو ناوەی هەیە، بە گشتی بە ناوەندی فەرهەنگیی کوردستانی عیراق دادەنرێت. بێگومان هەرێمەکە تاکە هەرێمە کە دانیشتووانی لە ڕاستیدا هەر هەموو کوردن.(*)

وەک ئەنجامێکی زیادبوونی گرنگی و بایەخی، شارەکە لە ڕووی بارستایی و قەوارەوە بە شێوەیەکی بەرچاو گەورە بووە. دانیشتووانی بووەتە دوو هێندە و بگرە زیاتریش لە کاتی دروستبوونی دەوڵەتی عیراقەوە، دیارە ئەم زیادبوونە تا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ بارکردنی خەڵکی لادێ بۆ شار. لەبەر ئەوەی گوندەکانی دەوروبەر، کە چەند میلێک لە شارەکەوە دوورن، دیالێکتی وایان هەیە کە بە ئاشکرا تایبەتمەندیی "باکوور" و "باشوور"یان پێوە دیارە، ڕەنگە لە جێی خۆیدا بێت ئەو پرسیارە بکرێت ئایا دەکرێ بگوترێت "دیالێکتی سلێمانی" هەیە، یا ئەوەی پێی دەگوترێت دیالێکت لە کۆکردنەوەی چەند پارچەیەک زیاتر نییە.

(*) نزیکترین نموونە هەرێمی ئەربیلە کە بە نزیکەوە ٩٠٪ی خەڵکەکەی کوردن. بۆ وەسفێکی تەواوی ناوچەکە، لەگەڵ نەخشە و ژمارەی دانیشتووان، بڕوانە: س. ج. ئیدمونز: کورد، تورک و عەرەب، لەندەن، ١٩٥٧؛

C. J. Edmonds: *Kurds, Turks and Arabs*, London, 1957.

هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئەو کوردییە "ڕەسمی"یەی لە خوێندنگەکانی خوارەوەدا لە هەرێمەکانی سولەیمانییە و کەرکووک و ئەربیلدا دەخوێنرێت و بە کردەوە زمانی هەموو بڵاوکراوە کوردییەکانی عیراقە، لەسەر سیستێمێک دامەزراوە لە زمانی سلێمانیدا دەناسرێتەوە. ئەگەر ئەمە تێکەڵکردنێکی تازەی دووڕەگە بووایە، زەحمەت بوو ئاوا خێرا و بە فراوانی قەبووڵ بکرایە. ڕاستییەکەی ئەوەیە، هەموو شتێک ئەوە پێشان دەدات کە دیالێکتێکی سلێمانیی تەواو شایانی ڕێز هەیە، کە هیی شارەکە و دەوروبەرە نزیکەکەیەتی، دیالێکتێک کە جێگەی چاوەڕوانکراوی خۆی لە پێشکەوتنی ڕیزکراوی دیالێکتەکاندا لە باکوورەوە بەرەو باشوور دەگرێت و کەمێکیش کاری تێ کراوە بە هۆی بزووتنەوە [جێگۆڕکێ]ی دانیشتووانەوە. لەبەر ئەوە ئاخێوەران و نووسەرانی دەرەوەی سلێمانی، یا دانیشتووانی شار، ئەوانەی پێوەندییان بە دەرەوە هەیە یا لەژێر کارکردی دەرەوەدان، خۆیان بەوە ئاشکرا دەکەن کە هەندێ جار وشەی نائاسایی بە کار دەبەن. بە کورتی، ئەمانە ئەو ڕیزپەڕانەن کە بنەما دەسەلمێنن.

خاوەنی یەکەمین چوار تێکستەکەم کەسێکی وەها بوو. عەبدوڵڵا نەجمەددین، یا عەبە، ئەگەر ناوە ئاساییەکەی خۆی بە کار ببەین، ساڵی ١٩٥٤، کە چیرۆکەکانی تۆمار کران، تەمەنی نزیکەی ٢٣ ساڵان بوو. باوکی قاوەچیی شێخ مەحموودی بەرزنجیی ناودار و کۆچکردوو بووە و عەبە دەیگوت لە ماڵی شێخ مەحمووددا لە سولەیمانییە لە دایک بووە. دیار بوو هاوڕێتیی خەڵکانی سەر بە شێخ لە ساڵانی منداڵیدا کاری کردبووە سەر زمانەکەی، چونکە سووکە تام و بۆنێکی تایبەتی "باشوورییانە"ی هەبوو. بۆ نموونە دەیگوت "ئیستا" لە جێی "ئیستە"

[بەراورد بکە، وارماوە: ئیسە]. بەڵام ژمارەیەک وشەی عامییانەیشی بە کار دەبرد، بۆ نموونە "خۆنگنەوە" لە جێی "خوێننەوە"، "ڕۆشتن" لە جێی "ڕۆیشتن".

ئەم تایبەتمەندییانە دەناسرێنەوە و لە تێکستەکاندا وەک خۆیان بە جێ هێڵراون. بەڵام عەبە هەندێ خووی زیاتر و تایبەتی لە قسەکردندا هەبوو. ئەو دوو وشەیەی من لەم تێکستانەدا سەرنجم داون و پێم وا بووە دەگونجێ بگۆڕدرێن، "پیشان" و "نەوجوان" بوون، کە ئەو، هەر تەنیا ئەو، بە پێداگرتنەوە بە شێوەی "پشان" و "ناوجوان" گۆی دەکردن. بۆ وشەی دووەمیان ڕەنگە مرۆڤ بتوانێت بیانووی بۆ بهێنێتەوە، چونکە وشەیەکی دەگمەنە، چیرۆکبێژێک بۆ "گەنجی قۆز" بە کاری بهێنێت، بەڵام "پیشاندان" تا ڕادەیەکی زۆر ئاسایی و گشتییە.

برگەکانی سولەیمانییە ١-٢٩ لەسەر شریت (نەوار) تۆمار کراون و من تیپگوێزییەکی فۆنێمیکیم هەڵبژارد لەم چەند لاپەڕەیەی سەرەتادا، بە پێشاندانی بەو جۆرەی تێگەیشتن ڕوو دەدات.

هەندێ لە دەنگەکان لە کاتی گۆکردندا دەتوێنەوە بەم جۆرە:

| | | |
|---|---|---|
| چـ... شـ | دەبێتە | شـ شـ |
| ییە | دەبێتە | ێ |
| یـ ... د | دەبێتە | یییـ |
| نـ ... د | دەبێتە | ننـ |
| ر... ل | دەبێتە | للـ |
| سگ | دەبێتە | زگ |
| تنـ | دەبێتە | ننـ |

ووه دەبێتە ۆ

یە دەبێتە ێـ

یـ ... د دەبێتە ییـ

لە برگەی [سولەیمانییە: ٣٠] بە دواوە، شێوەی تێگەیشتن (گوێلێبوون) بە دەگمەن دیاری کراوە، بۆ نموونە: سەرییەوە> سەرێوە.

ئاخێوەرانی تێکستەکانی دیکەی سولەیمانییە هەم لە ڕووناکبیران و هەمیش، جاروبار، لە کارمەندان بوون. لەگەڵ ئەوەیشدا کە دەیانزانی دەبێ لە بەردەم میکرۆفۆندا گوتوبێژ بکەن، دەترسان. لەبەر ئەوە، ئەوەی لە سەرەتادا وەک هەوڵێکی بوێرانەی هۆشیارانە دەستی پێ دەکرد، دواتر دەگۆڕا و دەبوو بە گاڵتە و چیرۆک. لەبەر ئەوەی هەندێ لەمانە کەسانێکن دەژین، وام بیر کردەوە وا چاکترە هەموو تێکستەکە بە بێناوی بهێڵمەوە. بەو پێیە هەموو ناوە کەسەکییەکانم گۆڕی و ئاخێوەرانیشم ناو نا (ئەلف) و (بێ).

ئاخێوەرە گەنجترەکە، ئەلف، تەمەنی نزیکەی ٣٠ ساڵ بوو. دوای تەواوکردنی خوێندن لە سولەیمانییە، لە بەغداد خوێندوویەتی و دواتر بۆ کارکردن گەڕاوەتەوە بۆ ناوچە و شارەکەی خۆی. (بێ) لە نەوەیەکی بەتەمەنتر بوو. لە تەمەنی گەنجیدا کاری مامۆستایەتیی لە ڕەواندز و چەمچەماڵ کردبوو، بەڵام زۆریش سەفەری کردبوو. بێجگە لەوەی کە عەرەبی و ئینگلیزیی دەزانی، لەمەدا لەگەڵ (ئەلف)دا هاوشێوە بوو، تورکییەکی چاک و هەندێک فارسییشی دەزانی. ئەم دوو پیاوە، لە گوێرەی تەمەنیان، خوێندکاری ژیر و دڵسۆزی زمانەکەی خۆیان بوون و هەردوویان ئەزموونی ئەوەیان هەبوو کاری تەکنیکیی بۆ تەرجەمە بکەن.

## شا ئیسماعیل و قەمبەرتا

١. پاشایەک ئەبێ لە مەملەکەتێکی وەکوو مەملەکەتی بەغازەمیندا. ئەم پاشایە وەجاخی کوێر ئەبێ. موددەتێکی زۆر نوێژ و ئیتاعەتی خوای خۆی ئەکا. لەپاشا موددەتەودوا بانگی وەزیری دەستەڕاستی ئەکا، "ئەڵێ، ئەی وەزیر، تۆ لە جێگەی من وەکیل ب(بە) تا وەکوو من ئەچم بۆ دەروێشی، بزانم خوا چی ئەکا." وەزیر دانیشت لە جێگەی پاشا، پاشا دەستێ جلی دەروێشیی لە بەر کرد، ڕووی کردە شاخ و کێو، بە زیکر و لا ئیلاهە ئیللەڵڵای خۆی.

٢. لە پاش موددەتێکی زۆر تووشی کابرایەکی ڕیشسپی بوو. کابرای ڕیشسپی سوئالی لێ کرد، وتی، "ئەی پاشاهم، تۆ چی ئەکەی لێرە، بە چ دەردێ گرفتاری؟" وتی، "باڵەگەردانی سەرء [سەرت] بم، ئەگەر ئەزانی من پاشام ئەیشزانی بە چ دەردێ گرفتارم." وتی، "باشە، من و تۆ شەرتێک ئەکەین. من سێوێکت ئەدەمێ، خوا ئەولایەکی نێرینەء ئەءاتێ [نێرینەت ئەداتێ]، ناوی نەنێی تا وەکوو من یێم، ناوی ئەنێم. شەرت بێ، ئەگەر تۆ ئەمەم لەگەڵ بکەی، تا وەکوو مردن هەللەبەر [هەر لە بەر] چاومە و لە بیرم ناچێ،" کابرای ڕیشسپی دەستی بردە باخەڵی و سێوێکی دەرهێنا، دایە دەس پاشا. پاشا سێوی لە دەس وەرگرت، خستیە باخەڵی و پاشەوپاش گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.

٣. کە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە چووە سەراوە، بانگی ژنەکەی کرد، وتی،

''ئەی ئافرەت، خوا دەرووپەکی بە ڕەحمەتی لێ کردینەوە.'' سێوی کرد بە سێ لەتەوە، لەتێکی خۆی خواردی و لەتێکی دا [یا] بە ژنەکەی، لەتێکی برد بۆ ماینەکەی. سێویان خوارد، لەپاش موددەتێکی زۆر خوا ئەولایەکی دانێ [یانێ] و ماینەکەی جوانووئەسپێکی بوو.

٤. چەنگ موددەتێکی بەسەرا سووڕا، کوڕ عەمری گەیشتە سیانگزە، بۆ چواردە ئەچێ. لە مەجلیسی پاشا چەنگ کەسانێک دانیشتبوون، سوئالیان لە پاشا کرد، وتی، ''ئەی پاشاهم، زۆر حەیفە بۆ ئەم کوڕە کە خەڵق بانگی ئەکا بێناو. ئێمە وا جوانە ناوێکی بخەینە سەر تا ساحێبی یێت، ناوی ئەنێ.'' پاشا وتی، ''براکانم، ناتوانم من لە خۆمەوە ناوی بنێم تا ساحێبی نەیەت.''

٥. لەم گوفتوگۆیەیا [گوفتوگۆیەئا] بوون، تەق یەکێک لە دەرگای دا [یا]. پاشا فەرمووی، ''بچن، بزانن کێیە لە دەرگا ئەدا [ئەیا].'' چوون، دەرگایان کردەوە، کە تەماشایان کرد، کابرایەکی ڕیشسپی لە بەر دەرگا وەستاوە، داوای پاشا ئەکا. خەبەریان برد بۆ پاشا، وتی، ''ئەی پاشاهم، کابرایەکی ڕیشسپی لە بەر دەرگا وەستاوە، داوای تۆ ئەکا.''

٦. پاشا بە ڕاکردن چوو بە ئیستیقبالیەوە، بەخێراتنێکی زۆر جوانی کرد وە عیززەت حورمەتێکی جوانی گرت، مەجلیسی بۆ تەرخان کرد، کوڕی بۆ هێنایە پێشەوە. بانگی کوڕی کرد، وتی، ''ئەی نەوجەوان، وەرە، دانیشە.'' کەمەربەستەیەکی جوانی کرد، بانگی دا [یا] بە گوێیا، ناوی نا شا ئیسماعیل، وە بانگی جوانووئەسپی کرد، ناوی نا قەمبەرتا. وولاخی کەمەربەستە کرد، دوعای بەسەرا خوێن.

٧. لەم گوفتوگۆیەیا [گوفتوگۆیەئا] بوون، مامەی ڕیشسپی وون بوو. خەلقەکە بانگی کردە پاشا، وتی، ''ئەی پاشاهم، ئەمە چ سڕێک بوو

پیشانی ئێمەت دا؟ بۆچی خەبەرت [خەبەرو] بە ئێمە نەدا [نەیا]؟ وتی، ''براکانم، سوێنگی دام [یام] لە بەر دەرگا کە ناوی زاییر نەکەم، لەبەر ئەوە پاک و پیس زیارەتی ئەکا گوناهبار نابێ.'' خەلقەکە بەمە زۆریان پێ خۆش بوو. هیچ قسەیەکیان نەکرد.

٨. چەن مووددەتێکی بەسەرا سووڕا، باوکی کوڕ بانگی کرد، ''ئەی شا ئیسماعیل، بفەرموو، چ کچێک حەزی لێ ئەکەی وە چ کچێک داوای ئەکەی، تاوەکوو من بۆت بیهێنم.'' کوڕ جوابی دایەوە، وتی، ''بابە گیان، من ژنم ناوێ، تا من بمێنم ژن نایێنم.'' وتی، ''ئەی کوڕی خۆم، پیاوی چاک بە، تاوەکوو من ماوم لە دنیا، نەمردووم، با منداڵی تۆ ببینم، چاوم بە ناوچەوانی منداڵت بکەوێ.'' وتی، ''بابە گیان، غەیری قابیلە، من هیچ ژنێک ناهێنم.'' باوک زۆر لەسەری نەڕۆیی.

٩. کوڕ لە پاش چەنگ ڕۆژێک چەن سوارێکی هەڵبژارد وەکوو خۆی گەنج، ڕوویان کردە چۆڵ و سەحرا بۆ ڕاو و ڕاوژگار (ڕاووشکار). چەنگ ڕۆژێک سووڕانەوە لەو دەشتەیا (دەشتەدا)، لە پاشانا کوڕ بە دووربین تەماشای ئەو دەشتەی ئەکرد، چاوی کەوت بە ئاسک، لەناو باخێکا ئەلەوەڕان. لەناو ئەم ئاسکانەیا (ئاسکانەدا) ئاسکێکی تیا بوو، تەوقێکی ئاڵتوونی لە ملا بوو. وتی، ''ئەی براکانم، ئەم ئاسکانە کەوا ئەلەوەڕێن، ئەو ئاسکەیان کەوا تەوقێکی ئاڵتوونی لە ملایە، ئەوەیان بۆ من، ئەوانەی کەوا ئەلەوەڕێن بە جیا، ئەوانیش بۆ ئێوە. ڕاوی خۆتان بکەن، ڕاو بەتاڵ مەکەن.''

١٠. کوڕ ڕووبەڕووی ئاسک ڕۆیشت تا لێ نزیک بوونەوە. کە لێ نزیک بوونەوە دەورەی ئاسکیان دا. کوڕ ویستی بە دەست بیگرێ. ڕەفیقەکانی نەسیحەت کرد وە پێی وتن، ''براکانم، هەتا مومکینمان

ئەبێ بە گرتن بیگرین. ئەمە زۆر حەیفە بیکوژین. ئەمە لەگەڵ گرتمان لە مەجلیسی باوکما دایئەنێین. قابیلە لە مەجلیسی باوکما ئەمە دابنرێ." کە ئەمانەیان گوێ لێ بوو وتیان، "بفەرموو، هەتا بۆمان مومکین ببێ بە دەس ئەیگرین. ئەگەر مومکینیش نەبێ ئەوا دەسەڵات نییە."

١١. کوڕ نزیک بووەوە لێی، دەورەیان دا بە هەموویان. کە دەورەی ئەدەن تەماشا ئەکا کوڕ، سوئالیان لێ ئەکا، ئەڵێ، "لەسەر سەری هەچ کەسێکەوە دەربچێ من لە گەردنی ئەدەم." ئاسک سەری بەرز کردەوە، بە سەر سەری کوڕا بازی دا. خەڵقەکە وتیان، "کاکە گیان، بەسەر سەری خۆتا بازی دا." وتی، "براکانم، ئێوە لێرە دابنیشن، من ئەچم بە دوایا، تا نەیهێنم نایێمەوە."

١٢. ڕۆی بە دوای ئاسکا موددەتێکی زۆر. کە تەماشای کرد ئاسک چووە خێوەتێکەوە. کوڕ لە بەر دەرگای خێوەتەکە وەستا. ژنێکی سەرسپی لە قاپییەکە هاتە دەرەوە، وتی، "ئەی نەوجەوان، بفەرموو، دابەزە، نان بخۆ، ئیسراحەت بکە، ئینجا بڕۆ." وتی، "دایە گیان، ڕاوم هاتووەتە ئێرە. ڕاوم بدەرەوە. دانانیشم، ڕەفیقەکانم بە جێ هێشتووە، ئەبێ بگەڕێمەوە بۆ لایان."

١٣. وتی، "بالاگەردانی سەری (سەرت) بم، ئەوەی تۆ دیوتە، ئەوە ڕاوی تۆ نییە، ئەوە کچی منە، کچی شێخولعەرەبە. لە مەملەکەتی خۆی تۆراوە، هاتووەتە ئێرە، جەردەیی ئەکا، بۆ ئێمەی ئەهێنێ، ئەیخۆین. وە ئەمەش لە مەکتەبی ساحیری خوێنوویەتی، فێری ئەم نەوعە شتانە بووە، خۆی ئەکا بە کۆتر، خۆی ئەکا بە ئاسک، خۆی ئەکا بە مار، خۆی ئەکا بە هەموو شتێک. ئەگەر بڕوا بە من ناکەی بچۆ لە ژوورەوە،

چاوو (چاوت) پێ بکەوێ.''

١٤. کوڕ چووە ژوورەوە، چاوی بە کچ کەوت، حەقیقەتەن قسەکەی ڕاس (ڕاست) بوو. تاوەکوو دایکی کچ نان و چێشتی بۆ کردن کوڕ دەستەسڕ و ئاوێنەی خۆی لەگەڵ کچا گۆڕییەوە. بە تیری عیشقی یەک گرفتار بوون. کوڕ نانی خوارد، ئیسراحەتی کرد لەوێ، پاشەوپاش گەڕایەوە بۆ لای ڕەفیقەکانی، وتی، ''بفەرموون، با بڕۆینەوە بۆ ماڵێ. ڕاو بەتاڵ بکەن.'' گەڕانەوە بۆ ماڵێ.

١٥. باوکی کوڕ هات بە پیر کوڕەوە، وتی، ''ئەی کوڕ، تۆ بە قەولی حەو(حەوت) ڕۆژ چووی، ئیمڕۆ دوو ڕۆژە، گەڕایتەوە.'' وتی، ''بابە گیان، نەخۆشم، دەستم لێ مەدە.'' کوڕ هاتەوە بۆ ماڵەوە، لەسەر قەرەوێڵە لێی کەوت، سێ شەو و سێ ڕۆژ هەڵنەسا. دوختووریان (دوختۆریان) ئەبردە سەر، هیچ نەخۆشییەکی نییە.

١٦. کوڕ ئامۆزایەکی زۆر زیرەکی ئەبێ. باوکی کوڕ بانگی ئەکا، ئەڵێ، ''ئەگەر بێت و تۆ بزانی کوڕ چییەتی من لە دنیا چی تەڵەب ئەکەی ئەتدەمێ.'' وتی، ''باشە، مامە گیان، من ئێستا ئەچم بۆ لای ئامۆزام، لێی ئەپرسم، بزانم چ دەردێکیەتی.'' چووە لای ئامۆزای، وتی، ''ئامۆزا گیان، چۆنی؟ بۆچی وا ئەکەی؟ بە چ دەردێک گرفتار بوویت؟ پێم بڵێ ڕاست، حەزت لە کێ کردووە، وا نەخۆش کەوتووی؟'' کوڕ ئاهێکی هەڵکێشا، وتی، ''ئامۆزا، حەزم لە کچی شیخولعەرەب کردووە، لە فلانە مەوقیعایە. ئەبێ بۆم بێنن بە موددەتی دوو ڕۆژ ئایە سێ ڕۆژ.''

١٧. کچ بانگی مامی کرد، وتی، '' مامە گیان، ئەزانی؟ حەزی لە کچی شێخولعەرەب کردووە. بزانە لە کوێیە، هەتا زووە بۆی بێنە.'' باوکی کوڕ هات، وتی، ''بالاگەردانی سەری بم، لە چ شوێنێکا، لە چ

مەکانێکا، بە من بڵێ تاوەکوو بە زەبری ئاڵتوون بۆت بێنم.''

١٨. لێیان دا، ڕۆیشتن، چەنگ وەزیرێک، چەنگ نایبێکی ئاقڵ کاغەزێکی جوانیان نووسی بۆ شێخولعەرەب کە، ''حەز ئەکەین بە دیبەنی جەنابت، بێی بۆ خزمەتی من تا چاوم بە ناوچەوانت بکەوێ.'' ئەم وەزیرانە هەستان، لێیان دا، ڕۆیشتن بۆ ماڵی شێخولعەرەب.

١٩. کە چوونە ئەوێ شێخولعەرەب لە ماڵەوە نەبوو، ژنەکە هات بە پیریانەوە، وتی، ''بە خێر بێن، ئەی میوانی عەزیز. بۆچی هاتوون، خێر هاتوون یان شەڕە؟'' وتی، ''وەڵلاهی خێر هاتووین، جەنابی شێخ لە کوێیە؟'' وتی، ''لە ماڵەوە نییە. ئیمڕۆ هیچ، سبەینێ یێتەوە.'' ئینتیزاریان کرد تا هاتەوە. دەستی بردە گیرفانی، کاغەزی دەرهێنا، دایە دەس شێخولعەرەب.

٢٠. کە شێخولعەرەب کاغەزی خوێنگەوە (خوێندەوە) وتی، ''ئایا ئەم پاشایەی ئێوە، منی بۆ چییە؟ من هیچ زەرەرێکم نەبووە بۆ مەملەکەتی ئەو. ئێستاوەکوونێ من بانگ ئەکا، چاوم پێ بکەوێ، ماعنای چییە؟'' وتی، ''وەڵلاهی زۆر حەز ئەکا کە بتبینێ، کە چاوی پێو (پێت) بکەوێ، کە بتناسێ.'' وتی، ''باشە، بەیانی ئینشائەڵلا لەگەڵتان یێم، بە یەکەوە ئەچین بۆ خزمەتی پاشا.''

٢١. بانگی کردە کوڕەکانی، وتی، ''ئەی کوڕ، کوڕم، خۆتان حازر بکەن، بەیانی لەگەڵما وەرن، بچین، بزانم چییە.'' کوڕەکانی وتیان، ''بابە گیان، ئێمە نایێین.'' لەم حەو(حەوت) کوڕەی سێ کوڕیان هات لەگەڵ باوکیان، چواریان لە ماڵەوە مانەوە.

٢٢. وەزیری پاشا هیچ قسەی نەکرد تا نزیکی شار بوونەوە. لەوێوە تەلەفۆنێکی کرد لەگەڵ پاشا، وتی، ''ئەی پاشاهم، خۆش بێ. ئەوا

شێخولعەرەبم هێنا و هاتین.'' پاشا بە ئیستیقبالێکی جوانەوە، بە خزمەتێکی جوانەوە چوون بە پیر شێخولعەرەبەوە تا داغڵیان کرد بە ماڵەوە. خزمەتێکی جوانیان کرد، بەخێرهاتنێکی جوانیان کرد.

٢٣. لە پاش بەخێرهاتن و حورمەت لێی پرسی، ''ئەی شێخ، ئەزانی پاشا بۆ چی جەنابتی هێناوەتە ئێرە'' وتی، ''نە وەڵڵا، ئەی وەزیر.'' وتی، ''بۆ ئەوە هێناویتی کە گوڵێک لە باختایە، پێشکەشی کوڕەی بکەی.'' وتی، ''ئەی وەزیر، کچ بێ، کچی من بێ، هەزاری وەکوو کچی من بە قوربانی کوڕ بێ.'' کە ئەمەی بیست کوڕ دەسبەجێ هەستا لە جێگای خۆی، دەستی شیخولعەرەبی ماچ کرد.

٢٤. هەر ئەو دەقیقە باوکی کچ، وەکوو شێخولعەرەب بێ، بوو بە وەکیلی، بە وەکیلی کچ، کچی لە کوڕ مارە کرد. شەکراویان خواردەوە، ئەشیای بووکێنییان بۆ حازر کرد، هەموویان بۆ پێچایەوە، باریان کرد بۆی، حازریان کرد، فەرمووی، ''زۆر موبارەکە.'' دوعاخوازیی لێ خواستن. شێخولعەرەب گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان، کوڕیش لە ماڵ مایەوە.

٢٥. شێخولعەرەب با بگەیێنینەوە ماڵی خۆیان، کوڕ لێرە دانیشێ. شێخولعەرەب گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. کە نزیکی ماڵی خۆیان بوو ئەم چوار کوڕەی کە لە ماڵەوە نەهاتن لەگەڵی بە شمشێرەوە پەلاماری باوکیان دا، وتیان، ''بابە، عەجەبا تۆ ئەمە چییە هێناوتە لەگەڵ خۆ، ئەم هەمموو شتومەکە جوانە، ئەم هەمموو ئاڵتوونە؟'' وتی، ''وەڵلاهی، کوڕی خۆم، خوشکەکەتانم داوە بە کوڕی پاشای ئەم مەملەکەتە عەزیمە.''

٢٦. وتی، ''بابە گیان، ئێمە خوشکی خۆمان زایع ناکەین، بە کوڕە

پاشـای نایەین (نادەین).'' شـێخـولعەرەب وتی، ''ئەی کورِی خـۆم، تازە کارێکە و کـراوە، لە دەسـمـان دەرچوو. شـتـەکـە ئەبێ بە عـەیبـە ئەگـەر نەیدەین.'' وتی، ''بابـە گیـان، ئێـمـە خـوشکی خـۆمـان نادەین، تۆ کـەیفی خۆتە. ئیمرِۆ، ئیمشەو سێشەممەیە و——،'' وتی، ''ئێمە بار ئەکەین، لێ ئەدەین، ئـەڕۆین. پاشـا چاوی دەرێ! با ئەو ئـازایە بێ بە دوای کـچـا، بیبا.''

٢٧. کورِ، شا ئیسـماعیل، ڕۆژی سێشـەممە چووە خـزمـەتی باوکی، وتی، ''بابە گیـان، ئەمـەوێ ئیمـرِۆ سـەرێک لە دەسگیـرانم بدەم. حـەڵاڵی خـۆمـە. ئەچم چاوم پـێ ئەکـەوێ و ئەگـەرِێمـە دواوە.'' وتی، ''برِۆ، خـوا ئاگاداری (ئاگادارت) بێ.'' کە لێی دا، ڕۆیی کورِ ——— وا کورِ ئەرِوا – —— چەنگ مـوددەتێک بـە سـەرا سـوورِا و کـە کورِ تـەمـاشـای کـرد، لە شوێنی دەسـگیرانی ئەرزێکی ڕەقوتەقە، هیچ مەکانێکی بۆ نییە و هیچ شـوێنێکی بۆ نییـە، چۆڵ و هۆڵ کـەس نازانێ بۆ کوێ چوون و بۆ کوێ نەچوون.

٢٨. کورِ مـەراقی کرد، زۆر خـەفەتی خوارد. کـە تەماشـای کرد، لەناو ئاگردانێکا پارچەیـێ کاغەز دانراوە، بەردێکی پچکۆلەی خـراوەتە سـەر. کـورِ دابەزی، نـامــەی خـوێنگەوە (خـوێندەوە)، نامـەی مـاچ کـرد. لێی نووسرابوو، ''ئەی شا ئیسماعیل، ڕۆحی شیرینم، ئەگەر هاتی بە دواما یان لە شام یان لە حەلەب (حەڵەب) ئەمدۆزیتەوە.''

٢٩. کورِ پاشـەوپاش گـەرِایەوە بۆ مـاڵەوە، چووەتە سـەننووقی خـۆی، یەک هـەگبـە پارەی داگرت، وتـی، ''ئەی بابە گیـان، ئیـتر مـن بە دوعا. جارێکی کە من نابیننەوە. دەسگیـرانم ڕۆیشتووە، ئەچم بە دوایا، بزانم لە کوێ ئەیدۆزمەوە.''

٣٠. کـوڕ لێی دا، ڕۆیی چەن مـوددەتێکی زۆر. لـە پاش مـوددەتەودوا چاوی بە گردێ کەوت. تـەماشای کرد، ئەم گردە خـانوویەکی لێ کراوە، لە هیچ جێگەیەکەوە شـوێنێکی نییـە کوڕ بزانێ ئەمـە چیی تیـایە. کوڕ ناوی خـوای هێنـا، گورزێکی دا بە خـانووا، لایەکی ڕووخـان، کـە دیی کچێکی زۆر جوان هات بە پیریەوە. کە تەماشای کـرد ئەمە زۆر زۆر لە دەسگیرانی خۆی جوانترە.

٣١. پرسیی، "کاکە گیـان، ئیشت چییـە هاتوویتـە قـەڵعـەی (قـەڵای) منەوە؟" وتی، "پێم بڵێ تۆ چی ئەکەی لێرە بە تاقی تەنیا؟" وتی، "کاکە گیان، من کچی ئیسلامشای پەرییانم. من و سێ برام، لەسـەر ئەمە کە کوڕی قڕاڵی فـرەنگ داوای منی کرد لە باوکم، براکانم ڕەزای لەسـەر نەبوو، لەسـەر ئەوەی کە ئەو گاورە، من ئیسلامم، ئێستـە سێ ساڵە ئەم سێ برایەم مقابیل بە لەشکری قڕاڵی فرەنگ شەڕ ئەکەن."

٣٢. کوڕ لێی پرسی، "نایێی، جـێگەی براکانتم پێ بڵێی، تـا منیش بچم بۆ لایان؟" کچ وتی، "بالاگەردانی سـەرت بم، بفەرمـوو، ئیمشـەو ئیـسـراحـەت بکە، بەیانی مـن ڕێگەی براکـانمی (براکـانمت) پیـشـان ئەدەم." کوڕ چووە سـەرەوە، ئیسراحەتی کرد. شـەوێ، وەختی نووستن، تەمـاشـای کرد، خـۆی و ئەم کچـە لە یەک جێگا ئەنوون. کـوڕ دەستی برد، شـمـشـێـرێکی ڕووتی دەرهێنـا، لە ناوەڕاسـتی هەردووکـیـاندا ڕایکێشا لەبەر ئەوە کە هیچیان لە یەک نەکەون، چونکە کوڕ شـەرتی کردووە لەگەڵ خوای خۆیا کـە لەگەڵ هیـچ کەسێکا ڕانەبوێرێ تا شـاد نەبێ بە مرازی مەلیکەی خۆیا (خۆی).

٣٣. بەیانی لەگەڵ کوڕ هەڵستا (هەستا) لە خەو، نانی خـوارد، کچ ولاخی بۆ زین کـرد، کـوڕ سـوار بوو، لە قـەڵعـە (قـەڵا) هاتە دەرەوە. کچ

ڕێگای پیشان دا، وتی، ''کاکە گیان، ئەم ڕێگایە بگرە، ئەچیتە لای براکانم." کوڕ ناوی خوای هێنا، وتی، "قەمبەرتا، ئەمەویٚ لە بەردەمی خێوەتی ئەم سێ برایا [برایەدا] بمهێنیتە خوارەوە." ولاٚخ هەڵیگرت، لە بەردەمی خێوەتی ئەم سێ برایا هێنایە خوارەوە.

٣٤. کە ئەم سێ برایە چاویان بەم نەوجوانە کەوت تەعەجوبیان ما لەم نەخشە جوانە کە خوا خەلقی کردووە. بە هەر سێکیان لەسەر زین دایانگرت، بردیانە ناو خێوەتەوە، وتیان، "برا گیان، بفەرموو، نانمان لەگەڵ بخۆ." وتی، "من نانتان ناخۆم، بەشەرتێک شەڕی ئیمڕۆتان ببەخشن بە من." وتیان، "نانء [نانت] بخۆ، ئەوە بەخشیمان بە تۆ." کوڕ لە نانخواردنا بوو گوێی لە تەپڵی جەنگ بوو. لەم بەرەوە بە ناوی شا ئیسماعیلەوە لە تەپڵیان دا.

٣٥. کوڕ، وەکوو شا ئیسماعیل بێ، خۆی غەرقی ئاسن و پۆلاٚ کرد، نیقابی کێشا بە ڕووی خۆیا، ڕووی کردە دوودانەی مەیدانەوە. تەماشای کرد، دێوێکی گەورەی بۆ هاتە پێشەوە، وتی، "ئەی کوڕ ئیمڕۆ خۆیان نەیانوێرا بێنە مەیدانەوە، تۆیان ناردووە؟ ئەتکەم بە تۆزێک بنێشت، ئەعخەمە کلۆری دانمەوە." کوڕی وتی، "مەلعوون، ئێرە مەحکەمە نییە. ئەوەڵدەست دەسی کافرانە، دەسی خۆت بوەشێنە."

٣٦. دێو بە ڕقەوە دەسی بردە گورزی گران کە بیکێشێ بە تەوقی سەریا، بیکات بە قەترەی ئاو. کوڕ نەیهێشت بگاتە سەر سەری، تونگ [توند] مەچەکی گرت، وتی، "مەلعوون، دەستء [دەستت] تونگ بگرە." کوڕ گورزی ڕاتەکان، پێستی دەسی بە گورزەکەوە هێنا، وتی،

"بگرە یەک دەستی من، عەموودی گران؛
ئەگەر زینگوو مای بە مەردم مەزان."

کوڕ گورزی دا بە تەپڵی سەری، لەگەڵ ئەرزەکە جووتی کرد.

٣٧. تا ئێواریێ دووسەد پاڵەوانی برنجیی بە شمشێر کرد بە دوو لەتەوە. کوڕ گوێی لە تەپڵی بەشارەت بوو لێ درا، پاشەوپاش گەڕایەوە بۆ لای سێ براکە. هاتن بە پیرییەوە، ولاخیان لێ گرت، بردیانە ژوورەوە، خزمەتێکی جوانیان کرد. ئەم سێ برایە تەعەجوبیان ما لەم کوڕە کە، "ئەم قووەت و هەرەکەتەی لە کوێ بووە، غەیر ئەز لە خواوە نەبێ؟ ئەمە خەلقی ڕووی زەمین نییە، شتێکە لە خواوە بۆ ئێمە هاتووە."

٣٨. عەینی شت بەیانی کە لە خەو هەڵستا، بەبێ پرس ڕووی کردە مەیدانەوە. کە تەماشای کرد، کەس نییە شەڕ بکا لەگەڵ ئەم کوڕە پچکۆڵەیە. کوڕ وتی، "دوێنی بە منتان ئەوت، "تۆ چییت هاتوویتە شەڕەوە؟" ئیمڕۆ من بە ئێوە ئەڵێم، وەرنە پێشەوە." هیچیان نەچوونە پێشەوە. کوڕ نەعرەتێکی ئەڵلاهوئەکبەری کێشا، هەموو داروبەرد هاتە لەرزین. خۆی دا بەم لەشکرا [لەشکرەدا] دەستی کرد بە کوشتن. فرسەتیان لە کوڕ هێنا، هەر چوار ئەترافیان گرت، بە تیر و بە شیر هەموو گیانی کوڕیان کون کون کرد. کوڕ ئەمەنگەی [ئەمەندەی] هۆش بوو، وتی، "قەمبەرتا، هەڵمگرە، فەوتام."

٣٩. قەمبەرتا هەڵیگرت، بردی، لەسەر شاخێک بە ئەسپایی کوڕ لەسەر پشتی خستە خوارەوە. کوڕ بێهۆش کەوت. بە ئەمری خوا حەزرەتی خدری زینگە [زیندە] لەسەری حازر بوو، دەستێکی هێنا بە لەشی کوڕا، وتی، "تۆ عەیب ناکەی بۆ ئەم برینە ئەناڵێنی؟ هەڵستە، زوو بگەرە لای براکانء [براکانت]. ئیستە بۆت ئەگرین، ئەڵێن، "کوڕ کوژراوە." بەیانی لەگەڵ هەڵستای ناوی خوا بێنە. خێوەتی سەوز لە

سەروو هەموویانەوە هەڵدراوە، ئەمە هەمووی سیحرە. شمشێرێک بکێشە بە ناوەڕاستی ئەو خێوەتە سەوزەدا، [سەوزەدا] ئیتر هیچ نامێنێ."

٤٠. کوڕ گەڕایەوە بۆ لای ئەم سێ برایە. هاتن بە پیریەوە، لێیان پرسی، "تۆ لە کوێ بووی؟" وتی، "تۆزێ ئیشم بوو، چووم جێبەجێم کرد، گەڕامەوە." ئەو شەوە ئیسراحەتی کرد، بەیانی زوو هەڵستا، خۆی گەیانە خێوەتە سەوزەکە، شمشێرێکی پیا کێشا. کە تەماشای کرد، بوو بە تۆز و خۆڵ. کوڕ چاوی گرت. کە چاوی هەڵبڕی ئەو سێ کوڕە نەبێ لەگەڵ ئەم دێوە کەسی لێ نەماوە.

٤١. کوڕ وتی، "کاکە گیان، ئیتر من بە دوعا. ئەچم بۆ لای مەراقی خۆمەوە." وتیان، "کە مادەم وایە ئێمەش بکوژە، ئینجا بڕۆ؛ یان ئەبێ بێی لەگەڵمانا بۆ ماڵی خۆمان، ئیسراحەت بکەی، ئینجا بڕۆیت." کوڕ وتی، "بفەرموون، با بڕۆین."

٤٢. لە ڕێگا برا گەورەیان بە برا پچووکی وت، "بە زمانی پەری، وتی، "ئەگەر خانوو ڕووخابوو خوشکتم بۆ سەر بڕە، [سەر ببڕە] کراسەکەی بءە [بدە] لە خوێنەوە، بۆم بێنە." کوڕ ڕۆیی لە پێشەوە، تەماشای کرد خانووەکەیان لایەکی هاتۆتە خوارەوە. خوشکی هات بە پیریەوە. وتی، "ئەی خوشک من هاتووم، ئەگەر خانوو ڕووخابوو، سەرء بڕم، [سەرت ببڕم] کراسەکەء [کراسەکەت] بیەم لە خوێنەوە، بیبەم بۆ کاکەم." کچ وتی، "کاکە گیان، کوڕێکی لەم حاڵە، لەم ڕەنگە خانووی ڕووخانووە. یەک شەو لێرە بوو، بەیانی هاتووە بۆ لای ئێوە."

٤٣. کوڕ پاشەوپاش گەڕایەوە، وتی، "کاکە، ئەم کوڕە شەوێک لای خوشکم میوان بوو." برا گەورە لێی پرسی، "ئەی شا ئیسماعیل، تۆ

چوویتە خانووی ئێمە؟" وتی، "بەڵێ، شەوێک لەوێ بووم، بەیانی هاتم بۆ لای ئێوە." کوڕ زۆری پێ خۆش بوو. چوونە ماڵەوە، ئیسراحەتیان کرد، لەپاشا برا گەورەیان وتی، "ئەی شا ئیسماعیل، من هیچ شتێک شک نابەم، گوڵێک لە باخمایە پێشکەشم کردی." کوڕ وتی، "ئەوا قەبووڵم کرد."

٤٤. برا گەورە بوو بە قازی، برا بچووک بوون بە شایەت، کچیان لە کوڕ مارە کرد. شەو پەلی کوڕیان گرت، کردیانە پەردەوە. کوڕ کە چووە ژوورەوە لێی نووست، گوێ نەءایە [نەدایە] کچ. سێ چوار شەو بەم نەوعە. شەوێکیان کچ ئیزنی لە براکانی وەرگرت، وتی، "من ئیمشەو ئەمە تاقی ئەکەمەوە. بزانم کچە یان کوڕە."

٤٥. شەوێ عەینی شت، کوڕ چوو، لێی نووست. کچ لێفەی لەسەر فڕێ دا، وتی، "ئەی کوڕ، بۆچی هیچ خۆت لە من ناگەیێنی؟ لە من جوانترء [جوانترت] دەس ئەکەوێ؟" کوڕ وتی، "گیانەکەم، من ئەچم بۆ سەفەر. نەبا لەم سەفەرە نەگەڕێمەوە، لە دوای من تۆ مناڵت بوو، ناڵێن، "ئەمە باوکی کێیە؟" ئەو وەختە ئەبێ بە عەیبە بۆ تۆ. ئەگەر گەڕامەوە لەگەڵ خۆم ئەء بەم، [دەتبەم] ئەگەر نەگەڕامەوە تۆ بۆ خۆت شوو ئەکەی بە یەکێکی کە."

٤٦. کچ ئەمەی زۆر پێ خۆش بوو، چوو، بە براکانی وت، "کاکە، ئەمە لەبەر ئەوە دەست لەگەڵ من تێکەڵ ناکا، سەفەری لە بەرە. کە گەڕایەوە لەگەڵ خۆی ئەمبا. [دەمبات]" براکانی وتیان،"زۆر باشە."

٤٧. کوڕ، وەکوو شا ئیسماعیل بێ، ڕووی کردە ئەم سێ برایە، وتی، "با بڕۆین." وەکوو من ئەم پیاوەتییەم لەگەڵ ئێوە کرد ئێوەش ئەمە لەگەڵ من بکەن. لێرەوە کام ڕێگا دەقیقەیەک زووتر ئەچێتە شام و

حەلەب [حەڵەب] پێم بڵێن.'' وتیان، ''فەرموو.'' بردیانە سەر سێ ڕێگا، وتی، ''کاکە، ئەم ڕێگایە بە ساڵێک ئەچێ، ئەم ڕێگایە بە شەش مانگ ئەچێ، ڕێگای سێهەمیان بە دوو مانگ ئەچێت، فەقەت هەرچییەک لێرەوە ڕۆیشتووە نەگەڕاوەتەوە.'' کوڕ وتی، ''من لەسەر خوا ئەڕۆم.''

٤٨. کوڕ دوعاخوازیی لێ خواستن، لێی دا، ڕۆیی. یەک مانگ ڕێگای بڕی، تەماشای کرد لە شاخێک نووسراوە، ''ڕێی هاتونەهات.'' کوڕ گوێی نەدایێ (نایە) وتی، ''من لەسەر خوا ئەڕۆم.'' تەماشای کرد چەند هەزار خێوەت هەڵدراوە، کەسی تیا نییە. خێوەتێک لە هەموویان بەرزترە، دوو منارەی لێ کراوە، یەکێکیان لەسەری بنیاءەم، یەکێکیان لە لەشی.

٤٩. کوڕ تۆزێک خۆفی کرد، ڕووی کردە ژێر ئەم خێوەتەوە، تەماشای کرد چێشت لێ نراوە، چا لێ نراوە. هیچ کەسێکی لێ نییە. کوڕ دەستی کرد بە نانخواردن. قەرەوێڵەیەکی لێ بوو، چووە سەری، پاڵ کەوت، گوێی گرت، گڕمەگڕم [گرمەگرم] و ناڵەناڵێک پەیا بوو، وتی، ''چ حەرامزادەیەک ڕووی کردۆتە جێگای من؟ ناڵدار (ناڵڵار) هاتووە ناڵم شکانووە، [شکاندووە] باڵدار هاتووە باڵم شکانووە.''

٥٠. کوڕ هاتە دەرەوە، بانگی کرد، ''مەلعوون، هەڕەشە مەکە، وەرە پێشەوە. من ئیمشەو میوانی تۆم، تا بەیانی بە هەرچییەک ئەڵێی لەگەڵت ئەکەم. ئەگەر مۆفەق بووی سەرم بڕە، ئەگەر منیش مۆفەق بووم وەکو سەگ سەرت ئەبڕم.'' ڕەشسوار هاتە پێشەوە، دەستی کوڕی گرت، بردییە ژوورەوە خزمەتی کرد تا بەیانی.

٥١. بەیانی لە خەو هەڵستان، دەستیان خستە ناو دەستی یەکەوە، ڕوویان کردە مەیدان. ڕەشسوار وتی، ''ئەی نەوجوان، من دڵم نایە نە

بە شیر نە بە تیخ لەگەڵت بکەم، زۆران ئەگرین. ئەگەر تۆم دا بە ئەرزا ناوکوژم، [ناتکوژم] ئەڵقەیەک ئەکەمە گوێت، ئەء کەم [دەتکەم] بە عەبدی خۆم. ئەگەر تۆش منت دا بە ئەرزا چیم لێ ئەکەی، لێم بکە." شا ئیسماعیل وتی، "ئەم قسانە هەمووی لای من بای [بایی] فلسێکە. منت دا بە ئەرزا، سەرم بڕە، ئەگەر منیش تۆم دا بە ئەرزا وەکوو سەگ سەرت ئەبڕم."

٥٢. دەستیان دایە (یایە) یەک، دەستیان کرد بە زۆرانگرتن. حەو [حەوت] ڕۆژ هیچیان زەفەریان بە یەکتری نەبرد. ڕۆژێکیان کوڕ سەری بەرز کردەوە، وتی، "ئەی خوایە، خۆت ئەزانی بە چ دەردێک گرفتارم وە تووشی چی ئەبم. ئەگەر ئەجەلء [ئەجەلت] هێناوم بە دەست ئەم مەلعوونەوە بمدە بە ئەرزا، نەجاتم بێ. ئەگەر ئەجەلیشء [ئەجەلیشت] نەهێناوم بیدەم بە ئەرزا نەجاتم بێ لە دەست ئەم دەردە."

٥٣. کوڕ زۆر پاڕایەوە لە خوا، باوەشی کرد بە ڕەشسوارا، وتی، "یا خدری زینگە، کەیفی خۆتە." دوو جار ڕەشسواری بردە ئەوسەر وە هێنایەوە، وەکوو چۆلەکە گرتی بەسەر دەستیەوە، دای بە ئەرزا، پەلاماری شمشێری دا، سەری بڕێ. ڕەشسوار فرسەتی هێنا، قۆپچەی یەخەی کردەوە، دوو لیمۆ لەسەر سنگی دەرکەو [دەرکەوت]. کوڕ دەستی سارد بۆوە.

٥٤. ڕەشسوار وتی، "هەڵستە لەسەر سنگم. مارەی من و تۆ لە عەرش و قورش بڕاوە، چونکە من شەرتم کردووە لەگەڵ خوا هەرچی پشتی من نەدا لە ئەرز شووی پێ ناکەم." دەستیان خستە ناو دەستی یەک، ڕوویان کردە قەسری ڕەشسوار. ڕەشسوار لەوێ کوڕی دانا، چووە ژوورەوە، خۆی گۆڕی. کە هاتە دەرەوە کوڕ چاوی پێ کەو [پێ

کەوت] لە هەردوو دەسگیرانەکەی زۆر جوانترە.

٥٥. کوڕ وتی، "ئەی مەلیکە، من شەرتم کردووە تا نەچم، دەسگیرانم نەیێنمەوە، لەگەڵ تۆ ڕانابوێرم تا شاد نەبم بە مرازی خۆما." ڕەشسوار وتی، "تۆ بۆ کوێ ئەچی منیش خزمەتکاری وڵاخەکەت ئەبم، تازە من نایێڵم تۆ بە تەنیا بڕۆی." وتی، "چۆن ئافرەتێکی وەکوو تۆ بێت لەگەڵ منا شاخوداخ بە یەکەوە بکا؟" وتی، "چۆن، حەو ڕۆژ زۆرانء [زۆرانت] لەگەڵ گرتم، هەمەن [؟] ئەچمەوە ئەو بەرگە کە تۆ منت دی." کوڕ وتی، "کە مادەم وایە، بەیانی خۆت حازر بکە، بڕۆین."

٥٦. بەیانی زوو بە جووتەسوارە لە قەلعە هاتنە دەرەوە، ڕۆیشتن تا داخڵ بە مەملەکەتی حەلەب بوون. کوڕ وتی، "ئەی قەمبەرتا، من لغاوت ئەخەمە سەر ملت. چ ماڵێک شیری حەلاڵی خواردووە لەبەر قاپیی ئەو ماڵا [ماڵەدا] ڕامگرە. وڵاخ هەر لە بەیانی تا ئێواری سووڕی خوارد بەناو ئەم شارا [شارەدا]. ئێواری لەبەر قاپیی پیرەژنێک وڵاخ ڕاوەستا.

٥٧. کوڕ لە دەرگای دا، وتی، "دایە گیان، میوان ڕاناگری؟" وتی، "کوڕی خۆم ئەگەر بە ماڵی دایکی خۆتان ڕازی ئەبن قۆنگەرەکانتان [قۆندەرکانتان] ئەخەمە سەر سەرم." کوڕ وڵاخی ڕاکێشایە ژوورەوە، وتی، "دایە گیان وەرە، ئەمە یەک مست ئاڵتوون. بچۆ، لە بازاڕ هەرچی ماڵ ئەیەوێ بیکڕە، بیهێنەرەوە، شتێکمان بۆ ئێواری حازر بکە." پیرێژن چووە بازاڕ، هەرچییەکی لازم بوو کڕیی، هێنایەوە بۆ ماڵەوە، نانێکی جوانی بۆ دروست کردن.

٥٨. ئێواری لەپاش نانخواردن کوڕ وتی، "دایە گیان وەکوو بزانی کچی شێخولعەرەب هاتۆتەوە ئێرە." وتی، "بە قوربانء [بە قوربانت]

بم، دوو ساڵە هاتوونەوە. کچەکەی شێت بووە، وا لە ژێرزەمینا هیچ کەسێک ناوێرێ بچێ بە لایا." کوڕ وتی، "دایە گیان، تۆ ئەتوانی، من شتێکء [شتێکت] ئەدەمێ لە کونەوە بۆی فڕێ دەیتە خوارەوە؟" پیرێژن وتی، "کوڕی خۆم ئەمکوژێ، پارچە پارچەم ئەکا." کوڕ وتی، "دایە گیان، ئەگەر هات و مردی شەرت بێ گوممەزێکی ئاڵتوون لە سەرء [سەرت] بکەم، بە تەرتیبێکی جوان ئەتنێژم." پیرێژن وتی، "کە مادەم وایە حازرم. چیت هەیە بمدەرێ، بۆی بەرم." کوڕ وتی، "بچۆ، دەسکێک گوڵ و ڕێحانم بۆ بێنە." کوڕ ئەنگوستیلەی دەسگیرانی خستە ناو ڕێحانەوە، دایە (یایە) دەست داپیرە.

٥٩. داپیرە لێی دا، ڕۆیی، لە کونێک لە سەربانەوە بۆی فڕێ دایە خوارەوە. کچ لە خوارەوە وەکوو پشیلە پەلاماری گوڵەکەی دا، هەمووی ورد کرد، فڕێی دا. گوێی لە تەقەیەک بوو. کە چاوی بە ئەنگوستیلەی خۆی کەوت زریکانی، بێهۆش کەوت. لەپاش سەعاتێک هۆشی هاتەوە، وتی، "کێ بوو ئەم گوڵەی خستە خوارەوە؟ لەبەر خاتری خوا خۆی ئاشکرا بکات." پیرێژن وتی، "ئەگەر شێت نیت یێم [دێم] بۆ لات." کچ وتی، "وەڵڵاهی، هیچ شێتییەک لە سەری منا نییە."

٦٠. پیرێژن ڕووی کردە ماڵی شێخولعەرەب، تەماشای کرد زۆر قەڵەباڵغە، وتی، "لاچن، من ئەچم کچی شێخولعەرەب چاک ئەکەمەوە." ئەم خەلقە گاڵتەیان پێ کرد، وتیان، "ئەگەر تۆ بچیتە ژوورەوە لەتوپەتء [لەتوپەتت] ئەکا." وتی، "من هەر ئەچم، چاکی ئەکەمەوە." پاشا وتی، "ڕێگای بکەن، با بچێتە ژووەرەوە." پاشا وتی، "خوێنی خۆت لەسەر خۆت."

٦١. پیرێژن چووە ژوورەوە، دەرگای داخست. کچ وتی، "ئەی دایە

توخوا، ساحێبی من له کوێیه؟'' وتی، ''کچی خۆم، وا له لای من میوانه. ئیستا [ئێستا] ئەیهێنم چاوت پێ بکەوێ.'' پیرێژن هاته دەرەوە، وتی، ''ئەچم کچەکەم یێنم [دێنم] بۆم بگرێ یەک دەرمانی ماوە، ئەیدەمێ تا زوو چاک بێتەوە.'' پیرێژن زوو عەبای دا بەسەر شا ئیسماعیلا دوای خۆی خست، کردی بە ژووری کچا.

٦٢. کچ چاوی پێ کەوت، له خۆشییانا هیچ ئارامی نەبوو. کوڕ وتی، ''ئەمانە هەموو بای فلسێکە. تا زووە وەرە دەرەوە، با بڕۆین.'' کچ وتی، ''چۆنم ئەبەیتە دەرەوە؟'' کوڕ وتی، ''ئێستا بچۆ، بە باوکء [باوکت] بڵێ حەمامء [حەمامت] بۆ گەرم بکا، پاک خۆو [خۆت] بشۆ، بڵێ، ''بابە گیان، چوارباخم بۆ بڕازێنەرەوە.'' ئەو وەختە من یێم، ولاخء [ولاخت] بۆ یێنم، لەگەڵ خۆم ئەیبەم [دەتبەم]. ئینجا براکانء [براکانت] ئازا بن، بێن له [بە] دوامانا [دوامانداا].

٦٣. کوڕ لەگەڵ پیرێژن هاتنە دەرەوە، ڕوویان کردە شێخولعەرەب، وتیان، ''مژدەمان بەرێ، شکور چاک بووەوە.'' پاشا لە خۆشییا هەڵئەپەڕی، بەخشیشێکی زۆری دانێ. ئەوان ڕۆیشتن، کچ بانگی کرد، ''بابە گیان، من شێت نیم، بمهێننە دەرەوە. بۆچی منتان خستۆتە ئێرەوە؟'' باوک بە پیرییەوە هات، گورج حەمامیان بۆ گەرم کرد، کچیان شت، بردیان بۆ چوارباخ.

٦٤. شەوێ کوڕ لەگەڵ پیرێژنا ڕۆیشتنە قەراغی چوارباخ، ڕوویان کرد [کردە] ناو باخەوە. پیرێژن بە دزییەوە ئیشارەتێکی کرد. کچ وتی بە ڕەفیقەکانی، ''من تا سەراو ئەچم.'' بە بیانووی ئەوەوە کچ خۆی گەیانە [گەیاندە] لای کوڕ. کوڕ سواری ولاخی کرد لەگەڵ خۆی، بردی تا سەعاتێک لە مەملەکەت دوور کەوتنەوە، لەوێ دابەزین. وتی، ''زۆر

خـەوم یێ. ڕانء [ڕانت] دانـێ، با ســەر بکەمــە ســەر ڕانء، خـەوم لێ بکەوێ.'' کـوڕ خـەوی لێ کـەو. ڕەشـسـوار وەکوو چۆلـەکە بـە دەوریانا ئەگەڕا لەبەر ئەوە کەس زەفەریان پێ نەبا.

٦٥. بەیانی لەگەڵ دنیا ڕووناک بوو کچ تەماشای کرد، باوکی لەگەڵ دوانگزە [دوازدە] لەشکرا هاتن. کچ دەسـتی کرد بە گریان. ڕەشـسوار وتی، ''قـەسـتـەم بە خـوا، کوڕ خـەبەر بکەیتـەوە بەم شـمـشـێرە ئەء کەم [دەتکەم] بە دوو لەتـەوە. کـە دیت مـن لەســەر زین کـەوتمـە خـوارەوە، کوژرام، ئینجا کوڕ خـەبەر کەرەوە.'' ڕەشـسـوار هیچ قسـەی نەکرد تا نزیک بـوونەوە، بەردەمی ئـەم لەشکرە گـەورەی گـرت، دەسـتی کـرد بە کوشـتن تا تاقەتی بوو.

٦٦. کچ کە چاوی پێ کـەوت دەستی شل بووە زۆر گریا، فرمـێسکێک کەوتە سـەر ڕوومەتی کوڕ. کوڕ چاوی هـەڵبڕی، وتی، ''بۆ ئەگری؟'' وتی، ''هـەڵسـتـە، بزانە ڕەشـسوار چی ئەکا.'' کوڕ وەکوو کێچ ڕاست بووەوە، سواری ڕەخش بوو، خۆی گەیانە ڕەشسوار، وتی، ''تۆ ئیسراحەت بکە، نۆرەی منە.''

٦٧. کوڕ کـوشـتـارێکی زۆری لێ کـردن. کـە دیی باوکی لەگـەڵ حـەو کوڕەکـەیا لەســەر گردێک ڕاوەسـتـاون، کوڕ کـەمـانی بۆ هـەڵدان، هەر هـەشـتـیـان وەکوو چۆلەکە گرتنی، ڕایکێشـانە پێشــەوە. وتی، ''ئەگـەر نازانی من شـا ئیـسـمـاعیل کوڕی پاشـای بەغـازەمـینم. بۆچی تووشـی ئـەم دەردەء [دەردەت] کــردم؟'' وتـی، ''ئامــان، عــەفــووم بکە.'' وتـی، ''عەفووی ئێوە لەلای کچە.''

٦٨. کـوڕ بردی بۆ لای کـچـەکـەی، وتی، ''بفـەرمـوو، ئەمــە باوک و براکانتـە، چییـان لێ ئەکەی لێی بکە.'' کچ وتی، ''ئێوە کـە منتـان مـارە

کـرد لەم کـوڕە بۆچی شـێـتـتـان کـردم، دوو سـاڵە لەم ژێرئەرزا [ژێرئەرزەدا]؟" باوکی وتی، "کچی خۆم، هەرچییەک بووە عەفوومان بۆ وەربگرە." کچ وتی، "برۆن، لە ڕای خوا عەفوو بن."

٦٩. کوڕ بە سـەربەسـتی کـچی برد و ڕۆی. ڕووی کردە مـاڵی کـچی ئیسـلامشـای پەرییـان، ئەویشی لەگـەڵ خـۆی هـەڵگرت. داپیرەی بۆ ئەو سێ برایە بە جێ هێشت، وتی، "ئەم لەجـیـاتی خـوشکتـان خـزمـەتتـان بکا." زۆریـان پێ خـــۆش بـوو. کچ تووتکێکی پـچکۆڵەی هـەبوو، نـاوی وەفـادار، لەگـەڵ خـۆی بردی. لێـیـان دا، ڕۆیشـتن، داخڵ بـوون بە قـەراغ مەملەکەتی باوکی کوڕا.

٧٠. کـچی ئیسـلامشـای پەرییان وتی، "ئێمـە بۆچی بچینە ناو شـار؟ لەم باخـە خـانوویەک ئەکـەین، تیـا دائەنیـشین." کـوڕ وتی، "زۆر باشـە." کچ کـتـێـبی دەرهێنـا. بە زەبری کـتـێب پارچەیەک لەو باخـەی کـرد بە خـانوو. هـەرچـیـیـەک لە مـاڵی کچ و ڕەشـسـوار و شـێـخـولعـەرەب بوو هێنایە ناو ئەم خانووە.

٧١. وەخـتـێک بـاخـەوان گـەڕایەوە، چاوی کـەوت بەم خـانووە، وتی، "یارەببی ئەمە چییە؟ ئێستا من ڕۆیشـتم، هیچی لێ نەبوو." تەمـاشـای کرد ئەوا شـا ئیسـمـاعیل لەگەڵ سێ کچا تەمـاشـای ئەم باخە ئەکـەن. بێڵەکەی فڕێ دا، ڕووی کردە مـاڵی پاشـا، وتی، "ئەی پاشاهـم، مژدەم بەرێ. ئەوا شـا ئیـسـمـاعـیل لەگـەڵ سێ کـچـا هـاتوونەوە، لە بـاخـا خانوویان کردووە."

٧٢. پاشـا بە ڕاکـردن چوو بۆ لای کـوڕ، بە [لە] دەرگـای دا، کـچی ئیسلامشـای پەرییـان دەرگای لێ کردەوە، وتی، "بفەرمـوو، بابە گیـان، وەرە سـەرەوە." تـەمـاشـای کـرد، ئەم سێ کـچـە یەک لە یەک جـوانـترە،

حەزی لە هەر سێ ژنی کوڕەکەی کرد. پاشەوپاش گەڕایەوە، بانگی وەزیری کرد، وتی، ''ئەی وەزیر، عیلاجی کوڕ ناکەین، بیکوژین؟ ئەم سێ کچە مارە نەکەم شێت ئەبم.''

٧٣. وەزیر وتی، ''ئەی پاشاهم، ئەم کوڕە بە زەبری شمشێر ئەمانەی هێناوە بە تۆ ناکوژرێت.'' وتی، ''من ئەیبەم بۆ ڕاو، لەوێ عیلاجی ئەکەم.'' پاشا کاغەزێکی نووسی، ''ئەی کوڕی خۆم، سبەینێ حازر بە، ئەچین بۆ ڕاو.'' کوڕ وتی، ''بابە گیان، حازرم.'' کچ وتی، ''پیاوی چاک بە، مەچۆ.'' وتی، ''چۆن نەچم؟'' بەیانی لەگەڵ باوکیا ڕۆیشتن بۆ ڕاو. کچ وتی، ''ئەم تووتکە لەگەڵ خۆ بەرە.''

٧٤. تا گەیشتنە شوێنێک کە هیچ ئاوی لێ دەست نەکەوێ، لەوێ دەستیان کرد بە نانخواردن. شفتەیەکی زۆر سوێری بۆ کوڕ کردبوو، بۆ خۆیشی بە جیا. کوڕ کە خواردی هەموو ناوسکی خۆی سووتان، وتی، ''بابە، تۆزێ ئاوم بەرێ، کوێر بووم لە تینووا.'' وتی، ''کوڕی خۆم، نازانی ڕاوچی ئاو بە چاوی خۆی نادا؟'' وتی، ''چاوێکتم بەرێ، قومێک ئاوء [ئاوت] ئەدەمێ.'' کوڕ وتی، ''هەردوو چاوم دەربێنە، پیاڵەی [پیاڵەیێ] ئاوم بەرێ.

٧٥. هەردوو چاوی کوڕی دەرهێنا، فڕێی دا. تووتک هەڵیگرت، خستییە ژێر زمانیەوە. کوڕی ڕووت کردەوە، بە جێی هێشت، خۆی هاتەوە بۆماڵەوە. سەد پۆلیسی نارد بە دوای ئەم سێ کچا [کچەدا]. کچ، وەکوو ڕەشسوار بێ وتی، ''ئێوە هیچ قسە مەکەن، با بچم، بزانم ئەمە چییە.'' کچ هاتە دەرەوە، وتی، ''چیتان ئەوێ؟'' وەرن دانیشین ئێستا لەگەڵتان یێین [دێین] بۆ لای پاشا.''

٧٦. هەموویانی بردە ژوورەوە، دەرگای داخست، گوێی هەر

سەدیانی بڕی، دایە دەستیان، وتی، "بە پاشا بڵێن، تا بەیانی شا ئیسماعیلمان تەسلیم نەکا خاکی مەملەکەتی بە توورەکە ئەبێژم." پاشا وتی، "فایدەی نییە، ئیعلانی شەڕ بەین [بدەین] لەگەڵیان." ڕەشسوار بە تاقی تەنیا دەستی کرد بە شەڕ، ئەم دوو کچەیش دوو پیاڵە زەهریان گرت بە دەستەوە، کە ڕەشسوار کوژرا ئەمانیش بیخۆن.

٧٧. حەزرەتی خدر گەیشتە سەر کوڕ، دەستی هێنا بە چاویا، وتی، "هەڵستە، فریای ڕەشسوار بکەوە، بزانە چی ئەکا." کوڕ وتی، "وەفادار، تۆ لە پێشەوە بڕۆ، ئێستا منیش یێم." تووتک بە پڕتاو خۆی گەیانە ماڵەوە، ڕووی کردە بەردەمی ڕەشسوار. ڕەشسوار گرتی، ماچی کرد، وتی، "ئاغات کوا؟" هەر یاریی ئەکرد، ئاوڕی ئەدا بە دواوە.

٧٨. شا ئیسماعیل هاتە قەراغی مەملەکەت، هەموو دەم و چاوی خۆی ڕەش و پیس کردبوو بۆ ئەوە کەس نەیناسێ. هاتە ناو مەملەکەت، گرتیان، وتیان، "تۆ ئەبێ بچی بۆ شار لەگەڵ ئەم کچانە." چوو لەگەڵیان بۆ لای پاشا، وتی، "ئەی پاشاهم، وڵاخی شا ئیسماعیلم بەرێ ئەم کچانەء [کچانەت] تەسلیم ئەکەم." وتی، "بچۆ، بیبە."

٧٩. کوڕ سوار بوو، ڕووی کردە ڕەشسوار، دەستی کرد بە شەڕ لەگەڵی، وتی، "توخوا، ئەگەر شا ئیسماعیلی پێم بڵێ، شەقم برد." وتی، "ڕا کە، منم." کچ ڕایکرد بۆ ماڵەوە، شا ئیسماعیل دوای کەوت، پاشا وتی، "بە خوا هەرسێکییانی بۆ گرتم."

٨٠. کوڕ گەڕایەوە، وتی، "ئەی پاشاهم، ئەوا هەرسێکیانم بۆ حازر کردی." پاشا دانەوی، قاچی ماچ کا. کوڕ شمشێری دا بە تەپڵی سەریا، کردی بە دوو لەتەوە. کوڕ نیقابی لە ڕووی خۆی لا برد، وتی،

''ئینجا من قەبووڵ ئەکەن بە پاشا لەجیاتی باوکم؟'' خەلقەکە وتیان، ''ئێمە ئەء خەینە [دەتخەینە] سەر سەرمان.'' بوو بە پاشا لە جێگەی باوکی. شاد بوون بە مرازی خۆیان.

٨١. شەوێک سوڵتان مەحموو، هەیاسی خاس و حەسەن مەمەندی بە شەوگەردی ئەگەڕان بەناو مەملەکەتا. کە تەماشای کرد جەڵەبێ حەیوان بە ڕاکردن خۆیان کرد بەناو شارا. هەیاس وتی، ''بۆچی بەم نیوەشەوە وا بە پەلە خۆء [خۆت] کرد بەناو شارا؟'' وتی، ''ئەی نەوجوان، ڕەشسوارێکم لێ پەیا بووە، هەموو شەو بەرانێکی باش هەڵئەبژێرێ، ئەیبا و ئەڕوا. لەبەر ئەوە وا زوو هاتمەوە، کە زەفەرم پێ نەبا.'' وتی، ''کاکە گیان، بگەڕێرەوە. شەرت بێ، حەیوانێکت ڕۆیی من دە حەیوانء [حەیوانت] بەمێ.''

٨٢. شوان پاشەوپاش حەیوانی گێڕایەوە بۆ دەشت. ئەوەنگەی پێ نەچوو ڕەشسوارێک هات، بەرانێکی ڕەشی هەڵگرت، ڕۆی. هەیاس شمشێری دەرهێنا، بە دوایا ڕایکرد کە دیی خۆی کرد بە ئەشکەوتێکا، دوای کەوت. ڕەشسوار پێی گوت، ''هەیاس، بۆچی هاتوویت؟'' وتی، ''هاتووم بە دوای خۆت و ئەم حەیوانا [حەیوانەدا]. وتی، ''من شەرتء [شەرتت] لەگەڵ ئەکەم، ئەگەر بردتەوە خۆم و حەیوان و ماڵ هەموویان بۆ تۆ، ئەگەر نەء بردەوە [نەتبردەوە] بە قژی خۆت لەو ژوورەا [ژوورەدا] هەڵتئەواسم.

٨٣. وتی، ''چییە شەرتەکەت؟ پێم بڵێ.'' وتی، ''شەرتی من ئەمەیە. من ئەنووم، سێ جار خەبەرم کەرەوە.'' وتی، ''زۆر باشە.'' ڕەشسوار لێی نووست. هەیاس دەستەئەژنۆ دانیشت، وتی، ''ئەی خوایە، ئێستا

چۆن خەبەری کەمەوە؟ خۆ نابێ نوقوورچی لێ بگرم، خەبەری کەمەوە.''
هیچ شتێکی شک نەبرد کە خەبەری کاتەوە. کچ بەیانی لە خەو
هەڵستا، هەیاسی هەڵواسی.

٨٤. سولْتان مەحموو تەماشای کرد، شەو هەیاس دیار نەبوو.
بەیانی تا ئێوارێ ئینتیزاری کرد و گەڕا بە دوایا، فایدەی نەبوو.
ئێوارێ حەسەن مەمەندی لەگەڵ سولْتان مەحموو ڕوویان کردە قەراغی
شار بۆ تاقیبکردنی هەیاس. حەسەن مەمەندی تەماشای کرد جەڵەبێک
حەیوان بە پرتاو خەریکە بێتە ناو شارەوە. بانگی کرد، ''ئەی شوان،
وەرە، بزانم بۆچی وا بە عەجەلە خۆء [خۆت] کرد بەناو شارا.'' وتی،
''وەڵلاهی، ئەمە یەک مانگە ڕەشسوارێکم لێ پەیا بووە، یێت، هەموو
شەوێک حەیوانێکی باشیانم ئەبا و ئەڕوا.''

٨٥. وتی، ''پیاوی چاک بە، بگەڕێرەوە. ئەمە پارەی دە حەیوانء
[حەیوانت] بەمێ. با بچین، ئەو ڕەشسوارەم پیشان بدە.'' وتی، ''کاکە
گیان، دوێنێ شەویش عەینی شت، لەبەر خاتری کوڕێک گەڕامەوە،
ئەویش ڕۆی و حەیوانەکەیشم ڕۆی.'' حەسەن مەمەندی پەنجەی خۆی
گەست، وتی، ''غەیری قابیلە ئەمە هەیاس بووە.'' کابرای شوانی
گێڕایەوە، عەینی شت، کە دییان ڕەشسوارێک هات، پەلاماری
حەیوانێکی دا و ڕۆی.

٨٦. حەسەن مەمەندیش دوای کەوت، تا کردی بە ئەشکەوتا.
تەماشای کرد، کچە پەرییەک هاتە دەرەوە، وتی، ''ها، حەسەن
مەمەندی هاتووی بە دوای هەیاسی براتا؟ ئەگەر گرەوء [گرەوت] لێ
بردمەوە هەیاس و خۆم و ماڵەکەم موبارەکء [موبارەکت] بێ، ئەگەر
دۆڕانء [دۆڕانت] تۆش لای هەیاس هەڵئەواسم.'' عەینی شت نووست،

خەبەری نەکردەوە. بەیانی ئەویشی بە تەنیشت هەیاسەوە هەڵواسی.

٨٧. سوڵتان مەحموو ئەو شەوە خەوی لێ نەکەو تا بەیانی. بەرگی غەزەبی پۆشی، هاتە سەر تەخت. میللەت هەموو ڕۆحیان چوو، وتیان، ''ئیمرۆ سوڵتان مەحموو بەشەرێک لە مەملەکەتا ناهێڵێ چونکە هەیاس و حەسەن مەمەندی دوو شەوە گووم بوون.'' جاڕی دا بەناو مەملەکەتا، ''ئیمشەو لە سەعات یەک بە دواوە هەرچی کەسێک لە دەرەوە بێ گۆشاوگۆش سەری ئەبڕم.'' هەر ئێواریێ لە ترسانا هەموو دەرگای حەوشەیان داخست وە چرایان کوژانەوە لە ترسی سوڵتان مەحموو.

٨٨. خۆی هەڵستا، ئەو شەوە بە تاقی تەنیا دەستی کرد بە تاقیبکردنی هەیاس و حەسەن مەمەندی. تەماشای کرد، لە پشت شارەوە غەڵبەغەڵب و هەرایەک یێ. تەماشای کرد، شوانەکە حەیوانەکانی ڕاو ئەنێ تاوەکوو زوو بگاتە ناو شار. سوڵتان مەحموو بانگی کرد، ''ئا، وەرە، ئەی شوان.'' شوانەکە ترسا، سوڵتان مەحمووی ئەناسی. تەماشای کرد بەرگی غەزەبی لە بەرایە، وتی، ''عەمرکە، ئەی پاشاهم.'' وتی، ''کوڕی خۆم، بۆچی بەم شەوە حەیوانەکانء [حەیوانەکانت] وا ئەزییەت (ئەزیێت) ئەدەی؟''

٨٩. وتی، ''ئەی سوڵتانم، ئەوە یەک مانگە کابرایەکم لێ پەیا بووە دەستێ جلی ڕەشی لە بەرایە، هەموو شەوێ بەرانێکی باشم ئەبا و ئەڕوا.'' وتی، ''کوڕی خۆم، بگەڕێرەوە. ئەگەر حەیوانێکء [حەیوانێکت] ڕۆی من بۆت ئەبژێرم.'' وتی، ''وەڵلاهی، ئەی پاشاهم دوو شەو دوو حەیوان و دوو زەلامیشی لەگەڵ ڕۆیوە، نەگەڕاوەتەوە.'' سوڵتان مەحموو پەنجەی خۆی گەست، وتی، ''ئەی ماڵی وێرانم، هەیاس و حەسەن مەمەندیم بە هیچ لە دەس دەرچوون.''

٩٠. شوانەکە گەڕایەوە، تەماشای کرد، ڕەشسوار وەکوو با هات، پەلاماری حەیوانەکەی دا، لێی دا، ڕۆی. سولّتان مەحموو شمشێری ڕووتی هەڵکێشا بە دوایا، دوای کەوت. تەماشای کرد، لە دوور چاوی لێ بوو، خۆی کرد بە قەڵعەیەکا. سەگێک لە بەردەمییەوە ڕۆی، منالّێکی بە دەمەوە بوو. وتی، "وا باشە جارێ فریای ئەم سەگە بکەوم، ئەم منالّەی لێ بسێنمەوە، ئینجا ئەچم بە دوای ڕەشسوارا." پەلاماری سەگی دا، وەکوو خەیار دوو لەتی کرد، منالّی لە دەست سەنگ [سەند].

٩١. تەماشای کرد، ئەمە منالّی شای ئەجننەیە. وەکوو خۆڵ لەشکری شای ئەجننەی بەسەرا داباری، وتی، "ئەی سولّتانم، بەشکوو دیبێتء [دیبێتت] کوڕێکمان سەگ بردوویەتی." وتی، "براکانم، ئەوە منالّەکەتانە، هەڵیگرن. ئەویش سەگەکەیە، کوشتوومە." لە خۆشییانا پێیان عەرز نەکەوت. یەکێکی تیا بێ [بوو]، وتی، "ئەی سولّتان مەحموو، کۆپانء [کۆپانت] بەمێ، بیخە باخەڵتەوە. ئیشی تۆ کۆپان نەیکا بە هیچ بەشەرێک ناکرێ. فەقەت کە ئیشەکەء [ئیشەکەت] جێبەجێ بوو موویەکی لێ هەڵکەنە و بەرەڵلای کە، با بێتەوە."

٩٢. سولّتان مەحموو ڕووی کردە قەڵعەی ڕەشسوار، تەماشای کرد، نازەنینێک هات بە پیریەوە، بەخێراتنێکی زۆر جوانی کرد، وتی، "ئەی سولّتان مەحموو، خێرە وا هاتووی؟" وتی، "هاتووم لەجیاتی هەیاس و حەسەن مەمەندی تۆ بە پرچ هەڵبواسم." وتی، "باشە، ئەوا من ئەنووم. ئەگەر سێ جار خەبەرء [خەبەرت] کردمەوە ئەوا هەرچییەک ئەڵێی ئیتاعەت ئەکەم." وتی، "بنوو." کچ پاڵ کەوت، لێفەی کێشا بەسەر خۆیا.

٩٣. کۆپان لە باخەڵی سولّتان مەحموو هاتە دەرەوە، وتی، ''ئەی سولّتانم، من ئەچمە ناو دۆشەکی خانمەوە، تۆ قسەم لەگەڵا بکە تاوەکوو حەکایەتێکی پچکۆڵەء [بچکۆلەت] بۆ بکەم.'' سولّتان مەحموو وتی، ''ئەسەلامو عەلەیکوم، ئەی دۆشەکی خانم.'' وتی، ''وەعەلەیکومئەسەلام، بە خێر بێی، سەر هەردوو چاوم.'' وتی، ''ئەی دۆشەکی خانم، تۆش وەکوو خانم بێرەحم مەبە. حەکایەتێکی پچکۆڵەم بۆ بکە، با خەوم لێ نەکەوێ.''

٩٤. وتی، ''ئەی سولّتان مەحموو، دوو ئامۆزا ئەبن، یەکێکیان ژنی ئەبێ، حامیلە ئەبێ، یەکێکیان ژنی نابێ. هەڵئەسن، ئەچن بۆ کاسبی لەم چۆڵ و بیابانە. بە عەمری خوا ئافرەت کوڕێکی ئەبێ، بە مێردەکەی ئەڵێ، "تۆزێ ئاوم بۆ پەیا بکە." ئەویش هەڵئەسێ، ئەچێ، جام لە کانییەکە هەڵئەکێشێ، لە دواوە لە سەری ئەدەن، سەری ئەپەڕێنن. ئافرەت تەماشا ئەکا، پیاوەکەی دیار نەبوو، وتی، "کاکە گیان، توخوا، تۆ بچۆ تۆزێ ئاوم بۆ بێنە." ئامۆزای مێردەکەی هەڵستا، بچێ ئاو بێنێ. عەینی شت لە سەری ئەویشیان دا، پەڕانیان. ئافرەت تەماشای کرد ئەویش دیار نەبوو، هەڵستا، خۆی ڕۆیشت، بسمیلای کرد، ئاوی خواردەوە، دەموچاوی شت، لە ناوەڕاستی ئەم دوو مەیتەا [مەیتەدا] دەستی کرد بە گریان.''

٩٥. ''تەماشای کرد دوو مشک لە کونێک هاتنە دەرەوە، دەستیان کرد بە یاریکردن. یەکێکیان پەلاماری یەکێکیان [یەکێکیانی] دا، سەری هەڵکەن، فڕێی دا. چووە ئەولاوە، تۆزێ گیای هێنا، جووی، نای بە سەری مشکەکەوە، سەرەکەی پێوە نا. تەماشای کرد، زینگوو [زیندوو] بۆوە. ئافرەت وتی، "یاڕەببی، ئەمە دەلیل بوو پیشانی منت

دا." هەڵسـتـا، چوو، لەو گـیـایەی هـێنا، نای بەسـەر مـێـردەکـەیەوە و شـووبراکـەیەوە، سـەری مـێـردەکـەی نا بـە شـووبراکـەیەوە، سـەری شـووبراکەی نا بە مێردەکەیەوە. عەجـەبە [عەجـەبا] ئەم ژنە ئێستا بۆ کامیان ئەبێ؟"

٩٦. سـوڵتان مـەحـموو وتی، "هـەر بـۆ مێردەکەی خـۆی ئەبێ." کۆپان وتی، "نەخـێر. بـۆ ئامـۆزاکـەی ئەبێ." خـانمیش لە ژێرەوە بە نوقـورچک دۆشـەکـەکـەی هـەلاهـەلا کـردووە، ئەڵێ، "ئەم سـەگـبابە، چـەنگ [چەند] سـاڵە لە ژێر خـۆما دایئـەخـەم، بۆچی قسـەی نەکـردووە، ئێـسـتـا لێم هاتۆتە زمان؟" سوڵتان مەحموو لەگەڵ کۆپان موجادەلەی ئەمەیان بوو، کچ لێفەکەی لەسەر خۆی فڕێ دا، وتی، "نازانم دۆشـەکەکەم کەرە یان سـوڵتـان مـەحـمـوو کـەرە." وتی، "ژنەکە هینی مێردەکـەیەتی، سـەریان نراوە بە یەکترەوە."

٩٧. سـوڵتـان مـەحـمـوو وتی، "ئەی خـانم، ئەمـە جـارێکـ‌ء [جـارێکت]. فەرموو، بنوو، با جـارێکی کەء [کەت] خەبەر کەمەوە، چوونکە [چونکە] شـەوگـار ئەوەنگەی [ئەوەندەی] بـە دەمـەوە نەمـاوە." خـانم لێی نووست. کـۆپان وتی، "من ئەچمـە ناو مـەسـینەی خـانمـەوە." سـوڵتـان وتی، "ئەسـەلاموعـەلیکوم، ئەی مـەسینەی خانم." وتی، "وەعـەلیکومـئەسـەلام، یاخوا، بە خێر بێی، ئەی سوڵتانم." خانم لە ژێر جێگەوە وتی، "شەرت بێ، ڕۆژم لێ بێتەوە لەناو ئاگرا تۆیش و دۆشەکەکەیش بسووتێنم."

٩٨. سـوڵتـان مـەحـمـوو وتی، "ئەی مـەسـینەی خـانم، حـەکـایـەتێکی پچکۆڵـەمـان [بچکۆڵەمـان] بۆ بکە، با ڕۆژمـان لێ بێتـەوە." وتی، "ئەی سـوڵتـان مەحـموو، مـەلایەک و فـەقێـیـەک و دارتاشـێک و خـەیاتێک یەک ئەگرن، لێ ئەدەن، ئـەچن بۆ کـاسـبی. شـەو لە دەشـتـێکی چۆڵا بە نۆرە

نۆبەچیی کەرەشـەل ئەبن. ئەوەڵ کەڕەت نۆرەی دارتاش بوو. وتی، "وا چاکە تا ئەم دوو سەعاتەی خۆم تەواو ئەبێ لە تەختەکە بنیاءـەمێک [بنیادەمێک] دروست (درووس) کەم، لە تەنشت [تەنیشت] کەرەکەوە دایکوتم، کە خەیاتم هەڵسان لێی بترسێ." تەواوی کرد، دایکوتا، چوو، خەیاتی هەڵستان (ئەستان)، وتی، "هەڵستە، نۆرەتە.""

٩٩. دارتاش نووست، خەیاتیش هەڵستا، چاوی بە خەوەوە بوو، تەماشای کرد زەلامێک لای کەرەکە ڕاوەستاوە. بەردێکی تێگرت، خستی. کە چووە سەری تەماشای کرد ئەمە تەختەیە دارتاش کردوویەتی. وتی، "شەرت بێ منیش دەستێ جلی بۆ بدرووم، بیکەمە بەری، چوونکە [چونکە] مەلا مێبازە، کە هەڵستا زوو پەلاماری ئەدا." جلی تەواو کرد، کردیە بەر تەختە، چوو، مەلای خەبەر کردەوە.''

١٠٠. ''مەلا هەڵستا، تەماشای کرد زەلامێک لای کەرەکە وەستاوە. دەستی کرد بە دوعاخوێنگن [دوعاخوێندن]، چوو بە لایەوە، دەستێکی بۆ برد تەماشای کرد تەختەیە. وتی، "گوایە دارتاش ئەمەی دروست کردووە وە خەیات جلی بۆ درووە. شەرت بێ، خوایە، منیش سەر بەرز نەکەمەوە تاوەکوو بە زمانی خۆی بانگم نەکا." بە عەمری خوا تەختە بوو بە کچێکی چواردەساڵ.''

١٠١. ''دارتاش و خەیات و مەلا لێیان بوو بە شەڕ. ئەو وتی، "هی [هیی] منە." ئەویش ئەڵێ، "هی منە." ئەی سوڵتانم، هی کامیانە؟'' وتی، ''هی دارتاشە.'' مەسینەی خانم وتی، ''نەخێر، هی خەیاتە.'' کچ سەری بەرز کردەوە، وتی، ''نازانم مەسینەم کەرە یان سوڵتان مەحموو کەرە. ئەمە هینی مەلایە. دارتاش حەقی دارتاشیی ئەکەوێ، خەیاتیش حەقی جلی ئەکەوێ.''

١٠٢. وتی، ''ئەی سولّتان مەحموو، لەسەری مەڕۆ. ئەمە خۆم و ماڵ و دەوڵەت تازە بۆ تۆ بووم.'' سولّتان مەحموو هەڵستا، پەلی خانمی کرد، چوون، هەیاس و حەسەن مەمەندی کردیانەوە [یان کردەوە]، هەر چواریان گەڕانەوە بۆ مەملەکەتی سولّتان مەحموو، ناردی بە دوای شوانا خانمی لێ مارە کرد وە هەموو حەیوانەکانی دایەوە، کردی بە وەزیر، لە تەنشت [تەنیشت] خۆیەوە داینا. تەواو.

١٠٣. پاشـایەک ئەبێ، دوو ژنی ئەبێ وە سێ کـوڕی ئـەبێ، دوانیـان لە ژنێک ئەبن، کوڕە پچکۆڵەی [بچکۆلەی] لە ژنێک ئەبێ. ئەم پاشـایە لەو ڕۆژەوە ئەو ژنە پچکۆڵەی هێناوە هیچ سـوئالێکی لێ نەکـردوون. کوڕە پچکۆڵەی کەوا لەم ژنەیە، موغازەیەکی کردۆتەوە، هەزاری وەکوو باوکی بە پیاو نازانێ.

١٠٤. لەپاش مـوددەتێکی زۆر پاشـا نەخـۆش کـەوت، هیچ دوکـتـۆرێ چاری نەکرد. تەمـاشـای کتێبی شـانزەخـانەی ڕەمڵیـان کرد، وتیـان، ''ئەی پاشـاهم، تۆ بە هەناری باخی فازوحـور نەبێ چاک نابیت، وە پیٔ [پێت] بڵێم باخی فازوحور لێرەوە حەوت ساڵ ڕێگا دوورە. ئینجا چۆن عیلاجی خۆت ئەکەی بیکە.

١٠٥. پاشا بانگی مەحموو وە عەلیی کوڕی کرد، کە وەکوو براگەورە و براناوەنجیی کوڕە پچکۆڵە بێ، وتی، ''ئەی کوڕی خۆم، ئێوە جاڕ بەن بەناو شـارا، هەرچی کەسێک ئەتوانێ بچێ، هەناری باخی فـازوحـورم بۆ بێنێ، بـە سـەنگی خـۆی ئاڵتـوونی ئەدەمـێ.'' کوڕە گەورە وتی، ''بابە گیـان، تۆ خـۆش بی، لەگەڵ براناوەنجیـمـا ئەچین، بۆت یێنین [دێنین]. کـوڕە گـەورە لەگـەڵ براناوەنجـیی سـوار بـوون، ملی ڕێگایان گـرت، ڕۆیشتن.

١٠٦. براپچکۆلە لەناو بازاڕ بیـستی کە باوکی نەخـۆشـە، براکـانی چوون بۆ هەنار، بیـهـێنن تا بـاوکی چاک بێـتـەوە. کـوڕ گـورج چووە

ماڵەوە، وتی، "دایە گیان، ئەسپی باوبۆرانم بۆ بێنە دەرەوە، بچم لەگەڵ براکانما، بەشکوو خوا مۆفەقم بکا، ڕێی ئەم حەوت ساڵە بۆ من حەوت سەعاتە." کوڕ وەکو شێر خۆی غەرقی سیلاح کرد، سواری ڕەخش بوو، هاتە دەرەوە لە ماڵ، هەرچی ئەو مەملەکەتەیە هەموو تەعەجوبیان ما لە جوانی و ڕەشیدی (ڕەشییی) ئەم کوڕە.

١٠٧. کوڕ بە زەرفی دوو دەقیقە گەیشتە براکانی. پێیان گوت، "حەرامزادە، ئیشء [ئیشت] چییە لەگەڵ ئێمەی هاتووی؟" وتی، "کاکە گیان، من بۆ ئەوە هاتووم وڵاخەکانتان بۆ بگرم و چاتان بۆ لێ بنێم وە خزمەتتان بکەم." براگەورەیان وتی، "قەیناکا، با بێ لەگەڵمان." مودەتێک ڕۆیشتن، لەپاش مودەتە و دوا ڕێگا بوو بە سێ ڕێگا. براگەورە وتی، "کاکە گیان، ئێمە وا چاکە نگینی خۆمان بخەینە ژێر ئەم بەردەوە، هەریەکێ لە ڕێگایەکیانەوە بڕۆین." لێیان دا، ڕۆیشتن.

١٠٨. براگەورەیان ڕووی کردە شاخێکی وەکوو شاخی پیرەمەگرون، تەماشای کرد تەیمانێک بە دەوری ئەم باخەا [باخەدا] کراوە، پڕە لە هەنار. هەگبەکەی لێ پڕ کرد، گەڕایە دواوە، وتی، "ئەمە هەناری باخی فازوحورە." براناوەنجییش عەینی شت هەناری هێنا، گەڕایەوە، تەماشای کرد کاکی لەوێ حازرە. وتی، "کاگە گیان، بەخوا، من هێناومە، ئینجا نازانم ئەوە یان نە."

١٠٩. براپچکۆڵەیان ڕێی ساڵێک ڕێگا بە سەعات ئەبڕێت. ڕۆژێکیان زۆر هیلاک بوو، لەبن درەختێکا پاڵ کەوت، سێبەرێکی زۆر خۆش بوو، کوڕ خەوی لێ کەوت. کە تەماشای کرد گوێی لە ناڵەناڵێک، هاوارهاوارێک، بوو. کە ڕاپەڕی تەماشای کرد هەژدیهایەک بەم دارا [دارەدا] سەر ئەکەوێ، لە سەرەوە بەچکە سیمرخ هێلانەیان کردووە،

خەریکە بیانخوا. کوڕ ڕاپەڕی، بە شمشێر هەژدیهای هەلاهەلا کرد، سێ چوار پارچەی هەڵدا بۆ ئەم بەچکە سیمرخانە، هاتەوە، لێی نووست.

١١٠. لەپاش موددەتێ دایکی سیمرخەکان هاتەوە، تەماشای کرد، زەلامێک لەبن هێلانەی بەچکەکانیا نووستووە. وتی، ''ئەی حەرامزادە، تۆی هەموو ساڵێ بەچکەکانم ئەخۆی! وەڵڵاهی، ئێستا بە دەردێکت ئەبەم بە هەنگوین بڵێی تاڵە.'' چوو، لەسەر شاخێک بەرداشێکی زۆر گەورەی نایە سەر شانی، هێنای کە بیکێشێ بە تەوقەسەری کوڕا، هەلاهەلای کا. بۆچی بەچکەکانی چاویان لێ نەبوو، زریکانیان، ''نەکەی، دایە گیان، خوێنی ئێمەی کڕیوەتەوە.''

١١١. دایکی سووک بەردەکەی دانا، چووە لای بەچکەکانی، وتی، ''کوڕی خۆم، چی بووە؟'' وتی، ''دایە گیان، هەژدیهایەک هات بمانخوا، ئەم نەوجوانە کوشتی، لەتوپەتی کردووە. وا لە خوارەوە، بەشی یەک ساڵمان ئەکا.'' دایکی لە خۆشییا هاتە خوارەوە، تێری خوارد، باڵێکی نایە ژێر سەری کوڕ، بە باڵێکی دەستی کرد بە باوەشێنی.

١١٢. کوڕ تەئسیری فێنکی کرد، خەبەری بووەوە (بۆوە)، تەماشای کرد دێوێک بە ژێر [ژوور] سەرییەوەتی (سەرێوە-). پەلاماری شمشێری لێ دا کە بیکوژێ. وتی، ''باڵەگەردانی سەرء [سەرت] بم. تۆ خوێنی منء [منت] کڕیوەتەوە، لە دنیاا [لە دنیادا] چی تەڵەب دەکەی بیدەمە خزمەتء [خزمەتت]؟'' کوڕ وتی، ''دایە گیان، هیچم ناوێ خۆشیی سەری تۆ نەبێ.''

١١٣. وتی، ''کوڕی خۆم، ئێمە شەرتمان سێ جارە. هەرچییەک تەڵەب ئەکەی عەمر بکە، لە ژێر عەرز بێ بۆت ئەخەمە سەر عەرز.''

وتی، ''دایە گیان، یەک شتم ئەویَ لە تۆ، هەناری باخی فازوحور بۆ باوکم کە نەخۆشە.'' وتی، ''سەد شەڵڵا هەموو ساڵێک بەچکەکانم بخورایە داوای ئەم شتەء [شتەت] نەکردایە. فەقەت من بە شەرتێک ئەءبەم [دەتبەم]، ناوم زاهیر نەکەی.'' وتی، ''عەمر ئەکەی، دایە گیان.'' بانگی ڕەخشی کرد، وتی، ''تا ئێمە یەینەوە [دێینەوە] چۆلەکە توخنی ئەم بەچکانە بکەویَ گۆشاوگۆش سەرت ئەبڕم.''

١١٤. کوڕ سواری پشتی سیمرخ بوو، هەڵیگرت بە ئاسمانا، لە قەراغ باخی فازوحورا داینا. وتی، ''کوڕی خۆم، بۆ عەشقی خوا هەرچییەک پێت ئەڵێم بە قسەم بکە.'' وتی، ''عەمر ئەکەی.'' کە لێرەوە ڕۆیشتی مۆرێکی سوور بە دەرگاکەوەیە، ئیسمی عەزەم بخوێنە، دەرگا ئەکرێتەوە. کە چیتە [چوویتە] ژوورەوە ڕاست بچۆ بن دارهەنارێک، گیرفانء [گیرفانت]، باخەڵء [باخەڵت] پڕ کە لە هەنار، ئاوڕ نەدەیتەوە، زوو خۆو بگەیێنیتە من.'' کوڕ وتی، ''باش.''

١١٥. هەڵستا، ناوی خوای هێنا، ئیسمی عەزەمی خوێن [خوێند]، چووە ژوورەوە، گیرفان و باخەڵی پڕ کرد لە هەنار. گەڕایەوە، بێتە دەرەوە، وتی، ''ئای، یاران سبەینیَ لە مەملەکەتی خۆم لێیان پرسیم، ئەم باخە چیی تیایە، من بڵێم چی؟'' کوڕ ئاوڕێکی دایەوە، تەماشای کرد خێوەتێکی لیَ هەڵدراوە (هەڵڕاوە)، هەموو بە زەنگولەی [زەنگوڵەی] ئاڵتوون داڕێژراوە.

١١٦. کوڕ چووە پێشەوە، خێوەتەی هەڵدایەوە، تەماشای کرد خێوەتێکی کەی لە ژێرایە. حەوت خێوەتی لەناو یەکا هەڵدایەوە، تەماشای کرد نازەنینێک ڕاکشاوە وەکوو ڕۆژ ئەدرەوشێتەوە. چرای لای قاچی بردە لای سەری، چرای لای سەری هێنایە لای قاچی.

نانەکـەی داگـرت، پارووییەکی لێ خـوارد، پۆپەشـمـینی لەسـەر لابرد، مـاچێکی لەسـەر ڕوومـەتی کرد. تـەمـاشـای کـرد، جێگای دەمی بەسـەر ڕوومـەتی ئـەم نازەنینەوە دیـار بوو. پـاشـەوپاش گـەڕایەوە بـۆ لای سیمرخ.

١١٧. سیمرخ لێی پرسی، ''هیچت نەدی؟'' وتی، ''نەخێر.'' چووە سەر پشـتی، هـەڵیگرت بە ئـاسـمـانا، بـردی، لە لای بەچکەکـانی داینا. دوعـاخـوازیی لێ خـواسـت، پاشـەوپاش گـەڕایـەوە بۆ مـاڵی بـاوکی. تەماشای کرد، براکانی لەسەر ڕێگا ئینتیزاری ئەکەن (ئینتیزارێکەن). وتی، ''کـاکـە، بـۆ درەنگ هـاتی؟'' وتی، ''کـاکـە گـیـان، دوور بـوو.'' وتی، ''کـامـەتا هـەنارەکانتـان؟'' کە شکانیـان پڕ بوو لـە ڕشک. کە براپچکۆڵە هـەنارێکی شکان کوللی دەنکێکی یەک پیاڵە ئاوی تیا بوو.

١١٨. لێیـان دا، هاتن بە ڕێیا [ڕێدا]. لـە ڕێگا تەکبیـریان لێ ئەکرد کـە برا پچکۆڵە لـە ناو بەرن. هیچ قسـەیان نەکرد تـاوەکوو گـەیشـتنە سـەرکانییـەک [سـەر کانییـەک]. برا پچکۆڵە وتی، ''کاکە گیان، پیاوی چاک بن، ئینتیـزار کـەن با نوێژەکەم بکەم.'' کوڕ لە نوێژا بوو، هـەردوو براکەی لـە دواوە سەد خەنجەریان لێ دا، لە پەلیان گرت، شیـوێکی لێ بوو، خستیانە ئەوێوە.

١١٩. لێیـان دا، ڕۆیشتن، هەناریان برد بـۆ باوکیـان، باوکیـان چاک بووەوە. دایکی کـوڕە پـچکۆڵـە پێی زانی کـە هـاتـوونەتەوە، چووە سـەر پاشـا، وتی، ''کـوانێ کـوڕم، لەگـەڵ بـراکـانیـا ڕۆیوە؟'' کـوڕەکـان وتیـان، ''حـاشـا، لەگـەڵ ئێـمـە نەهـاتووە.'' دایکی کـوڕ دەسـتی کـرد بە گـریان، تەعـزێی دانـا بۆ کـوڕ، وتی، ''تازە من مـەلیک ئەحـمـەد بە چاوی خـۆم نابینم.''

١٢٠. بێـینەوە سـەر ئەو کـاری [سـەرەوکـاری] بـرا پچکۆڵـە، بزانین چیی بەسـەر هاتووە. کابرایەک کە نزیک ئەو کانییـە جووت ئەکا، تۆو ئەچێنێ. ئێـوارێ ژنەکـەی نانی بـۆ برد. وتی، ''ئـافـرەت، بچـۆ سـەر کانییـەکە، تۆزێ ئاوم بۆ بێنە.'' ئافرەت هەڵستا، چوو بۆ ئاو، گوێی لە ناڵەناڵێک بوو لەسەر کانییەکە (سەرکانێکە). گەڕایەوە، وتی، ''پیاوەکە، ناڵەناڵێک زۆر بە تەئسیر لەسەر کانییەکە یێت.''

١٢١. جووتیار هەڵستا، چووە سەر کانییـەکە، هیـچی لێ نییـە. چوو بەو دیوا، تـەمـاشـای کـرد، بەفـر و خـوێن تێکەڵاو بوو، هەمـوو گـیـانی هەلاهەلایە. وتی، ''ئافرەت، بە ڕاکردن فەرەنجییەکەم بۆ بێنە.'' کوڕی خستە ناوییەوە (ناوێوە)، بە هەردووکیان هەڵیانگرت، لە ماڵەوە لەسەر قەرەوێڵـە ڕایکێشـا. سـواری وڵاخ بوو، بە پەلەپەل داخڵی مەملەکەت بوو.

١٢٢. چووە لا دوختـۆر، وتی، ''ئەی دوختـۆر، من تاقە کوڕێکم هەیە، ئیمشەو لەسەر خەرمان سەد خەنجەریان لێ داوە، ئەگەر بێت و ڕۆژێ زووتر بۆم چاک بکەیتەوە هەرچییەک تۆ ئەڵێی من حازرم، بە شـەرتێک کوڕ بە جێ نەیێڵێ تا چاک ئەبێتەوە.'' وتـی، ''باشە، من سـەد لیرەم لە تۆ ئەوێ.'' وتی، ''شەرت بێ، بۆم چاک بکەرەوە من پێنسـەد [پێنجسەد] لیرەی زەردء [زەردت] بەمێ.''

١٢٣. دوختۆر حالا ئۆتۆمبیلی گرت، گەیشتە سـەر کوڕ، دەستی کرد بە تـەداوی کـردنـی. بە زەرفی پانگزە [پانزدە] شــەو کـوڕی لە جـاران چاکـتـر کـردووە. کـوڕ کە سـەری هەڵبـڕی، تەمـاشـای کـرد لە مـاڵێکا کـەوتووە، دوخـتـۆرێ لەسـەرییـەتی (سـەرێتی) وە کـابرایـەکی بە ژوور سـەرەوەیە. سـەری هەڵبڕی، وتی، ''بابە گیان، بە شـەرتی خـوا بء کـەم

[بتکەم] بە پاشا لە جێگەی باوکم.'' کابرا کە زانیی ئەمە کوڕە پاشایە سەد ئەوەنگەی [ئەوەندەی] کە خزمەتی کرد تا تەواو کوڕ قووەتی پەیا کردەوە.

١٢٤. وڵاخی بۆ زین کرد، کوڕ سوار بوو، گەڕایەوە بۆ مەملەکەتی باوکی. تەق لە دەرگای دا، دایکی وتی، ''کێ [کێیە] ئەوە؟'' وتی، ''دایە گیان، منم، بیکەرەوە.'' کە دەرگای کردەوە چاوی بە کوڕ کەوت، حەوت جار بێ هۆش بوو. چاک بووەوە. کوڕ بەیانی دەستێ جلی پاشایانەی لە بەر کرد، تاجی سوڵتانیی نا بە سەرەوە، چوو، لە چایخانەیەک دانیشت. کە براکانی وە باوکی پیا ئەڕۆن تەماشای کرد، ئەوا باوکی و هەردوو براکانی لەوێوە ڕۆیشتن. براکانی کە چاویان پێ کەوت سەریان حیز کرد. کوڕ هیچ خۆی سڵ نەکرد.

١٢٥. بێینەوە سەرەوکاری باخی فازوحور کە وەکو کچی ئیسلامشای پەرییانی تیا نووستووە. کچ خەبەری بووەوە، تەماشای ئاوێنەی کرد، جێگای دەمی ئادەمزادەیەکە بە ڕوومەتییەوە دیارە. زریکانی، باوکی بە خۆی و دوانزەهەزار لەشکرەوە داخڵ بە باخا بوون. وتی، ''ئامان، کچی خۆم، چیت لێ قەوماوە؟'' وتی، ''بابە گیان، بە زەرفی دە ڕۆژی کە ئەو کەسەم ئەوێ کە داخڵ بە باخما بووە.''

١٢٦. پاشا زریکانی، دێو و درنج و پەری بەری ئاسمانیان گرت، هەموویانی سوێنگ [سوێند] دا، هیچ کەسێکیان شاهێتییان نەدا، وتیان، ''کەسمان نەدیوە.'' پاشا وتی، ''بگەڕێن، بزانن کێ ماوە.'' وتیان، ''بەڵێ، سیمرخ ماوە.'' ناردی بە دوای سیمرخا، سیمرخی سوێنگ دا، وتی، ''بە یەزدان، یێزدانی پاک، بە پاکی منەوەر، بە خالقی شەو و ڕۆژ، هیچت لێ ناکەم ڕاستم پێ بڵێیت.''

١٢٧. وتی، "ئەی شـاهم، کـوللـی سـاڵێک مـن حـەوت بەچکەم ئەبوو، هەژدیهایەک لێم پەیا بوو، هەمـوو سـاڵێک بەچکەکانـی ئەخـواردم، ئەم کوڕەی پاشـای مـەملەکەتی بەسـرازەمین بوو بە سـەبەبیـان، نەیهێـشت خـورێن [بخورێن]، هەژدیهـای کوشت داوای هەناری باخی فازوحوری لـێ کــردم، منیش بـە شـــەرتێک هـێنـاومـــە کـــە هـیـچ ئـاوڕ نەداتـەوە، هـەنارەکـەی بێنـێ، بگەڕێتـەوە." پـاشـا عـەفـوی کـرد، سـیـمـرخ چوو بۆ شوێنی خۆی.

١٢٨. ئیسلامشای پەرییان بە خۆی و دوانزەهەزار لەشکرەوە داخڵ بە مـەملەکەتی بەسرا بوو، دەوری مەملەکەتیـان گرت، خـەبەریان دا بە پاشـا، "ئەی پاشـاهم، دەوری مـەملەکـەت گیـرا بە لەشکر و هۆردوو." ئیـسـلامـشـای پەرییـان کـاغـەزێکی نووسی، وتی، "ئـەی پاشـاهم، من کوڕی پاشای مـەملەکەتی خۆرهـەڵهاتم [خۆرهەڵاتم]، باوکم نەخۆشـە، ئەمـەوێ بـچم هەناری باخی فـازوحـور بێنم. بیسـتـوومـە کە کـوڕەکـەء [کوڕەکەت] چووە هێناوێتی. بێت، تەعریفەکەم بۆ بکا.

١٢٩. پاشا وتی، "کوڕی خۆم، کامتان چوون بۆ هەنار؟" کوڕە گەورە وتی، "بابە گـیــان، من چووم." وتی، "دەبچـۆ، ڕۆڵـە، پێی بڵـێ." برا پچکۆڵە کـە ئـەمـەی زانـی خـۆی غـەرقی ئـاسن و پۆڵا کـرد، وەکـوو ڕۆستـەمی زاڵ، لە باخی ماڵی خۆیـان لەگەڵ دایکیا کڵاوەکەی لار دانا، دانیشت.

١٣٠. کە براگەورەی چوو لە پاڵ خێوەتەکەا [خێوەتەکەدا] ڕاوەستا، لێـیـان پرسـی، "تۆ چووی بۆ هەنار؟" وتی، "بەڵێ." بانگیـان کـردە ژوورەوە، وتی، "کـوڕی خۆم، ئەم باخە لێرەوە بۆ ئەوێ چەنگ [چەند] دوورە؟" وتی، "ئەی پاشـاهم، سێ مـانگ ڕێگا دوورە." وتی، "باخـەکـە

چۆنە؟'' وتی، ''لەسەر شاخێکە، دیوارێکی بە دەورا کراوە.'' وتی، ''تێی هەڵدەن، ئەم قەحبەبابە. بە پاشا بڵێن ئەو کوڕەم ئەوێ کە چووە بۆ هەنار.'' براناوەنجی وتی، ''من چووم.'' عەینی شت تێریشیان لەو هەڵدا، هەموو گەڵوقنگیان شکان.

١٣١. وتی، ''کوڕی خۆم، ئەم هەنارە کێ هێناویتی؟'' وتی، ''چووزانم؟ ئەحمەد هێناویتی.'' وتی، ''چۆن، ئەحمەد ئەمەی هێنا؟ ئەی، ئەحمەدتان چی لێ کرد؟ ئەی وەزیر، ئەی نایب، بۆ عەشقی خوا عیلاجم بکەن. ئەوەتەی ئەو کوڕە لە دایک بووە ئێستاش نەموتووە، ''کوڕی خۆم، چۆنی؟'' ئێستا بە چ ڕوویەکەوە بڵێم کوڕی منە؟'' وەزیر وتی، ''ئەی پاشاهم، کاغەزێکی بۆ بنووسە، بەشکو خوا دڵی نەرم کا، بێت، بچێت، پێیان بڵێ.''

١٣٢. وەزیر کاغەزی برد بۆ کوڕ، تەق لە دەرگای دا. کوڕ هات بە پیرییەوە، وتی، ''کێیەوە؟ [کێیە ئەوە؟]'' وتی، ''ئەی مەلیک ئەحمەد، خزمەکاری خۆتە.'' کوڕ دەرگای کردەوە، تەماشای کرد وەزیری باوکییەتی (باوکێتی)، کاغەزێکی پێیە. کوڕ کاغەزی خوێنەوە [خوێندەوە]، وتی، ''ئەی وەزیر، باوکی من کێیە؟ من کەسم نییە غەیر ئەز ئەو خوایە نەبێ. تا ئێستا بۆچی باوکم نەبوو؟ وەڵڵاهی، بێ بە دەرگاما پارچەپارچەی ئەکەم.'' وەزیر گەڕایەوە.

١٣٣. ئیسلامشای پەرییان کاغەزێکی نووسی، ''ئەی پاشا، بە زەرفی بیستوچوار سەعات کوڕم بۆ ئەنێری باشە، بۆ نانێری هەر ئێستا عەمر ئەکەم مەملەکەتء [مەملەکەتت] زێرەوزەبەر کەن.'' پاشا وتی، ''ئەی وەزیر، بۆ عەشقی خوا فریام کەون.'' هەڵستا پاشا، بە سەری ڕووتی، بە پێی پەتی، چوو بۆ لای کوڕ، لە دەرگای دا. کوڕ

دەرگای کردەوە، وتی، ''ئەی کوڕی خۆم، بۆ عەشقی خوا فریام کەوە.''

١٣٤. پاشا دانەوی کە قاچی ماچ کا. کوڕ وتی، ''ئەستەخفیرەڵڵا، گەورەی منی.'' دایکی کوڕ پێی گوت، ''ئەی کوڕی خۆم، دە، قەیناکا، بچۆ. عەجری [ئەجری] دایک و باوک گرانە.'' وتی، ''ئەوا من ئەچم، ئیتر چاوتان بە من ناکەوێ.'' کوڕ سواری ڕەخش بوو، ڕووی کردە ئەم لەشکرە عەزیمە، وەکوو شێر مزراقی داکوتا، وڵاخی پێوە بەست، یەکسەر ڕووی کردە ژوورەوە.

١٣٥. ڕەسم و تەعزیمێکی زۆر جوانی کرد، بەرزەپێ هەموو لەبەری [لە بەری] هەڵستان، تەماشای کرد ئەم کوڕە زۆر بە جەوهەرە، وتی، ''ئەی کوڕی خۆم، تۆ چوویتە باخی فازوحور، هەنارء [هەنارت] هێناوە؟'' وتی، ''بەڵێ.'' ''کوڕی خۆم، چەنگ [چەند] ڕۆژ لێرەوە دوورە؟'' وتی، ''ئەی پاشاهەم، موددەتی حەوت ساڵ ڕێگا دوورە. دەوری ئەم قەڵعەیە بە پۆڵا چووە بە ئاسمانا، مۆرێکی سووری پێوەیە، پەنجەی بخەرە سەر، ئیسمی عەزەم بخوێنە، دەرگا کرایەوە.''

١٣٦. ''چوومە ژوورەوە، باخەڵم پڕ کرد لە هەنار، گەڕامەوە. لە دڵی خۆما وتم، ''یاران، من گەڕامەوە، یەکێ لێی پرسیم، ئەم باخە چیی تیا بوو، بڵێم چی؟'' سەرم هەڵبڕی، تەماشام کرد، خێوەتێک هەڵدرابوو، حەوت خێوەتی لەناو یەکا بوون. نازەنینێکی تیا ڕاکشابوو. چرای لای سەرم بردە لای قاچی، چرای لای قاچیم هێنایە لای سەری، پۆپەشمینم لەسەر لابرد،...''

١٣٧. لەوا [لەوەدا] بوو کوڕ بڵێ، ''...ماچم کرد،'' گورج ئیسلامشای پەرییان پەرداخێ شەربەتی دایێ (دایە)، وتی، ''کوڕی خۆم، ئەمە نۆش کە.'' کوڕ خواردیەوە، بێهۆش کەوت. خستییە سنووقەوە، هەڵیانگرت

به ئاسمانا، بردیان، له بەردەمی کچا دایاننا. وتی، ''ئەی کچی خۆم، ئەمە خۆت و دوژمنء [دوژمنت]، چی لێ ئەکەی لێی کە.''

١٣٨. کچ قسەی نەکرد تا شەو هات بەسەرا. تەماشای کرد، سنووقی هەڵدایەوە کە دیی پارچەیەک ئاڵتوونە تیا ڕاکشاوە. تۆزێک عەتری دایێ بە لووتیا. کوڕ هۆشی هاتەوە، وتی، ''حەیفێ بۆ باوکء [باوکت] کە منی وا بە دەسیسە گرت. ئەو ئازا بوو لەجیاتیی تۆ بە زەبری حەرب منی بگرتایە.'' وتی، ''ئەی نەوجوان، ئێستایش باوکم بۆیە تۆی هێناوەتە ئێرە کە من پارچەپارچەء [پارچەپارچەت] بکەم، فەقەت من ناوکوژم [ناتکوژم]، ئەتنێرم بچی بۆ لای باوکم، باوکم چیت لێ ئەکا کەیفی خۆیەتی.

١٣٩. کوڕ بەیانی زوو هەڵستا، چووە لای پاشا، وتی، ''بفەرموو، چیم لێ ئەکەی حازرم.'' باوکی کچ ناردی بە دوای کچا، وتی، ''کچی خۆم، ئەمە دوژمنەکەتە چۆنی لە ناو ئەبەی لە ناوی بەرە.'' وتی، ''بابە گیان، حەیفە من ئەم نەوجوانە بکوژم. ئەینێرم مەسئەلەی ئەحمەی [ئەحمەد] بێغەمم بۆ بێنێ، بزانم لە دنیاا [لە دنیادا] بۆچی هیچ خەمی نییە.'' پاشا بە کوڕی گوت، وتی، ''ئەی کوڕی خۆم، ئەتنێرم بۆ ئەم مەسئەلەیە، ئەگەر هێناء [هێنات] کچء [کچت] لێ مارە ئەکەم.'' وتی، ''ئەی پاشاهم، موحڵەتم [مۆڵەتم] چەنگە [چەندە]؟'' وتی، ''پانگزە [پانزدە] شەو.''

١٤٠. کوڕ گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی، کچ هاتە لای، وتی، ''ئەی مەلیک ئەحمەد، بە عەشقی خوا، با بە پەرییا بتنێرمەوە بۆ ماڵی باوکء [باوکت]. شەرت بێ هەموو ساڵێک سەرت لێ ئەدەم.'' کوڕ وتی، ''شەرت بێ نەتبەم لەگەڵ خۆم نەگەڕێمەوە.'' کوڕ بەیانی دوعاخوازیی

له مەلیکە خواست، مەلیکە دەستی کرد بە گریان، وتی، ''بۆ عەشقی خوا با بتنێرمەوە. ڕێگای شەش مانگ دوورە، باوکم بۆیە ئەتنێرێ کە بتفەوتێنێ.''

١٤١. کوڕ گوێی نەدایێ (نایە)، لێی دا، ڕۆی. کچ دەستی کرد بە گریان، موددەتی دوو ڕۆژ ڕۆی بە ڕێئا [بە ڕێدا]، تەماشای کرد سێ منارە شەڕ ئەکەن. کە چووە پێشەوە یەکێکیان وتیان [وتی]، ''ئەوا ئادەمزادەیەک هات، شەرعی خۆمان [خۆمانی] بۆ ئەکەین.'' وتیان، ''باشە.'' کوڕ چووە پێشەوە، بەخێراتنیان کرد، وتی، ''بۆچی شەڕ ئەکەن؟'' وتی، ''کاکە گیان، ئێمە هەرسێکمان براین، باوکمان مردووە، سێ شتی لە پاش بە جێ ماوە.''

١٤٢. کوڕ وتی، ''ئەم سێ شتە چییە؟'' جەوابی دایەوە، وتی، ''ئەمەیان قاڵیچەی حەزرەتی سلەیمانە، ئەمەیش دارعەکازی حەزرەتی سلەیمان، ئەمیش کڵاوی سەخری جنە.'' کوڕ وتی، ''باشە، ئەم سێیانە بە عەمەل چیە [چییە، چی دێت]؟'' وتی، ''ئەمەیان داخە و دارعەکاز بیدە لێی، هەرکوێیەک تەڵەب ئەکەی بە دوو دەقیقە دات ئەنێ. ئەم کڵاوەیش کەیتە [بکەیتە] سەرء [سەرت] هیچ کەسێک ناوبینێ [ناتبینێت] تۆ هەموو کەس ئەبینی.''

١٤٣. کوڕ وتی، ''باشە. تیروکەوانێکم بۆ بێنن، سێ تیرتان بۆ هەڵئەدەم، هەرچی زوو هاتەوە قاڵیچەی ئەدەمێ، ئەوی دوای کڵاوی ئەدەمێ، ئەوەی ئاخری دارعەکازی ئەدەمێ.'' وتیان، ''وەڵڵاهی، تەگبیرەکەت زۆر جوانە.'' کوڕ ناوی خوای هێنا، سێ تیری هەڵدا بە ئاسمانا، دوای تیر کەوتن، تەماشایان کرد تیر هەر گڤڤەی یە [دێت] بە ئاسمانەوە.

١٤٤. كورِ قاڵیچەی داخست، کڵاوی کردە سەری، دارعەکازی پیا کێشا، وتی، ''ئەمەویٚ لە قەراغ مەملەکەتی ئەحمەی بێغەم دامبنێی.'' بە پێنج دەقیقە لە قەراغ مەملەکەتی ئەحمەی بێغەما داینا. کورِ هەمووی پێچایەوە، چوو، لە چایخانەیەک دانیشت. سوئالی کرد، ''کەی ئەحمەی بێغەم یێتەوە بۆ ماڵەوە؟'' وتیان، ''تۆزێکی کە یەتەوە.''

١٤٥. ئەوەنگەی [ئەوەندەی] پیٚ نەچوو تەماشای کرد سیٚ چوار تاقم کورِی جاهێڵ، هەر تاقمی لە نەوعێک، هاتنەوە. لە ناوەراستیانا تاقمێک هاتن، تەماشای کرد، هەموو عوود و کەمانچە لیٚ ئەدەن وە سەما ئەکەن بە دەوری ئەم کورِا [کورِەدا]، چل گورجی پاش و پێشی کورِیان گرتووە. بە چایچییەکەی وت، ''ئەمەیە ئەحمەی بێغەم؟'' وتی، ''بەڵیٚ.'' وتی، ''ئینجا ئەمە خەمی لە کویٚ بوو لەم سەڵتەنەتەا [سەڵتەنەتەدا]؟''

١٤٦. کورِ دوابەدوای رِۆی تا چووە ژوورەوە. لە دەرگای دا، وتی، ''کێیە؟'' وتی، ''منم، میوانی ئەحمەی بێغەمم.'' وتی، ''بفەرموو، وەرە سەرەوە.'' کورِ لەگەڵ ئەحمەی بێغەم چوونە سەرەوە. کورِ بانگی کرد، نانیان هێنا، وتی، ''فەرموو، ئەی میوان، نان بخۆ.'' وتی، ''نان ناخۆم تا وەکوو پێم نەڵێی بۆچی خەمت نییە.'' وتی، ''کورِی خۆم، نانیٚ بخۆ، حەقی دەردی منت نەبیٚ.''

١٤٧. وتی، ''غەیری قابیلە.'' وتی، ''من بۆء [بۆت] بگێرِمەوە لە گەردنت ئەدەم.'' کورِ وتی، ''من شەش مانگە بە رِێگاا [رِێگادا] هاتووم، خوێنی خۆم فی سەبیلیللا، گەردنء [گەردنت] ئازا بیٚ.'' وتی، ''بفەرموو، نانیٚ بخۆ، بەیانی بۆت ئەگێرِمەوە.'' بەیانی نانیان خوارد، چوونە خوارەوە، حەوت قاپیی کردەوە، هەر حەوتی داخست، وتی،

''ئەی نەوجوان، پیاوی چاک بە، پەشیمان بەرەوە، با لە گەردنت نەدەم.''
وتی، ''غەیری قابیلە.''

١٤٨. وتی، ''باشــە، بەرامـبـەرم دانیـشــە. من بۆ تۆی نـاگـێـڕمــەوە، چونکە ئەبی بە قەترەیەک ئاو.'' بەردێکی هێنا، لە بەردەمی خۆیا داینا، دەسـتی نا بە زیـلا. نازەنینێک لەگـەڵ دوو کوڕی پچکۆڵەا [بچکۆلەدا] وەکوو ڕۆژ بوون، عەبدێکی قوللەڕەش [قـولەڕەش] لەگەڵیـانا بوو. وتی، ''ئەی بـەرد، جـوان گـوێ بگرە. من مــەسـئــەلەی خــۆمء [خــۆمت] بۆ ئەگێڕمـەوە.'' کوڕێکی خسـتـە سـەر ڕانـی، بە دەستێکی دەستی کرد بە شمشێر تیژکردن.

١٤٩. وتی، ''ئـەی بەرد، مـن ئەم ئـامــۆزایەم لـە منـاڵیــیــەوە لـە یەک مەکتەبا ئەمـانخوێنگ [ئەمـانخوێند]، شـەرتمان کرد لەگـەڵ یەکتـری کە من مردم ئەو شـوو نەکا، ئەگەر ئەویش مرد من ژن نەیێنم. حـاڵی حازر من مەلیکی ئەم مەملەکەتە عـەزیمەم.'' وتی، ''ڕۆژێک شەکراوی ئامۆزام خواردەوە، مارەم کرد.''

١٥٠. ''ئەو ڕۆژە لە سـەربانی قـەسر لەگـەڵ وەزیران ئینتیـزاری بووک ئەکـەم، بۆم بێ، تـەمـاشــام کـرد یەکـێک هـات، وتـی، "مــەلیک ئەحــمــەد، دەسگیـرانء [دەسـتگیـرانت] مـرد." بڕوام پێ نەکرد. یەکـێکی تر هـات، وتـی، "ئەوا ئەیشـۆن."'' وتی، ''بڕوام نەکرد. وەزیری خـۆم هـات، وتـی، "با بڕۆین، ئەگینا فریای سـەرقەبران ناکەوین."''

١٥١. ''چوومـە خـوارەوە، مـەلحـەمم [مـەڵحـەمم]، دەرمـانم لەگـەڵ خـۆم برد، چوومـە حـەمـامـەوە، عەیبی خـۆم لە بنا بڕی. تونگ [توند] پێچای [پێــچــام] هاتـە [هاتمە] دەرەوە، وتـی، "من شــەرتم کـردووە لـەگــەڵ ئـامــۆزامـا، مــادەم ئەو مـرد ئـیــتـر مـنیش ژن بم، نەبـا لە دوای ئەو ژن

بێنم." له دەرگا چوومه دەرەوه، تەماشام کرد، شین بوو به شایی. وتم، "چییه ئەوه؟" وتیان، "بەڵێ، ئامۆزاء [ئامۆزات] لەناو دارەمەیتا زینگوو [زیندوو] بووەتەوه (بۆتەوه)."'

١٥٢. منیش وتم، ''یارەببی، ئێستا من لەو ژنترم؛ ئەمه چی بوو خوا پیشانی دام؟'' بووکیان هێنایه ماڵەوه، که زانیی من وام له خۆم کردووه وتی، "من ئەڕۆمەوه ماڵی باوکم." منیش لەبەر عەیبا [عەیبه] لەم عەبدەی خۆمم مارە کردووه. ئینجا، ئەی بەرد، به من ئەڵێن ئەحمەی بێغەم. من غەمم زۆرە یان تۆ؟'' بەرد بوو به قەترەی ئاو.

١٥٣. وتی، ''ئەی کوڕ، هەڵستە، با له گەردنء [گەردنت] بەم.'' کوڕ وتی، ''له تەنیشت خۆتەوه نوێژ ئەکەم، ئینجا سەرم بڕە.'' وتی، ''باشه.'' کوڕ له تەنیشتیەوه دانیشت، گورج کڵاوی کردە سەری، ون بوو. ئەحمەی بێغەم وتی، ''ئەمه له خواوه بووە.'' هەڵستا، هاتە دەرەوه، کوڕیش به دوایا.

١٥٤. کوڕ هاتە دەرەوه، قاڵیچەی داخست، لەسەری دانیشت، وتی، ''ئەمەوێ له باخی فازوحور دامنێی.'' کوڕ چاوی نووقان، چاوی کردەوه، له باخی فازوحورا داینا. تەماشای کرد، مەلیکه هەر ئەگری. وتی، ''بۆچی ئەگریت؟ ئەوە مەسئەلەی بێغەم بیبه بۆ باوکء [باوکت].'' کچ بردی بۆ باوکی، دەسبەجێ کچی له کوڕ مارە کرد. شاد بوو به مرازیا [مرازی].

١٥٥. له پاش موددەتێ ئەحمەد وتی، ''من ئەڕۆمەوه بۆ مەملەکەتی خۆم به وەعدەی ده ڕۆژ.'' لەشکرێکی زۆری برد، چووە قەراغ مەملەکەتی باوکی، داینا. تەماشای کرد باوکی مردووه، براکەی لەسەر تەختە. هەردوو براکەی گرت، شاربەدەری کردن، ناردی به دوای

کـابـرای جـووتیـارا، کــردی بە پاشــا لە جـێی بـاوکی. دایکی هـەڵگرت لەگەڵ خۆی، گەڕایەوە بۆ باخی فـازوحور، شـاد بوون بە مرازی خۆیانا. ئێمەش لەولاوە هـاتینەوە کچێکیان [هیچێکیان؟] نەداینێ.

## ئەچم بۆ لای خوا

١٥٦. دوو برا ئەبن لە مەملەکەتێک وەکوو سلێمانی. براگەورەیان زۆر دەوڵەمەن ئەبێ، براپچکۆڵە زۆر فەقیرحاڵ ئەبێ. ڕۆژێک براگەورەی مەولوو ئەکا، براپچووک خۆی و مناڵەکانی ئەچنە بەر دەرگا، ئەڵێن، ''لە ڕای خوا پارچەیەک نانمان بەنێ.'' براگەورەی دەری ئەکا. پاشەوپاش ئەگەڕێنەوە، ئەڵێ، ''ئافرەت، من ئەڕۆم، تا لای خوا ناوەستم. شەرت بێ سێ کوتەک نەکێشم [بکێشم] بە ناوشانیا بزانم بۆچی براکەمی وا دەوڵەمەن کردووە، منی وا فەقیر کردووە.''

١٥٧. لێی دا، ڕۆی، ڕێی کەوتە ماڵە گاورێک. وتی، ''لە ڕای خواا [خوادا] جێگەم کەنەوە، ئیمشەو لێرە بم تا بەیانی.'' ژنەکەی وتی، ''بفەرموو، وەرە سەرەوە.'' خزمەتێکی زۆر جوانی کرد، شەوێ لە خەویا مێردەکەی چووبوو بۆ حەج، ژنەکە ئەم خەوەی بە مێردەکەیەوە دی، مێردەکەیشی عەینی شت خەوی بە ژنەکەیەوە دی.

١٥٨. بەیانی زوو خەبەریان بووەوە، میوانەکەیان لە خەو هەڵنەسابوو. وتی، ''پیاوەکە، ئیمشەو خەوم پێوە دیویت.'' پیاوەکەش وتی، ''منیش عەینی شت خەوم بە تۆوە دیوە. کە مادەم وایە ئەم میوانەی ئێمە زۆر موسوڵمانە.'' میوانەکەیان خەبەری بووەوە، وتی، ''کاکە گیان، بۆ کوێ ئەچی؟'' وتی، ''ئەچم بۆ لای خوا.'' وتی، ''توخوا، سوئالێکیش بۆ ئێمە بکە، بزانە بەهەشتیین یان جەهەننەمی.'' وتی، ''باشە.''

١٥٩. لێی دا، ڕۆی، ڕێگای کەوتە ئەشکەوتێک. تەماشای کرد، عابیدێکی تیایە، هەر زکر و لائیلاهەئیلەڵڵا ئەکا. وتی، ''بفەرموو، ئەی میوان، دانیشە.'' تەماشای کرد، هەموو ئێوارەیەک سینییەکی بۆ ئەهات، ئەم ئێوارەیە دوو سینی بۆ هات. سینییەکیانی شاردەوە، سینییەکیانی دانا بۆ هەردووکیان، خواردیان. لە دوای نانخواردن بە عەمری [ئەمری] خوا هەردوو سینییەکە غەیب بوو [بوون]. وتی، ''ئەی کاکە، بۆ کوێ ئۆغر ئەکەی؟'' وتی، ''ئەچم بۆ خزمەت خوا.'' وتی، ''من هەشتا ساڵە لەم ئەشکەوتەا [ئەشکەوتەدا] ئیتاعەت [تاعەت] ئەکەم. بزانە بەهەشتیم یان جەهەننەمی.'' وتی، ''باشە.''

١٦٠. لێی دا، ڕۆی، تووشی سێ برا بوو لە هۆدەیەکا. تەماشای کرد، لە نانەڕەق زیاتر هیچی کەی تیا نەبوو. وتیان، ''کاکە گیان، بۆ کوێ ئەچی؟'' وتی، ''ئەچم بۆ لای خوا.'' وتی، ''توخوا، بپرسە، ئێمە لێقەوماوین، بەسە تاکەی وا بە فەقیری دامان ئەنێ؟'' وتی، ''باشە.''

١٦١. لێی دا، ڕۆی، چەنگ [چەند] موددەتێکی زۆر. خوا عەمری کرد بە جوبرائیل، وتی، ''بچۆ، خۆتی لێ بگۆڕە، هەرچی گیانی هەیە بیشکێنە.'' جوبرائیل هات، لە دەشتێکا گرتی، وتی، ''کوڕە، بۆ کوێ ئەچی؟'' وتی، ''ئەچم بۆ لای خوا.'' گرتی، هەموو گیانی بە کوتەک شکان. سەری بەرز کردەوە، وتی، ''ئەی خوایە ئەمە چییە پیشانمی ئەدەی؟ سەد ئەوەنگەی [ئەوەندەی] کە بمکوژن ناشکوری ناکەم، هەر شکورم.''

١٦٢. لەپاش موددەتێک خوا عەمری کرد بە حەزرەتی مووسا، وتی، ''بچۆ، ئەم کابرایە لێت ئەپرسێ، تۆ کێیت، بڵێ، "من خوام." هەرچییەک تەڵەب ئەکا بیدەرێ.'' کابرا گەیشتە سەر ئاوێک، ڕێگای

نەبوو بچێتە ئەوبەرەوە. حەزرەتی مووسا لەوبەرەوە ڕاوەستابوو، وتی، ''کوڕە، بۆ کوێ ئەچی؟''

١٦٣. وتی، ''ئەچم بۆ لای خوا.'' وتی، ''من خوام.'' وتی، ''ڕاستم پێ بڵێ.'' وتی، ''بە خوا، من خوام.'' وتی، ''دە، وەرە ئەم بەرەوە، ئیشم پێتە.'' هاتە ئەم بەرەوە، چاکەتی پێ دائەکەن [داکەن، داکەند]، سێ کوتەکی باشی کێشا بە ناوشانیا. وتی، ''پێم بڵێ، بۆچی براکەم، دەوڵەمەنە، من وا فەقیرم؟'' وتی، ''برۆ، غەزنەی تۆ لە ماڵی خۆتان وا لە بن دارهەنجیرەکەا [دارهەنجیرەکەدا].''

١٦٤. وتی، ''ئەی، کابرای گاور بەهەشتییە یان جەهەننەمی؟'' وتی، ''کابرای گاور، لە بەهەشتا قەسری ئەو عابیدەیان دایێ کە سینییەکەی لێ دزیت.'' وتی، ''ئەی، باشە، سێ برایش زۆر پاڕانەوە، تا کەی فەقیر ئەبن؟'' وتی، ''پێیان بڵێ، لە قوژبنی ژوورەکەیا پارچەیەک پەڕۆی ڕەش لە کونێکایە، دەریبێن، ڕسقی ئەوان وا لەویا.''

١٦٥. کوڕ گەڕایەوە، بە سێ براکەی گوت، وتی، ''برام، ڕسقەی [ڕسقی] ئێوە وا لەو کونەا [کونەدا]. پەڕۆی ڕەش دەرهێنە، ڕسقی ئێوە ئاشکرا ئەبێ.'' هاتە لای عابید، وتی، ''مژدەء [مژدەت] بەمێ، ئاگری جەهەننەم بەرەبەرە خۆش ئەکرێ بۆ تۆ.'' وتی، ''ئەی، قوڕ بە سەرم.'' هاتە لای گاورەکە، وتی، ''مژدە بێ لێتان، خوا ڕەحمی پێ کردن. لە بەهەشتا قەسرێکتان بۆ دانراوە، حەوت حۆری خزمەتتان ئەکا.''

١٦٦. وتی، ''کە مادەم وایە بەو خوایە کە تۆ چوویتە لای نارۆیت تا هەرچییەکم هەیە نیوەی نەبەیت لە ڕای خوا [خوادا]. ئەوا منیش هاتمە سەر ئەو دینە کە تۆ ئەیپەرستی.'' لەوێدا وڵاخی بۆ بار کرد لە

ئاڵتـوون و مـوجـەوهـەرات. پێش خـۆی دا و هـات بۆ مـاڵەوە. تەمـاشـای کرد ژنەکەی لەگەڵ مناڵەکانیا بەو دەشـتـەا [دەشتـەدا] ئەسـوورێنەوە، ئەگرین بۆ باوکیان."

١٦٧. باوکیـان بانگی کرد، "کوڕی خـۆم، وەرن، باوکـ‌ء [باوکت] شتی جـوانی بۆ هـێناون." کـە ژنەکـەی دیی زۆری پێ خـۆش بوو. چوونە مـاڵەوە، شەوێ بن هەنجیرەکەی هەڵکەن، تەمـاشـای کرد حەوت کووپە ئاڵتوونی تیـایە. وتی، "یارەببی، خوایە، زۆر زۆرت لێ بە زیا بێ!" چوو، بەرامـبەر مـاڵی براکەی قـەسرێکی زۆر جـوانی دروست (درووس) کـرد، تیا دانیشت، حەوت شەو و حەوت ڕۆژ نانی دا بە ڕای خواا [خوادا].

١٦٨. لە پاش مـوددەتێک براگەورەی نابووت بوو. خـانووی فرۆشت، کـەوتە سـوالکردن. ژنەکـەی پێی وت، "هـەڵسـتـە، بچـۆ لای براکـەء [براکەت]، بەشکو شتێکـء [شتێکت] باتێ." چووە بەر دەرگـای مـاڵی براکـەی، وتـی، "لە ڕای خـواا شـتـێکم بـەنێ." براکـەی بانگی کـردە سـەرەوە، وتی، "ئەو ڕۆژەت لە بیر بێت کـە هـاتم، پارووێ نانت نەدامێ، دەرء کردم [دەرتکردم]؟ ئێستـا من خزمـەتکار، تۆ ئاغا، چونکە خـوا فـەرموویەتی، ئینسـانی گـەورە ئەبێ دایمەن مـساعـەدەی فـەقیـر بکا. تۆ دانیـشـە ئاغـای مـاڵ بە، منیش خـزمـەتکار." هـەردووکـیـان بە یەکـەوە دانیشتن، شوکرانەی خوایان بە جێ هێنا.

١٦٩. ئا: مامۆستا، لە سنفی شەشی ئیبتیدائیا کە موعەلیمی ئینگلیزیمان بووی، لە پێشا لە کوێ بووی؟

بێ: لە پێش ئەوە بێمە سلەیمانی، ببم بە موعەلیمی مەکتەبی ئێوە، لە چەمچەماڵ مودیری مەکتەب بووم، لەوێوە نەقڵ بووم بۆ سلەیمانی وە هاتمە مەکتەبی ئێوە. مەکتەبی ئێوە ئەو وەختە دوو سنفتان هەبوو، سنفی شەشی ئەلف و سنفی شەشی بێ. وا بزانم تۆ لە سنفی شەشی ئەلف بووی، وە ڕەفیقەکانء [ڕەفیقەکانت] تۆ بووی و کەریم بوو...

ئا: بە خوا، نایێتەوە (نایەتەوە) خەیاڵم کەریم کامەیە.

بێ: کەریمی حاجی حسەین، برای سەعیی حاجی حسێن.

١٧٠. ئا: ڕاستە، ئێستە هاتەوە بیرم. ئەوە سەردەمێک بوو بە عەسکەری لیوی، لە حەبانییە بوو، هەتا جارێکیان لە بەغا دیم، تەماشام کرد نەجمەیەک بەسەر شانیەوە بوو. وتم، "کەریم، ئەمە چی ئەکەی تۆ؟" وتی، "وەڵڵا، بووم بە زابت." ئیتر منیش زۆر پێکەنینم هات، تەماشام کرد، پەڕێکی سوور بە سەریەوە بوو.

بێ: باشە، لە ڕەفیقەکانی تر- ئەوانی کەم لە بیر نییە، کێ و کێن. تۆ کامیانء [کامیانت] بیر ئەکەوێتەوە؟

ئا: لەوانەی کە یێتەوە بیرم یەکێکیان قایر [قادر] بوو کە ئێستا موعەلیمە لە ئەربەت [عەربەت] وە گەلێ شیعری جوانی هەیە.

١٧١. بێ: ڕاست ئەکەی (ڕاز ئەکەی)، قایر تەلەبەیەکی باش بوو، زیرەک بوو، لە کوردیشا باش بوو فەقەت لە ئینگلیزییا ئەوەنگە [ئەوەندە] باش نەبوو، ئەو وەختەش دەستی شیعری هەبوو، جارجار شیعری ئەوت. دەنگیشی خۆش بوو، گۆرانیشی ئەوت، لە پاش ئەوە وا بزانم لەوێ، لە سنفی شەشەوە ڕۆی بۆ بەغا، چوو بۆ دارولموعەلیمین، وا نییە؟ دوای ئەوە کە هاتەوە ئێرە ڕەئسەن بوو بە موعەلیمی ئێرە یان لە جێگەیەکی کە بوو بە موعەلیم؟

ئا: وەڵلاهی، لەو وەختەا [وەختەدا] کە ئەو لە مەکتەب دەرچوو منیش لێرە نەبووم، چووبووم بۆ بەغا بۆ خوێن [خوێندن]، بەڵام وا بزانم ئەوەڵ تەعینی لە سلەیمانی بوو. لەگەڵ ئەوەشا ئەم کوڕە کە لە مەکتەب لەگەڵ منا بوو، وا بزانم هەر لە منداڵییەوە قابیلییەتی (قابیلێتی) شیعروتنی هەبوو، چونکە لە سنفی شەشا کە ئەوسا ساڵی نۆسە [نۆسەد] و سیویەک بوو، تا ئێستا ماوەیەکی کەم نییە، ئەوسا لە بیرم یێ شیعرێکی وت هەتا ئێمە کردمان بە گۆرانی.

١٧٢. بێ: نازانم، من لە بیرم نییە ئەو شیعرەی، فەقەت جارجار کە ئەچووین (ئەچوون) بۆ هێن، بۆ گەڕان – لە بیرت یێ؟– جارێکیان چووین بۆ تەوێڵە، لەوێوە سوار بووین بە ئۆتۆمۆبیل، لۆرییە بوو – ها، بیرم کەوتەوە، ڕەحیمیش یەکێک بوو لەوانە، دەنگی خۆش بوو – هەڵستاین، چووین، بە لۆرییەک چووین بۆ خورماڵ. لە خورماڵ، لەوێ دابەزین، لە پاشا بە پێ چووین بۆ گوڵپ، لە گوڵپەوە چووین بۆ بیارە، لە بیارە شەوێ لەوێ ماینەوە لە مەکتەب. گۆرانییان وت، قایریش شیعری خوێنەوە، گۆرانیشی وت. دوای ئەوە چووین بۆ تەوێڵە، شەوێکیش لە تەوێڵە ماینەوە. دوای ئەوە کە لە تەوێڵە ماینەوە، وا

ئەزانم ئەوە بوو – بیرء [بیرت] کەوت کە هاشم ئەفەننی دەمانچەیەکی لێ ون بوو؟– مودیری مەکتەب دەمانچەکەی لێ ون بوو. بوو بە هەرا. وازمان لێ هێنا، لەوێوە بە پێ هاتینەوە هەلەبجە [هەڵەبجە]. وا ئەزانم شەویش لە هەڵەبجە ماینەوە، ئینجا گەڕاینەوە. سەفەرێکی زۆر خۆش بوو. تۆ ئەوەت لە بیر یێ؟

١٧٣. ئا: وا ئەزانم ئەو ساڵە منتان لەگەڵ نەبووم، چونکە من لە پێشا لە مەکتەبی کانیاسکان بووم هەتا سنفی پێنج، ئینجا کە سنفی شەش نەکرایەوە من نەقڵ بووم بۆ گۆیژە. لە سنفی شەشا ئەوە بوو کە تۆ مامۆستای ئینگلیزیمان بووی. وا ئەزانم ئەم سەفرەیەی کە تۆ باست کرد لە سنفی پێنجا بووە، کە من لە مەکتەبی کانیاسکان بووم. لەبەر ئەوە من لەگەڵتان نەبووم، ئەمما بیستوومە مەسئەلەی ئەو دەمانچەیەی هاشم ئەفەننی کە لێی دزراوە و بووە بە هەلاّ و بگر لەو ناوەا [ناوەدا].

١٧٤. بێ: هاشم ئەفەننی لە ئاخر [ئاخردا] دەمانچەکەی بۆ دۆزرایەوە. وا بزانم شێ [شێخ] شەمسودین لە بیارە بۆی دۆزیەوە، بە کەرامەت بۆی دۆزیەوە. شتێکی عەنتیکە بوو، گوایە لەوێوە کەرامەتێکی بۆ کردبوو، بۆی دۆزیبووەوە. دەمانچەکەشی بۆ ناردبوو. هەرچەننە [هەرچەندە] هاشم ئەفەننی لەجیاتیی دەمانچەکە سێ دیناری بۆ ناردبوو – سێ دیناری وەرگرتبوو – فەقەت دوای ئەوە کە دەمانچەکەی دایەوە وا بزانم سێ دینارەکەشی نەدایەوە. سێ دینارەکەشی برد و دەمانچەکەشی برد. تۆ لەم حیکایەتە وردانەی تر، سەفەری تری تەلەبەکانی ترء [ترت] لە بیرە؟ ئەگەر لە بیرتە یەکێکی کە بگێڕەرەوە، من باش لە بیرم نایێ (نایە)، نەختێ پیر بووم.

١٧٥. ئا: خـــۆم ئەمـــانەم لە بیــر نیـــیــە، بەڵام ئەزانم، کـــە بـاسی دەمـانچـەی هـاشـم ئەفەنـنی کرا، ئەڵـێن زۆر مـەراقی ڕاوی بووە. دائـیمـە حەزی کردووە نیشان بشکێنێ و بچێ بۆ ڕاو و ئەمانە. هـەتا جارێکیان خـۆی زۆر هـەڵپـێچـاوە و خـەلقی [خـەڵقی] لەگـەڵ خـۆیا بردووە، بچێ بۆ ڕاوی پۆڕ. لە چەمـێکا تـەماشـای کـردووە، سـەمـاوەرێکی کۆن لوولەکـەی بە دەرەوەیە، وای زانیـوە ملی تـەیرێکە یاخـو سـەرێتی. تەواو نیشـانـەی لێ گرتووە و خۆی لێ خستۆتە هەشارەوە [حەشارەوە] هـەتا تەقەی لێ هەڵسـتـانووە (سـانووە)، تەمـاشـای کـردووە، لەباتیی ئەوەی کە تەیرێک بێ، کە ئەچێتـە سـەری تەمـاشـا ئەکا سـەمـاوەرێکی کـۆنی شڕە. ئیـتـر هـەتا ئەڵێن بـەوەشـەوە شـیـعـرێکی بەسـەرا هـەڵداوە. نازانم دەسـتی شـاعیریی هـەیە یان نە. ئینجا تۆ ئەم شیـعرەت بیسـتووە یان نە؟ ئەگەر بیستووتە تکا ئەکەم بۆمان باس بکە.

١٧٦. بێ: بە خوا، من شـیعرەکەم بیستووە فـەقەت چونکە لە شـیـعرا زۆر کۆڵم وە ناشـتوانم شـیعر لە بەر کـەم و هیچم لە بیـر نییە – فـەقەت بەرامـبـەر بەم حـیکایـەتە حـیکایەتێکی تر من خـۆم بۆم هـەڵبـەست بۆ هـاشـم، بە زمـانی هـاشـمـەوە بۆ ئەوەی خـەلق [خـەڵق] پـێ بکەنن. وتم، ڕۆژێکیـــان هـاشـم چـووبوو بۆ ڕاو، ئەگـــەڕێ ئەگـــەڕێ، ڕاوی دەسـت ناکەوێ. لە پاشـا کابرایە لەوێوە کەروێشکێکی پـێ ئەبێ، کەروێشکێکی زینگوو [زینـدوو]. هـاشـم ئەڵێ، "کـــابرا، ئەو کـــەروێشـکەم نـادەیتێ (نایـتێ)؟" ئەویش ئەڵێ، "بۆ چیــتـــە؟" ئەڵێ، "بـە خـوا، لێت ئەکــڕم." کەروێشکەکەی لێ ئەکڕێ.

١٧٧. لێی ئەکـڕێ، لە پاش نەختـێکی کـە ئەڕوا، پەتێک ئەبـەستێ بە کـەروێشکەوە، لە پاشـا بە دارێکەوە ئەیبـەستێ، لـە دوورەوە تفـەنگێک

ئەدا بۆ ئەمەی لە کەروێشکەکەوە بدا، خەلقی [خەڵقی] بڵێ هاشم ئەفەننی کە هاتۆتەوە ڕاوی کردووە. بە خوا، تفەنگەکە، نیشانەکە لە پەتەکە ئەکەوێ، کەروێشکەکە ڕا ئەکا. من ئەمەم گێڕایەوە. هاشم ئەفەننی زۆر تووڕە بوو، وتی، ''ئەم گاڵتەیە چییە؟'' هەقیشی بوو تووڕە بێ، من بەخۆهەڵبەست بۆم کردبوو.

١٧٨. ئا: ئەڵێن عەلی ئەوسا کە موعەلیم ئەبێ لە عەبابەیلێ هەموو ڕۆژێک یێتەوە بۆ هەڵەبجە بۆ ڕابواردن، ئەچێ لە نادی ئەخواتەوە و یاری ئەکا و ئەمانە. وە ئەگەر شەوێک سارد بێ یاخو بەفر بێ، چونکە ئەو قەت پاڵتۆ لە بەر ناکا، کە نزیکی ڕۆشتنەوەی یێ، ئەبێ بگەڕێتەوە بۆ عەبابەیلێ، چونکە دوورە لەوێوە، بۆیەکە بانگ ئەکا، ئەڵێ، ''ئادەی، پاڵتۆکەم بۆ بێنە.'' پاڵتۆکەشی لەوێا [لەوێدا] چییە؟ پێکی عەرەقە. ئەیخواتەوە لەشی گەرم دایێ (دایە) و ئەگەڕێتەوە بۆ عەبابەیلێ. ئیتر هیچ لە ڕێگا ئەمە تووشی گورگ ئەبێ، تووشی دڕنگە [دڕندە] ئەبێ، تووشی هەچی شتێک ئەبێ گوێ ناتێ [ناداتێ]، ئەو پاڵتۆی خۆی لە بەریایەتی، هەم گەرمیشە، هەم ئەو شتانەش بیر لێ ناکاتەوە لە ڕێگا.

١٧٩. بێ: ئینجا هەر عەلی لەم قسە خۆشانەی نەکردووە و عەرەق نەبووە بە سەبەبی ئەوەی کە ئەم شتە عەنتیکانەی بەسەر بێ. من بە خۆم حیکایەتێکی بۆ گێڕامەوە، بزانە ئەمە خۆشترە یا هینەکەی عەلی خۆشترە. دەفعەیەکیان لە هەولێر بووم، زۆر دەمێکە، تەقریبە [تەقریبەن] بیستوپێنج ساڵ ئەبێ. لە هەولێر بووم، نەختێکم خواردبووە – نەختێک یەعنی چی؟ – یەعنی لە خەلق [خەڵق] زیاترم خواردبووەوە. میوانیش بووم، میوانی یەکێ بووم. لە پاش ئەمەی لە نادی ڕامانبوارد بە گاڵتەکردن بە پێکەنین بە یاری بە گوێ... لەو

وەختە ڕادیۆ نەبوو، گوێمان لە گرامەفۆن ئەگرت – قەوانی کاوێس و قەوانی مەلا کەریم، ئەمە کوردی، و قەوانی ئوم کەلسوم و قەوانی عەبدولوەهابمان گوێ لێ ئەگرت هەتا هاتینەوە.

١٨٠. نەختێکیش سەرم ئەێشا. تەق تەق لە دەرگاکەمان دا. وەقتیش هاوین بوو، ئەبوایە لە سەربان بنووستینایە، لە سەربان نووستین. چووم بە پەیژەکەا [پەیژەکەدا] چوومە سەرێ. لە پەیژەکەوە ئەبوایە بۆ ئەو جێگایەی لێ [لێی] بنووستمایە بەسەر دیوارێکا بڕۆشتمایە. دیوارەکەش حەواڵەی بەسەر کۆڵان بوو. لەوێوە ڕۆشتمە ئەوێ، قاچم هەڵخلیسکا، کەوتمەوە خوارەوە بۆ ناو کۆڵان. کە کەوتمەوە خوارەوە بۆ ناو کۆڵان مەجبوور تەق تەق لە دەرگام دایەوە. کە لە دەرگام دایەوە ماڵەکە، خانەخوێیەکە وتی، "چییە؟" وتم، "بە خوا هەر خۆمم." وتی، "چۆن هەر خۆتی؟ ئێستا من لە دەرگاکە..." وتم، "بە خوا، هەر خۆمم ئەگەر باوەڕم پێ ئەکەن. خۆمم و کەوتوومەتە خوارەوە، هیچیشم لێ نەهاتووە. دەرگاکەم لێ بکەنەوە." دەرگاکەیان لێ کردمەوە، دەسیان کرد بە پێکەنین و زۆریش پێیان خۆش بوو کە هیچم لێ نایێ (نایە). ئینجا چوومەوە، بە ڕەحەتی، بە زەریفی چوومەوە جێگای خۆم و بۆ خۆم نووستم. بەیانی کە هاتم ئەمەم گێڕایەوە بۆ ڕەفیقەکان، دەسیان کرد بە پێکەنین.

١٨١. ئا: سەرخۆشی زۆر جار شتی وا بە ئینسان ئەکات. ئەحمەد هەیە، لە سەرای ئێستا ئیش ئەکا، زۆر عەنتیکەیە. ئینجا ئەوە جاران زۆری ئەخواردەوە. ڕۆژێک زۆر ئەخواتەوە و شەو درەنگی بەسەرا یێ، ئەچێتەوە بۆ ماڵەوە. تەماشا ئەکا، دیوارەکەیان لەوەپێش، حەسارەکە هەمووی ڕووخاوە، بەڵام دەرگاکەیان هەر داخراوە. شەوێ درەنگیش

ئەبێ، بارانیش ئەبارێ لێی، تەق تەق لە دەرگاکە ئەدات، جوابی نادەنەوە. جارێکی تر دیسانەوە لێی ئەداتەوە بە قایمی، بە توورەیی. دایک و باوکە پیرە فەقیرەکەی هەڵئەسن، ئەڵێن، ''ئەوە کێیە؟'' کوڕە ئەڵێ، ''منم، لێم بکەنەوە.'' ئەڵێن، ''ئەحمەد تۆی؟'' ئەڵێ، ''بەڵێ.'' ئەڵێن، ''مردوو [مردووت] مرێ، خۆ دیوارەکان هەموو ڕووخاوە و هیچ حەسار نییە، بۆچی لەولاوە نایەیتە ژوورەوە؟'' ئەڵێ، ''مردووتان مرێ، بە خوا کەرن ئێوە. نەتانبیستووە لە قورئانا ئەفەرموێ: وەدخولولبیووتە من ئەبوابیها [وادخلوا البیوت من ابوابها]؟''

١٨٢. دووبارە لە بابەت سەرخۆشییەوە؛ لەم ڕۆژانەا [ڕۆژانەدا] لە غەزەتەیەکی بەغاا [بەغداددا] خوێنمەوە، ئەڵێ دوو ڕەفیق بە یەکەوە هەڵئەسن، ئەچن بۆ شوێنێک، ئەخۆنەوە هەتا تەواو سەرخۆش ئەبن. لە پاشا برسییان ئەبێ، ئەڵێ، ''با بچین پێچکە بخۆین.'' ئەچن بۆ دووکانێک، مەتعەمێکی پێچکە، لۆقەنتە یەعنی، کە پێچکە بخۆن. کابرا یێ [دێت]، ئەڵێ، ''بە خوا، نەمان ماوە.'' یەکێکیان بە ڕەفیقەکەی ئەڵێ، ''بە خوا، من برسیمە. مادام منء [منت] هێناوە بۆ ئێرە، هیچیش نییە بیخۆم، من گوێچکەت ئەخۆم.'' ئەویش وا ئەزانێ گاڵتەی لەگەڵا ئەکا، ئەڵێ، ''فەرموو.'' سەری خۆی بۆ ڕائەگرێ و گوێی ئەخاتە بەردەمی. ئەویش ناکاتە نامەردی، قەپاڵ ئەکا لە گوێیا و ئەیپچڕێ و ئەیخوا.

١٨٣. کابراش، فەقیرە، کە تەماشا ئەکا وا گوێی بڕراوە بەو شەوە هەڵئەسێ، ئەچێ بۆ پۆلیسخانە، شکاتی لەسەر... شکات لە ڕەفیقەکەی ئەکا. بۆ بەیانی کە یێنەوە هۆش خۆیان تەماشا ئەکەن، ئەم شتە کە ئەگەر عارەق نەبوایە و سەرخۆش نەبوایە بە هیچ نەوعێک ئەمە ڕووی نەئەدا. ئیتر وا دەرئەکەوێ ئەوە ئەبێ بە دەرسێ بۆیان کە

جارێکی تر بەو نەوعە نەخۆنەوە کە خۆیان وا لێ بکەن.

١٨٤. بێ: دیارە داوا لە منیش ئەکەی کە حەکایەتێکء [حەکایەتێکت] بۆ بگێڕمەوە. بە خوا، حەکایەتی وا ڕاست و واقیعیم لە بیر نییە، فەقەء [فەقەت] حەکایەتێکء [حەکایەتێکت] بۆ ئەگێڕمەوە و وا بزانم منیش خوێنوومەتەوە، ڕەنگە هەڵبەسرابێ. ئەڵێن دوو کابرا سەرخۆش ئەبن هەردووکیان، بەڵام زۆر ئەخۆنەوە، ئەوەنگە [ئەوەندە] ئەخۆنەوە کە لەناو جادەا [جادەدا] بە یەکتریا ئەم بەملایە، ئەو بەولایە، هەتا خەلقیش [خەڵقیش] ناناسن - یێن، هێن ئەبینن، مانگ ئەبینن. کە مانگ ئەبینن ئەم بەوی تریان ئەڵێ، ئەڵێ، "ئەمە ڕۆژە." ئەوی تر ئەڵێ، "بە خوا، وا بزانم مانگە." ئەویش ئەڵێ، "نەء، تۆ سەرخۆشی. من وا ئەزانم ئەمە ڕۆژە، مانگ نییە." ئەویش ئەڵێ، "نەوەڵڵا، مانگە، ڕۆژ نییە."

١٨٥. لێیان ئەبێ بە شەڕ و دەمەقاڵی، وەختە لە یەکتری بەن. کابرایەکی کە لەولاوە یێت، وا بزانم ئەویش سەرخۆش ئەبێ، پێی ئەڵێن، ئەڵێن، "کابرا، وەرە، بە ئێمە بڵێ ئەمە مانگە یا ڕۆژە؟" ئەڵێ، "بە خوا، منیش وەکو ئێوە غەریبم، خەلقی [خەڵقی] ئەم شارە نیم نازانم ئەمە مانگە یا ڕۆژە." منیش ئەم حیکایەتی سەرخۆشە ئەزانم، جا نازانم واقیعییە یاخود خۆهەڵبەستە.

١٨٦. حیکایەتی دوو شێتء [شێتت] بۆ بکەم. ئەڵێن لە شێتخانەیەکا دوو شێت ئەبێ، ئەم شێتانە لە شێتەکانی تر نەختێک باشتر ئەبن، عەقڵیان. ئەمانە جێگایەکی باشیان بۆ دائەنێن، فەقەء [فەقەت] ئەم دوو شێتانە ئەیانەوێ بزماری داکوتن. بزمارەکە، یەکێکیان، شێتەکە ئەیەوێ دایکوتێ، فەقەء [فەقەت] بە سەرە پانەکەیا دایئەکوتێ، لێی

ئەدا، لێی ئەدا، تەبیعی ناچێتە ناو دیوارەکەوە، ناچەقێتە دیوارەکە. کابرای شێتەی تریش ئەڵێ، "تۆ نازانی؟" ئەمە ئەڵێ، هاوار ئەکا، ئەڵێ، "ئەم بزمارە ئەوانەی دروسیان کردووە خراپیان دروس کردووە. لەجیاتی ئەم سەرە تیژ کەن سەرەکەی تریان تیژ کردووە." ئەوی تریش یێ، ئەڵێ، "ئا، ئاخر بۆیە بە ئێمە ئەڵێن: شێتە. ئەمە ئەم سەرەیان بۆیە تیژ نەکردووە، هی ئەم دیوارە نییە. هی دیوارەکەی ترە. بییێنە [بیهێنە] لە دیوارەکەی تر، لەوێ بیچەقێنە، زۆر باشتر ئەچەقێ." یێ [دێت] بزمارەکەی لێ ئەسێنێ، ئەیباتە دیوارەکەی بەرامبەری، خێرا خێرا لێ ئەدا، ئەیچەقێنێ و لە پاشا دەست ئەکا بە پێکەنین، ئەڵێ، "چاوء [چاوت] لێ بوو، تۆ بێعەقڵ بووی. ئەمەیان هی ئەو دیوارە نییە هی دیوارەکەی ترە."

١٨٧. ڕۆژێ مەلای مەزبوورە قازێک ئەبرژێنێ وە لەناو ڕۆن سووری ئەکاتەوە، بە دیاریی دەسی ئەیبا بۆ تەیمووری شا. لە ڕێگا زۆر ئارەزووی ئەچێتە یەکێ لە قاچەکانی قازەکە، قاچەکە ئەخوات. کە ئەگاتە خزمەت شا، بچووکی بە جێ ئەیێنێ وە دیارییەکە پێشکەشی پاشا ئەکا. شا ئەڕوانێ، قازێکی سوورەوەکراوە بەڵام ڕانێکی ناتەواوە. پاشا بە مەلا ئەڵێ، "مەلا، ئەبینم ئەم قازە قاچێکی نییە." مەلاش ئەڵێ، "شا، قازی ئەم وڵاتەی ئێمە یەکقاچن." شا هیچ دەنگ ناکا، وا ئەزانێ ئەمە مەقسەی [مەقسەدی] هینە، قسەیەکە کە پلارێکە لە خۆی بگرێ، چونکێ تەیموور قاچێکی شەلە. لە پاش موددەتێک ئەگەڕێن، تەماشا ئەکا پۆلێ قاز لەوێ ئەبێ، هەموو قازەکان لەسەر یەک قاچ ڕاوەستاون. مەلاش قازەکان پیشانی پاشا ئەدا وە ئەڵێ، "سوڵتانم، تەماشا فەرموو، ئەم قازانە گشت یەکقاچن. دیارییەکەی

منیش لەم قـازانە بوو.'' ئەو هەلە [حـەلە] پاشـا [دەست] بۆ قـازەکـان ڕائەوەشـێنێ، ئەوانیش لە حـەیبـەتا لەسـەر دوو قـاچ ئەڕۆن وە هەڵیـێن. پاشا ئەڵـێ، ''بزانە مەلا، گشـتیـان دوو قاچ بوون.'' مەلا ئـەڵێ، ''قوربان، منیش وەها بە تووڕەیی دارێ بۆ تۆ بوەشێنم تۆ چوار قاچت ئەبێ!''

## ٢
## وارماوه

وارماوه ناوی ناحییەیەکی قەزای هەڵەبجەیە، گۆشەی پەڕی باشووری ڕۆژاوای هەرێمی سولەیمانییە دەگرێتەوە. ئەم تێکستانە هەموویان لە دێی سییارە تۆمار کراون. [لەوانەیە سییارە لە سێدارەوە، واتە سێ دار، سێ درەختەوە هاتبێت، یا ئەگەر مەعنا زیاتر گشتییەکەی بڵێین، واتە سێدارە: قەنارە]. سییارە زۆر لەو نوختەیەوە نزیکە کە ڕووباری سیروان زنجیرە گردی بەرانان لای دەربەندیخان دەبڕێت. (ئەگەر هێڵێکی ڕاست بکێشین، ئەوا لە کەلاوەکانی ئەو پەیکەرەوە کە "نارسە"ی پاشای ساسانی لە پەیکوڵی دایمەزراندووە، نۆ میلە). لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٥دا ئەو ئەندازیارانەی لە زەوی دەکۆڵینەوە بۆ دروستکردنی ڕێگەیەکی تازە کە شاری سولەیمانییە ببەستێتەوە بە پرۆژەی بەنداوی دەربەندیخانەوە، ئۆردوگاکەیان نزیکی ئەم دێیە بوو، بە هۆی میوانپەروەریی ئەوانەوە بوو توانیم ئەم تێکستانەم دەست بکەوێت.

خاوەنی یەکەم تێکست، نامیق، چیرۆکی تایبەتی خۆی دەگێڕێتەوە. تەمەنی دەوروبەری ١٩ یا ٢٠ ساڵ بوو، هیچی نەخوێندبوو، زۆر زیرەک و یارمەتیدەر بوو و کارکردن لەگەڵ ویدا بەڕاستی خۆش بوو. هەندێ لە تێکستەکانی دیکەی وارماوە لەو تۆمارکردنانەوە کە بە کۆمەکی ئەو ئامادە کرابوون، نووسراونەتەوە.

چیرۆکی "بێژن و مەنیجە"ی شاهنامە پیاوێکی بەتەمەنتر گێڕایەوە. (ئەولْقـادری حـامی)، تەمـەنی ٤٣ سـاڵ بوو، بە پیـشـە دارتاش بوو و لەبەر ئەوەی سێ پەنجەی خـۆی بە تەواوی بڕیبووەوە، بـە (قـاڵە کـۆڵ) ناسرابوو.

دووانەکـەی تر، کـە زیاتر چیـرۆکی خـەمـبـارانەی سـەفـەرن بۆ "گـەرمیـان" بۆ پەیداکردنی ئازووخـە، گوندنشـینێک گێڕانیـەوە، ناوی مەحموو بوو. ئەو بەشەی کە شیعرێکی بێمەعنایە، مشکان، هەر وەک سەربارێک لێی زیاد کرد.

دوایین تێکستی وارمـاوە لە لایەن گـاڵتـەکـاری گوندەکەوە، تۆفـیق، تۆمار کراوە. تەمەنی، پێم وایە، نزیکەی ٤٠ دەبوو. دیار بوو زۆری حەز لە وشـەی "مـومکین" دەکـرد و جـار لە دوای جـار دەیئـاخنیـیـە ناو چیرۆکەکەوە، لە جێگای وەهادا کە هیچ گونجاو نەبێت. لەو جێگایانەدا کە هەستی دەڕووشـاند، دەرمـهـاوێشتووە. بۆ تەواوکردنی شریتەکەی (نەوارەکـەی) چیـرۆکـێکی خـۆش، بەڵام لەچاپنەهـاتووی گـێـڕایەوە؛ چیرۆکی "مەکر و فڕوفێڵی ژنان".

# ژینی لادێیی

١٨٨. من ناوم نامیقه که عەمرم ئیسه نۆزده بیست ساڵه، نۆزده ساڵه. هەر له هەووەڵی کەڕەء [کەڕەت] کە لە دایک بووم، له تەلفی، له پاش ئەوه گەییمە شەش حەو ساڵ، لەگەڵ ڕەفیقم، لەگەڵ مناڵا، مناڵی ڕەفیقما یاریم ئەکرد، گەمەم ئەکرد، وه له پاش ئەوه وام لێ هاء [هات] ئەماوزیا ئەچوومە لای کار و بەرخ. له پاش ئەوه لە لای کار و بەرخ نەجاتم بوو وەهام لێ هاء [هات] بووم به وەڕوێرکەی (ویەڕویەرکەی) ماڵی خۆمان، کاسبیی (کاسپی) ماڵی خۆمم ئەکرد.

١٨٩. وه له پاش ئەوه وەهام لێ هاء [هات] ئەمتوانی بچم بۆ شار و بەرکە بۆ سلێمانی، بۆ کەرکووک، بۆ هەڵەوجە [هەڵەبجە]. وه له پاش ئەوه وام لێ هاء [هات] بووم به فەلا [فەلاح] جووتی ماڵی خۆمانم ئەکرد وه لەگەڵ ڕەفیقما دایم جووتم ئەکرد. لەگەڵ ڕەفیقی خۆما کە جووتم ئەکرد، وەختێ ئەهاتمۆ له جووت ئەچووم بۆ سەیری ئەم چەمانە، ئەچووم بۆ ڕاو بۆ ئەم سەر کەژانە. لەم سەر کەژانە ڕاوم ئەکرد، وا نزیکی عەمرم چووه چوارده پانگزه [پانزده] ساڵ، ئەمەم ئەکرد.

١٩٠. له پاش ئەمە چووم بۆ شارەزوور. دوو ساڵ له شارەزوور بووم، وەرزێریم ئەکرد. له پاش وەرزێری وەهام لێ هاء [هات] بانگیان کردم. عەمرم چووه پانگزه شانگزه [شانزده] ساڵ، وام لێ هاء [هات] بانگیان کردم بۆ ئەسکەری [عەسکەری] وه له پاش ئەسکەری نەجاتم

بووگـه، ئەوا خـەلاس بووم. ئیسـه وام لـه مـاڵی خـۆمـا، بووگم بـه کـوڕە موختار.

***

١٩١. کـه وەخـتـێ پـەڵە نادا، هـێـمـه [ئێـمـه] جـووت ئـەکـەین بە وشکەوەرد. لـه پاش وشکەوەرد کـه خـەلاس ئەوێت هێـمـه بـه تـەڕەکـاڵ جـووت ئەکەین. لە پاش تەڕەکاڵ چی ئەکەین، کە خـەلاس بووین شـێف ئـەبڕین وە لـه پاشـی شـێف چی ئـەکـەین، وەردی ئەدەینـۆ. لە پاش وەردوەدان چـی ئەکـەین، لە پـاش وەردوەدان دەس ئـەکـەین بـە دار و دەسـەک بڕین. لە پاشـی دار و دەسـەک بڕین چی ئەکـەین، هـەوا هـاوینە، کەپر ئەکەین. لە پاش کـەپرکردن چی ئەکەین، وا وەختـی درەوی جـۆیە، درەو ئەکەین.

١٩٢. لە پـاشـی درەوی جـۆ چی ئەکـەین، درەوی گـەنم ئـەکـەین. لە پاشـی درەوی گەنم خـەلاس بووین کێشـەی ئەکەین. لە پاش کێشـەکردن چـی ئـەکـەین، ئـەیکوتـین، تەواو خـەلاس ئەبین. لە پاش خـەلاس بوون، ئەمجـار وشکەوەرد دائەچێنینۆ. ئەمە بەزمی فـەلاعیمـانە [فەلاحیمانە]، ئەوا خـەلاس بوو. لە پـاش خـەلاسـبـوونمان چی ئـەکـەین، هـەوا سـێ مـانگەی پاییـزە، ئەچین بۆ سـەر مـەرەزە بۆ درەوکـردن. خـەریکین هـەر کەس لە شوێنی خـۆمان، خـەریکی مەرەزە و زەرعـەت و پەموو و ئەمـانە ئەبین. وە لـه پاش ئەمـه چی ئەکـەین، کـه خـەلاس بووین تـێـینە مـاڵی خـۆمـان، بـۆ خـۆمـان سێ مـانگەکـەی زسـان [زسـتـان] دائەنیـشـین، ئیسـراحەت ئەکەین لە مـاڵی خۆمـانـا، ئەحـەسێینۆ. ئـەلحەمـدولیلا، لە خـواوە زیایـه [لە خـوا بە زیاد بێت] بۆ گـوزەرانمـان، گـوزەرانمان زۆر باشـه.

١٩٣. كوڕی وامان تێ هەڵئەکەوێ کە وەختێ ئەچین بۆ ڕاو، بۆ ئەم شاخانە، ڕۆژی دوو حەیوان، سێ حەیوان، ئەکوژین. ئەویش ئیسراحەتێکی زۆر خۆشە بۆ بەیەنی [بەدەنی] ئێمە و ڕابواردنێکی زۆر باشە بۆ هێمە. وە لە پاش ئەوە چی ئەکەین، لە پاش ئەوە دێ وە دێ ئەکەین بۆ خۆمان بە ئیسراحەت. هەموو قەوم و خزمی یەکین ئەم پێنج شەش دێ – سیارە و چنارە و بیرکێ و عازەوان و قاشتی و ئەحمەء بڕنە [ئەحمەدبڕنە]. ئەم پێنج شەش دێ هەموو خزم و خوێشی یەکین. وەعزمان زۆر خۆشە. ئیسراحەتمان هەیە، زۆر باشین وە هەمووومان وەکوو پاشا لە شوێنی خۆمانا بۆ خۆمان ڕائەبێرین [ڕادەبوێرین]، خۆمان، شوێنی خۆمان بە ئیسراحەت ئەزانین.

***

١٩٤. وەختێ کە هێمە ئەبین بە جایێڵ، بە هەرزەکاری کە داوای ژن ئەکەین، لە وەختێ خەریکین کاری خێرمان ها بە دەسێ، ژن تێرین، وسوڵی هێمە وەهاسانە. بە ڕۆژی چوارشەممە و پێنجشەممە هێمە دەنگی قەوم و ئەقرەبای خۆمان ئەکەین. ئیشەڵا لەسەر خێر ئەوا شایی ئەکەین. کە وەختێ شایی و زەماوەن [زەماوەند] ئەکەین ئەمرێکی [عەمرێکی] زۆر خۆش ڕائەبێرین. کەیفێکی زۆر خۆشمان هەیە. کە وەختێ خەلاس ئەبین بەرودوا، هەر لە پاش چوار مانگ، پێنج مانگ یەکێکمان بە چوارشەممە و پێنجشەممەیە، یەکێکمان ژن یێرین، زەماوەنی زۆر خۆش ئەکەین، خۆش ڕابواردنێکە بۆ ئەهلی ئێمە و بۆ مەوقع و شوێنی ئێمە. زۆر خۆش ڕائەبێرین.

١٩٥. کە وەختێ داوای ئەم ژنە ئەکەین، وەختێ داوای ئەم ژنە ئەکەن، کە وەختێ ئەچن ژنمان ئەدەنێ وە لە پاش هەفتەیێ مەلا بانگ

ئەکەن، مـارەی ئەوڕن. کە مەلا مـارەی بڕی شـیرواوڕی [شـیربابڕی] ئەکەن، بزانـن شـیرـوامـان چەندێ لـێ ئەسـێنن. ئەمـە هـەمـوو وسـوولّ و ڕەسـمـی ئەهـلـی دێی سیارەی ئێمەیە. وسـوولّمان وەهـایە لەناو خـۆمانا. لە پاش ئەوە کە ژنیـان داینێ ئەچین جلی بۆ ئەکڕین لە سلێمانی، جلی بۆ یێــرین. لـە پاش ئـەوە کــە هـاتـینـۆ زەمــاوەنـی ئـەکــەین، وســــوولّی زەماوەنمان، دەنگی ئاواییەکەمـان ئەکـەین وە لە پاش ئەوە وە بـەیانیا هەڵپـەڕکێ ئەکـەین. لە پاش هـەڵپـەڕکێ ئـیمـجـار تێـین، دەس ئەکرێ بە نانخـواردن وە لە پاش نانـخـواردن ئەمـجـار ئەچن، بووک سـوار ئەکـەن، ئەیوەن بۆ ماڵی زاوا وە لە پاش ئەوە ئیتر خەلاس بوو.

١٩٦. کە مـاڵێکمان منالّی ئەبێ هێمـە وسووڵمان وایە ئێشکی ئێرین (ئەدێرین)، وەکوو ئەو ئێشکەی ئێرین پێی یێژین گوێزەوان. هەر مالّێ لە مــاڵی خـۆمــان مـەڕێک ئەوەین، ئەچینـە مـاڵی ئـەمـە. چی ئەکـەین، گـوێزەوانی ئەکـەین. وسـووڵمـان وایە کـوللی مـاڵێکمـان لەو... پەنجـا شــەسـت مــالّ وین... ئـەو دێ، ئەوێ بچـین، وســـووڵمـــان وایە بچـین لە خـۆشیی ئەو منالّۆ، بە سـەرکێشیی ئەو ماڵە بکەین. لەبەر چی ئەچین، لەبەر خـۆشی و ژیانی ئەو مـاڵە ئەوێ بچـین، لەبەر خـۆشـیی ئەو مـاڵە بچینە لای ئەو منالّە. کە وەختـێ ئەو منالّەی بـوو چی ئەکا، زەمـاوەن ئەکا لە دواییا، لە خـۆشـییا زەماوەن ئەکا. هەرچییەکیشی کە کچی ئەوێ هیچ کەس بە ماڵیان ناچێ، گوێی نادەنێ.

١٩٧. وەختـێ یەکێکمـان کە ئەکەوێتـە هیـلاکەت، کە کەوتە هیـلاکەت ئەهلـی ئاواییــەکـەمـان هـەمـوو یەکـە یەکـە و دوان دوان و چوار چوار ئەچنـە مـاڵەکـەی. لەبەر چی ئـەچن، لەبەر خــاتری ئەو ئازاردارەی کـە زۆری پێ خۆشـە و ساحێوی ئەو ئازارداره زۆری پێ خۆشـە، لەبەر ئەوە

ئەچین خوایش پێی خۆشە. کە وەختێ کەوتە هیلاکەت، هیلاکەتێکی زۆر سەخت، چی ئەکەین، ئەو مەلا چی ئەکا، بانگ ئەکەینە ئەو مەلا یاسینی بخوێنێ. لە پاشی ئەو یاسینخوەندنە ئەگەر نەجاتی بوێ (بوویێ) خوا ڕەحمی خێری لێ ئەکا، خاس ئەبێتۆ.

١٩٨. ئەگەر خاسیش نەبوو – وۆی ئەوا عەمری درێژی بۆ جەماعەتی حازریمان وە جێ ئێڵێ. وە لە پاش ئەوە چی ئەکەین، خەلقی [خەڵقی] ئەهلی ئاواییمان دوو گەورەمان بانگواز ئەکا، ئەچین بەردی بۆ یێرین وە باقیشمان ئەچن قەبری بۆ ئەکەنن. وە لە پاش ئەوە چی ئەکەن، کە وەختێ ئەو جەنازەیان نەشۆرد، ئەیوەن، تەسلیمی ئەکەن. لە پاش تەسلیمکردن مەلاکەمان تەلقینی ئەکا و وە جەماعەتی ئیسلام، ئەهلی دێکەمان، وە جارێ فاتیحەی بۆ دائەء ەن [دادەدەن] و ئەگەڕێنە دواوۆ وە لە پاش ئەوە بە ڕۆژی دواینگیا تاعزێی بۆ دائەنێن هەتا دە دوانگزە [دوانزە] شەو.

***

١٩٩. وە لە شوێنی ئێمە، دێی سیارە، یەکێکیان خۆم، من جارێ ملکی [موڵکی] خۆمانە، حازرییە، وا وە دەسمانۆ. وە باقیمان، نیوەمان هەمووی ملکی خۆیەتی، هیچ کەس ناتوانێ زڵم و زۆرمان [زڵموزۆرمان] لێ بکا. وە مەخسەء [مەقسەد] چییە، لەبەر ئەوە کە مڵکی خۆمانە و هی باوباپیرە گەورەمانە. وە هەر کەسێکیشمان زەوینی (زەبینی) نەوێ بیکێڵێ کەسی ترمان هەیە لە ئاواییەکا – پیاوێکی وەکوو ئاوڕەحمانی مەحموو هەیە، زەویی هەیە، یەکێکی وەکوو حەمەء مینی فەتاح هەیە، زەوی هەیە – وە زەلامی ساحێوی جووتەکانی تر ئەچنە لای، تەشەبووسی پێ ئەکەن، ئەیاندەنێ، ئەیانکێڵن.

۲۰۰. وه باقیشی هەرچی زەوینی (زەمینی) دەس نەکەوێ و نەیوێ ئەچنە سەر سنووری بیرکێ و چنارە، زەوی ئەکێڵن. وه عەرزی هەر کەسێک بکێڵن، هی کەسێکی وەکوو شێخ ڕەزا بکێڵن. وه لە پاشی ئەوە زەکاتی ئەدەنێ، لە بێحی عەرزەکا یان زەکاتی ئەدەنێ یان پیاوەتییان بۆی هەیە. وه شوێنێکی وەکوو کانی چەرمووی ئاوڵقایری محەمە بەگیش، مڵکی محەمە بەگە وه فەلاعەکانی هەمووی ئەیکێڵن وه زەکات و تاپۆی ئەدەنێ. هەر کەسێکیشیان کە زەوینی خۆیانی بوێ جرتی بۆ ڕائەکێشن. گوێلێکی نادەنێ وه واسیتە چییە، عەرز و ئاوی باوباپیری خۆیانە. وه ئەگەر بەگزاء هیشە [بەگزادەیشە] لەم وەختا باش وێ لەناو مسکێنا ئەمە زۆر باشە، ئەگەر خراویش وێ هیچ مسکێنێ بە دەسیوۆ ڕازی نییە و جێ یێڵێ، ئەچێ لە شوێنێ تر، مڵکی بەگزاء ەی [بەگزادەی] تر ئەکێڵێ.

***

۲۰۱. ئەوا هێمە سێ کەس ڕاو ئەکەین لە مەوقیعێک و شوێنێکی زۆر خۆشا، وا خەریکین ڕاو ئەکەین. بەڵێ، ئەوا حەیوانێکم کوشت، کە وەختێ حەیوانەکەم کوشت دام بە کۆڵی زەلامێ لە ڕەفیقەکانما، بردی لەسەر ئاوێکی خۆش لە شوێنێکی خۆشا، ئەمانەوێ دەست بکەین وه ئیسراحەتکردن وه مەوقیحێکمان [مەوقیعێکمان] بۆ ئەو دیاری کردگە، بچێتە سەر ئەو مەوقیحە، دابنیشێ وه هەتا ئێمەش ئەچینە سەر ئەو مەوقیحە. تەسادووف وا ڕێ کەو [کەوت] لە دوای ئەو سێ حەیوانی ترمان کوشت، وا بوو بە چوار حەیوان، بردمانە سەر ئەو ئاو و مەوقیحە.

۲۰۲. کە چووینە سەر ئەو ئاو و مەوقیحە، دانیشتین، ئیسراحەتمان

کرد بە هەوەسی خۆمان وە لە پاش ئیسراحەتکردن حەیوانەکانمان هەڵگرت، ناردمانۆ. لە ماڵ هێسرێکیان هاورد، حەیوانەکانیان لێ نییا. وە لە پاش ئەوە ڕۆژ لە پاش نیمەڕۆ، هێمەیش بۆ خۆمان گەڕیاین بۆ شاخەوە و ڕامان ئەبوارد [ڕاماندەبوارد]، هەتا دەمی عەسر و خۆراوا ڕامان بوارد، ڕێمان کەو لە تاشێکی زۆر ناڕەحەت. هەرچەندمان کرد بەینێکماینۆ، ڕێمان نەو، خەلاس نەبووین.

٢٠٣. وەختێ کە گەڕیاینۆ خەلاس نەبووین، شەومان بەسەرا هاء [هات]، کەوتینە ناڕەحەتی. لە پاش ئەو ناڕەحەتییە لە ئاواییۆ [ئاواییەوە] هاتن بە دوامانا. کە وەختێ هاتن وە دوامانا وتیان، "بۆ واتان بەسەر هاء [هات]، بۆ کەوتنە ئیسە؟" وتمان، "بەڵێ، شوێنمان کەوتە سەختێکی وەکوو هەواسەلێر، ڕێگامان نەو بگەڕێینە دواوۆ، شوێنەکەمان زۆر سەخت و ناڕەحەت وو [بوو]. بەڵێ، ئەوا شەویشمان وەسەرا هاء [هات]، وامان بۆ ڕێکەو."

***

٢٠٤. وەختێ کە قورەم دەرچوو خۆم و براگەورەکەم، کە قورەم دەرچوو من لە پێشی ئەوا، مانگێ لە پێش ئەو بانگیان کردم. وە لە پاش ئەوە ئەویشیان بانگ کرد وە هەردووکمان کە چووینە لای ڕەیسی تەجنی [تەجنید] – ڕەیسی تەجنی هاتە عازەبان – وە لەوێ، کە ڕەسمیان گرتین، وتیان، "بەڵێ، ئیتر ئەمە ناوی ئەسکەریتانە [عەسکەریتانە] هاتگەتۆ." بەڵێ، باشە، ناوی ئەسکەریمان هاتگەتۆ. هێمە دوو برا چۆن هەردووکمان بە جارێ بگیرێین، بمانکەن بە ئەسکەر؟ وتیان، "ناکرێ، هەردووکتان ناکرێن بە ئەسکەر. یەکێکتان ئەکرێ بە ئەسکەر، یەکێکتان ئەدرێنۆ بە باوکتان." وە لە پاش ئەوە

ناردینیانۆ هەتاکوو شەش مانگ.

٢٠٥. لە پاشی شەش مانگ لە قەلیجەوۆ، لە ناحیەی وارماوە، مەرکەزی قەلیجە، بانگیان کردین، وتیان، "ئەوێ هەشت نۆ ڕۆژی تر بچن بۆ هەڵەوجە وە لە یەکی مانگی حەوتا بچن بۆ هەڵەوجە." کە چووین بۆ هەڵەوجە، چووینە هەڵەوجە لای ڕەیسی تەجنی، چۆنی جواو داین، بردینیان، فەحسیان کردین. لە پاش فەعسکردن [فەحسکردن] یەکی سێ ڕەسمیان پێ گرتین. لە پاش کە یەکی سێ ڕەسمیان پێ گرتین، لەوەودوا تەعجیلیان کردین تا دوو ساڵی تر.

٢٠٦. لە پاش دوو ساڵە و دوا هەم بانگیان کردم لەم ناحیەی وارماوە... و ناردمیانۆ بۆ لای ڕەئیس تەجنی بۆ هەڵەبجە. وە لە پاش ئەوە ئیزنی دام، وتی، "ئەوێ بڕۆی،"– لە ڕۆژی پێجشەمموو ئیزنی دام – "ئەوێ ڕۆژی شەمموو لە ماڵی خۆتان بڕۆی بۆ سلێمانی، ڕۆژی یەکشەممە لە تەجنیی سلێمانی حازر بی." وە ڕۆژی یەکشەممە لە تەجنیی سلێمانی قافیان کردم، کردمیان بە ئەسکەر، بە [وە] داغڵی فەوجی تەدریبیان کردم وە تاعینیانە سەر فەسیلی هەشت خستم. شەو لە فەسیلی هەشت بووم، حەتا بەینێ دە پانگزە [پانزدە] بیست شەو.

٢٠٧. لە پاش دە شەو، پانگزە بیست شەو نەخۆشینێکم گرت. لە پاش نەخۆشینەکە ئینجازەی دە شەویان دامێ، هاتمۆ وە لە پاش ئەوە ڕۆیمۆ، چوومۆ بۆ سلێمانی بۆ فەوجی تەدریب. لە پاش ئەوە یانگزە [یانزدە] شەو لە فەوجی تەدریب مامۆ، لە پاش ئەوە باوکم وتی، "بەءەلء [بەدەلت] بۆ ئەدەم." کە ئەو وتی، "بەء ەڵء بۆ ئەدەم،" منیش وتم، "قەبووڵم نییە بەءەڵم [بەدەلم] بۆ بدەی." وتی، "ناکرێ، ئەوێ

بەءەڵء [بەدەڵت] بۆ بدەم.'' وتم، ''بەڵێ،'' لە لای ئەو، ''بەءەڵم بۆ بدە.'' کە لە پاش ئەویش خۆم نەقڵی فەوجی تانی [ثانی: دووەم] کرد لە کەرکووک – فەوجی تانی، لیوا رابەح [رابع: چوارەم] کرد لە کەرکووک وە لە پاش ئەوە سێ مانگەکەم ئەسکەری لە کەرکووک تەواو کرد. لە پاش سێ مانگەکە بەدەلم دا، تەسکەرەم وەرگرت و هاتمۆ. خەلاس.

٢٠٨. مەملەکەتێ هەیە پێی ئەڵێن مەملەکەتی جاو. مەملەکەتەکە بەراز زۆر تێـــرێ بـە بەشـــەر و بە فـــەلاعـــەت و بە کـــەســـابەت و هەمـــوو سەنعەتێکیان دەس ئەکا بە خواردنی. ئەڵێن، ''ئێمە هەروا چاکە بچین بۆ لای تیراب، بۆ لای کەیکاووس شا، بەشکەم ئەم دەردەمان دەرمان بکا.'' هەڵئەسن، چەن ڕیشسپییەکیان، ئەچن بۆ لای کەیکاووس شا.

٢٠٩. کە ئەچن کەیکاووس شایش دووربینچییەکی هەیە، گورگینی ناوە، گورگین وا بەسەر باڵەخانە و حەسارە تەماشا ئەکا، یێژێ، ''ئەی شـاهـم، بازێ خـەلقـان هاتن، سـەر بە خـاکـەوە و بە باڵی بەسـتـە و حەسرەناکەوە [حەسرەتناکەوە]، هەموو خۆیان گرتگە لە قوڕ.'' ئای، کە ئەچنە بەرۆ، ئەچنە خزمەتی شا، یێژن، ''ئەی پاشا،

بە دەسی خوگان زۆر زۆر زەبوونین،
جێ ملکی تووران حەواڵەی توونین.
ئومێدمان بە تۆ، ئەی شای ساحێب تاج،
چارمان ناچارە، بمانکە عیلاج.''

٢١٠. کـــەیکاووس شـــایش لەویا ئەڵێ، ''کێ ئەتوانێ بچێ بۆ ئەم هەرەکەتە و بۆ ئەم وەعزییەتە، دەعبی بکا، لەسەر ئەمانە چی ئەوێ من لە دنیـا ئەیدەمێ.'' بێـژن ئەڵێ، ''بەڵێ، من.'' عومری حەو ساڵ ئەوێ، بێـــژن. لە پاشـــانا ڕۆســـەم، کـــە لەوێ خـــاڵۆیەسی، ڕۆســـەمی زاڵ،

شـــەقـــازلێکی لێ ئەدا [دەدات]، ئەڵێ، "هەتیـــوی نەفـــام، تۆ بە شانوباهووی خۆتا ئەپەرموویتۆ وە یاخود بە خەزنەی زۆری شا، بە تەماحی خەزنە ئەکەویت؟"

٢١١. ئەویش لەویا تن ئەوێ، ئەڵێ، "ئەی پاشام،

بە قسەی گیو دڵ مەدرۆ بە تەنگ،

سپام بۆ ڕێک بخە [خە] و من ئەچم بۆ جەنگ."

هەڵئەسێ، ئەڵێ،

ئـەوەنـە نووسـین هـۆردوو بە عـام،

قاخەز نەمەنن و قەڵـەم بـوو تەمـام.

دایان لە دەهۆڵ هۆردوو خـورۆشـا،

لە ناڵەی ئەسپان سەرزەمین جۆشا.

هەڵسان بە سپا و بە لەشکرێکی زۆرۆ و گورگینیش، کە دووربینچیی کەیکاووس شایە، لەگەڵ خوەیانا [خۆیاندا] بردیان کە ئایەکوو بێژن منداڵە، نەفامە، بۆ موحافەزەی هەرەکەتی بێژن، کەوا گورگینی لێلا [لەگەڵدا] بێ، پیاوێکی دنیادیوە و ئاقڵە.

٢١٢. هەڵسـان، چوون، گەیشـتنە مەوقیـعەکە. لە مەوقیعەکە کە دانیشـتن پێی وت... لە دەشـتێکی واا [وادا] چادریـان هەڵدا، وتی، "تۆ بێـرە شـوێنی ئەم بەرازانە، پێشـانم بە [بدە] بزانین کوێیە." ئەویش هەڵیگرتن، لەشکرەکەی برد، خـوەیان [خـۆیان] خـێمـەیان هەڵدا لە دەشتەکا. لەشکرەکەی برد، ڕووی کردە بێشە، وتی، "ئەی شاهم،

ئەی بێشەی عەزیم سەنگی وەختی سار،

دایم تیا کەوتگن هەزار دەر هەزار."

٢١٣. کاتێ ئەویش هەڵسا، بەرگێکی زرێلیی پۆشا و کردیە بەر خۆیی و ڕووی کردە وێشەکە بۆ کوشتنی بەرازەکان. یەکانەیە جیا بوو لێیان، لووتێکی دا لە بێژن، کە لووتێکی دا لە بێژن، بێژن وای ئەزانی یەکانەکە ئەیکوژێ. کە دیقەتی کرد وەکوو زەلامێکی زۆر بەهەرەکەت چۆلەکە پاساریە بگرێ وا سەری وە ئەلقەی زرێ و هینەکەی، بە لاشەی گیرسیا و دەسی کرد بە پەلەفرێ، هیچی پێ نەکریا. بەرازەکە وەهەرەکەت بوو. ئەویش وتی، ''مادەمەکوو ئێوە ئەمە هەرەکەت و جورحەتتانە هەتا یەکێکتان لە مەملەکەتە جاوا بمێنن من ئەم مەملەکەتە جێ نایێڵم (نایەڵم) [ناهێڵم] و دەست ئەکەم بە کوشتنتان.''

٢١٤. ئەو ڕۆژە تێیان کەو، چوارسە [چوارسەد] و حەفتا یەکانەی لێ کوشتن، نێرەکانیان. لە پاش ئەو چوارسە و حەفتا ئەوانەی تریش، فرەی تر، هینی ورد و هینی ئەنواعی تری کوشت. ئێوارە گورگین وتی، ''من هەروا چاکە. هەرچی دایرەی کەیکاووس شا هیچی نەیتوانی بچێ، ئەم حەربە بکا. ئەم منالی شەش ساڵە کە هات و ئەم هەرەکەتەی کرد، کە مادەم وا بوو ئێمە حەفتا و ئەوەنە پاڵەوانی کوشتن. چەن وەزیر و نایب و وەکیل و وکەلا، ئێمە هەموو نانبڕیا ئەبین، تەنیا ئەم شەخسەی بەسە. هەروا چاکە بیفەوتێنم.''

٢١٥. هەڵسا، چوو، سوورەتی مەنیجەی کچی شای ئەفراسیاوی پێ بوو، وەکوو ئیسەی خۆمان شەو کە هاتنە چادرەکەۆ سوورەتی مەنیجەی پێشان دا و وتی، ''هونەر نییە کوشتنی بەراز، هونەر ئەوەیە تۆ ساحێبی ئەمەم بۆ پەیا بکەی.'' ئەویش هەڵسا، کە چاوی کەو بە سوورەتەکە ئانەن بێهۆش کەو، بێژن. کە بێهۆش کەو وەستی بەسەر بارگیرێکا و بردی لە مەعییاتی (مەعێتی) شای ئەفراسیاوی تورک، لە

شارێ لەوێ برکی دا.

٢١٦. کە لە شارا برکی دا تەساء وف [تەسادوف] سەر حەوز و ئاو و گوڵباخی مەنیجەی کچی شا ئەفراسیاوی کرد. لە پاش ئەوە مەنیجەی کچی شا ئەفراسیاو بەیانی کە ڕۆژ بوو کارەکەرێکی نارد، چوو ئاوی بۆ بێرێ، دەس و دەمی بشۆرێ، کاتێ کە دیقەتی کرد جوانێکی زۆر عەجایب، زۆر لایق لەسەر ئەم حەوز و گوڵ و گوڵزارە کەوتگە. کارەکەر لەبەر جوانی و نزافەت و پووختیی ئەو کوڕە، لەبەر شیرینی ئەو کوڕە هیچ ڕێی داگیر نەکرد بڕواتۆ، لەوێ ئەویش بێهۆش کەو.

٢١٧. یەکێ تری نارد بە دوا، ئەویش هەر هاکەزا، هەر بێهۆش کەو لەوێ، تا ژنێکی نارد وە دوایا. ژنەکە جوانعومر نەبوو، کامڵ بوو. ئەو دڵی کەمتر بوو. هەڵسا، ئاوی برد و گەڕایەۆ، چوو بۆ لای مەنیجە. ئەویش تەئخیر بوو، لە وەختی خۆیا نەڕۆیشتۆ. وتی، "هەی وەهاوەهالێکراو، بۆچی درەنگ هاتیتۆ؟" وتی،

"ئەی خانم، وا لەوێ

یەکێک کەوتگە لە بن ڕێحانەی پەلدێز،

ڕێحانەی پەلدێزی بردگە لە بێز."

٢١٨. ئەمجار مەنیجە خۆی هەڵسا کە ئەم شۆرەت و ناوی بیست، ئەم کارەکەرانە بەیانیان کرد بەم کوڕەوۆ، خۆی هەڵسا، هاء [هات] بۆ سەر حەوزەکە. کە دیقەتی کوڕەکەی کرد و جوانیی کوڕەکەی کرد هاکەزا خۆیشی وەکوو ئەوان میقدارێ بێهۆش کەو. لە پاش بێهۆشی ئەمجار کە هۆشی هاتۆ وتی، "خانەخراو، خوا بء گری [بتگرێ]! تۆ چۆن توانگتە، هاتی بەسەر خاکی باوکی منا و هاتیتە سەر حەوزی

من؟ شا ئەفراسیاو پێء [پێت] بزانێ بەیانی پەلپەلت ئەکا.''

٢١٩. ئەویش پێی وت، ''ئەگەر ئەسپ و چەکم ئەبوو بە لاوۆ گونی بارگیرەکەم شای ئەفراسیاو، فەقەء [فەقەت] بڵێم چی؟ ئیسە هیچ سیلاحێکم پێ نییە، منیش بێدەسەلاتم وەکوو تۆ.'' هەڵسا، بردیە هۆدەکەی خۆی وە نەجاری هاورد، لەناو هۆدەکەی خۆیا سەنووقێکی دروس کرد، لەناوۆ کلیلی هەڵئەگیرێ و دائەخرێ. هەتا چل شەو بە یەکۆ بوون و بە ڕۆژ ئەچوونە ناو سنووقەکەۆ و قفڵی لە خۆی دائەخست. پاش چل شەو موختاری محەلەکە پێی زانین.

٢٢٠. کە موختاری محەلەکە پێی زانین چوو، خەبەری دا وە شای ئەفراسیاو. کە خەبەری دا بە شا ئەفراسیاو، شا ئەفراسیاو برازایەکی بوو، گەرشیاوزینی ناو و [بوو]. هەڵسا، چوو، ناردی، گەرشیاوزینی بە تەمای مەنیجە بوو. ئەو نەیەڵا مەنیجە شووی پێ نەئەکرد و شا ئەفراسیاو خۆی ئەیدایێ (دایە)، کە گەرشیاوزین برازای شا ئەفراسیاو و [بوو]. مەنیجە شووی پێ نەئەکرد.

٢٢١. هەڵسا، کە وەختێ پێی زانی گەرشیاوزین بردی بۆ مەییان، لەوێ لە مەییانا وتی،

''بیوەن بۆ بازاڕ، گوزەرگەی عەتتار،
بیکەن لە گوێی ئەڵقەی لەقەمی دار،
نانی بوڕن (بووڕن) لە ڕووی ڕۆستگار.''

بە بزماری فرەنگ

''گوێچکەیان داکوتا بەقەء [بەقەد] دیوارا،
جاڕی دا بە ئەهلی بازاڕا،

''هەچ کـەس دەنکەجـۆیەکی پاشـای خـواردگـە لازمــە هەچ کـەس بۆ خۆی بـءا [بدات] لەم کورە.''

٢٢٢. لەو وەختـەیشا پیرانی وەیسە هـاء [هات] بەسـەرا، وەزیری شا ئەفراسیـاو بوو. پیرانی وەیسـە پێی وت، ''ئایەکوو تۆ خـوشکەزایەکی ڕۆسـەم بەم ئەنواعـە بە هەتیـو و مـەتیوی بازارِ ئەکوژیت، خۆ ڕۆسـەم مـاگـە، جـا دوای چی ئەکـەی، لە کـویَ دائەنیـشی، لـە کـویَ خـۆت ئەشاریتـۆ؟ ڕۆسەم مێردە و یەخسیری وە کونەمێـخێ ئەچێتە خوارۆ.'' ئەویش پێی وت، ''هـەر وەختێ دەس بـءە مە [بدەمە] گورزی گاوسەری چ ڕۆسـەم و چ گونی بارگیرەکەم، لای یەکێکە.'' وتی، ''پاشا لازم ناکا بەم حـەکـایەتانە. من نمەکـخـۆردەی تـۆم، چەند سـاڵە لێل تۆءا [تۆدا] عـەمرم سـەرف کردگـە وە ئیسە حـەز ناکەم لـە فەوتاندنء [فەوتاندنت]. وەڵڵاهی، ڕۆسـەمی زاڵ ڕیشەی شـا ئەفراسیاو و میلەتی تورک لەسەر عەرزا نایێڵێ (نایەڵێ).''

٢٢٣. لە پاشانا کە ڕجای لێ کرد وتی، ''بیوەن،
بیخەنە زینان، جێی تاریک و تەنگ،
بیسپێرن بە دەس ئەولایی ئەرژەنگ.''

بردیان، زینانێکیـان کرد و لە ناوەڕاسـتی بازاڕا لە مـەوقیـعێکی زۆر قـایمـا سـپـاردیان بە دەس شـەش حـەو حـەرەس، حـەرەسـەکـان پێـیـان ئەوتن ئـەرمـەنی. ئەرمـەنی بوون کـە مـەزبووت و کـە شـا ئەفـراسـیـاو خـۆشی گـەرەک بوون، کە ساق وو لێلیا [کە ساغ بوو لەگەڵیدا]. چەن میـقدارێ لەوێ حەرەس وە دیاریوە دانیشتون، نۆبەتیان گرت شـەو و ڕۆژ.

٢٢٤. کوللی سـاڵێ دەفعـەیێ [دەفعـەیەک: جارێک]، کەیکاووس شـا

جامی جەهاننامەی بوو، لە نەورۆزا کوللی ساڵێ دەفعەیێ تەماشای ئەکرد. ڕۆژێکیان گیوی باوکی بێژن هەڵسا، چووە لای ڕۆسەمۆ، وتی، ''ئەی ڕۆسەم، من سووتیاگم بۆ ئەم کوڕمۆ و برژیاگم بۆ ئەم کوڕمۆ، زۆر یادی (یای) ئەم کوڕمە ئەکەم. هەرچۆنێ مەشهورە کە شا ئەفراسیاو کوشتگیەسی (کوشتیەسی) گەرەکمە بچیتە لای کەیکاووس شا، تەماشای جامی جەهاننامە بکا، بزانی ئایەکوو ئەم کوڕی منە ماگە، نەمردگە.''

٢٢٥. ڕۆسەمی زاڵیش هەڵسا، چووە لای کەیکاووس شا، پێی وت، ''کەیکاووس شا، تۆ لازمە ئیمڕۆ کە وادەی جامی جەهاننامەیە تەماشای بکەی، سەرعەرز و ژێرعەرز بگەڕێی، بزانی بێژن ماگە وە یاکوو کوژریاگە، مردگە.'' ئەویش چوو، لە سەحرایەکا، لە گردێکێ ئاوا بەرز تەماشای جامی جەهاننامەی ئەکرد، چوو، ڕۆسەم لێڵیا [لەگەڵیدا] چوو. وتی، ''ئەی ڕۆسەم، هەرچی سەرعەرزێ گەڕیام، بە خوا بێژنی تیا نییە.'' وتی، ''ژێرعەرزم بۆ بگەڕێ.'' تەماشای ژێرعەرزی بۆ کرد، میقدارێک گەڕیا، میقدارە و دوا تۆزکێ پێکەنینی هات، خەنەیە گرتی، وتی، ''چییە؟'' وتی، ''وەڵڵاهی، وا لە شاری شا ئەفراسیاوە وا لە زینانا.''

٢٢٦. وتی، ''تەگبیر چییە؟'' وتی، ''هەر ئەوەنە مابێ، تەگبیرەکەی وە دەس خۆمە سەحلە.'' ڕۆسەم، ئەویش هەڵسا، چل پاڵەوانی وەکوو خۆی کرد بە قەتارچی وە چ میقدارێ وڵاخ و باری کرد لە چەک و ئەسلەحە و ئەزراق [ئەرزاق] و ئەمانە، بردی لێڵ خۆیا. شاری شا ئەفراسیاویش تەنها دوو قاپیی هەیە، هەر چوار ئەترافی بەحرە. هەچ مەغریب تەساء وف بکا ئەوێ لەو دێو قاپییەکەۆ بمێنێتۆ تا بەیانی. لە هەچ لایەکۆ بێت

تا بەیانی ڕێی نییە بچێتە شار.

٢٢٧. ئەویش وا هات، مەغریب گەیشتە قەراخی شار و ئە دەم دەروازەکە. گەیشتە ئەوێ، وتی، بە حەرەسەکان، وتی، "برای چاک بن و پیاوی چاک بن و من موسافیرم و کاروانیم و باری تجارەتم پێیە، گەرەکە ڕێم بکەن، بچمە ئەم شارەوۆ." ئەوانیش وتیان، "مەمنووعە، هەچ کەس غورووب لە پاش سەعات دوانزەی عەرەبی ئیتر ڕێی نییە هەتا وەکوو بەیانی سەعات یەکی ڕۆژ نەبێ بڕوا." وتی، "وەئیلا هەر ئەڕۆم." ڕۆسەم باوشی پیا کردن، سیان بوو، چوار بوو، هەرچەنێ بوو، هەموویانی گرمۆڵە کرد و بەستنی بە یەکۆ و برکی دانە ناو شەتەکەۆ.

٢٢٨. خۆی هەڵسا، چووە شار و چووە خانێکۆ و خستی. میقدارێ لە خانەکا ماوۆ، دەسی کرد بە تیجارەتی وەکوو کەسێ بچێ،ماڵێ بە ئارەزوو ببەخشێتۆ لەناو میلەتێکا، بە خر و بە فرۆشێکی زۆر هەرزان و هەموو کەس تەماعی تێ ئەکرد. مەنیجەیش عەینی ڕۆژ کە ئەم مەوزوعە لێی ڕوودا باوکی سەری تاشیگە و دەربەدەری کردگە و لە بازاڕا ئەگەڕێ، هەموو ڕۆژێ لەتێ نان، نانێ، دوو نان، هەرچەنێ تیکەتیکە نان کۆ ئەکاتۆ، ئەچێ، لە کونی زینانەکەوۆ ئەیخاتە خوارۆ بۆ بێژن لەبەر ئەمە نەمرێ لە زینانەکەء [زیندانەکەدا].

٢٢٩. میقدارێ کە ڕۆسەم ماگە لەم خانا مەنیجە چووە لای تیجارێ، وتی، "لەتێ کولێرە بمەء ڕێ [بمدەرێ] بۆ خۆم و یاری زینانیم." وتی، "ماڵء [ماڵت] کاول بێ، لەتە کولێرە هیچ بە تۆ و یاری زینانیء [زیندانیت] ناکا. تیجارێ هاتگە، وا لە فلان خانی پیرانی وەیسا. گەوهەری پێیە، خەریکە ئەیبەخشێتۆ، بە بەلاش ئەءا وەم عالەمە.

حەققەت بە خر و بە فرۆشە، بەڵام بەلاشە. تۆ لازمە بچی، لێی پاڕێیتۆ، بەشکەم چتێکء بءاتیٚ [شتێکت بداتێ] ئیدارەی پێ بکەن میقدارێ.''

٢٣٠. مەنیجەیش کە هەڵسا، ڕۆییشت، چوو، وتی، ''خاڵە، تو خوا، میقدارێ پارەم بءەرێ [بدەرێ] بۆ خۆم و یاری زینانیم.'' ڕۆسەمیش کە سەری هەڵبڕی و تەماشای کرد – پیاوی گەورە دوڕناسن و ئاقڵن، شت ئەناسن – زانیی مەنیجەیە بە ئەقڵ. دەسی برد، لەویا گەوهەرێکی دایێ، وتی، ''کوڕی لالەی، بچۆ، ئەم گەوهەرە ورد بکەرۆ لە بازاڕ، میقدارێ خۆرشتی لێ بسێنە بۆ خۆتان، بیخۆن، لە پاشانا چل بار داری لێ بسێنە، لە لای ئەو زینانەء ا [زیندانەدا] کەڵەکەی بکە، چل تەنەکە نەوتیش بسێنە، بیکە بەسەریا. لە پاش ئەمە، غورووب داهاء [داهات]، ئاگری پێوە نێ و خۆء [خۆت] دوور بگرە.''

٢٣١. ئەویش هەڵسا، چوو، هەروەکوو ڕۆسەم وتی میقدارێ خۆرشتی سەند، بردی بۆ بێژن، وتی، ''بێژن، بە خوا، خاڵۆء [خاڵۆت] هاتگە نەجاتء [نەجاتت] دا.'' وتی، ''خاڵۆم ناگەیێتە ئەیرە. چۆن تێ خاڵۆم؟'' کلکەوانەکەی خۆی لەو زەرفەءا [زەرفەدا] کە بۆی داگرت، لە کونی زینانەکە خستوویە خوارۆ بۆی – کلکەوانەکەی خۆی تێ خستووە، ڕۆسەم – کە کلکەوانەکەی بینی وتی، ''ئیتر لای من مەوێسە، بچۆ بۆ خزمەتکردنی خاڵۆم. من تۆم نەگەرەکە.''

٢٣٢. ئێوارە کە ئەم نەوت و دار و تفاقەی هەموو سەند و کەڵەکەی کرد، ئێوارە، سەعات یانگزە [یانزدە] و نیوی عەرەبی، ئاگری پێوە نا. کە ئاگری پێوە نا، لەبەر ئەمە کە شارەکە عەزیم و ڕۆسەم ناشارەزا و شەوقی دەرکەوێ و بچێ، بێژن دەربێرێ. ئەویش گورز و کەمانی خۆی هەموو لە خانەکا دا سەر یەک و موقابیلی کرد جوان. ئێوارە دەسی دا

قوڵفەکەی وە ناو بازارا ڕایکێشا، چوو بۆ سەر ئاگر، گەڕەکێ وەملا و گەڕەکێ وەولا هەمووی مەعب [مەحف: محو] کردۆ تا گەیشتە سەر زینانەکە.

٢٣٣. کە چووە سەر زینانەکە پێی وت، بێژن، وتی، ''گیان.'' وتی، ''من گیان نە، تۆ گیان. یەک ڕجات لێ ئەکەم ڕجام بگرە.'' وتی، ''خاڵە، ئەمە حەو ساڵە وام لەم زینانا [زیندانەدا]. با لە پاش ئەم حەو ساڵە تیا بسووتێم فەقەء [فەقەت] ڕجای گورگینم لێ مەکە. گورگین هەر ئەکوژم.'' ئەویش پێی وت، ''ڕۆڵە، من بەم وەعزیەتە و بەم ئەنواعە گەیشتگمە تۆ، بە سەیاحی و بە دەروێشی و تۆیەک ئەوەنە کابرایەکی نەفام و بێئەقڵ بی، ڕجای شەخسێ نەگری بۆ من کە نەیکوژیت؟ وەڵڵاهی، منیش لاقەی تۆ ناکەم.''

٢٣٤. ڕۆسەم تۆریا تۆزکێ، دوو سێ دەقـقەیە، دوور کەوتۆ لە زینانەکە. مەنیجە چوو بە لایا وە پێی وت، ''هەی کەر، تۆ ئەگەر ئاقڵ بوویتایە نەئەکەوتیتە ئەیرەوۆ، مادەمەکوو ڕۆسەم هاتگە، ئیسە ڕجای گورگینء [گورگینت] لێ ئەکا، قەیناکا، بڵێ، "خاڵە، سوێنم خواردگە، لەبەر خاتری تۆ تۆپێ گوڵی لێ ئەدەم." من ئەو تۆپە گوڵە وەها لێ ئەکەم بۆ تۆ، ئەگەر ڕۆژی ئەوەنەی غەرامێ گۆشتی لێ بوڕی هێمانەکوو سزای ئەو تۆپە گوڵە زۆرتر بێ لەو غەرامە گۆشتە کە هەموو ڕۆژێ غەرامێ گۆشتی لێ بوڕی.''

٢٣٥. ئەمجار مەنیجە چوو بە زوانەی بێژن و پێی وت، ''خاڵۆ، سوێنی خواردگە تۆپێ گوڵی لێ ئەیا [ئەدا]، لەبەر دڵی تۆ وتگێتی، "لێی ئەیەم،" فەقەء [فەقەت] لەبەر خاتری تۆ تۆپێ گوڵی لێ ئەیا. لازمە بێی، دەریبێری.'' ئەویش هاء [هات] لە زینانەکە دەریهاورد و دەسی

کـرد بە شکاتکردن، لە شـارەکەا [شـارەکـەدا]، هەرچی شـارەکـە بوو، هـەمـووی مەعب کـردۆ و تەنها شـا ئەفراسـیاو خـۆی و ژنەکەی، بەحـری بوون، لە دەلاقەوۆ پەڕینە ناو بەحرۆ.

٢٣٦. شـارەکەی بەر حـوکم کـرد، پیـرانی وەیسـەی کـرد بە پاشـای شارەکە و خۆی هـاتۆ و مەنیجەی هاورد بۆ بێژن، لەوسەرۆ هاتنۆ، کە هـاتنـۆ، میـقـداریٚ لەیرە [لە ئێـرە: لێـرە] مـانۆ تا وەکـوو بێـژن هۆشی کـردگـە و مـەنیـجـە زڵف و قژی دەرهـاتۆ، بوو بە کـچـێکی جـوان وەکـوو ئەوەڵ جار، ئەو وەختە زەماوەنی بۆ کرد و بە یەک گەیشـتن.

٢٣٧. سـاڵـیٚ دوان لەوەودوا گـورگین دای وە بەر دەرگـای مـاڵ بێـژنا. پێی وت، "ئـەی گـورگین، تۆ مـەنیٚ ئاردی منء [منت] وا بە لاوۆ، لازمـە بیـــدەیتـــۆ." ئەویش پێی وت، "ڕۆڵـە، من چەند قــەرزی کــوڕی وەک تۆ کـەوتگەتە لام و هـەروا خـواردگمە. ئاردی تۆ لە لای مـن بیٚ ناتوانی لێم بسـێنیـتـۆ." مـەنیـجـەیش تۆپی گـوڵی بۆ کـردگـە، نارنجـۆکـە – ئێـمـە کـە شـۆرەتمـان بیـسـتـگە، لە هـەچ کـویٚ بـءا [بدات] ئەتەقـێـتـۆ – فـەقـەء [فەقـەت] مۆمی دا و وە ئەترافـەکەیا، گوڵبـاخ و چتێی پیا نـاگا، بۆنێکی خۆشـی هـەیە.

٢٣٨. ئەویش پێی وت، "خـوا بـءکا [بتکات] بە قـوربانـی خـاڵم، لەبەر خـاتری خـاڵم قـەیناکـا، تەنهـا تۆپیٚ گـوڵء [گـوڵت] لیٚ ئـەیەم [ئەدەم]. سـێنگء [سـینگت] ڕووت کە." سـێنگی بۆ ڕووت کـرد، وتی، "جـا ڕۆڵە، هـەمـوو کـەس پارە ئەءا [دەدات] بە گـوڵ، ئەیکڕیٚ. تۆ وە من وە بیٚ پارە گوڵم بۆ ئێریت." کە تۆپە گوڵەکەی دا بە ناو سێنگییا سێنگی کون کرد و لەناو سکییا تەقیوۆ هەر پارچەییٚ گۆشتی چوو بۆ مەملەکەتیٚ.

## ڕێی خانەقی

٢٣٩. سـاڵێ هەڵسـاین، لێمـان دا، چووین بـۆ خـانـەقی. شـەو چـووینە بیـرکێ، لە دوای بیـرکێ ڕۆیـین چووینە پێـواز. لـە پێـواز بەورێکمـان لێ واری، سێ شـەو و سێ ڕۆژ مـاینۆ. لە پێـوازۆ ڕۆیین، شـەو هەڵسـاین، لێمـان دا، چووینە بەرلووت. لە بەرلووتۆ بارمان کرد، شەو چووینە دێی ڕۆسـەم خـان. لە وازێکا نۆ کـەڕەء دامـان، لە وازێ لـە سـیـروانا. ئاوەکەمان لێ هاتوو، لە زوسانی بەورواریو.

، ٢٤٠ لە پاشـی ئەوە لەو وازە پەڕینۆ چووینـە وازێکی تر، لـە وازێکی ترا هەرچەندمان ئەکرد نـەمـانئـەوێرا بـءەین [بدەین] لە ئاوەکـە، وە لە پاشی ئەوە مەلەوانمان بوو، مەلەوانەکان دایان لە ئاوەکە، زاتمان شکا وە لە ئـەو وازە پەڕینۆ [پـەڕیینەوە]. ڕۆیـین تەقـریـبی نیـوسـەعـات ڕێ، دوای ئەوە چووین، ئەڕوانین وازێ تر لە سیـروان جیا بووگـەتۆ، ڕێمـان نییە. کەوتینە مەغریو.

٢٤١. لە دوای مـەغـریو هیـچـمـان بۆ نـەکـریا، وتمان، "خـوایە، ئاو ئەمـانوا." سیـودوو ولاخـمان پێیە، بیسـتودوو کـەسین. وە لە دوای ئەوە لێمـان دا، مەلەوانەکانمـان دایان لە ئاوەکە. ئاوەکە هـەتا قورقـوڕاکـەی ئێـمـەی ئەگـرت وە پەڕینۆ. شـەو، سـەعات چـواری شـەو، چووینـە دێی ڕۆسـەم خـان. لە دێی ڕۆسـەم خـان بەیانی بـارمـان کـرد وە چووینە خانەقین.

٢٤٢. وە لە خـانـەقی، سێ شـەو و سێ ڕۆژ لە خـانـەقـییـا بووین. لەوێ

خـورمامـان سـەند، بارمـان گـرت بۆ گـوێرێژمـان وە شـەوی دوای بـارمـان کــرد، هـاتـینـۆ. هـاتـینـە بـەرلووت، لـە بـەرلـووتـۆ بـارمــان کــرد، هـاتـینـە بـاوەنوور. لـە بـاوەنوور تـۆف و بـاران لێـی هـەڵکـردین، کــــەرەکــــانمـان گشـتـیـان وێـسـا وە خـورمـاکـانمـان نیوە بە کـۆڵ هـاوردۆ، وە کـەرەکـانمان نیوەیان تۆپی.

٢٤٣. وە لەوێ هـاتین، هـاتـینـە بـانـیـخـێـلان. لە بـانـیـخـێـلان هـاتـین، ئـەڕوانـین دێوانـە هـاتـبـــوو، ڕێـی نـەئـەداین وە لـە دێـوانـەوە مــــەلـەوان پەڕانینیـۆ [پەڕاندینییـەوە]. لە دێوانە بارمان کرد شـەو هـاتینە قـاشتی، لە قاشتیوۆ بارمان کرد، ئێوارە هـاتینە سیارە.

# گرانی

٢٤٤. سـاڵێ لێـمـان دا - گـرانـی بوو - چووین بۆ گـەرمـیـان بۆ خەڵەسەندن. شەش حەو کەس لێمان دا، شەش حەو وڵاخمان پێ بوو. وە لەیرەوۆ ئەڕۆین دێ وە دێ، خـەڵەمـان دەس نەکـەو وە هەتاکـوو چووینە نارساڵح لەملای کفریوۆ. وە لە نارساڵح ڕەفیقەکانم لە ئاوایی بوون، من کەرەکانم بە وێشەیەکا لێ خوڕی، چوار جەردە لێم هەڵپەڕی، خـەریک ون (وون) بمکوژن. وتم، "باوکم، بۆچی ئەمکوژن؟ من نابەڵەءم [نابەڵەدم]، شایەتیتیان لێ نادەم."

٢٤٥. وە دوای ئەوە لێم دا، ڕۆیم، چووم بۆ دوانگزە ئیـمـام [دوانزدە ئیـمـام]، لە دوانگزە ئیمام خەڵەمـان دەست نەکەو، هـەڵگەڕییاینۆ بۆ شاری کفری وە لە دوای ئەوە هاتینە ناو بازاڕی کفری، چووین، لەوێ بازێ خورمامان سەند، هۆردوویەکی زۆر لە دەوری سلاحییە بوو وە هەرچەنمان ئەکـرد ئەوە هۆردووەکـە زۆر وو وڵاخـەکـانمان بۆ دەرنەئەچوو، بچین بۆ کنگربان. هەر زەلامێک دوو کەرمان داگەتە بەر، لێمان دا، ئێوارە چووینە کنگربان.

٢٤٦. شەو لە کنگربانا وین، ئەو شەوە، شەوی دوایـنی چووینە ماڵ جافر بەگ. لەوێ وەزنەی خەڵەمان لێ سەند، جۆ، بە سێ دینار. شەش تەنەکە جۆمان لێ سەند بە سێ دینار. لەوێوۆ بارمان کرد، هاتینۆ ژاڵەی حاجی قایری مەحمووی جاف. شەو لە ماڵی حاجی قایری مـەحـمـووی جـافـا بووین. بەیانی هاتینە پاریاوڵە، ئە دێی شـێخ

مەحمووی شێخ محەمە ساڵح.

٢٤٧. عەرزی بە خزمەتت ئەکەم، لە باوەنوور، لە سەی خەلیل، سێ شەو و سێ ڕۆژ لەوێ تۆف گیری داین، هەموو ڕۆژێ هەوانەی جۆمان ئەبرد، ئەمانهاڕی لە ئاشەکان، بەشی نەئەکردین چونکە گرانی بوو. وە لە دوای ئەوە منیان جێ یێشت، ڕەفیقەکانم. سێ شەو و سێ ڕۆژ لە پاریاوڵەوم (ووم) وە لە دوای ئەوە من وە تەنیا بارم کرد لە پاریاوڵەوۆ و شەو هاتمە دێی ئەحمەی حاجی فەتاح. لە دێی ئەحمەی حاجی فەتاحۆ بەیانی وە تەنها بارم کرد، نانێک و بڕێ پاکەتی خورمام پێیە، شەو هاتمە خڕی دەرەدۆیین.

٢٤٨. لە خڕی دەرەدۆیینا گوێرێژەکانم پەکیان کەو، زۆر زۆر مەعجووب بووم بە دیاریانۆ، بۆ نەئەڕۆیین. بارەکانم لێ خستن، هەرچەنم کرد گوێرێژەکان نەئەڕۆیین. بارەکانم خست، شەو بە تەنیا بە ئەو کەژەوۆ بووم بە چۆڵ و هۆڵ، زۆر زۆر برسی و زۆر زۆر هیلاک وم، زۆر زۆر سەرمام بوو. بەیانی ڕۆژم لێ بوو ـ وۆ، تووشی کاروانێ بووم، وتم، ''بمپەڕێننۆ لە دێوانە.'' وتیان، ''وەڵڵاهی، هێمە ناوێرین بء هین [بدەین] لە دێوانە.''

٢٤٩. هاتمە سەر دێوانە، ئەڕوانم حەفتا هەشتا ولاخ ها بەسەریوۆ، هێسری ئەواوەیلێ [عەبابەیلێ]، لە گەرمیان خەلەیان هاوردوو. وە لە دوای ئەوە منیش وتم، ''برای چاک ون، یارییەکم بدەن، ئەم گوێرێژانمە لەگەڵا بپەڕێننۆ.'' وتیان، ''برای باشم، لە دوای ئێمەوۆ ئەم گوێرێژانە بێرە، ئێمەش هەوڵێکء لێلا ئەیەین [هەوڵێکت لەگەڵدا دەدەین]. کە وەختێ هاتم، لە ئاو پەڕیمۆ و گوێرێژم بار کرد هۆشم نەبوو لە برسا.

٢٥٠. وە وەختێ کە من هاتم ئەڕوانم کابرایەک دوو کەر ئەفڕێنێ،

فەرەنجی سپییەک، ئەڕوانم مامەیەکی منە و دوو گوێرێژی بۆ هاوردگم و بە شوێن منا هاتووە. کە گەیمە مامەکەم وتم، ''من برسیمە، زۆر زۆر هیلاکم.'' وتی، ''نانم بۆ هاوردگی (هاوردی یی).'' ئیمجار بارەکانمان گۆڕی، نامان لە گوێرێژەکانی تر. کەرە سەڵتەکانمان دا بەر، بە خاڵی کەرەکانمان هاوردۆ. نوێژی مەغریو داغڵی ماڵی خۆمان بووین.

## مشکان

٢٥١. مشکان هاتنۆ وه یەری یەری،
دەسیان ها وه بان مشتی خەنجەری.
تاقمی ڕیشچەرموو ئابای لا ئەدا،
تاقمی هەرزەکار سوێڵیان با ئەدا.
من چوومە ئاش...
لە تاوی مشکان، یاڕەببی تۆبە!
یەکێکیان تیا بوو، بۆرەی ملباریک،
ڕێگەی دەرئەکرد وه شەوی تاریک،
...

٢٥٢. دەفعەیێ پاشایێ بوو، پاشای موعەزەمە بوو، لە شاری هێمەنا بوو، ناوی برایم پاشا بوو. عەرزت ئەکەم، سێ کوڕی بوو، یەکێکیان ئەحمەی ناو بوو، یەکێکیان محەممەی ناو بوو، یەکێکیان مەحمووی ناو بوو. وەختێ پاشا کە لەسەر تەخت بوو وەسییەتی (وەسێتی) کرد، وتی، ''هەچ وەختێ من مردم مەچنە ڕاوی گردی ڕەش.'' وەختێ کە مرد بردیان بۆ قەبرسان، نایان. کوڕەکانی پاشی خۆی چوونە سەر تەخت، محەممەی حوکمی ئەکرد.

٢٥٣. پاشی دوو ساڵ وتی، ''من ئەچم بۆ ڕاوی گردی ڕەش، بزانم چیی لێ ئەوێ.'' هەڵسا، دووسەء [دووسەد] پیاوی خۆی لەگەڵ وەزیرەکانی خستە تەک خۆی و چوو بۆ ڕاوی گردی ڕەش. کە چوو بۆ ڕاوی گردی ڕەش لەشکرد بڵاوەی کرد بە گردی ڕەشا. دیقەتیمان دا، سوارێ پەیا بوو لەم دەشتا، ڕەشسوار بوو، ئەمەنە تێژ هاء [هات] بەم سوارانە، سەری هەر سەء [سەد] سوارەکەی کرد و هیی پاشایشی کرد، سوارەکە. سەری پەڕان و پاشی سەرپەڕان سوار لێی دا، ڕۆیی، گەڕاوۆ.

٢٥٤. پاشاکە خەلقی ئەو شارە تەعزێیان بۆ دانا شەش مانگ. مەملەکەت وە بێ پاشا ئیدارە ناکا و گوزەران ناکا. پاشا دابنێن. وتی، ''بەڵێ، کوڕی خۆی بکەینە پاشا، کوڕی پاشا بکەینە پاشا لە جێی کوڕەکەی خۆی.'' ئیمجا ئەحمەیان کرد بە پاشا، حوکمی کرد، حوکمی

کرد تا وە دوو ساڵ، حوکمێکی عەدالەت و زنجیری عەدالەتی ڕاکێشا، حوکمێکی فەولعادەی [فوق العادە] کرد.

٢٥٥. پاشی ئەمە وتی، "من برایەکەم لە گردی ڕەش تیا چووە. ئەچم بۆ شوێن حەقی براما." هەڵسا، دووسەء [دووسەد] پاڵەوانی زرێپۆشی خستە تەک خۆی و لەگەڵ وەزیرەکانا چوون بۆ گردی ڕەش، بڵاوەیان کرد وە گردی ڕەش. دیقەتی دا، ئیمجار هەم میسلی جاران چتێ لە دوور هاء [هات]، برقی دا، لە دوور کردیان بە دی. ئەمەنە تێژ هاء [هات] نەیانەزانی چی و چ ڕەنگە. هاتە ناویان، تەماشای کرد ئەمە ڕەشسوارێکە. ئەمەنە بە جەسارەت وو [بوو] ئەم ڕەشسوارە سەری هەمووی پەڕان، یانی سوارێکیان نەهاتە دەست وە تیرێکی بتەقێننێ، لێی دا، ڕۆیشت و ئەمانیشی کوشت.

٢٥٦. ماوەی لێ دا تا وە دوو ڕۆژ نەڕۆینۆ و هەر نەڕۆینۆ، سۆراخی نەبوو. تەعزێیان دانا لە شارا، تەعزێیان بۆ دانا. پاشی تەعزێ، تەعزێ شکا، وتی، "باوکم، ئێمە پاشا دابنێین، مەملەکەت وە بێ پاشا وە بێ شا ئیدارە ناکا." وتیان، "بەڵێ، کوڕێکی هەیە، هەر لە مەکتەبە، ئەخوێنێت، تەلەبەیە فەقەء [فەقەت] مناڵە." وتی، "بچن، بانگی کەن." هاوردیان وە وەزیر و وەزارات قەبووڵیان کرد، ئەهلی ئەو مەملەکەتە قەبووڵی کرد، خستیانە جێی برای خۆی، کردیان بە پاشا.

٢٥٧. ئەم مەحمووە کوڕێکی چاک بوو. حوکمێکی عەدالەتی ئەکرد، حەو ساڵ حوکمی کرد. پاش حەو ساڵەکە وتی، "من،" وە وەزیری وت، "ئەمەوێ هەچی خەیاتی ئەم شارەیە بۆم بانگ کەی، هەچی دارتاشی ئەم شارەیە بۆم بانگ کەی." پیاوی دروست کرد لە دار عەینەن زەلام، یانی سوورەتی وەکوو زەلام. ئیمجار لای خەیاتێک یەکی دەسێ بەرگی

بۆ دروست کرد و کردی وه قەء [قەد] دارەکە عەینەن زەلام.

٢٥٨. سەد وڵاخی ئاورد، سواری ئەم وڵاخانەی کرد بە بزمار، ئەمدیو ئەودیو دایکوتا بە مل قەڵتاخا. کە دایکوتا وتی، "وەزیر." وتی، "ئا." وتی، "من خۆم پێشی ئەکەم، تۆ لە پاشەوۆ تێی بخوڕە با بڕۆین بۆ گردی ڕەش." ئیمجار کە چوونە گردی ڕەش وتی، "وەزیر." وتی، "ئا." وتی، "چاڵێ هەڵکەنە، من خۆم تێی بچم." چاڵێکی مونتەزەمی هەڵکەن، وەزیر هەڵیکەند و کوڕەپاشا خۆی دەریدا، هەرکیان [هەردووکیان] چوونە ناو چاڵەوە. ئەویان پووشیان دا بە مل خوەیان [خۆیان]، خوەیان قایم کرد.

٢٥٩ پاشی ئەوە خوەیان قایم کرد دیقەتیان دا لە چاڵا، ئەوا هەمان دەسوور وەک جاری پێشوو سوار پەیا بوو. هاء [هات] بەسەری ئەم سەء [سەد] سوارە، سەری پەڕان، ئەوەنە تێژ هات تێی نەفکریا، بزانێ ئەمە ڕۆحلەبەرە یامەکوو بێڕۆحە. سەری پەڕان، لێی دا، ڕۆیی. وەختێ کە ئەو لێی دا، ڕۆیی، وتی، "وەزیر." وتی، "ئا." وتی، "تۆ بڕۆ، وەکالەتی من وە، دابنیشە. من وە شوێن ئەم مدەعیا [مودەعیەدا: دوژمنەدا] ئەڕۆم."

٢٦٠. ئەو ڕۆیی، ئەم ئە سەری وێستا. ئە سەری وێستا، بردی، شا فرەی برد کەمی برد، ئەیرە بۆ سلێمانی. کە بردی کردی بە ئەشکەوتێکا، کونێکا. کەوتە شوێنی بە کونا، چووە خوارەوە. کە چووە خوارەوە تێفکریا – یانی بیستوچوار سەعات بەم کونا ئەڕۆیی، ئیمجار سەری لە ڕۆشناییە ترۆ دەرچوو. تەماشای کرد ئەمە مەملەکەتێ ترە. سواری دیار نییە و شوێنی نییە.

٢٦١. دیقەتی دا، ئەمە سەحرایە، ئەم مەملەکەتە، فەقەت گردێکی

تیایه. چوو، تەکانی دا بۆ گرد، وتی، ''بەشکم چتێ ببینم.'' چووه سەر گرد، دیقەتی دا، یەک جووتیار جووت ئەکا، ڕووی کرده جووتیار، وتی، ''ئەی جووتیار.'' وتی، ''بەڵێ.'' وتی، ''ئەی جووتیار، من برسیمە. برسیمە، پارەیشم زۆر پێیه، پارەت ئەدەمێ، بچۆ لە شار نانم بۆ بێنە.'' وتی، ''من ناچم بۆ شار، من جووتەی [جووتی] خۆم ئەکەم، فەقەت تۆ بچۆ، لە ماڵی ئێمە نان بخۆ، بێرۆ.''

٢٦٢. کورەپاشا قەبووڵی نەکرد بچێ بۆ ماڵی ئەوان، نان بخۆ [بخوات] و بێتۆ، عەیبی لێ هاء [هات]. پارەی دا وە مل جووتیارا. وتی، ''ها مەکە، هۆ مەکە لەم جووتە، ئەنا ئەمە شێرێ لەم وێشەایە [بێشەیەدایە] تێتە دەرۆ، ئەء شکێنێ [دەتشکێنێت].'' وتی، ''ها ناکەم، هۆ ناکەم، عەینەن دەردی خۆت ورد ئەیکەم. هیچ دەنگم لێوە نایە لەبەر غایەتی چی، لەبەر ئەمە ئەم شێرە نەیەتە دەرۆ.'' وتی، ''باشە.'' پارەی دا وە کوڕ، کوڕ لێی دا، ڕۆیی.

٢٦٣. ئەمیش چوار چەکی [چاکی] خۆی کردە لاوە، ئەو دوور کەوتووە [کەوتەوە]، ئەدەدەن لەیرە بۆ کوێ، یانی بیست خەتوە، سی خەتوە، ئەوەنە دوور کەوتووە. کابرا دوور کەوتووە و کورەپاشا لەیرە دەسی کرد بە هۆرەکردن، هۆرەی مونتەزەمی کرد. شێر بە نرکەنرک هاتە دەرۆ لە وێشە، چنگی هەڵخست بۆ سەر شانی، بیشکێنێ. ئەمیش کوڕێکی بەهەرەکەت بوو، پاڵەوانی عەجایب بوو. چووە پێشۆ بۆ شێر، گوێی شێری با هەڵدا، شێری دا بە عەرزا. وتی، ''ئەی شێر، هەڵئەسی، لە جێی ئەم گا ئەء بەسم [دەتبەستم] جووتت پێ ئەکەم؛ هەڵناسی، جووت ناکەی، ئەوکوژم [دەتکوژم].'' هەموو ئینس و جنسێ گوێی هەیە و تێ ئەگا. وەسی [بەستی] لە جێی گا، تێی ئەخوڕی.

٢٦٤. كابرای جووتیاری ساحێو گا ڕای کرد و خەبەری بە پاشا دا، وتی، ''ئەی پاشام.'' وتی، ''بەڵێ.'' وتی، ''حەو ساڵە هیچ کەس ناتوانێ غارجی شاری تۆ دەنگی لێوە بێ، وە شوانی نەما، حەیوانەتی نەما، ڕێبوار ناتوانێ بێتە ئەم شارە. ئیمڕۆ جەسارەتێ لە کوڕێکی غەریبەی وام بینی، ئا، جەسارەتی وای کرد.'' وتی، ''نابێ.'' وتی، ''ئەگەر درۆم کرد سەری من و قەنارەی تۆ.''

٢٦٥. هەڵسا، چوار فەوج عەسکەریان بۆ بانگ کرد، یانی وە مودەڕەحۆ [مودەڕەعە] وە ڕەشاشۆ. پاش و پێشیان لێ گرت و بە عەسکەرۆ هاء [هات] بۆ سەیرانی ئەم شێرە کە ببینێ. دیقەتی دا، تەماشای کرد، ئەمە شێرەکەیە، ئەم کابرا وەستگیەتی (وەستیەتی) وە نێڵەی خستگەتە (خستێتە) ملی، تێی ئەخوڕێ، جووتی پێ ئەکا. بانگی کرد، ''ئەی کابرا، ئەو شێرە بکوژە. مەخسەی تۆ چییە و من حاسڵی ئەکەم.''

٢٦٦. کابرا وتی، ''بەڵێ، من ئەمە دیلی منە، من یەخسیرم کردگە. کوشتنی لە لای من نییە، فەقەء [فەقەت] من نەسیحەتی ئەکەم وە زەرەرء (زەرەدء) [زەرەرت] لێ نەدا. هیچ وەختێ زەرەری (زەرەردی) نەوێ بۆ تۆ.'' وتی، ''ئەبێ چۆن نەسیحەتی ئەکەی؟'' وتی، ''بەڵێ، من بەری ئەدەم، ئەم شێرە گوێی هەیە، عەقڵی هەیە، هەر بێزمانە. لەویا قنچکە بءاتۆ [بداتەوە]، پێی ئەڵێم، بە ئیشارەت تێی گەیانم، نایکوژم، تێی نەگەیانم ئەیکوژم.''

٢٦٧. کە بەری دا وتی، ''ئەی شێر، بچۆ، لەویا قنچکە بەرۆ.'' چوو، قنچکەی داوۆ. وتی، ''ئەی شێر.'' وتی، ''ئا.'' وتی، ''ئەمەوێ هیچ وەختێ زەرەرء [زەرەرت] بۆ مەملەکەتی پاشا نەوێ و بۆ پاشا نەوێ.'' وتی،

"بەڵێ." وتی، "هیچ وەختێ ئەمەوێ لەو وێشـەء [بێشـەت] نەیەیت، زەرەر بیـەی [بدەیت] لە کـەس." دەسـی هەڵبـڕی، یـەعنی عـەینەن تـەمـەنا، بە ئیشارەت تێی گەیاند. وتی، "ئەویشە پاشای وەختە." بچۆ، تەمەنایەکی بۆ بکە، لەبەر ئەوەی عومرەکە لەسەرء [لەسەرت] هەڵبگرێ، حوکمەکە، من ناء کوژم [ناتکوژم]." چوو، تەمەنایەکی بۆ پاشا نەکرد، نای وەسەر چاویوۆ. هـەر چتـــێک وو [بـوو] زمـــانـی نەو. وتـی، "دە، وەرە، بچـــۆ وێشـەکە." چووە وێشـەکە، لێی کەوت.

٢٦٨. ئیمـجـار پاشـا خـولقی مـەحمـووی کرد، بردیوۆ لـەگـەڵ خۆی. نانی خـوارد، دەعوەتـی کـرد، پاش دەعـوەتکردن وتـی، "چ مـەخسـەیەکـء [مـەقـسـەدێکت] هەیـە من حـاسـڵـی ئەکـەم، لە مـەملەکـەتا." وتی، "مـەخسـەی من هـەر ڕەشسـوارێ و گـردگـمـە وە مـەملەکـەتەکـەا [مەملەکەتەکەدا] وە شوێن ئەوەا [ئەوەدا] هاتم، ئەومە ئەوێ." وتی، "نە بیستگمە و نە دیگمە ڕەشسوار لـە مەملەکەتی منا وا ساحێو دەسەڵات وێ و بێتە مـەملەکـەتی تۆ و خـەساری وا بـءا [بدات] و نەمبیستووە و نەیشـمدیگە. فـەقەت چییە، مـن وەزیرێ هـەیە، وەزیری قەدیمییە، کۆنە، با بانگی کەم، سوئالێکی لێ بکەم."

٢٦٩. بانـگی کـرد، وتـی، "ئەی وەزیر." وتی، "ئـا." وتی، "ڕەشـسـوار هـەیە لە مـەملەکـەتـی خـۆمـان بەم تەقریرە (تەقیـرە) و بـەم جـەسـارەتە؟" وتی، "بەڵێ، هـەیە. ناوی سیـمـەنسوارە." وتی، "جـا مـەوقیـحی کوێیـە؟" وتی، "قەتعییەن (قـەتحێن) کەس نازانێ مەوقیحی کوێیـە، فەقەت چییە، ئەم کوڕە بتـوانێ بچێ بۆ لای سیمرخ – سیمرخ هـەژدیهایە هـەیـە، فێر بووە بە بـەچکەکـانی، لەسـەر دارەکە ئـەیخـوا، سـاڵی کـەڕەتێ. ئیسـە بەچەی کردگە سیمرخ، هێشتا نەخوراگە، ها لە خورانا، هـەژدیها بێ

بۆی – فەقەء [فەقەت] ئـەم کورە بتوانێ ئەو هـەژدیهـایە بکوژێ سیـمرغ وە ڕاسی پێی ئێژێ، ئەعگەیەنێتە [دەتگەیەنێتە] هـێن، ڕەشسـوار.''

٢٧٠. وتی، ''کوڕم، ئەتوانی؟'' وتی، ''بـەڵێ.'' تیـر و کـەوانی هـەڵگرت و ڕۆیی بۆ دار. مـەوقـیـحـێک وو [بوو] وەک ئەو کـەژە. چوو، لە گـوزەری دارا خـۆی داگرت و دانیـشت بۆی. دیقـەتی دا، لە کـەژ بەربووە هـەردوو چاوی وەکوو ئـەلیـترک [ئەلەکتریک] ئـەسووتێ، وەکوو چاوی ترومـبێل ئەسـووتـێ. پاشی ئەوە نزیک بووە، نـزیکی دار بووە، ناوقـەء [نـاوقـەد] و گەردنی ئـالان لە قەء [قەد] دار بچـێتـە سـەرۆ. کـە بچێتە سـەرۆ ئـەمیش تیـرێکی تێ تەقـان، تیـری دیفـاع بوو، دای لە هـەردوو چـاوی، کـوێری کرد.

٢٧١. هـەژدیهـا بەبێ چاو مـاوۆ، کـەوتە خوارۆ. هـەڵیـکێشـا شـمـشێر، چووە سـەری، پارچە پارچەی کرد، کوشتی و فڕێ دا. قـەریبی دە کیلۆ، دوانگزە [دوانزدە] کـیلۆ گـۆشـتی هـەژدیـهـای بڕی، بردییـە سـەرۆ، خستییە بەر بەچەکان. بەچە دەسی کرد بە خواردنی گۆشتی هـەژدیها، وتی، ''ئەی بنیـادەم.'' وتی، ''بـەڵێ.'' وتی، ''تۆ چاکـەء [چاکـەت] کردگـە لەگەڵ ئێمەا [ئێمەدا].'' دایکی ئێمە بێتـۆ ئیسە، قـەهری هـەیە، غەزەبی لێ ئەگرێ، لە گوزەری مـەوە. دایکی ئێمـە بەردی هـا وەسـەر شـانۆ، تۆ ببینێ ئەوکوژێ.''

٢٧٢. ئەڵێ، "کێ دوژمنـایەتیی کـردگـە لەگـەڵ منا خـۆی دەرخـات دوژمنایـەتیی لەگـەڵ ئەکـەم." وە چاکـەی نـازانێ ئەمـە تۆ کـردگـتـە. با بنیشـێتـۆ، ئێمـە تێی بگەیێنین، دایکی ئێمـە، قسـەی لەگەڵ بکەین وە پاشی ئەمە کە قسەمان لەگەڵ کرد، پاشی ئەوە ئینجا دایکم تێتە سەر خۆی، ئێژێ، "کێ چاکەی لەگەڵم کردگە چاکەی ئەدەمۆ."'' وتی، ''بەڵێ.''

کابرا چوو، خۆی قایم کرد، که مەحموو وێ، لەبن دارەکەا [دارەکەدا] دایانپۆشت، له خۆی داپۆشت.

٢٧٣. سیمرخ هاتۆ، تەماشا ئەکا هەژدیها کوژیاگە. بەردێ ئا وەسەر شانیوۆ، وتی، ''کێ دوژمنی منه خۆی دەربخات دوژمنایەتیی لەگەڵ ئەکەم.'' کە کەس نەبوو جوابی بءاتۆ [بداتەوە]. بەردە گەورەکەی فڕێ دا، بەردێ گەورە بوو، فڕێی دا، هاتۆ لای بەچکەکان. بەچکە پێی وت، ''ئەی دایکی ئێمە.'' وتی، ''بەڵێ.'' وتی، ''چەنێکە تۆ بەچکە ئەکەیت و هەژدیها ئەیخوا؟'' وتی، ''قەریبی سەد ساڵە.'' وتی، ''باشە، لەمەوپێش بۆ نەوکوشت؟'' وتی، ''بە چنگم نەکەوت.'' وتی، ''ئەی، ئیسە بۆ چی، کوژیاگە، ئەڵێی دوژمنایەتییان ئەکەی؟ بێژە، ''کێ چاکەی گردگە چاکەی بء مۆ [بدەمەوە]. چ مەخسەیەکی هەیە؟''''

٢٧٤. کە بەچەکانی وتی، ''دایە، تۆ بانگ کە، بێژە، ''کێ چاکەی کردگە چاکەی لەگەڵا ئەکەم،'''' کە بانگی کرد وتی، ''کێ ئەم چاکەی کرد چاکەی بەمۆ.'' مەحموو هاتە دەرۆ، وتی، ''من کردگمە.'' وتی، ''چیت ئەوێ؟'' وتی، ''وەڵڵاهی ئەمـــەم ئەوێ لە تۆ، بمگەیێنی بۆ مەملەکەتی سیمەنسوار.'' وتی، ''شالا سەء [سەد] ساڵی تر من بەچکەم بکردایە و هەژدیها بیخواردایە، ئەم پەڵپتە لێ نەگرتایەم. باشە، مادام تۆ چاکەکەء [چاکەکەت] لەگەڵ من کردگە، بچۆ، حەو کوننە ئاو، کوننەی گاوەز، بۆم بێرە ئەیرە وە حەو بەختە، داوەستە، قەڵەو یانی وەکوو بەران، بۆم بێرە ئەیرە.''

٢٧٥. چووە لای پاشا، وتی، ''ئەی پاشام.'' وتی، ''بەڵێ.'' وتی، ''حەو بەختە داوەستەم ئەوێ ئەلعان لە تۆ وە حەو کوننە ئاو.'' وتی، ''باشە، بۆت پەیا کەم.'' دای وە کۆڵی حەمالا بۆ لای سیمرخ، بۆیان برد.

خواردنی خۆیشی عەدەدی ئەمە مانگێ گوزەرانی پێ بکا بۆ دایانپێی. ڕۆییە لای سیمرخ، کوننە ئاوەکان و داوەستە هەڵیوەست وە ژێر باڵییا و هەڵیگرت و سیمرخ بردی، خۆیشی چووە ناو باڵی.

٢٧٦. ڕۆیی، ڕووی کردە مەملەکەتێک، حەو ساڵ ڕێگا و [بوو]، وە حەو مانگ بڕیی وە سیمرخ. تەماشا ئەکا لەناو بەحرێکا قەڵاچەیەک هەیە، بردی، ڕووی کردە قەڵاچە. لای قەڵاچە داینا. چوار دەوری قەڵاچەکە بەڕ وو [بوو]، فەقەتی کار چییە، باقی مانی بەحر و [بوو]. داینا، وتی، "ئەمە شوێن و مەوقیحێکی سیمەنسوارە. ئێوارە تێتۆ ئەیرە، ئەیبینی. ئیتر عیلاجی خۆت بکە." وتی، "باشە." ئەو لێی دا، ڕۆیی، سیمرخ، ڕۆیوۆ بۆ مەوقیحی خۆی.

٢٧٧. پاشی ئەوە چوو، چاڵێکی هەڵکەند و تێی چوو، مەحموو، خۆی قایم کرد لە چاڵەکە. تەماشای کرد، ئێوارە ڕەشسوار هاتۆ، ماینەکەی کردە تەویلەیەکۆ، خۆی چووە سەر قەرەوێڵەیەکی ڕەق، دانیشت. تەماشای کرد، زەرپێ خواردنی بۆ هات، لە سێ نەوعی ئا وەسەرۆ. بەعزێکی لێ خوارد و بەعزێکی نایە پشتی سەری خۆی وە داینا. خۆیشی هیلاک بوو، لێی کەوت. مەحموو زۆری برسی و [بوو]، هەڵسا، عەدەدێکی لێ خوارد و پاشی عەدەدەکە ئینجارەکوو چووە چاڵەکە.

٢٧٨. بەیانی هەڵسا خواردن بخوا، سیمەنسوار، و بچێتۆ بۆ ڕاو، تەماشا ئەکا خواردنەکەی لێی خوراگە. وتی، "کێی کە هاتگیتە (هاتییتە) مەوقیحی من وە لەم خوانتە خواردگە؟ تا وە تێمۆ ئێوارە نەجاتی خۆء [خۆت] بء ە [بدە] ئەنا ئەوکوژم." ڕێی گوزەرانی نیا بڕوا. لێی دا، ڕەشسوار، ڕۆیی و ئێوارە هاتۆ. ئیتر مەنجەهی

[مەلجەئی] نەما، مەحموو. سینییەکە هاتۆ بەر دەسی، هات، لەگەڵی خوارد. وتی، ''نەڕۆییت؟'' وتی، ''نەخێر.''

۲۷۹. وتی، ''باشە، من قەراری قەعدەی من وایە، وەعدەی من زۆران بگرین. منء [منت] دا بە عەرزا بمکوژە، بءء م [بتدەم] بە عەرزا ئەوکوژم.'' وتی، ''زۆر باشە.'' هەڵسان، نانیان خوارد، دەسیان کرد وە زۆرانگرتن. ئەو شەوە تا وە بەیانی زۆران، کەسیان کەسیان نەخست. بەیانی مەحموو وتی، ''بەرمدە. من با بچم، نوێژ ئەکەم.'' چوو، نوێژی کرد و فرە پاڕاوۆ و پاشی پاڕانۆ کە [پاڕانەوەکە] هات زۆرانی گرت لێلیا [لەگەڵیدا].

۲۸۰. ڕەشسواری دا وە عەرزا. هەڵیکێشا خەنجەر، شمشێر، سەری بوڕێ (بووڕێ). وتی، ''سەرم مەوڕە.'' دوگمەی ترازان، تەماشا ئەکا ئافرەتە، کەنیشکە. کە کەنیشک و [بوو]، باوشێ پەلکە وە سەرۆ، نەیکوشت، وتی، ''دەی، بۆچی تۆ ئەمە کرد لەم برایانی منە کە کەنیشکێکی؟'' وتی، ''من ئەحدم کردگە، من پاڵەوانم، یەکێ نەیێ (نەیە) پشتی خۆم بءا [بدات] وە ئەرزا شوو ناکەم. ئیمڕۆ تۆ منت دا وە عەرزا شوو وە تۆ ئەکەم.'' وتی، ''باشە.'' مارەی کرد.

۲۸۱. وتی، ''من کەنیشکی شای پەرییانم، ناوم مەلیکە تاووسە.'' وتی، ''باشە.'' پێکۆ مانۆ عەدەدی دوو سێ ساڵ، ڕایان پێکۆ ئەبوارد. پاشی دوو سێ ساڵەکە شەوێکیان پێکۆ ون [پێکەوە بوون]، وتی، ''مەحموو.'' وتی، ''ئا.'' وتی، ''ئیمشەو من ئەمرم.'' بەیانی عەرەبێ تێ، من عایدی ئەو عەرەبمە، ئەموا تۆ.'' وتی، ''شێت مەوە.'' و پێکۆ خەوتن، گەمە و یارییان کرد تا وە نیمەشەو. پاشی نیمەشەو کەنیشک لە خۆیۆ مرد. هەچییە قەپی لێ گرت و قورنجکی لێ گرت مرد.

٢٨٢. بەیانی ڕۆژ ووۆ [بووەوە]، تەمـاشـا ئـەکـا عـەرەبێک سـواری حـوشـتـرێکە، هاتە کـەلەوەری، وتی، "مـەحـمـوو، ئەوا ئەمـانـەتێ ها لاء [لات]، عـایدی منە. بمدەرێ." وتی، "ئـەمـە ئەمـانـەتی نیـیـە لام." وتی، "بمدەرێ، ها لات." چووە ژوور بزانێ هـۆش نەهاتۆ، چوو تەماشا ئەکا خـەریکە – یانی بێن ئەکا، خـراپ ئەوێ. وتی، "وا باشـە بیـدەمێ، ئەم چی لێ بکەم لەم بەحرا؟" وتی، "وەرە، عەرەب، بتدەمێ."

٢٨٣. وە هـەرکیان [هـەردووکیان] خسـتیـانە سەر حوشـتر، حوشـتر تـەلەسـم وو [بوو]، هـەڵیگرت و بردی وە ئـاسـمـانـا (ئـاسـمـانـگا) [ئاسـمـاندا]. بە تەلەسـمـیش بێـهۆشـە، بانگی کرد، وتی، "مـەحـمـوو، ئەگـەر ئەتوانی بێی بە دوامـا، من کـەنیـشـکی شـای پەرییـانم و ئەوا بردمـیـانۆ." وتی، "قـوڕ بە مـاڵتـۆ گرێ، من لـە کوێ بێم بە دوای تۆءا [تۆدا]؟" ئەو لێی دا، ڕۆیی، ئەمیش هـەڵسـا، سواری مـایینی ڕەش بوو، لە بەحر کردیە ئەوبەرۆ، مایینە ڕەشی بەر دا، لەولاوە کەوتە سەر بەحر و سەرەوخوار ڕۆیی.

٢٨٤. دیقەتی دا، ئەمە سێ دێوە شەڕ ئەکەن، یەکتریان هەموو زامار کردگە. وتی، "واز بێرە با یەکتری نەکوژین. ئەم بنیـادەمـە بێ، ئەمـە مەعلووم شەرعمان ئەکا." چووە لایان، وتی، "بۆچی یەکترتان وا زامار کـردگە، خـوا بتـانگرێ." وتی، "وەڵڵاهـی ئێـمـە – لەسـەر ئەمـە کـڵاوی سەخری جنە، ئەمە تووڵی سلێمان پێغەممەر، ئەمـە قاڵیـچەی سلێمان پێـغـەممـەرە. کـڵاوی سـەخـری جن، بیکـەیتـە سـەر کـەس ناء بینێ [ناتبینێت]. تووڵەکە بدەی، لەم قاڵیـچـە بدەی، ئەڵێ، "لـەبێ،" ئەڵێ، "لە کـوێ؟"، هـەچ کـوێ مـەخـسـەء [مـەقـسـەد] بووێ قـاڵیـچـەیش ئەووا [دەتبات]."

٢٨٥. وتی، ''ده، وا نایێ، کارەکان چۆن ئەبێ؟ من ئەم تیرە ئەتەقێنم، ئێوە هەچ کامتان زوو هاوردتانۆ بۆ ئەوتانە، هەچ یەکێ، بۆ ئەوتانە.'' وتی، ''زۆر باشە.'' تیری تەقاند، بیسوچوار سەعات ڕێ تیر ئەڕوا. ڕایانکرد وە شوێن تیرا. تا ئەوان ڕۆیین کڵاوی کردە سەری، چووە سەر قاڵیچە، تووڵێکی لێ دا. وتی، ''لەبێ.'' وتی، ''لە کوێ؟'' وتی، ''لە مەملەکەتی شای پەرییانا دامنە [دامبنێ].''

٢٨٦. قاڵیچە هەڵیبرد، لە قەراخی شارێکا داینا کە شاری شای پەرییانە. داینا و قاڵیچەی قەء [قەد] کرد و نایە باخەڵی و کڵاوی نایە باخەڵی و تووڵی گرتە دەستیوۆ، ڕووی کردە پیاوی ڕیشسپی لە شارەکا. وتی، ''کەنیشکێکی شای پەرییان لەم بەینەا هاوردیانۆ. کامەسێیە قەڵاکەی؟'' وتی، ''کەنیشکەکەی شای پەرییان، ئە ئەوە قەڵاچەکەیەتی. غایەتی چییە؟ ئەمە حەوزێکە، دوو خوشکی تری لەگەڵا ئیتر تێن بۆ سەر ئەم حەوزە ئەگەر حەز ئەکەی بیبینی لەیرە دانیشە،'' وتی، ''باشە.''

٢٨٧. دانیشت، تەماشای کرد، لەگەڵ دوو خوشکی تریا هاتن بۆ سەر حەوزەکە، مەلەیان کرد. دوانە خوشکەکەی وە یەکۆ مەلەیان کرد، ئەمیش دوای ئەوان مەلەی کرد. چووە حەوزەکە، کڵاوی سەخری جنی کردە سەر و چووە بۆقەی ملی، کەس نەیبینی. لە کۆڵیا ڕۆیوۆ بۆ هۆدەکەی خۆی. لە هۆدەکەی خۆیا خۆی ئاشکرا کرد. وتی، ''ها مەحموو، هاتی.'' وتی، ''بەڵێ، هاتم.'' وتی، ''مادام تۆ هاتی، زۆر باشە.'' پێکۆ ڕایانبوارد لە قەڵاچەا، یانی عەدەدی یەک مانگ.

٢٨٨. کەنیشکە پاشا وتی، ''مەحموو.'' وتی، ''ئا.'' وتی، ''ئەمە هیچ فایەی (فای) نییە. بچۆ مەجلیسی پاشا، بەشکەم پاشا من بەءا [بدات]

به تۆ.'' وتی، ''بەڵێ.'' چووە مەجلیسی پاشا. وتی، ''وسووڵی ژن وە شووانی [بە شوودانی] ئەیرە چییە، کڵاشەکە دانێ بۆ پاشا، کۆنەرەکانی [قۆندەرەکانی]. کە چووە دەرۆ، هاتۆ، پێڵاوەکانی داکەند، بۆی بتەکێنە و بینێ تاقێ. ئەمە وسووڵی ئەوێ، ئەزانێ داوای ژن ئەکەی.'' وتی، ''زۆر باشە.''

٢٨٩. پاشا هەڵئەسا، چووە دەرۆ، پێڵاوەکانی بۆ دائەنا، ئەهاتۆ، پێڵاوەکەیشی هەڵئەگرت، ئەینا تاقەکە. پاشا وتی، ''ئەی مەجلیس، ئەم کوڕە هاتگە داوای ژن لە ئێمە ئەکا. ئێوە چی ئەڵێن؟ با بیکوژین؟'' وتی، ''نە پاشا، مەیکوژە. بینێرە وە شوێن حیکایەتی ئەحمەی کۆرا. ئەگەر هاوردیوۆ ژنی بەەرێ [بدەرێ]، ئەگەر نەیهاوردۆ ئەوا هیچ، ئیعدامی کە.'' وتی، ''باشە.'' وتی، ''ڕۆڵە، تۆ بچۆ شوێن حیکایەتی ئەحمەی کۆرا، بۆم بێرە و من ژنت ئەەمێ [دەدەمێ].'' وتی، ''زۆر باشە.''

٢٩٠. قاڵیچەی برد، لەوپەڕی شار دایخست، چووە سەری، تووڵێکی لێ دا. وتی، ''لەبێ.'' وتی، ''لە کوێ؟'' وتی، ''لە لای ئەحمەی کۆرا دامنێ.'' هەڵیگرت و بردی، لای بیرەکا داینا. تەماشا ئەکا، گومگومێ تێ لەم بیرا. چووە خوارۆ، تەماشا ئەکا ئەمە پیاوێکی حافزی ڕیشچەرمووە، دانیشتگە لە بیرا. سوئالی لێ کرد، وتی، ''تۆ چییت و چ کارەیت؟'' وتی، ''من میمانم.'' نان هاء [هات] بۆ ئەحمەی کۆر، وتی، ''نان بخۆ.'' وتی، ''نان ناخۆم حەکایەتی خۆتم بۆ نەکەی.'' وتی، ''تۆ نان بخۆ، من حەکایەتی خۆمو بۆ ئەکەم.''

٢٩١. نانی خوارد و پاشی نانخواردن وتی، ''من کوڕێک بووم، ساء ە [سادە]، عەمرم لە چواردەا بوو، لە شارا عەمەلەم ئەکرد. کابرای

عەرەب هات، جاڕی دا، وتی، "کێ تێ لێڵما [لەگەڵمدا] بە قەتارچییێتی خوێنی خۆی بەمێ." وتم، "من تێم." خوێنی خۆم لێ وەرگرت، بردم، دامە دایکەکەم و براکانم، چووم لەگەڵی. چل هێسری هاورد، لەگەڵ چل خەرارا. کە هاتینە سەر ئەم بیرە منی دائێڵایە (دایەڵا) خوارۆ، خەرارەکانم پڕ کرد لە ئاڵتوون بۆی، هەڵیکێشایە سەر، نامان لە هێسر، لێمان دا ڕۆیین."

٢٩٢. زۆر ڕۆیین و کەم ڕۆیین، کوڕەکە، ئەحمەء [ئەحمەد] تەماعی لێ غالب بوو کە بیکوژێ. وتی، "عەرەب." وتی، "ئا، ئەحمەء، خەریکی ئەمکوژی؟" وتی، "عەرەب، بە خوا، ئەوکوژم، بیست بار لەم بارانمە نەیتێ." وتی، "باشە، بیست ئەدەمێ." فرە ڕۆیین، کەم ڕۆیین... "بە خوا، هەم ئەوکوژمۆ دە باری کەم نەەیتێ [نەدەیتێ]." وتی، "باشە، دە باری کەیشت ئەء ەمێ [دەدەمێ]." فرە ڕۆیین، کەم ڕۆیین، وتی، "هەر ئەوکوژم ئەوەی ترم نەەیتێ." "ناتدەمێ." وتی، "ئەی میوان، کوێر بووم و کەوتمە ئەم بیرە." وتی، "زۆر باشە."

٢٩٣. هەڵسا، هاتە دەرۆ، سواری قاڵیچە بوو، تووڵی لێ دا. وتی، "لەبێ." وتی، "لە کوێ؟" وتی، "لای قەسری پاشای پەرییان دامنە." هاوردی، لە قەسرەکەا چوو، حیکایەتی ئەحمەی کۆری بۆ کرد. وتی، "ئەی مەجلیس، وەزیر، بیکوژم؟" وتی، "نە، مەیکوژە، بینێرە وە شوێن حیکایەتی ئاسنگەرا." وتی، "ڕۆڵە، ئەتوانی، بچۆە شوێنی حیکایەتی ئاسنگەر و بۆم بێرە و ژنت ئەەمێ." وتی، "باشە."

٢٩٤. سواری قاڵیچە بوو، تووڵێکی لێ دا. وتی، "لەبێ." وتی، "لە کوێ؟" وتی، "لای دوکانی ئاسنگەرا دامنێ." بردییە لای دوکانی ئاسنگەر، داینا. دانیشت لای دوکانیا، تەماشا ئەکا هەچی سەنعات

ئەکا ڕەش ئەوێتـۆ، چەکوشی لێ ئەءا [دەدات] و سـەنعـاتی بۆ ناکرێ. وتی، "تۆ هەچی سـەنعات ئەکەی بۆچی ڕەش ئەوێتۆ؟" وتی، "وەڵڵا، من ڕۆژێکیـان کـوڕێک ئاو ئاوردی لـەیرەوۆ، گلمـداوۆ. وتـی، "ڕۆژێ سێ چەکـوش ئەوەشـێنم لە سێ شـووشـە ئاسن، ئەیکەمـە سێ شـووشـە ئاڵتـوون." مـن ڕۆژێ وتم، "چوار شـــووشـــە بـوەشـــێنـۆ." ئای، وتـی، "نایوەشێنم." خستمە ئاوەکە، هەموو ئاڵتوونەکەم بووەتۆ ئاسن، ئیسە ورد ئەوم بـۆ ئەو کـوڕە ئاو بێـرێتی، گلی ئەءەمــۆ [دەدەمــەوە]." وتی، "باشە، ئەمە وا حیکایەتە؟" وتی، "بەڵێ."

٢٩٥. هـەڵسـا، لێی دا، ڕۆیوۆ.... وتی، "ئەی وەزیر، با بـیکوژین. حیکایەتی ئاسنگەریشی هاوردۆ." وتی، "نە، مەیکوژە، بینێرە وە شوێن حیکایەتی لێفەدرووا." وتی، "برۆ، حیکایەتی لێفەدرووم بۆ بێرە و ژنت ئەءەمێ [دەدەمێ]." ناردی وە شـوێن حـیکایەتی لێـفـەدرووا. قـەتعـا (قـەتءا) ئەم لێـفـەدرووە هەچی تەقـەڵ ئەکـا وە دەسی ئەکـا، هەرچی دەرزی ئەوەشێنێ نایکا وە لێفەکە، ئەیدا (ئەییا) لە دەسی.

٢٩٦. ئینجار دانی [دانیشت] لەسەر دوکانەکە تا ئێواری، ئێواری سوئالی لێ کرد، "تۆ چییت و چ کارەی؟" وتی، "من غەریبم." وتی، "با بچین بۆ مـاڵی ئێـمـە." چوو مـاڵی ئەوان، نـانی بۆ هـاورد، وتـی، "نان بخۆ." وتی، "نان ناخۆم حیکایەتی خۆتم بۆ نەکەی." وتی، "حیکایەتی خۆمء [خۆمت] بۆ ئەکەم، نان بخۆ."

٢٩٧. نانی خـوارد و پاشی نانخـواردن وتـی، "ئەی فـلان کـەس، من ڕۆژێکیـان کـۆتری هـاء [هات]، نیشـت بەو دارەوۆ، دەسم برد، کـۆترم گرت. کۆتر بەرزی کردمۆ، لە ئاسمانی بڕیم، بردمیە مەملەکەتی خۆی. کۆتر بووە ئافرەت، پێی وتم، "ئەی کوڕی لێفـەدروو." وتم، "بەڵێ." وتی،

"تۆ، چل کـارەکـەرم هـەیە، بچـۆ لای ئەم چل کـارەکـەرە پاشـی ئەم چل کارەکەرە بێرە لای خـۆم، من بۆ تۆم، تۆ بۆ منی." هـەڵسـام، چوومە لای سیـونۆیان، یەکێکیان مـاوۆ، چوومۆ بۆ لای، حۆرییـەکە خۆی. شـەقێکی تێ هەڵدام. خستمیە بەر دوکانەکەی خۆم.''

٢٩٨. ''ئیسە تەقـەڵم بۆ ناکرێ وە دەرزیا وە لێفەء ا [لێفـەدا] هـەر بە دەستـمیا ئەکەم. ئەڕوانم، یێژم بەشکەم ئەو کۆترە بێتـۆ، بیگرمۆ، ئەوە نایێتۆ.''

حـیکایەتی لێـفـەدروویشـی بـردۆ، بۆ پاشـای پـەرییـانی کـرد. شـای پەرییان ئیمجار کەنیشکی خۆی دایێ، بۆی مارە کرد.

ئەوا لێی بوومەوە، ئیتر نەما.

# ٣
# بنگرد و پژدەر

قەزای پژدەر، کە ناحییەیەکی هەیە هەر بەو ناوەوە و یەکێکی دیکەیش، کە بنگردی ناوە، دەکەوێتە سەرپەڕی ژووررووی ناوچەی سولەیمانییەوە. بەشی سەرەکیی پژدەر تاکە پارچەی هەرێمەکەیە کە دەکەوێتە باکووری ڕووباری زابی بچووکەوە. ڕووبارەکە لەوێدا دەبێتە سنوور لەگەڵ ناحییەی بنگردا. یەکەم ئاگادەری بنگردیم لە سولەیمانییە بینی، بەڵام هەموو تێکستەکانی دیکەی ئەم بەشە لە قەلعەدزە، کە ناوەندی قەزاکەیە، نووسراونەتەوە.

چوار کورتەتێکستەکەی سەرەتا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا مەحموود، پیاوێکی گەنجی خەڵکی دێی بنگرد، کە لە سەرەتای بیستەکانی تەمەنیدا بوو، گێڕانیەوە. خۆی لە بنەڕەتدا خەڵکی دەراوسێدێی مەرگە بوو (کە پێشتر ناوەندی ناحییەکە بوو)، لەبەر چەند هۆیەک کە لە یەکێک لە تێکستەکاندا باسی کردوون [...]. شەش ساڵی لە خوێندنگەی سەرەتاییی گوندەکەدا خوێندبوو، بەو جۆرەیش هەندێ شێوەی سولەیمانییانەی لە قسەکردندا وەرگرتبوو. کە من بینیم، هاتبوو بۆ شاری سولەیمانییە بۆ بەشداریکردن لە خولێکی پێگەیاندندا کە بۆ ڕاهێنانی کەسانی لە پلەی ئەودا ڕێک خرابوو، بۆ ئەوەی ببنە مامۆستای خوێندنگەی گوندەکان بۆ هەڵمەتێک دژی نەخوێندەواری.

دوای چەند دانیشتنێک، کە بۆ نووسینەوەی هەندێ ڕستە بە دیالێکتی وی تەرخان کرابوون، ئەوەی بۆ ڕوون کرایەوە کە داوای چیی لێ دەکرێ بۆ ئامادەکردنی تێکستی پێوەستە. ڕۆژی دواتر، وەک ڕێک کەوتبووین، هات و چیرۆکی "پیاوی بێئەقڵ"ی بە نووسراوی هێنابوو. ئەگەرچی من وام پێ باش بوو لە زاری خۆیەوە وەریبگرم، بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ تێکستێکی نووسراو، هەندێ برگەم لەمەوە لێ زیاد کرد (لەناو کەوانەدا) بۆ تەواوکردنی چیرۆکەکە. چیرۆکی "کیسەڵێک وە دوو مراوی" ڕۆژەکەی دوای ئەوە گێڕایەوە. ئەم چیرۆکە هندییە، کە لە بنەڕەتدا کوردی نییە، وا پێ دەچێت لە ڕێگەی تەرجەمەیەکی عەرەبییەوە (کەلیلە وە دیمنە) گەیشتبێتە ناو کتێبێکی خوێندنگە، **خوێندنی کوردی بۆ سنفی چوارەم**، و عەبدوڵڵا بۆ ئەم مەبەستە سەرلەنوێ نووسیبوویەوە. دوو تێکستەکەی دیکە زیاتر بێ خۆئامادەکردن بوون.

چیرۆکە درێژەکەی "ئەرسەلان" چیرۆکێکی گەلێریی فارسییە و زۆر جاریش چاپ کراوە. بەشێکی لەسەر شریت تۆمار کرا (بنگرد: ٣١٤-٥١) و ئەوی تری کەسێک بە ناوی حەمەشەریفی حەولای کوێخا موستەفای چنارنە دەیگوت و من دەمنووسییەوە. حەمەشەریف لەو گوندە، نزیکەی هەشت میل لە ڕۆژهەڵاتی بنگردەوە، لە دایک بووبوو، و هەموو ٢٥ ساڵەکەی ژیانی، دوا ساڵی نەبێت، لەوێ بردبووە سەر. ئەم ساڵەی وەک خزمەتکاری ئاغا لە سندۆڵان، گوندێکە لەسەر کەناری ژوورووی زاب و چوار میل لە قەڵادزەوە دوورە، بە سەر بردبوو. ئێستا لە قەڵادزە بوو بۆ خزمەتکردنی کوڕەکانی ئاغا کە لەوێ دەیانخوێند.

تێکستەکانی پژدەر هەر هەموویان لەلایەن دارودەستەی ئەحمەد

ئاغای گربداخەوە، دێیەکە یەک میل لە ڕۆژهەڵاتی قەڵادزەوە، گوتراون و خۆیشی لە هەمووان زیاتر کۆمەکی دەکرد. دوو دانەی یەکەم، کە ڕاستین، "هاوین" و "تووتن"، هیی عوسێنی برایم بوون. حوسەینی کوڕی ئیبراهیم، نزیکەی ٣٠ ساڵ تەمەنی بوو، لە (هەسار) لە دایک بووبوو، بەڵام ئێستا لە گربداخ، کە هەر نزیکیەتی، دەژیا.

دوو ئاخێوەرەکەی دیکە ئەحمەد ئاغا لەسەر فەرمانی خانەخوێکەم، مەجید سەعیدی خەڵکی سولەیمانییە، بەڕێوەبەری خوێندنگەی ناوەندی، پەیدای کردن. مەجید، کە چووبووە ناو کرۆکی شتەکەوە، داوای "دوو نەخوێندەواری باش"ی کردبوو. یەکەمیان ئەحمەدی موحەممەد سەعید، پیاوێکی ڕۆحسووکی تەمەن تۆزێ سەرووی پەنجا بوو. لە نوورەدین، کە چەند میلێک لە ڕۆژاوای سندۆڵانەوەیە لەسەر کەناری ژووروی زاب، لە دایک بووبوو، نزیکەی نیوەی تەمەنی لە گربداخ ژیابوو. ئەو دەیگوت "**میلەتەکە بە حەشیرەتی نوورەدینی مەنشوورن، ئاغاکان بە حەشیرەتی میراودەلی.**" (بڕوانە: ئێدمۆنز، کورد، تورک و عەرەب، ل. ٢١٧ و پاشتر).

بێجگە لە چوار تێکستەکەی خۆی، هاوکاریی ئەحمەد زۆر پێویست بوو بۆ نووسینەوەی چیرۆکی "چلویەک قەتڵ"، کە بائۆمەری ئەمزەی هاوڕێی خۆشەویستی گێڕابوویەوە. باب هۆمەر [عومەر] کوڕی حەمزە، کابرایەکی زۆر سەیر بوو، تەمەنی لە سەرووی ٦٠ەوە بوو، هێندە خێرا قسەی دەکرد، کە هەرچییەکی بگوتایە دەبوو ئەحمەد بۆمی دووبارە بکاتەوە و تەنانەت دەبوو تا ڕادەیەک کورتی بکاتەوە و "تەرجەمە"یشی بکات. بائۆمەر لە هەڵشۆ، دێیەکە لەناو گردەکان، نۆ میل لە ڕۆژهەڵاتی قەڵادزەوە، لە دایک بووبوو، بەڵام لە هەشت ساڵی ڕابوردوودا لە گربداخ ژیابوو.

## پیاوی بێئەقڵ

٢٩٩. کابرایەک (هە)بوو، چەند ساڵ بوو کاسبیی (کاسپی) دەکرد هەر فەقیر بوو، (دەوڵەمەند نەدەبوو. ئەویش) گوتی، ''دەبێ بچم بۆ لای شاژن، ئەمن بزانم بۆچی هەر فەقیرم، چەند ساڵە کاسبی دەکەم.'' کابرا ڕۆیشت، ویستی بچێ بۆ لای شاژن، بزانێ بۆچی چەند ساڵە کاسبی دەکا و هەر فەقیرە. (ئەو شاژنەش لەم ئیشانەی دەزانێ.)

٣٠٠. لە ڕێیێ تووشی سەیەک [سەگێک] بوو، پێی گوت، بە کابرای گوت، ''بۆ کوێ دەچی؟'' کابرا گوتی، ''دەچم بۆ لای شاژن، چونکە ئەمن چەند ساڵە کاسبی دەکەم هەر فەقیرم. (وە دەوڵەمەند نابم).'' سەیەکە پێی گوت، ''دە، بۆ منیشی پێ بڵێ، "ئەمن چەند ساڵە هەر گرۆیم، بۆچی چاک نابمەوە؟"'' کابرا گوتی، ''باشە.''

٣٠١. کابرا ڕۆییشت، ئەمجا گەیشتە باخەوانێک. کابرای باخەوان پێی گوت، ''بۆ کوێ دەچی؟'' کابرا گوتی، ''دەچم بۆ لای شاژن. ئەمن چەند ساڵە کاسبی دەکەم هەر فەقیرم و دەوڵەمەند نابم.'' کابرای باخەوان پێی گوت، ''دە، بۆ منیش پێی بڵێ، "ئەمن چەند ساڵە خزمەتی ئەم باخەی دەکەم هەر بەری ناگرێ."'' کابرا گوتی، ''باشە.''

٣٠٢. ئەمجا کابرا ڕۆییشت هەتا گەیشتە لای شاژن وە پێی گوت، ''ئەی شاژن، ئەمن چەند ساڵە کاسبی دەکەم هەر فەقیرم و دەوڵەمەند نابم.'' شاژن پێی گوت، ''وەرە، تۆ ببە بە شا، ئەمنیش مەحروومی تۆ

دەبم (وە لەسەر تەخت دانیشە، پاشایەتی بکە)." کابرا بەمە ڕازی نەبوو.

٣٠٣. کابرا بە شاژنی گوت، "ئەدی سەیەک پێی گوتم، "چەند ساڵە هەر گڕوێم، بۆچی چاک نابمەوە؟"" شاژن پێی گوت، "پێی بڵێ، پیاوی کەر و بێئاقڵ بخوات (چاک دەبێتەوە)." کابرا گوتی، "باشە." گوتی، "ئەدی باخەوانێک پێی گوتم، "چەند ساڵە خزمەتی ئەم باخەی دەکەم، بۆچی بەری ناگرێت."" شاژن گوتی، "پێی بڵێ، سێ کوپە ئاڵتوون لە باخەکەیدا هەیە، لە فلان شوێندا، دەریانبهێنێ باخەکەشی بەری دەگرێ." کابرا گوتی، "باشە."

٣٠٤. ئەمجا ڕۆییشت لە کن شاژن و گەڕایەوە، تووشی باخەوانەکەی بوو. پێی گوت، "پێت گوت، بە شاژن؟" کابرا گوتی، "بەڵێ، پێم گوت. شاژن گوتی، "سێ کوپە ئاڵتوون لە فلان شوێندا لە باخەکەیدا هەیە، (لەبەر بوخاری ئەو ئاڵتوونانە باخەی بەری ناگرێت). دەریانبهێنێت و باخەکەشی بەری دەگرێ."" کابرای باخەوان بە کابراکەی گوت، "دە، وەرە، با دەریانبهێنین، نیوەی بۆ تۆ." کابرا بەمە ڕازی نەبوو.

٣٠٥. ئەمجا ڕۆییشت هەتا گەیشتە سەگەکە، پێی گوت، سەیەکە بە کابرای گوت، "پێت گوت، بە شاژن؟" کابرا گوتی، "پێم گوت. گوتوویەتی، "پیاوی بێئەقڵ و کەر بخوات چاک دەبێتەوە."" سەیەکە بە کابرای گوت، "ئەدی چیی بە تۆ گوت؟" کابرا گوتی، "بە منی گوت، "وەرە، ببە بە شا، لەسەر تەخت دابنیشە، منیش مەحروومی تۆ دەبم."" گوتی، "ئەدی بۆ بە قسەت نەکرد؟" گوتی، "بە خوا، من هەر لەسەر بەڵمەبرنج بنووم باشترە لەوەی کە ببم بە شا." سەیەکە گوتی، "کەوابێ لە تۆ کەر و بێئاقڵتر نییە. بە خوا، ئەمن تۆ ئەخۆم." (سەیەکە سواری سەری کابرا بوو وە خواردی.).

## کیسەڵێک وە دوو مراوی

٣٠٦. دوو مراوی لەگەڵ کیسەڵێک لە ئاوێکدا بوون. ئەم دوو مراوییە و کیسەڵەکە پێکەوە ڕایاندەبوارد بە کەیفخۆشی و ڕەفیقایەتی هەتاکوو قەدەرێکی، بەڵان وەختێکی ئاوەکەی ئەو گۆمەی ئیشکی کرد. مراوییەکان دەیانویست بچن بۆ جێیەکی کەی وا کە ئاوی تێدا بێ، چوونکە بەبێ ئاو ناتوانن بژین.

٣٠٧. لەبەر ئەوەی کە کیسەڵەکەش ڕەفیقیان بوو پێیان گوت، ''ئێمە دەچین بۆ جێیەکی کە، ئاوی تێدا بێت. ئەتۆش دێی لەگەڵمان؟'' کیسەڵەکە گوتی، ''بەڵێ، ئەمنیش ناتوانم بەبێ ئاو بژیم، لەگەڵتان دێم.'' مراوییەکان پێیان گوت، ''باشە، بەڵان دەبێ تۆ شەرتی ئەوەمان لەگەڵ بکەیت کە بەسەر دێیەکدا ڕۆیشتن [ڕۆیشتین]، خەڵکی ئەو دێیە تەماشامان دەکەن، نابێت قسە بکەیت وە بەر ببیتەوە. ئەگینا کە قسە بکەیت بەر دەبیتەوە وە دەمری وە هیچ خەتای مە نییە.''

٣٠٨. کیسەڵەکە گوتی، ''باشە، ئێوە چی بڵێن بە قسەتان دەکەم.'' مراوییەکان دارێکیان هێنا، هەر یەکە سەرێکیان گرت بە دەمیانەوە وە بە کیسەڵەکەشیان گوت، ''ئەتۆش بە دمت ناوقەدەکەی بگرە وە ئەمەش دەفڕین وە هەڵتدەگرین بۆ ناو ئاوەکە.'' کیسەڵەکە بە دمی توند دارەکەی گرت وە مراوییەکان فڕین.

٣٠٩. بەسەر دێیەکدا ڕۆییشتن. وەختێک خەلکی دێیەکە چاویان پێ کەوتن دەستیان کرد بە قیژەقیژ. کیسەڵەکەش خۆی ڕانەگرت، دەستی

کرد بە قسەکردن وە دەمی بەربوو لە دارەکە وە بەربووەوە وە مرد. بەم نەوعە خۆڕانەگرتن وە زمانڕانەگرتن زۆر جار دەبێت بە دوژمنی ئەو کەسە کە خۆی ڕاناگرێت وە دەبێت بە سەبەبی نەمانی ئەو کەسە وە یان زەرەرێکی زۆری تووش دەکات.

٣١٠. لە منداڵییەوە هیچ ئیشم نەدەکرد چونکە لە پێشەوە هەمان بوو وە ئیحتیاجیمان بە ئیشکردن نەبوو. ئەگەر ئیشیشمان ببوایە بابم ڕێنجبەری دەگرت وە ئیشی پێ دەکرد. بەڵان وەختێکی کە دەستکورتی بەسەردا هات مەجبوور بووین کە بە دەستی خۆمان ئیش بکەین وە بابم لەگەڵ ئاغای ئەو دێدا نەخۆشی [ناخۆشی] لە بەینیاندا پەیدا بوو وە لەبەر ئەوەی کە ئاغایەکە زۆردار بوو وە زوڵمی دەکرد بابیشم مەجبوور بوو کە دێیەکەی خۆمان بە جێ بهێڵێت وە بچێت بۆ جێیەکی کەی وا کە نەتوانێ دەستدرێژیی بۆ بکات.

٣١١. وە کاسبیمان دەکرد بە دەستی خۆمان بۆ ئەوەی ئیحتیاجی خۆمان پێکبهێنین وە لە پاش ئەوەی کە عومرمان گەیشتنە تەمەنی حەوت هەشت ساڵی ناردینی بۆ مەکتەبێ، تاکوو گەیشتینە سنفی شەش پێی خوێندم. لە پاشان ئیختیدارم نەبوو کە بە مەسرەفی خۆم لە شار بخوێنم. ئەمنیش وەختێک کە ئەم دەورەیەیان کردەوە مەجبوور بووم کە بێم، خۆم داخڵ بکەم بۆ ئەوەی ڕەنجبەخەسار نەبم وە ئیستیفادەی لێ بکەم وە ئیحتیاجی خۆمی دەفع بکەم.

گەنم

٣١٢. فەللاح لە وەختی ئەووەڵی جستاندا [زستاندا] دەست دەکات بە جـووتکردن وە زەویکێـڵان وە تۆوچاندن. وەخـتـێکی درێژ پێ دەچێت هەتـاکـوو لە تـۆوەکـەی دەبێـتـەوە، لە چاندنی. لـە پاش ئەوەی کـە لە چاندنی تۆوەکـەی دەبێتـەوە دەست دەکـا بە وەردبڕین بۆ سـاڵێکی کە. ئەو دەغلـەی کە چاندوویەتی، کـە لە عـەرزی هاتـە دەرێ، مـشکی تێـدا هـەیە بـە کـــەمی. فـــەللاحـــەکـــەش تـەڵەیان بۆ دروست دەکـــات وە دەیانپـەسـتـێتـەوە، کونـەمشکەکان. لە پاش ڕۆژێکی کە ئەو - کونێکی کـــەی کـــە پەیدا ببـێت - تەڵـەی لێ دادەنێ وە دەیـانکوژێ. هـەتاکـــوو گەنمەکە گەورە دەبێت هەر دەیانکوژێ.

٣١٣. لە پاش ئەوەی کـــە گـــەورە بـوو گـــەنمەکـــە دەست دەکـــات بە گـــوڵکردن وە دانـەکـــەی ڕەق دەبێت وە لـە پاشـــان دەست دەکـــات بە دروێنەکـردنی وە کە لە دروێنەکـردنی بووەوە (بۆوە) گێـرەی دەکات وە دەیکـات بە کـا و دان. لـە پاش ئەوەی کـــە گـێـرەکـــردنی تەواو بـوو بە شـەنەی دەکات هـەتـا کا و دانەکەی لێک جودا دەکاتـەوە. ئەمجار دەست دەکات بە کێشانەوەی بۆ ماڵەوە بە کا و دانەوە.

٣١٤. ڕۆژێک لە ڕۆژان پەترووسیای فەرەنگی لەسەر تەختی خۆی قەراری گرتبوو، چەند وەزیر و پاڵەوانی کورسینشین لە دەورەی دانیشتبوو، پێی گوتن، ''ئەی وەزیری دەمن، دەبێ کێ هەبی لە دنیادا موقابیلەی من بکا، بوێرێتە من بە شەڕ؟'' گەورەیەکی زۆر غەڕا، زۆر لە خۆیرا دەدی، زۆر بە پشت و قەوەت بوو، زۆر دەوڵەمەند بوو.

٣١٥. شارێکی هەبوو، شارێ قوللەی سێهەمیان پێ دەگوت، هەر چوار دەورەی شاری حەسار بوو، بەس سێ دەرکەی هەبوو، لەو سێ دەرکانەش نۆبەچی و قەلەووری خۆی لێ دانابوو. قەمەری وەزیر و شەمسی نائیبی دەستەڕاست و دەستەچەپی بوو. تەماشای نەجومێیان کرد، گوتیان، ''ئەی پاشای من، کەس نییە لە دنیا موقابیلەی تۆ بکا، دەرقەتی تۆ بێ، شەڕەی لەگەڵ تۆ بکا بەس مەلیکشای ڕۆمێ نەبێ.''

٣١٦. مەلیکشای ڕۆمێ ژنێکی هەیە، نێوی مەلیکەی فەخرووتانجە. مەلیکەی فەخرووتانج حامیلەیە بە کوڕێکی، ئەو کوڕەی ببێ نێوی دەنێن ئەرسەلان. ئەرسەلان پاڵەوانی وا شەجیح و وا چاپووک و چالاک لە دنیادا نەبێ، قەتیش نەبووە. ئەگەر ئەو جێت پێ شلۆق بکا و شەڕەی لەگەڵ تۆ بکا مەملەکەتی لێت تێک بدا و لێت وێران بکا.''

٣١٧. دەنگی قەیماسخانی فەرەنگیی دا وەکوو برازای، کوڕی برای بوو، پێی گوت، ''ئەی قەیماسخان، هەڵستە (هەستە) بڕۆ بۆ سەر

مەملەکەتی مەلیکشای، دەورەی لێ بگرە، لەسەر تەختی خۆی بیکوژە، مەملەکەتی بە یەخسیر بگرە وە ژن و ماڵ و منداڵەکەی بۆ من بێنە بە دیل، من لێرە بە بەحرێیاندا دەدەم.'' هەڵستا (هەستا)، ڕۆیی، قەیماسخانی فەرەنگی، بۆ سەر مەلیکشای ڕۆمی دەستیان بە عەربی [حەربی] کرد، ئاگای لە خۆی نەبوو، مەلیکشای ڕۆمێ، لەسەر تەختی خۆی سەریان بڕی، ژن و ماڵ و منداڵەکەیان بە دیل و بە یەخسیری گرت.

٣١٨. وەزیرێکی هەبوو، وەزیری کاردار، تەماشای کرد، ژنێ مەلیکشای دەگریا، گوتی، ''ئەی مەلیکەی فەخرووتانج، بۆچ دەگرییێ؟'' گوتی، ''من بۆیە دەگرییێم، بۆ تەخت و بەختی خۆم وە ماڵ و دەوڵەتی خۆم وە سەر و سەروەتی خۆم.'' گوتی، ''هەڵستە، مەگرییە، ئەو داوە بۆ تۆیە، بۆ کەسی دی نییە. هەڵستە، بڕۆ بەرگی خۆت بگۆڕە، بەرگی کارەکەران لە بەر خۆت بکە. لە هەچ مەوقحێک دەرفەتت بوو، فرسەتت بوو، خۆت نجات بدە.''

٣١٩. هەڵستا بە دەستووری وی، بە قسەی وی، بە قسەی وەزیری کاردار، هەڵستا، چوو بەرگی کارەکەرانی لە بەر خۆ کرد. چل کارەکەری هەبوو لە نێویاندا دانیشت. وەختێک پیاوی دە پاشای پەترووسیای فەرەنگی چوون، گرتیان، هاویشتیانە سەر گەمی و پاپۆڕی، بیانبەن بۆ مەملەکەتی پەترووسیای وە فەرەنگیان، موددەتێک بە پاپۆڕێ، بە بەحرێدا ڕۆییشتن، لە مەوقیعێکی لایان دا بۆ ئیسراحەت و نان و قاوە و قلیانی خۆیان بخۆن. ژنەکەی پێی گوت، بە گەمییەوان، گوتی، ''ڕوخسەتم بدە، بڕێک بە دم ئاوێدا دەرۆمە خوارێ.''

٣٢٠. ژنەکە لە پاپۆڕێ هاتە خوارێ، جەنگەڵانێکی لێ بوو، خۆی لە

جەنگەڵانەکەیدا مات دا. وەختێک پاپۆڕیان پێ دا دا ئەو ژنەیان لە فکر چووەوە و خۆی شاردەوە، لە فکریان چووەوە (چۆوە) و پاپۆڕ ڕۆیی بۆ مەملەکەتی فەرەنگییان، تەسمیل بە مەملەکەتی فەرەنگییان بووەوە پاپۆڕ. ئەگەر لێی هاتە دەرێ، ئەو حالەمەی لێ هاتە دەرێ، پێی گوت، پەترووسیای، "کوا ئەوهەی منی لێ دەگەڕێم؟" گوتی، "قوربان، ئەوی هەبێ هێناومانە، دەنا نازانین، بە چی دیمان شک نایێ (نایە)."

٣٢١. دەنگی قەمەری وەزیری دا، گوتی، "بۆم تەماشای نەجومێ کە، داخۆ لەگەڵە یان نە." گوتی، "قوربان، ئەو ژنەی تۆ لێی دەگەڕێی لەگەڵ نییە." دەڵێ، "ئەدی ئەوە بە چ چوون بۆ مەملەکەتی مەلیکشای، بۆ چن ناردن، بۆ وا بە بەتاڵی هاتنەوە؟" گوتی، "قوربان، مەملەکەتی مەلیکشامان فەتح کردووە، چەند کەنیسامان لێ تەرتیب (تەربییەت) داداون، بت و سەلەممان لێ تەرتیب داداون، ئەو ماڵ و منداڵەکەش ئەوەندی هەبوو هێناومانە." گوتی، "خەییر، نەهاتووە." چەندی تەماشای نەجومێیان کرد ئەو ژنە نەدیترایەوە، بۆیان نەدیتەوە چووبووە (چووبۆ) کلۆری دارێکەوە، لە کلۆرە دارەکەدا قەراری گرتبوو.

٣٢٢. ئەو با لەوێ بێ، ئەوجار بێینە سەروکاری خواجا نەحمانی میسرێ. تاجرێکی (تەعجیلێکی) زۆر دەوڵەمەند بوو، هەموو ساڵێک دەڕۆیی بۆ خریلفرۆشتن و تووجارەت، بە ساڵەوەخت دەهاتەوە، بە دوازدە مانگ دەهاتەوە، ڕۆژێک تەماشای نەجومێی کرد، کوتی، نەجومێک پێی گوت، "ئەی خواجا نەحمان، ئەتوو برۆ بۆ سەفەرێ، سەفەرت بە خێرە، ئەستێرەت لە بورجی خۆشدایە، ئیشت مووەفەق دەبێ، قازانجێکی زۆرت پێ دەگا."

٣٢٣. دەنگی قەتار و نەحاری دا، چەند غولامی دەنگ دا، قەتار و

نەحــاری ڕازاندەوە و ئەویش (ڕازاندەوەویش) ڕۆیـی بۆ ســەر پـاپۆڕێ. ئەویش بـە بەحـرێدا هـاتن بۆ مــەملەكــەتی فـەرەنگیــان، گـەیینە ئەو مـەوقیـحـەی ئەگەر لەشـكر و حەسـاكیری پەترووسـیای لێی لا دابوو بۆ قـاوە و قلیـان (قـاوقلیـان) خـواردنێ، ئـەویش لەوێ لای دا. مـوددەتێك لەوێ مانەوە، خواجا نەحمان بە پیاسە بە دم بەحـرێدا دەڕۆییە خوارێ بۆ لای جـەنگەڵان و بیـشـەڵان و قـامـیشـەڵێن و گـوێی ڕاگـرت، دەنگی گریانێك دەهات زۆر بە غەریبی، بە مەلوولی.

٣٢٤. پێی گوت، ''ئەتـو چیی دەگریێی لەو جەنگەڵانـەیدا، ژنی، پیاوی، دێوی، یان درنجی، ئەجندەی؟'' گـــوتـی، ''من نـە دێوم، نـە درنجم و نـە ئەجندەم. مـن بۆیە دەگریێم، ژنـێ مـەلیكشــای ڕۆمـێیـە وە لێقـەومـاوە، پەترووسـیـای فـەرەنگی تەخت و بـەختـی لێ تێك داوە. منیش هـەڵاتووم لەبەر دەسـتـی وی، خـۆم لێرەدا هەشـار [حـەشـار] داوە.'' تەمـاشـای نەجـوومێ خـۆی كـرد، خـواجـا نەحـمـانی، كـوتی، ''لێـرە بەولاوە بڕۆی ئیــشت لە زەرەردایە، وەگــەڕێ.'' لە ڕێی خــۆیرا گــەڕایەوە، ئەو ژنەی هێنایـە دەرێ، لەگـەڵ قـەتار و نەحـاری خۆی چووەوە، سـواری پاپۆڕێ بوو، ڕۆییوە بۆ مەملەكەتی میسرێ.''

٣٢٥. چوو بۆ مـەملەكـەتی مـیسـرێ، لەوێ خەبـەر بە شـاری مـیـسـرێ گەیی، پێیـان گوت، ''ئەی خـواجا نەحـمان ئەتۆ چەند ڕۆژە، چەند سـاڵە دەڕۆیشـتی، بـە سـاڵەوەخت دەهـاتییـەوە، ئەو دەفحـە حـەجـایب ئەتو بە جوحمەیەكی هـاتییـەوە؟'' حەزیزی مـیسرێ لە دووی نارد، ''ئەی خـواجا نەحـمان، ئەتو بۆ وا زوو هـاتییـەوە؟'' گوتی، ''قوربان، من خـەبەرم بۆ تو هێناوەتەوە و بـۆیە زوو گـەڕاومـەوە. جوابم زانیـوە ئەگـەر پەترووسـیـای فـەرەنگی ڕاسـەر مـەلیكشـای ڕۆمێی داوە، لەسـەر تەختی خۆی سـەری

بڕیوه، ماڵ و حایلەی بە تاڵانی گرتووە. ئەمنیش بۆیە هاتوومەوە ئەگەر ئەتۆش موقەییەتی خۆت بکەی، نەوەکو ڕاسەر تۆش بدا، ئەتۆش بکوژێ، مەملکەتی لە تۆش وێران بکا."

٣٢٦. جا دەڵێ، "یاخوا، بە خێر بێی. وەڵڵاهی باش بوو، جوابێکی چاکت هێناوە." جا کوتی، "تەگبیرم چییە، ئەی وەزیرەینە [وەزیرینە]؟ کوتی، "تەگبیری تۆ ئەوە بێ، هەر چوار دەورەی شاری میسرێ لە خەندەک و سپێر هەنگێوە." چەند عەدەدێکی حەسکەری لێ تەرتیب دادا بە چەک و ئەسلەحەی جەنگی، بۆ خاتری ئەهوەی [ئەوەی] کابرا ئەگەر بێ لە ناخافڵ سواری سەری نەبێ و مەملەکەتی لێ وێران نەکا. بە قسەی کردن، هەر چوار دەورەی شاری میسرێی لە خەندەک و سپێر هەنگاوت، چەند حەسکەری لێ تەرتیب دادا بە ئەسبابی جەنگی، ئێشکە و قەڵەوری لێ دانا.

٣٢٧. ڕۆژێک ژنێ مەلیکشای ڕۆمێ وەکوو مەلیکەی فەخروتانجە ئەوا لە کن خواجا نەحمانی، هۆدەیەکی بۆ تەرتیب داوە، دوو کارەکەری بۆ ڕاگرتوونەتە ئەو منداڵەی لە پشتێ دەبێتەوە. خوای منداڵەکەی پێی حاتا کرد، چەند مەجریسی وەزیر و وەزەرا و ڕەفیق و تاجری ڕەفیقی دە خۆی خڕ کردنەوە دەعوەتی، لە خۆشی ئەوەی خوای کوڕی داوەتێ.

٣٢٨. بردیانە مەجریسێ نێوی لێ بنێن، یێکی کوتی، "خواجا مەحموود بێ،" یێکی کوتی، "خواجا ئەحمەد،" و کوتی، "خەیر، من کوڕی خۆم نێو دەنێم ئەمیر ئەرسەلان." جا کوتیان، "ئەتو تاجری، ئەتۆ خواجای، دەبێ لەگەڵ بێ. ئەرسەلان بۆ گەورانە." کوتی، "هەزار گەورەی نێوی گاوانی لێ یێ، هەزار گاوانی نێوی گەورەی لێ یێ.

ئەبەهوێ [بە ئەوە] ئیش تێک ناچی.'' جا کوتیان، ''ئارەزۆی خۆت بێ، چۆنی نێو دەنێی بە کەیفی خۆتە.'' نێوی نا ئەمیر ئەرسەلان.

٣٢٩. ئەمیر ئەرسەلان لە قوتابییێ نا بۆ خوێندنێ، بە حەوت ساڵان عیلمی موختەسەری خوێند. ڕۆژێک هاتە دەرێ، تەماشای کرد، دنیای زۆر پێ خۆش بوو. چووەوە ماڵێ، کوتی، ''بابە، من چیی دی ناخوێنم، ئەوەندی لە قەوەم هەبوو خوێندوومە.'' جا کوتی، ''ڕۆڵە، مەخوێنە، چت پێ خۆشە ئەهوێ بکە. هەڕۆ سەر دوکانێ، بکڕە و بفرۆشە.''

٣٣٠. ڕۆژێک چووە (چۆ) سەر دوکانێ، دانیشت، تەماشای کرد، هەتا ئێوارێ هەر دەیکڕی و لێی دەکردەوە و دەیفرۆشت و دەینووسی، زۆر بێسەحەت بوو. ئێوارێ تەماشای کرد، جەڵەبێکی سواران بەوێدا هات، بە بەر دمی ویدا، تووڵە و تانجییان زۆر لەگەڵ بوون. دڵی هاتە جۆلانە بۆ ئەوان سواران، دڵی فڕی ئەویش وەکوو وان ئەگەر تەرتیبی بۆ بدرێ. هەڵستا، بە گورجی هاتەوە ماڵی، بۆ لای بابی، بۆ لای داکی.

٣٣١. کوتی، ''ئەی ئەرسەلان، ئەتو ئەوڕۆ بۆ وا حاجزی، بۆ وا مەلوولی؟'' گوتی، ''دایە، ئەگەر ئەتو داک نەبوویایە من ئێستا مستێکم لە دەمی تۆ دەدا، سەرم لە قەلبێ جوێ دەکردییەوە. ئەو گەز و نیو گەزەی سەر دوکانێ کڕین و فرۆشتن بە من ناکرێ.'' جا گوتی، ''ڕۆڵە، بۆچی وا تووڕەی؟ هەڵستە، چیت پێمە تەڵەبە، ماڵێکی زۆر خوای داوە، هەرچی تۆ پێتمە تەڵەبە، ئەمە بۆت پەیدا دەکەین و مەقسوودت حاسڵ دەکەین.''

٣٣٢. گوتی، ''ئەمن دەمەوێ – چل سوارم دەوێ، هەموو بە شیر و ڕمب و ئەسڵەحەی جەنگی و وڵاخی چاک، ڕۆژێ بچمە ڕاو و ڕاوشکارێ، ئێواران دێمەوە هۆدە و دیوەخانی دەخۆم.'' دەڵێ، ''باشە،

ڕۆڵە، بەسەر چاو، هەرچی ئەتۆ بڵێی عەمری لەسەر سەرییە.'' هەڵستا سبحەینێ بابی، وەکوو خواجا نەعمان بێ، چوو، بۆی لە بازاڕێ گەڕا، چەند غولامی بە کەیفێ بن بۆی گرت، چەند وڵاخی چاکی بۆ کڕین، چەند شیری چاکی بۆ کڕی، چەند ڕمبی بە دڵی خۆی بۆ کڕی. ڕۆژێ بە درێژاییە ڕۆژێ هەتا ئێوارێ دامە و سەرترنجێن [شەترەنجێن] و تەعلیمی سواری و پاڵەوانیێی دەکرد.

٣٣٣. با ئەو لەوێ بێ، بێینەوە سەروپای پەترووسیای. ڕۆژێک بانگی قەمەری وەزیر و شەمسی وەزیری کرد، گوتی، ''بۆم تەماشای نەجوومێ بکەن، داخوا ئەو غیرەسەرە پێگەییوە یان نە.'' گوتی، ''بەڵێ، بەرگی نوێ لێت مومبارەک (لێمبارەک) بێ، پێگەییوە، عومری لە سێزدە و چواردەیدایە، پاڵەوانی وا شەجیع و وا نامدار قەت نییە. ئێستێش ئەوا لە میسرێ لە کن خواجا نەحمانییە، ئەوا تەربییەتی (تەرتیبی) سواریێ و ئیی پاڵەوانیێ دەکا. چەند غولامی لەگەڵن، ڕۆژ بە درێژاییە ڕۆژێ لە تەحلیمدایە.''

٣٣٤. جا دەنگی قەیماس خانی دا، گوتی، ''قەیماس خان، هەڵستە، برۆ، ئەویش بە مەرەدی مەلیکشای بەرە. بڵێ، "من دەمەوێ ئەرسەلان بە خۆ و بە داکی و بە بابی بۆم بێنە بۆ ئێرە بە سەری ڕووتی و بە پەلی بەستوو، دەنا ئەگەر بۆم نەیێنی مەرەدی مەلیکشای نیشانی ویش دەدەم، لەسەر تەختی خۆی سەری دەبڕم."''

٣٣٥. ئەویش چەند حەدەدێکی حەسکەر و حەساکیر ڕەگەڵ خست، ڕۆژێک ئاگایان لێ نەبوو لە میسرێ، هەر چوار دەورەی شاری میسرێ لە خێوەت و چادر هەنگاوترابوو، سبحەینێ ئەگەر هەڵستان وەکوو بەفری لێ ببارێ هەر چوار دەورەی شاری ئەو هەموو چادرەی لێ

هەڵدرابوو. زۆر پێ نەچوو ئێلچیی دا پەترووسیای، وەکوو پیاوی پەترووسیای بن، گەیشتنە دیوەخانێ عەزیزی میسرێ، بارەگای عەزیزی میسرێ، کاغەزێکیان بە دەستەوە بوو، نامەی تێ نووسرابوو لێ حاڵی نەدەبوون، زمانی فەرەنگییانی نەدەزانی.

٣٣٦. بانگی ئەرسەلانیان کرد. ئەرسەلان ئەگەر هات کولسیێکی [کورسییەکی] پۆڵاییان بۆ دانا، لە نێوقەدی مەجریسێ دانیشتبوو، بە هەر چوار دەوەرەیدا دەگەڕا و قسەی دەکرد. نامەکەیان دایە دەستی. ئەگەر خوێندییەوە ئاوڕێکی لە خواجا نەحمانی بابی دا، ئەوجار دەزانێ ئەگەر کوڕی خواجا نەحمانی نییە، گوتی، "ئەی خواجا نەحمان، ئەمن ئەگەر کوڕی تۆ نیم بۆچیت کردوومە کوڕی خۆت؟"

٣٣٧. گوتی، "ئەی کوڕی خۆم، تا ئەوڕۆ کوڕی من بووی، لەو ڕۆژ بە دواوە کەیفی خۆت. ئەمن بە فریات کەوتم، ئەمن دایکی تۆم نەجات دا لە جەنگەڵانیدا لە چەنگی پەترووسیای فەرەنگی. ئێستێش تا ئەوڕۆ کوڕی من بووی، لەو ڕۆژ بە دواوە ئارەزۆی خۆتە." گوتی، "باشە، ئەی بابی من، ئێستێش ئەمن هەر بە بابی خۆت قەبووڵ دەکەم. فەقەت ئەگەر زووت پێ بگوتابامایە ئەمن دەچووم، هەتا ئێستێ تۆڵێ بابی خۆم دەستان، مەملەکەتی خۆم وەردەگرتەوە، ئەو غەدرەم قەبووڵ نەدەکرد."

٣٣٨. جوابی پیاوی دە پەترووسیای دا، گوتی، "ئەی پیاوی پەترووسیای، ئەوە پێی بڵێن بە پەترووسیای، ئەمن بە خۆ و بە بابم بۆی دێم بە دیل، بە سەری ڕووتی، بە پێی پێخاوسی، بە دەستی بەستوو، حەیبە." پێیان گوت بە ئەرسەلانی، گوتیان، "بە خوا، ئەگەر دێن چاکە، نایێن (نایەن) مەرەدی مەلیکشاو [مەلیکشات] نیشان

دەدەین.'' ئەرسەلان هێندی ڕق هەڵستا شیرێکی لە ملی یێکیان دا، ئەوی لەوێ کوشت.

٣٣٩. ئەگەر کوشتی عەزیزی میسرێ زۆر پێ تێکچوو، گوتی، ''ئەی خواجا نەعمان، تەگبیرم چییە، ئەو فیتنەیەی بۆ من نایەوە (تواندەوە) ئەرسەلانی؟'' گوتی، ''ئینجا، ئەی پاشام، ئەتوو ئەرسەلانت بۆ چییە؟ دەست و بازوو، شان و باهوی، دەست و ڕمبێ وی بۆ چییە؟ لە تو حەسکەر دەرکردن بێ، لە من تاعین دەرکردن بێ، لە ئەرسەلانیش شەڕکردن بێ. پشتیوان بە خودای گەورە، هەرچی بڵێین بۆمان دەچیتە (دەشتە) سەرێ.''

٣٤٠. هەڵستا، سوار بوون لە وڵاخی، کەوتنە عەرب لەگەڵ تایفەی فەرەنگییان. بە حەجەلەی بیستوچوار سەعاتان ئەو دوو هۆردووەی شکاندن، لەسەر تەختی بابی خۆی دانیشتەوە، تانجی حاکماتییێ لەسەر سەری خۆی ڕۆنا. وەزیری کاردار پێی گوت، ''ئەی ئەرسەلان، ئەتوو ئێستا ماوتە.'' دەڵێ، ''چم ماوە؟'' دەڵێ، ''ئەتوو بگەڕێ لە شاری، ئەو هەموو قەڵایچییانە، هەموو بت و سەلەمن [سەنەمن] لێیان تەرتیب داون. ئەتوو ئەو بت و سەلەمانە بشکێنە.''

٣٤١. دەڵێ، ''فەرموو پێشم کەوە، من ناشارەزام، تا بچم بیانشکێنم.'' وە پێشی کەوت، دەستی دایە شیری ڕووت و ڕۆیی. ئەوەڵ کلیسای گەیشتنێ، ئەگەر گەیشتنێ تەماشایان کرد، وە سەر کەوتن، بت و سەلەمی لێ تەرتیب دادرابوون. سۆفییەکی سەری لە بن بتێ نابوو، سەژدەی بۆ خوای خۆی دەبرد. ئەرسەلانی نووکەشیرێکی گەیاندێ، گوتی، ''چ دەکەی (ستەکەی) لێرە، ئەی پیرەسەگ؟''

٣٤٢. گوتی، ''لێم نەگەڕای، ئەمن وا لەگەڵ خوای خۆ تێکەڵ ببووم،

ئەوێ بمگوتابایە بۆم دەڕۆیی، دوعام قەبووڵ دەبوو.'' گوتی، ''هەڵستە، تۆ چت دیوە؟ هەڵستە، بڕوانە چت بەسەر هاتووە.'' ئەگەر تەماشای کرد ئەوی ئەوی دیبوو، ئەو شارە وا نەمابوو، خرۆشابوو شار، قەبیلە گۆڕابوو، ئەو دەورەی ئەو تێدا بوو ئەو دەورە نەمابوو، تەخت و بەختیان وێران کرابوو.

٣٤٣. ئەرسەلانی تەماشای کرد، پەردەیەک لەوێ دادرابووەوە و ئەو هەموو بت و سەلەمە زۆری پرسیار لێ کردن لە کابرای. ئەو پەردەی بۆ هەڵدایەوە، تەماشای کرد، شکڵێکی زۆر جوانی لێ چەسپ کرابوو، لە قەدی دیواری. پێی گوت، ''ئەو شکڵە ئی کێیە؟'' گوتی، ''ئەو شکڵە شکڵی فەروغلیقا، کچێ پەترووسیای فەرەنگییانە.''

٣٤٤. جا کوتی، ''ئەگەر وەکوو ئەمن دیومە، وا لە کن من جوانە لێرە، لە کن خۆشی وا جوانە؟'' گوتی، ''بەڵێ، سەتیسەد ئەوەندە جوانە.'' جا گوتی، ''ئێستێ ئەگەر ئەمن عەکسی خۆت بۆ بکێشم و لە مستێت بنێم، بیبەی، پێ نیشانی وی بدەی وەکو ئەمن بۆ وی سووتاوم، ئەویش وا بۆ من دەسووتێنی؟'' گوتی، ''ئەگەر تو بە ڕێم بکەیەوە بە سەلامەتی و نائێڵی (نایەڵی) نەمکوژن ئەمن بەسەر چاو زۆر چاکی دڵ دەسووتێنم.''

٣٤٥. جا هەڵستا، نامەیەکی بۆ نووسی وە لە دوای ئەهوەی شکڵی خۆی بۆ گرت بۆ خۆ، بە شیری ڕووت، بە هەیەهتێکی زۆر قۆز و بەسام و پاڵەوانێکی چاک، دایە دەستێ. سێ عەکسی بۆ کێشان، هەر سێکی دانە دەستێ. بە ڕێی کرد، تا سەر بەحرێ لەگەڵ ڕۆی، دەنگی گەمیەوانی دا، پاپۆڕی بۆ پێدا دا، گوتی، ''بڕۆ، ئەهوەی وەپەڕێنە، هەتا دەیبەیە مەملەکەتی فەرەنگییان، سەری پێ بە مەملەکەتی

فەرەنگییانەوە دانێی، مەگەڕێوە.'' دەڵێ، ''زۆر چاکە.''

٣٤٦. ئەرسەلان لە ڕێی خۆیڕا گەڕایەوە، هاتە سەر تەختی خۆی، دانیشت، زۆر مەراقی بوو، زۆری دڵ بە غەم بوو وە عەشقی ئەو کچەی ببوو وەک فەروغلیقایە، کچی پەترووسیای فەرەنگییان، هیچ هۆشی لە دنیایێ (دنیایە) نەمابوو. بابی پێی گوت، وەکوو خواجە نەحمان بێ، گوتی، ''ئەی ئەرسەلان، ئەتوو بۆچی وا بێکەیفی؟ بۆچ وا بێمەیلی؟ بۆ زیاد لە ڕۆژان وا حاجزی؟''

٣٤٧. گوتی، ''ئەی بابی من، ئەمن چەند وەختە فێری ڕاو و ڕاوشکارێ – تەقریبی هەشت نۆ دە ڕۆژ دەبێ ئەمن لە ژوورێدا، ئێستێش ئەمن هەوەسم چووەتە (چۆتە) ڕاو و ڕاوشکار و سایەحیێ. ئەگەر شتێکی وا بکەی من خەمی خۆی پێ بڕەوێنم چ بێکەیف نیم.'' جا گوتی، ''چیت لازمە؟'' کوتی، ''ئەوهەم لازمە تۆڕەوانانم بۆ دەنگ دە، دەچمە سەر بەحرێ، تۆڕان دادێڵمە بەحرێ و ماسییان دەگرم. غەم بە ئاوێ چاتر دەڕوا لە هەموو شتێک.'' دەڵێ، ''زۆر چاک.''

٣٤٨. ئەگەر چووەوە بۆ داکێی قسەکرد، بۆ داکێ ئەرسەلانی، خواجا نەحمانی. گوتی، ''بە خودای ئەی خواجا نەحمان، پێم وایە ئەرسەلان لە کیسی مە چوو.'' هەڵستا، تێی گەیی مەزبووت ئەگەر قسەکەی کردبوو، چوو، دەستەجلێکی مەملکەتی فەرەنگییانی بۆ بە دروون دا لە کن خەیاتی. بردییە کن پاپۆڕەوانی، گوتی، ''مەحلووم بێ ئەرسەلان ناگەڕێتەوە، دەڕوا. ئەگەر گەیشتە ئەوبەرێ، لە بەحرێ پەڕینەوە، ئەو دەستەجلەی بدەیێ (بدەیە)، بڵێ، "بۆ تۆیان ناردووە." وەگەڕێ.'' دەڵێ، ''زۆر چاک.''

٣٤٩. چوو، سوار بوون لە پاپۆڕێ، پاپۆڕیان بردە نێوانێ، نێوەندی

بەحرێ، لە قەراغان دەستیان بە سوورانەوێ کرد بۆ ماسییان. ئەرسەلانی دەنگی گەمییەوانی دا، گوتی، ''لێخوڕە. ئەمن ئەتۆم بۆیە نەهێناوە ماسییان بگرن، ئەمن لە ئیشی خۆم دەگەڕێم.'' پاڵی پێ بە پاپۆڕەوە نا، برۆ، ڕۆیی بۆ بەری وەڵاتی فەرەنگییان. ڕۆیین، گەیینە ئەوبەرێ، گەمییەوانی پێی گوت، ''ئەی ئەرسەلان، ئەگەر هەر دەڕۆی داک و بابی دە تۆ ئەو دەستەجلەیان بۆ تۆ ناردووە، لە بەریان کە.'' گوتی، ''زۆر چاکە.''

٣٥٠. دەستەجلەکەی لە بەر کردن، پێی گوت، ''ئەی گەمییەوان، دەچییەوە ئەوبەرێ، ئەمن هەتا حەو ساڵی دی نایێمەوە. بە حەجەلەی حەو ساڵی دیکە ئەگەر هاتمەوە چاکە، نەهاتمەوە سکە بە نامی خواجا نەحمانیەوە لێ دە، دەنا هەر بە نامی منەوە لێ دە. بە بابیم وا بڵێ.'' گوتی، ''زۆر چاکە.'' ئەو ڕۆییشت، گەڕایەوە. چەند موددەتێک ڕۆیی لە چۆڵ و بێئاوان و بێ ئاو و بێ نان، وای لێ هات دنیای لەبەر چاوی تاریک بوو.

٣٥١. با ئەو لەوێ بگەڕێ. پەترووسیای فەرەنگی دووبارە دەنگی قەمەری وەزیری و شەمسی وەزیری دا، گوتی، ''بزانن، داخوا ئەو غیرەسەرە لە کوێیە، بە چ پایە گەییوە.'' گوتی، ''بەڵێ، قوربان، بەرگی نوێ لێت مومبارەک بێ، ئەوهەی تۆی لێ دەترسێی ئەوی نزیک بوو. نەجووم دەڵێ ڕووی کردە مەملەکەتی فەرەنگییان، بەس بە تاقی تەنێشە.'' پەترووسیای فەرەنگی پێی گوتن بە قەمەری وەزیر و شەمسی وەزیر، ''ئەوە کاربەدەستی منن. ڕێ و ڕێبازانی لێ بگرن، بزانن بە هەچ مەوقیعێکی لێو [لێتان] هەڵکەوت بیگرن، نەجاتی مەدەن هەتا دەیهێننە بەر دەستی من، ئەمن لێرە لە قەنارەی دەدەم.''

٣٥٢. ئەوا قەمەری وەزیر و شەمسی وەزیر حەسکەر و حەساکیریان دەنگ دا، پێشی ڕێیان پێ گرت، موددەتێک مانەوە لەسەر ڕێی ئەمیر ئەرسەلانی. خوای وای تەغدیر پێ بوو، لەو جێیەی ئەوی لەسەر ڕێی بوون، بەوێ دا نەچوو. ئەرسەلان بە لایەکی دیدا چوو بۆ شاری فەرەنگییان. تەماشای شاری کرد لە هەر چوار دەورەی شار گەڕا، سێ دەرکەی هەبوون، ئەو سێ دەرکانەش نۆبەچیی لێ ڕاوەستابوون. دەرکەی ناوقەدیان دوو کەسی لێ بوون، خواجا کاووس و خواجا تاووس، هەرکیان [هەردووکیان] برا بوون.

٣٥٣. بۆیە ئەو دوو برایە لەوێ ڕاوەستابوون، هەردووکیان موسوڵمان بوون، پێیان خۆش نەبوو ئەرسەلان بفەوتێ. خواجا کاووسی نەجوومی هەبوو، دەیزانی لە چ ڕۆژێکیدا ئەمیر ئەرسەلان وارید بە شاری فەرەنگییان دەبێ. چوو بۆ کن پەترووسیای فەرەنگی، پێی گوت، "ئەی پاشا، ئەمە فەقیرین. بە خۆ و بە برام دەرکەیەکمان بدەیێ نۆبەتی لێ بگرین، بەشکو ئەرسەلان وە دەستی مە بکەوێ، بیکەینە دیاریی خۆمان، بۆ تۆی بێنین بە دیل، ئەتووش خەڵاتمان بکەی." گوتی، "زۆر چاک."

٣٥٤. خواجا کاووس هاتەوە بۆ کن خواجا تاووسی، گوتی، "ئەی برای من، ئەو دەرگایەم وەرگرت ئەگەر ئەمە نۆبەت بین لەوێ بۆ خاتری ئەهوەی ئەمیر ئەرسەلان نەفەوتێ، وە دەست مە کەوێ، نەیهێڵین پەتروسیای فەرەنگی بیکووژێ. حەیفە بۆ پیاوێکی وەکوو ئەمیر ئەرسەلانی جێ گەورەی خانەدان بفەوتێ." ئەوا ئەمیر ئەرسەلان گەییە ئەو دەرکەی خواجا کاووس و خواجا تاووسی لێن، لە زاری دەرکێدا گرتیان.

٣٥٥. خـواجـا كـاووسـی پێی گـوت، ''ئەی ئەرسـەلان، ئەتۆ حـەیبت نەكرد، ئەتوو كێت پێ دەڵێن كوڕی مـەلیكشـای ڕۆمێ، تۆ تەختی خـۆت بە جێ هێـشت بۆ فـەروغلیـقـایە، كـچێ پەترووسیـای فـەرەنگی؟'' پێی گـوت، ''ئەی خـواجـا كـاووس، ئەمـن بۆ فـەروغلیـقـا نەهاتووم.'' گـوتی، ''ئـەدی بۆچـی هـاتووی؟'' گـــوتی، ''مـن بـۆیە هـاتـووم، دوژمن بـە ئـێكـێن لەگەڵ فـەرەنگییان، لە مەملەكـەتیان شـارەزا ببم.'' پێی گوت، ''جا ئەتوو وا بە ناشارەزایی هاتوویی، ئێستێ بزانێ پەترووسیای فەرەنگی ئەتوو ئیعدام دەكا.'' خواجا كـاووسی بە ئەمیر ئەرسـەلانی گوت، ''بگەڕێوە بە ڕێی خۆتدا.''

٣٥٦. پێی گوت، ''ناگەڕێمـەوە، ئەی خـواجا كاووس، هەتا سێ ڕۆژی دی لە خزمـەت وەدا دەبم.'' گوتی، ''ئەوە كاسبیو [كاسـبیتـان] چییـە، ئەی خـواجـا كـاووس و خـواجـا تاووس؟'' گوتـی، ''ئەمـە قـاوەخـانەمـان هـەیە.'' ئەرسـەلان گوتی، ''ئەگەر ئەوە قاوەخـانەو [قـاوەخـانەتان] هـەبێ ئـەمن دەبمـە كـــوڕی وە، نێـــوی خـــۆم دەگـــۆڕم، نێـــوی خـــۆم دەنێم ئەلیاسـخـانی فـەرەنگی، كـوڕی خـواجا كـاووسی، وە هـەچ كـەسێ لێی پرسیم ئەڵێم كوڕی خواجا كاووسیم، ئەلیاسخانی فەرەنگیم پێ دەڵێن، چەند وەختە خوێندوومە لە مەمـلەكەتی خاریج، شام و عەلەب [حەلەب]، ئەوڕۆ هـاتوومـەوە خـزمـەتی بـابی خـۆم دەكەم وە نێـوی خـۆشـم لە كن كەس ناڵێم، نامبیننەوە.''

٣٥٧. خواجا كاووسی پێی گوت، ''وەزیرێكی هەیە، پەترووسیا، نێوی قەمەری وەزیرە زۆر عەقڵە [عاقڵە]، بەسیاسـەتە، بەسیعرە [بەسیحرە]، بە تەلەسمە، جادووی زۆرن. نێوی خۆت لە كن وی نەڵێی.'' جا ڕۆیینەوە بۆ ماڵێ، خواجا كـاووسی سبحـەینێ بەرگی قـاوەچێتییێ (قاوەچێتی)

لە بەر کرد، دەستی بە قاوەتێکردنێ کرد. ئینسانێکی زۆر قۆز بوون، قەرەباڵغی زۆری وەسەر گەڕا لە قاوەخانێ، لەبەر جوانیێ ئەو پیاوەی وەک ئەلیاس خانە.

٣٥٨. قەمەری وەزیر پێی زانی ئەگەر کوڕێکی وا قۆز قاوەی دەگێڕێ لە قاوەخانێی خواجا کاووسی. قەمەری وەزیر سوار بوو، قاوەخانەکە دوور بوو لە دایرەی پەترووسیای، ڕۆیی بۆ قاوەخانێ. ئەلیاسخانی فەرەنگی بە چاوی هەنگاوت، پرسیاری کرد لە خواجا کاووسی، گوتی، ''ئەو سوارە کێیە ئەوە هات بۆ قاوەخانێ؟'' پێی گوت، ''ئاگات لە خۆ بێ، ئەی ئەرسەلان، ئەوە قەمەری وەزیرە، بە سەحوت [بە سەهوت] نەبا.''

٣٥٩. نیزیک لە قاوەخانێ، ئەرسەلان ئیستیقبالی کرد، جڵەوی گرت، گوتی، ''ئەمن وجوودی ئەوهەم نییە، ئەی ئەرسەلان، ئەتۆ جڵەوی من بگری. ئەتوو کوڕی مەلیکشای ڕۆمێی، لە نەوەی ئەسکەندەری زولقوڕنەی خەرجی لە ڕۆژێ ستاندووە.'' پێی گوت، ''ئەی قەمەری وەزیر، ئەمن ئەرسەلان نیم.'' گوتی، ''ئەدی ئەتۆ کێی؟'' پێی گوت، ''ئەمن ئەلیاسخانم، کوڕی خواجا کاووسیم.'' گوتی، ''بۆ چەن وەختە ئەتوو دیار نەبووی؟'' گوتی، ''ئەمن لە خوێندنێ بووم لە خاریج. ئەوڕۆ هاتوومەوە خزمەتی بابی خۆم دەکەم.''

٣٦٠. گوتی، ''دەزانم ئەرسەلانی، بەڵان نێوی خۆت بە من ناڵێی.'' ئەرسەلان بۆ خۆی گوتی، ''نازانم ئەرسەلان کێیە.'' خۆی لێ نەناس کرد، لە قەمەری وەزیر. قەمەری وەزیر پێی گوت، ''ئەگەر ئەتوو نێو خۆت بە من بڵێی ئەمن فەروغلیقا لە دەست دەنێم، بە ڕێت دەکەمەوە بۆ وەڵاتی خۆت، ئەتوو ئەگەر چوویەوە مەدحی من بکەی، بڵێی، ''کەس

پیاوەتیی لەگەڵ من نەکرد قەمەری وەزیری نەبێ.""

٣٦١. ئەرسەلانی گوتی، ''ئەمن چ کارم بەو ئیشەیە؟ فەروغلیقا بە من چی؟ ئەمن کوڕی خواجا کاووسیم و ئەو کچێ پەترووسیای فەرەنگییە، کچە پاشایە، لە قەمچێ ئێکدا نین.'' قەمەری وەزیر پێی گوت، ''ئەی ئەرسەلان، کاغەزی حاکمی عەلەبێ بۆمان هاتووە، ئەوا ئەمیرشەنگ، کوڕی حاکمی عەلەبێ بەرێوەیە بۆ خوازبێنیی فەروغلیقا. ئەتوو نێوی خۆت بە من ناڵێی داخێکت بە جەرگەوە دەنێم.''

٣٦٢. ئەرسەلانی پێی گوت، ''ئەی قەمەری وەزیر، منەتت نەبێ، هەقت بەسەر منەوە نییە. من فەقیرم، چ غەدرم لە تۆ نەکردووە، بۆچ وا لە منت هەڵپێچاوە؟'' پێی گوت، ''ئەی ئەرسەلان، ئەمن پەرۆشێ ئەهۆمە، ئەتوو چەن ڕەزالەت (زەلالەتی) و ڕەزیلیت چێشتووە لەسەر فەروغلیقا، ئەمن دەزانم عەشقی فەروغلیقایەی، بۆیە ئەتوو هاتووی بۆ ئێرە، بەڵان بۆ تۆ نابێ فەروغلیقا. لەبەر چاوی تۆ سبحەینێ دەیدەمە ئەمیرشەنگی، کوڕی حاکمی عەلەبی.'' ئەرسەلانی پێی گوت، ''کەیفی خۆتە.''

٣٦٣. قەمەری وەزیر هەڵستا، چووەوە بۆ بارەگای پەترووسیای. ئەوجار شەمسی وەزیری هات بۆ قاوەخانێ خواجا کاووسی، دانیشت لە پەنا ئەرسەلانی. پێی گوت، بە ئەرسەلانی، ''ئەتوو ئەرسەلانی. چەن وەختە پەترووسیای تاقیبت دەکا، بێت ئەوەی ئەتوو ئاشکرا ببی لە پاشای ئەتوو ئیعدام دەکا.'' گوتی، ''ئەی شەمسی وەزیر، ئەمن ئەرسەلان نیم.'' گوتی، ''بەڵێ، ئەتوو ئەرسەلان نەبی، بەڵان نێوێ خۆشت لە کن قەمەری وەزیر مەڵێ، دەتفەوتێنێ.'' گوتی، ''بەڵێ، ئەی شەمسی وەزیر، ئەمن ئەگەر ئەرسەلان نەبم چۆن دەبمە هەو؟ ئەمن

ئەلیاسخانی فەرەنگیم، کوڕی خواجا کاووسیم." شەمسی وەزیر پێی گوت، "باشە، ئەوی دەیزانی هەروای بلێ." ئەوە شەمسی وەزیریش هەڵستا، خواحافزەی خواست، چووەوە بۆ مەجریسێ پەترووسیای. ئەوا ئەرسەلان لە قاوەخانێیە.

٣٦٤. ئەمیرشەنگ پێشرەوی دەرکەوت، لە قەراغ شاری خێوەت و چادریان هەڵدا. حاکمی حەلەبێ کاغەزێکی نووسیبوو بۆ پەترووسیای، "ئەوا کوڕی من هات،' گوڵێکی لە باغیدایە، پێشکێشی بکا، گوڵەکەشی وەک کێ بێ، فەروغلیقا کچیەتی (کچێتی)." کاغەزەکەیان برد بۆ پەترووسیای. پەترووسیای پێی گوتن، بە پیاوی دە ئەمیرشەنگی، "ئەمن ئەو پیاوەی نەبینم وە ئەمیرشەنگیش کچێ من نەبینێ، سەودای نەدیتە دروست نییە." پیاوەکە ڕۆیینەوە بۆ کن ئەمیرشەنگی پێی گوتن، "چ بوو؟" گوتیان، "ئەی پاشای مە، پەترووسیا فەرمووویەتی، 'دەبێ ئەمن ئەمیرشەنگی ببینم، ئەویش فەروغلیقا ببینێ. سەودای نەدیتە دروست نییە.'" ئەمیرشەنگی گوتی، "بەسەر چاو، ئەمن بە خزمەتی دەگەم." ئێوارێ غەبەری [خەبەری] دا بە پەترووسیای ئەمیرشەنگی، گوتی، "ئەمشەو میوانم." پەترووسیای هۆدەی گوڵاوڕشێن کرد، چەند کولسیی [کورسی] لێ چەسپاندن، ئەمیرشەنگ وا بە دیواخانێ پەترووسیای گەیی.

٣٦٥. با ئەو لەوێ بێ، دانیشتن. ئەرسەلانیش ئەگەر بیستی ئەمیرشەنگ چوو بۆ خوازبێنیێ فەروغلیقا خەمی کەوتە دڵی، پێی گوت، "ئەی خواجا کاووس، با بچین بۆ دیواخانێ پەترووسیای، داخۆ غەبەر [خەبەر] و بەحس چییە." ئەرسەلان و خواجا کاووس چوون بۆ دیواخانێ پەترووسیای. ئەرسەلان ئەگەر تەماشای کرد پیاوێکی زۆر

جوان، زۆر قسەزان، پاڵەوانێکی شەجیح لەوێ دانیشتبوو.

٣٦٦. قەمەری وەزیر ئەگەر چاوی پێ کەوت پێی گوت، ''ها، ئەرسەلان، بزانە چ داخێکیت بە جەرگەوە دەنێم. چاکی تێ فکرە. ئەوها ئەمیرشەنگە، ئەمشەو فەروغلیقایەی دەدەینێ. ئەتوو نێوی خۆت بە من نەگوت.'' پێی گوت، ''ئەی قەمەری وەزیر، هەقت بەسەر منەوە نییە. فەروغلیقایەی دەدەیێ مومبارەکی بێ.'' ئەوجار نۆرەی قسەی پەترووسیای هات، دەیگوت، ''ئەی ئەمیرشەنگ، سبحەینێ بۆ ئێوارێ لێت مەعلووم دەکەمەوە بە هەموو نەوعێ.'' ئەوا ئەمیرشەنگ هەڵستا ڕۆییشتەوە بۆ بن خێوەت و نێو هۆردووی خۆی.

٣٦٧. ئەوە لە دوای ئەمیرشەنگی مەجریس چۆڵ نەبووە. پەترووسیا دەڵێ، ''ئەی قەمەری وەزیر، بۆم تەماشای نجوومێکی کە، ئەمن ئەگەر کچێ خۆم بدەمە ئەمیرشەنگی، داخوا ئەستێران مووافیقن یان نە، ئاخیری خێر دەبێ یان شەڕ دەبێ.'' قەمەری وەزیر دەڵێ، ''بەڵێ، پاشا، ئەگەر بێت ئەهوەی ئەتوو کچێ خۆت بدەیە ئەمیرشەنگی – ئەمیرشەنگ چەند پیاوێکی تەواوە، هەر لە بەری پێیرا تا تەپڵی سەری هیچ حەیبی لێ ناگیرێ، لە قساندا زۆر تەواوە، هیچ ئیحترازی لە قسان ناگیرێ، کوڕی حاکمی حەلەبیشە، زۆر بەپشت و قەوەتە، پاشازادەیە، موختەدیرە، دەستڕۆییوە، ئیش لەهوەی چاتر نازانێ. فەروغلیقای بدەیێ ئیشت بە خێر دەبێ. بیدەیێ.''

٣٦٨. پەترووسیای گوتی بە شەمسی وەزیر، ''ئەتوو دەڵێی چی؟'' گوتی، ''ئەمن دەڵێم، ئەی پاشا، کچێ تۆ بە عەمەل ئەمیرشەنگی نایێ (نایە). ئەگەر بیدەیێ، بە ئەمیرشەنگی، ئیشت لێ تێک دەچێ، فیتنە و فتوور پەیدا دەبێ، شارت لێ دەشێوێ. کچێ تۆ هەر بۆ ئەرسەلانی

چاکـه، لەگـەڵ ئەرسـەلان و فـەروغلیـقـا ئـەسـتـێـران مـووافـیـقن.'' پەترووسـیـای ئەگـەر ئەوهـەی بیـست بەرگـی غـەزەبێی پۆشـی، دەنگی جەلادانی دا، گوتی، ''برۆن، لە سەری شەمسی وەزیر بدەن.''

٣٦٩. ئەوا ئەرسەلانیش لەوێ ڕاوەستاوە، گوێی لەو قسەوباسانەیە. جـەلادان خـۆیان سـاز کـرد لە سـەری شـەمـسی وەزیر دەن، جـەلادان پێیـان گوت، بە پاشـای، ''ئەو پیاوە وەکوو شـەمسی وەزیرە پیـاوێکی بەوەفـا (بەئۆفـا) بوو بۆ تـۆ، حـەیفـە لە سـەری دەی. بێـئـێـمـەگی مـەکە.'' پەترووسـیـای گـوتی، ''نامـەوێ. ئەو ئیـشـێ ئەوم بـۆ چا دەکـا بـا هـەر خەراب بێ.''

٣٧٠. عـالەمی زۆری لـێ ڕاوەسـتـابوو، تاسـووفی شـەمـسی وەزیریان دەکرد، بە پەترووسیایان گوت، ''ئـەتوو لە سـەری شـەمـسی وەزیر دەی دەبێ سەری هـەمووانن ببڕی.'' پەترووسیای گوت، ''مادەم وایە برۆن، لە زینـدانێی هـاون.'' شـەمـسی وەزیری گوتی، ''ئەی پاشـا، من ناپاڕێمـەوە، بێـمنەت بە، چت لە دەست دێ بیکە. وەختـێ دەبێ ئەتۆ حـەوجـێی من ببـیـیـەوە. منیش ئەو وەختـەی شـەرتە جـوابت نادەمـەوە، یا بـە سـەری ڕووتی یا گـازێک جـاوی شین لە ملی خـۆت نەکـەی، نەیێی (نـەیەی) بۆ کنم، دەغـاڵەتێم پـێ نەکـەی، ئـەمن قسـێ لە ئیـشی ناکـەمـەوە.'' گـوتی، ''برۆن، بیـبـەن، لە زینـدانێی هـاون، ئیـشـی ویم ناوێ.'' ئەوا دیـواخـانـێ پەترووسیای چۆڵ بوو.

٣٧١. سـبـحـەینێ لە تەپڵـی بەشـارەت درا، قـەراریان دا فـەروغلیـقـایە بدەنە ئەمـیـرشـەنگی، بۆ شـەوێ داعـوەتی ئەمـیـرشـەنگی بێ بۆ مـاڵێ پەترووسـیـای. قـەمـەری وەزیر ئـەو ڕۆژێ سـوار بوو، چوو بۆ قـاوەخـانێ خـواجا کـاووسـی و خـواجا تاووسـی، پێی گوت، ''ئەی ئەرسـەلان، ببینە

به چاوی خۆت چۆن ئەمیرشەنگی و فەروغلیقایە پێک شاد دەکەم.''
گوتی، ''مەیلی خۆتە، ئەی قەمەری وەزیر. چ دەخڵم بەسەر فەروغلیقایەوە نییە. من قاوەچیم.''

٣٧٢. بۆ ئێوارێ خەبەر درایە خواجا کاووسی، ئەوا پەترووسیا و قەمەری وەزیر و ئەمیرشەنگ هاتن بۆ قاوەخانێ. خانمێ کچێ پەترووسیای فەرەنگی غوڵامێکی هەبوو خواجا یاقووب، ناردی بۆ کن بابی، گوتی، ''پێی بڵێ، بە بابم، ئەمنیش ئەوشەو دێم بۆ قاوەخانێ.'' پەترووسیای گوتی، ''باشە، با بێ.'' ئەویش بە ڕێ بوو لە قەسری خۆی، هات بۆ قاوەخانێ. هۆدەیەکی بە جوێ بۆیان پڕ فەرش کرد.

٣٧٣. خواجا کاووسی پێی گوت، بە ئەرسەلانی، ''ئەتوو هەڕۆ، خزمەتی فەروغلیقایە بکە، قاوەی بۆ تێکە.'' فەروغلیقایە چل کارەکەری لەگەڵ بوو. ئەرسەلان هات بۆ دیوی فەروغلیقایە، قەمەری وەزیریش لە ڕاستی پەنجەرەی دانیشتبوو، فەروغلیقا و ئەرسەلانی لێ دیار بوون لەوێڕا. فەروغلیقا پێی گوتن، بە کارەکەرەکانی خۆی، ''ئەوە بچۆنەوە بۆ قەسری من، ئەمن تێی بگەم لە ئەمیرشەنگی، بیناسم، گفتووگوێیەی ببیێم.''

٣٧٤. کارەکەرەکانی بە ڕێ کردنەوە، پێی گوت، ''ئەتوو ئەرسەلانی یان نە؟'' گوتی، ''من هەو نیم.'' گوتی، ''هەوی خۆم لێ مەگۆڕە. توو، ئەو دینەی ئەتووی لەسەری، منیش هاتمە سەر ئەو دینەی. پێم بڵێ بە سەعی، ئەتوو ئەرسەلانی یان نە؟'' ئەرسەلانی پێی گوت، ''ئەگەر قەبووڵ بکەی ئەمن هەوم.'' لە پەنا یەک دانیشتن، وەعدایان بە یێک دا.

٣٧٥. فەروغلیقا گوتی، ''ئەگەر ئەمن بۆ توو نەبووم قاپێک ژارێ مار دەخۆمەوە، حەیاتێ خۆم مەفح دەکەمەوە.'' ئەرسەلانیش پێی گوت،

''ئەگەر بە مەخسەد نەگەم منیش بە شیری خۆم خۆم دەکووژم، حەیاتێ خۆم مەفع دەکەمەوە.'' فەروغلیقا گوتی، ''سبحەینێ شەوێ سەعات چوار وەرە بۆ قەسرێ من.'' دەڵێ، ''باشە.'' ئەوە وەعدایان بەست. فەروغلیقا ڕۆییشتەوە.

٣٧٦. سبحەینێ چەند جادە مەحیا کران، بە حەتر و گولاوێ ئاوڕشێن کران. فەروغلیقایان سوار کرد لە ماینێ، بۆ ئەمیرشەنگی بیبەن بە بووک. پرتەقاڵێکیان دایە دەستی فەروغلیقایە. ئەرسەلان لەسەر جادەی ڕاوەستابوو، هەرچەند شاری فەرەنگییان تێخرۆشابوو بۆ ئەوەی فەروغلیقایان بە بووک دەبرد. ئەوا فەروغلیقا سوار بوو. بە جادەیدا هاتە خوار، ئەو پرتەقاڵەی بە دەستییەوە یاریی پێ دەکا. گەییە ڕاستی ئەرسەلانی، پرتەقاڵەکەی لە دەستی خۆی فڕێ دا، کەوتە بەردمی ئەرسەلانی. ئەرسەلانی هەڵیگرتەوە، بۆنی کرد. قەمەری وەزیر چاوی لێ بوو. پێی گوت، ''ها، ئەی ئەرسەلان، هەر ئەوەندەت پێ دەبڕێ.''

٣٧٧. ڕۆیی، بردیان بۆ ئەمیرشەنگی. شەوێ سەحات چوار میعاد تەواو بوو. ئەرسەلان دەستی دایە شیری ڕووت، چوو بۆ قەسری فەروغلیقایە و ئەمیرشەنگی، وە دیوی حەساری کەوت، تەماشای کرد ئەمیرشەنگ لەو دەمەدا لەوێ نەبوو، چووبوو زیارەتی بتێ بکا لە خۆشیی ئەوەی ئەگەر فەروغلیقایان بۆ هێنابوو. ئەرسەلان چووە (چۆ) کن فەروغلیقایە، دانیشت. پێی گوت، ''ئەی ئەرسەلان، تۆ چۆن هاتی؟'' پێی گوت، ''ئەگەر ئەمن بترسامایە لە مەملەکەتی ڕۆمێ بە تەنێ نەدەهاتم بۆ نێو دوژمنی.''

٣٧٨. لەوان قساندا بوون، گفتوگۆیان دەکرد، ئەمیرشەنگ لە

دەرکەی دا. ئەگەر وە ژوور کەوت تەماشا دەکا ئەوە پاڵەوانێک لە کن فەروغلیقایە دانیشتووە. لێی هەڵکێشایە شیری، حەملەی برد بۆ سەر ئەرسەلانی. ئەمیرشەنگی پێی گوت، بە فەروغلیقایە، "ئەی کەونە فاعیشە، ئەو پاڵەوانەی شک دەبەی لە دەورەی خۆت؟ بۆیە ئەمن تەفرە دەدەی، دەمنێری بۆ زیارەتی بتێ."

٣٧٩. شیرێکی داهێنایە ئەرسەلانی. ئەرسەلان لە جێوە نەبزووت، دەستی درێژ کرد، باڵچۆقەی شیری گرت، دەستی ڕاتەکاند، ئیی ئەمیرشەنگی، شیری لە دەستی ئەمیرشەنگی دەرێنا، شیرێکی حەواڵەی ئەمیرشەنگی کرد، لە نێوقەدێڕا بە دوو کەرتی کرد. ئەوا ئەمیرشەنگی لەوێ کوشت. ئەی، ئافەرم بۆ دەست و ڕمبت، ئەی ئەرسەلان! ئەوا فەروغلیقایەی ستان.

## هاوین

٣٨٠. پار بەهارێ ماڵن [ماڵمان] بار کردن بۆ کوێستانی دارەشمانەی، لەوێ بووین سێ مانگی هاوێنێ تەواو. ئەگەر چووین جێ ساباتبوو، ئینجا، ئەوجارەکەینێ فەرشمان لێ ڕاخستن، دانیشتین، ئیسراحەتن [ئیسراحەتمان] کرد. ڕۆژی وا هەبوو سواری وڵاخ ئەبووین لە دەشتێکی گۆر لە بەرماڵانەوە، ڕمبازین دەکرد بە وڵاخ هەتا وەکوو ماندوو دەبوو. ئەگەر ماندوو دەبوو دادەبەزین، لە بن دارێک دادەنیشتین، بۆ خۆمان چان [چامان] لێ دەنا، کەباب و شتی وان دەخوارد، ئیسراحەتن دەکرد لە بن ئەو دارەی تا وەکوو ئێوارە، ئێوارێ دەهاتینەوە بۆ ماڵێ.

٣٨١. ئەهالیی دێ ناچێ بۆ کوێستانێ. بۆ ناچی بۆ کوێستان ئەهالیی دێ؟ لەبەر ژیانی خۆی، یانی کاسبیکردن، وەکوو تووتن، وەکوو گەنم و جۆ ڕەنێوهێنان. هەر ئاغا ئەچن بۆ کوێستان. ئیشکردن بۆ ئاغا کەمە، ئەوەنە بێ [ئەوە نەبێ] ئەگەر بەسەر زەرعاتی خۆڕا دەگا.

٣٨٢. پار ئەمن شتلّم کرد. ئەو شتڵانە ئەگەر دامچاند بە ئاوی بارانێ ڕووا. لە پاش ئەوەی تاو هەڵات دوو سێ ڕۆژ سەبرم لێ گرت، ئینجا چووم، جۆگام بۆ هەڵبەست، شتڵەکانم داشتن. تا پێنج جوحمە بەو پێیە شتڵەکانم دەداشتن. لە پاش ئەوە شتڵەکان گەورە بوون، جا ئەوجار ئاوم لە حەرزی نا تا وەکوو وە گا هاتەوە، یانی ئیشک بووەوە، جا ئەوجار جووتم لەسەردا بەست [لەسەر دابەست]، دەستم کرد بە کێڵانی تا وەکوو لە شوێوێی بوومەوە.

٣٨٣. دووبارە گاسنێکی دیشم لێ دا تا وەردم دایەوە. دووبارە گاسنێکی دیشم لە عەرزەکەی دا، وا بوو بە سێ گاسن. ئەوجار خەتم دا. ئەوجار بە بێڵێ هەڵمدا بە دێراو، هەتا هەموو حەرزەکە بە دێراو حازر بوو، جا ئەوجار چووم بە لای شتڵەکانەوە. ئەگەر چووم تەماشام کردن، شتڵەکان ڕەق بوون. ئەگەر تێی دەنووسام بە ڕەگەوە نەدەهات، دەپچڕا. چووم ئاوەکەم بۆ ڕابەستن، داشتنم تا بنیان نەرنە [نەرم] بووەوە. ئەوجار شتڵەکان بە دەستی هەڵمکەندن، بە دەسکم گرتن، بەستمن هەتا بڵاو نەبن، دە سەوێم هاویتن، هێنانمەوە بۆ ماڵێ.

٣٨٤. ئەو شەوەی شتڵەکان لە ماڵێ بوون. ئینجا پێ [پێنج] شەش کەس پەیدام کردن بۆ سبحەینێ بۆ چەقاندنێ شتڵەکان. چووین بۆ سەر حەرزەکەی، بۆ جێی تووتنەکەی، ئەو جێیەی کە بە دێراو ماوەتەوە، ئاوم بۆ ڕابەست. یێکەکێن دەستی دا بە پێمەڕەی، دەستی

کـرد بـه ئاوتێکردن، ئەوانـی دیش دەسـتـیـان دایە سـەر و دەسک شتڵەکان، دەستیان کرد بە چەقاندنێ هەتا وەکوو حەرزەکەن تەواو چەقاند. ئەگەر حەرزەکە تەواو بوو ئەوجار بە جێن هێشت، هاتینەوە ماڵێ هەتا سبحەینێ.

٣٨٥. ئینجا سبحەینێ یەکەکین دەستی دایە پێمەرەی، چوو، تووتنەکەی داشت. سێ ڕۆژان بەو گوێرە تا وەکوو تووتنەکە سێپاراو کرا. هەتا حەوتوویێکی لێ گەڕاین، لە پاش ئەو حەوتووەی داشتن تا سێ جاران، حەوتوویێ جارێکمان دەداشت. جا ئەوجار تووتنەکەی نێوکۆڵی هات، نێوکۆڵن کرد. ئەگەر لێبووینەوە ئەوجار داشتن تووتنەکە. ئەوجار سەری سپی بوو، سەرەکانن پساند، پێختە کردن. خەساندنی تووتن بۆ خاتری ئەوەی پەلکی بەقووەت بێ.

٣٨٦. هاتین، چڵە تووتنەکەی بنپەلکی دەکەین. ئەگەر بنپەلکەکەن لێ کردەوە ئینجا دەیخەینە قەرەتاڵەوە، دەیبەینەوە ماڵێ، لە بن کەپرێ هەڵیدەڕێژین. لە بن کەپرێ هەڵنرشت، ئەوجار بە سووژنێ و بە بەنی دەستن بە پێوەکردنەوەی کرد. هەتا داو تەواو دەبێ پێوە دەکەین، جا ئەگەر داوەکە تەواو بوو سەرەکەم قوڵفە دان هەردووک. هێنام، چوار کۆڵەکەم چەقاندن، دارێکم بەسەردا ڕاکێشان. ئەوجار هێنان، دارەکە بزمارن لێ دان.

٣٨٧. داوە تووتنەکە کە پێوە کراوە ئەوا بە دارەکەمدا کرد هەتا ئیشک بوو. ئەگەر ئیشک بوو لێم کردەوە، ئەوجار هەڵمخست لەبەر تاوێ. ئەگەر سپی بوو، جوان بوو، لەبەر تاوێ جا ئەوجار بردمە ژوورێ، هەتا وەکوو هەموو تووتنەکە بە سەرپەل و بنپەلەوە بەو دەستوورەی لە چڵەکەن کردەوە، هێنانەوە ماڵێ، پێنەوە کرد هەمووی

ئاوا تا جوان ئیشک بوو، جا هەموون لە ژوورێ دەنا. ئەوجار حەمبال هات، تووتنەکەی هێنا، دەستی کرد بە ڕشاندنی. داو بە داو دایگرتە سندووق، جەمعی تووتنەکە بوو بە دە فەردە.

## قازانج

٣٨٨. ئەمن و باوۆمەر دە پاییزێدا چووین بۆ سەفەرێ ڕسق و ئەوانە بکڕین، چل فەردە تووتن کڕی. لە مازووچنان دە بار مازوون کڕی کە عیبارەتە لە چل پووت مازوو، بەڵان تووتنەکەن زەرەرێکی زۆری کرد. فەحسی ئەوساڵ باش نەبوو. ئەمە لە مازووەکەی (مازۆکەی) قازانجێکی باشن بوو، زەرەری تووتنەکەی پڕ کردەوە.

٣٨٩. ئێستێ ئەمن و باوۆمەر گوتن، "با بچین حەیوانی دۆی، یەعنی حەیوانی زاو، بکڕین. ئەورۆ بەهارە، حەیوانی زاو بە کار دێ، بۆ دۆی قیمەتی دەکا." چووین، پەنجا سەرن حەیوانی زاو کڕی، سی سەریان بزن بوون، بیست سەریشیان مەڕ بوون، فەقەت مەڕەکان دە سەریان دوو بەرخیان هەبوو. بە واسیتەی یەکی دوو بەرخیان هەبوو قیمەتێکی چاکیان کرد. لە بزنەکانیش بیست سەرمان فرۆشتەوە، دە سەرن بزن بۆ مایەوە لە قازانجێ. ئەوانیشن هەر یەکێ پێنج سەر بۆ دۆی ماڵێ خۆن هێشتنەوە، چونکی لەسەر قازانجێ مابوونەوە.

٣٩٠. کابرایەک چوو بۆ کن ئاسنگەرێکی، ئاسنێکی بە دەستەوە بوو، گوتی، ''وەستا، ئەو ئاسنە بۆم باریک بکە و ڕایکێشە،'' هەتا ئاسنەکەی بە مار و دوو هێنا، باریکی کرد و پێی ڕاکێشا. ئاخر گوتی، ''ئەو سەرە ئەستوورەکەم بۆ پان کە.'' دوا گوتی، ''کونێکیشی تێ بکە لێرە.'' ئەوجار ئاسنەکەی پێ کرد بە سووژن. ئاسنگەرەکە خۆی حاڵی نەبووبوو ئەگەر چی پێ دروست دەکا.

٣٩١. ئەگەر تەواوی کرد کردوویە بە سووژن. ئاسنگەرەکەی پێی گوت، ''ئەتۆ ئەگەر سووژنەکەت بە من دروست دەکرد بۆ لە پێشدا پێت نەدەگوتم، "سووژنێکم بۆ دروست بکە؟" ئەتۆ بە دزی ئەو سووژنەیە بە منت تەواو کرد. ئەگەر لە پێشدا بە منت بگوتبا، "سووژنەکەم بۆ دروست بکە،" سنعەتی خۆم ئاسانترم دەزانی و زووترم تەواو دەکرد.''

٣٩٢. لە شاری سولْتان مەحموودیدا کوڕە توجارێک هەبوو، مەلیکوتوجاری شاری غەزنەی بوو. ئەو کوڕە دەگەڕا لە شاریدا. شەوێکی سولْتان مەحموود و هەیاسی خاس و حەسەن مەمەندی لە پێش دەرکەی حەسەن مەمەندیدا تووشی ئەو کوڕەی بوون، پێیان گوت، ''ئەتوو بە شەو بۆ دەگەڕێی لە شاریدا؟ بە دز و پیاوخراپت تێ دەگەین.'' گوتی، ''ئەمن کوڕی مەلیکوتوجاری ئەو شارەم، کاری خراپ ناکەم.''

٣٩٣. سولْتان مەحموود پێی گوت، ''کەفیلێکم بدەیێ (بدەیە) هەتا بەرەڵدات بکەم ئەوشەو، دەنا سبەینێ ڕۆژ ببێتەوە ییعدامت دەکەم.'' کوڕە دەگەڵی ڕۆییشت، گوتی، ''بابم کەفیلیم دەکا.'' ئەگەر چوون بۆ کن بابی کەفالەتی نەکرد، عاشای لێ کرد، گوتی، ''ئەو کوڕی من نییە. چیی لێ دەکەن کەیفی خۆوە.'' هەوجار کوڕەکە گوتی، ''بمبەن بۆ کن برایەکەم، ئەو کەفیلیم دەکات.'' برایەکەشی گوتی، ''ئەمن کەفیلییێی ناکەم. بۆچی دە شەوێدا دەگەڕێت و دەسووڕێتەوە لە شاریدا؟''

٣٩٤. ئەوجار کوڕەکە برادەرێکی هەبوو، ئەو برادەرەی نێوی فەقێ محەممەد بوو، زۆر فەقیریش بوو. گوتی، ''بمبەن بۆ کن وی، ئەو کەفالەتێم دەکا.'' ڕۆییشتن دەگەڵی بۆ کن ماڵێ فەقێ محەممەدی، بانگی فەقێ محەممەدیان کرد، گوتیان، ''ئەتوو کەفیلیێ ئەحمەدی کوڕی مەلیکوتوجاری دەکەی؟ سبەینێ سولْتان مەحموود

دەیەوێتەوە.'' فەقی محەممەد گوتی، ''بەڵێ، ئەمن کەفیلیی دەکەم. سبەینێ کە دایرەی سوڵتان مەحموودی دانرا ئەمن بۆ خۆم و ئەحمەدی کوڕی مەلیکوتوجارێ دێنم بۆ خزمەت سوڵتان مەحموودی.

٣٩٥. ئەوجار فەقێ محەممەد زۆر دڵخۆشیی ئەحمەدی دایەوە، پێی گوت، ''حاجز مەبە، سوڵتان مەحموود هەتا ئەمن نەکووژی ناتوانی هیچ بە تۆ بڵێ.'' خزمەتێکی زۆری کرد ئەوێ شەوێ وە سبەینێ کە ڕۆژ بووەوە فەقی محەممەد ئەحمەدی کوڕی مەلیکوتوجاری لەگەڵ خۆی برد بۆ کن سوڵتان مەحموودی. سوڵتان مەحموودی ئەو کوڕەی ئەگەر گرتبووی، لەبەر دەرکەی حەسەن مەمەندیدا گرتبووی، چونکی حەزی لە کچێ حەسەن مەمەندی دەکرد. حەسەن مەمەندیش وەزیری پاڵشای بوو.

٣٩٦. سوڵتان مەحموود دەیویست کە لە سەری ئەو کوڕەی بدا. چونکی فەقێ محەممەد لەگەڵی چوو، بۆ خۆی بردی و تەسلیمی سوڵتان مەحموودی کرد، سوڵتان مەحموود بە فەقێ محەممەدی گوت، ''ئەی فەقێ محەممەد، چونکی ئەتۆ کەفالەتیت کرد، لەگەڵ خۆشت هێنا بۆ ئێرە، نە بابی خۆی و نە برای خۆی نەیانتوانی کەفالەتێی بکەن، ئەوا عەفووم کرد بۆ خاتری تۆ. کچێ حەسەن مەمەندیش دامە بە ئەحمەدی بۆ خاتری تۆ. عەفووشم کرد و لێی خۆش بووم.'' وەسسەلام

## سوڵتان سەلیم

٣٩٧. سوڵتان سەلیم هەبوو، ئەو سوڵتان سەلیمە خەلیفەی ئیسلامێ بوو، ساعیب کەشف و کەرامەت بوو. هەموو وەختێکی لە مەملەکەتی ویدا هەرچییەکی بکرابا ئاگاداری بوو. لە هەرچ مەملەکەتی زوڵم لە ژێر مەعیەتی ویدا بکرابا دەیزانی، فەورەن بۆ خۆی دەچوو بۆ ئەو جێگەی، دەفحی ئەو زوڵمەی دەکرد. لە زەمانی ویدا کەس نەیدەتوانی غەدرێ لە کەس بکا. یا کەس نەیدەتوانی دزیێ بکا چونکی سوڵتان سەلیم ئاگادار بوو.

٣٩٨. والیی بەغدایێ (بەغدایە) کە لە مەعیەتی سوڵتان سەلیمیدا بوو، کوماندارێکی هەبوو، ژنێکی هەبوو ئەو کوماندارەی، والیی بەغدایێ حەزی لەو ژنەی دەکرد، عەشقی بووبوو. بۆ خاتری ژنەکەی کوماندارەکەی کوشت هەتا ژنەکەی بۆی ببێ، وە دەستی خۆی بکەوی. ژنەکەش جوابی والیی نەدایەوە. والی زۆری حەول لەگەڵ دا کە ئەو ژنە مێردی پێ بکاتەوە. ژنەکە وجوودی والیی بە هیچ نەدەزانی، جوابی نەدەدایەوە.

٣٩٩. والی بە ژنەکەی دەگوت، "ئەگەر بە خۆشی نەیێی ئەسکەری دەنێرم، بە زۆر ڕاتکێشن، بتهێنن بۆ ماڵێ من." ژنەکەش پێی دەگوت، "هەتا سوڵتان سەلیم بمێنیت، ئەتۆ من ناتوانی بە زۆرم بەری بۆ خۆت." سوڵتان سەلیمیش لەو قسانە ئاگادار بوو، ڕۆژێکی بە وەزیرێکی خۆی گوت، "با بڕۆین بۆ بەغدایێ."

٤٠٠. له ئەستەمبوڵێوە سوڵتان سەلیم بە موددەیەکی کەم هاتە بەغدایێ، لیباسی دەروێشیێ دە بەریان کردبوو بۆ خاتری ئەوەی کەس نەیانناسی، ئەوێ ڕۆژێ سوڵتان سەلیم چوو، میوانی ژنەکەی بوو. لە دەرگایان دا، کوڕێکی هەبوو ژنەکە، کوڕە چوکەلە هات بۆ پشت دەرکەی، لێی پرسین، "کێیە لە دەرکەی دەدا؟" سوڵتان سەلیم گوتی، "دەروێشین، غەریبین لەوی شارەی، کەس ناناسین. میوانین، هاتووین ئەوشەو ڕانبگرن." کوڕەکە گوتی، "با بچمەوە بە داکێم بڵێم."

٤٠١. کوڕەکە چوو بۆ کن داکی، پێی گوت، "دوو دەروێش، غەریبن، دەڵێن، "غەریبین، کەس ناناسین، ئەوشەو جێن بکەنەوە."" ژنەکەش بە کوڕەکەی خۆی گوت، "هەڕۆ، بانگیان کە، با بێن بۆ ژووری. لە هۆدەی بابیتان جێیان بۆ چاک بکە." نان و تەعام، خواردمەنی بۆی ناردن، خزمەتێکی زۆر باشی کرد.

٤٠٢. سەعات سێی شەوێ والی باشچاوەشێکی نارد دەگەڵ دە نەفەران ئەگەر بە حوکم ئەو ژنەی بۆ بەرن. باشچاوەش لە دەرکەی ئەو ژنەی دا، گوتی، "وەرە دەرەوە، دەنا بە حوکم دەتبەم بۆ والی." ژنەکەش پێی گوت، بە باشچاوەشی، "هەتا سوڵتان سەلیم بمێنی ئەتوو ناتوانی ئەمن بە حوکم بەری بۆ والی. ئەتووش و والیش غەڵەتوو کرد." باشچاوەشەکە ڕقی هەڵستاند لە ژنەکەی و پیلیان گرت و بە حوکم ببیبەن بۆ والی.

٤٠٣. ژنەکە گوتی، "سوڵتان سەلیم لە کوێی، ماڵخراپ، بۆ لە هاواری من نایێی؟" سوڵتان سەلیم لە جێی خۆی هەڵستا، لیباسی دەروێشیی فڕێ دا، بانگی باشچاوەشی کرد، بە باشچاوەشی گوت، "مردووت مرێ، نازانی ئەمە سوڵتان سەلیمم، ئەمن ئەوە لێرەم؟ چۆن

دەتوانی ئەو ژنە بە زۆر بەری، بیبەی بۆ والی؟" ئیمزایەکی خۆی نویسی، بۆ والیی نارد،

٤٠٤. والی ئەوی شەوێ دلی تۆقی لە ترسی دە سولّتان سەلیمی، چوونکی نەیدەزانی چۆنی دەکووژیت --- ییعدامی دەکات یان دەیکاتە نیشانەی تفەنگان، مزی دەتوێنیتەوە، دە گەروێی دەکا. ژنەکە هە وای دەزانی ئەوە سولّتان سەلیمە، ئەو دەروێشە کە میوانیەتی، خۆی دە ژێر پێی دە سولّتان سەلیم هاویت، پێی گوت، "بە قوربانت بم، ئەی سولّتان سەلیم، بۆ وا درەنگ لە هاواری من هاتی؟ چوونکە ئەتوو هەموو وەختێ ئاگاداری، دەبوو زووتر لە هاواری من هاتبای."

٤٠٥. سبعەینێ ئەگەر ڕۆژ بووەوە سولّتان سەلیم چوو بۆ دایرەی والی. کە چوو والی نەمابوو، مردبوو. ئەمری کرد، سولّتان سەلیم، بە هەموو ئەسکەر و کوماندارێکی بەغدایێ، ڕێزی کردن و سەفی پێ کێشان. ئەوێ ڕۆژێ سولّتان چل کوماندار هەلّبژارد، ئەوانەی ئیعدام کردن چوونکی ئەوانە غەیان بوون. باقی چەند نەفەرێکی کە وا عەسکەر بوون ڕووتبەی کومانداریێی دانێ.

٤٠٦. والی لە بەغدایێ دانیایەوە، پێی گوت، "ئەی والی، غەیانەتیێ نەکەی دەگەلّ میلەتی، دەنا ئەتووش هەر وەکوو ئەو والیی دیکە ییعدام دەکەم و دەتکووژم." ئەوجار سولّتان سەلیم گەڕایەوە بۆ جێگەی خۆی وەکوو ئەستانبوولّ بێ. ئەو سولّتانە عەدالەتی ئاوا بوو. وەسسەلام.

## چلویەک قەتڵ

٤٠٧. کابرایەک بوو، نێوی فەقێ ئەحمەد (فەقێحمەد) بوو، پیاوی هەبوون، چوو سەفەری بکا بە کاروانی. لە ڕێ گەییە زییەڵێنێکی. بۆ خۆ خوێندەوار بوو، تەماشای کرد، کاژێلەسەرێک کەوتبوو لە عەرزێ، چلویەک قەتڵ لە نێوچەوانی ئەو کاژێلەسەرەی نووسرابوو. گوتی، ''ئەو کاژێلەسەرەی دەیبەمەوە بۆ ماڵێ خۆم، ئەو چلویەک قەتڵە نایێلم (نایەڵم) بکا.'' بردییەوە، لە ماڵێ وردی هێڕییەوە، دە پەڕۆیەکی بەست، دە بن نیرگەی خانووی قایم کرد.

٤٠٨. جا خوشکێکی هەبوو، ئەو فەقێ ئەحمەدەی. ڕۆژێکی خوشکەکەی ڕانکوچۆخەی بۆ ڕایەڵ دەکرد، ئەسرێلکی وە دەست نەکەوت. گەڕا، ئەو کاژێلەسەرەی کە برایەکەی هێنابوویەوە، لەسەر نیرگەی خانووی دانابوو، هێنای، ئەزمانی کردە ئەو دەرمانەی، لە هوێڕا حەملی هەڵگرتبوو، منداڵی وە زگی کەوت. فەقێ ئەحمەد حاجز بوو لە خوشکەکەی کە وا زگی پڕە، گوتی، ''دەتخنکێنم.'' گوتی، ''سەبرێکم لێ بگرە تا قسەی خۆمت بۆ بەیان بکەم، ئەو زگەم لە چییەوە بووە.''

٤٠٩. جا گوتی، ''لە بنیادەمانت گرتووە.'' ئەویش گوتی، ''لەو دەرمانەی کە تۆ هێناوتەتەوە – لەسەر نیرگەی خانووی بووە، ئەمن هێناومە ئەزمانم کردۆتێ بزانم ئەوە ئەسرێلکە یانە هەو نییە. ئەو زگەم لەو دەرمانەیەوە پەیدا بووە، لە هیچ کەسم نەگرتووە. ئەلعان هەر کچم،

خۆم تەسلیم بە کەس نەکردووە.'' فەقێ ئەحمەد ئەزمانی خۆی گەست، گوتی، ''خوشکێ، ئەگەر ئەو منداڵە بە زاریت هەڵگرتبوو لەو دەرمانەیەوە ناتخنکێنم. ئەگەر بە ئەدەبێ هەڵتگرتبێ، لە ئەوەیە پیاو جماحیان لەگەڵ کردووی، دەتکوژم. دە زاریش هەڵتگرتبوو حەفوو بە، غانەتیت نەبووە.''

٤١٠. ژنەکە هێلنجی هات، منداڵەکەی بە زاری بوو، مەعلووم بوو کە خوشکەکەی پاکە. کوڕەکەی ئەو کچە گەورە بوو. وەزیرێکی عاقڵمەند بوو، یەعنی کەرامەتدار بوو، تەماعی کوڕە چووکەلەی کرد، گوتی، ''دەبێ ئەو کوڕە چووکەلەی بکرم.'' کڕیی. کچێکی هەبوو ئەو وەزیرەی. بردیەوە بۆ ماڵێ، ئەو کوڕە چووکەلە، بە کچەکەی گوت، ''بە قەراری حەوت ڕۆژی دی سەری ئەو کوڕە چووکەلە ببڕە، جەرگ و سییان دەرییێنە، بۆم ببرژێنە، بۆم بنێ دەنێو بالۆلێک نان، بۆم بێنە.''

٤١١. جا حەوت ڕۆژە تەواو بوو، کچەکەی گوتی، ''ئەو منداڵە چووکەلەی بە بێ گوناح بۆ بیکوژم؟ چ خولا هەڵیناگری من ئەو کوڕە چووکەلەی بیکوژمەوە.'' کوڕەکە گوتی، ''هەڕۆ، دێڵەسەیەک ترەکیوە، تووتکەسەیەکی ڕەشی چوارچاوی لە بەرە، بییەنە، بیکوژەوە لەجیاتیی من.'' تووتکەڕەشەکەی هێنا، کوشتییەوە، جەرگ و سیی دەرهێنان، بژارتنی [برژاندنی]، بۆ بابی برد، دەرخواردی بابی دەدا. بابەکە بە کچەکەی گوت، ''ئەوە جەرگ و سیی دەو کوڕەیە بۆت هێناوم؟'' گوتی، ''بەڵێ.'' لێی وەرگرت و خواردی. سەعاتەن گێژ بوو، کەوتە کێوان، خۆی هەڵداشت، مرد، فەوتا. ئەوە قەتڵێک بوو.

٤١٢. کوڕە چووکەلە بوو بە وەزیر، کچێ ئەو وەزیرەی مارە کرد. پاشاکەی وی خەونی دی، لە دوو ئەو کوڕەی نارد کە وەزیریەتی، گوتی،

''ئەی وەزیری من، خەونێکی عەجایبم دیوە. ئەمن ئەو چل خزمەتکارەی خۆم بەلەکیان دەگرتم.'' وەزیرەکە پێی گوت، ''ئەی پاشا، شەوێ ئەمن مەعنای ئەو خەونەت پێ دەڵێم.'' پاشا وەختێکی چووەوە بۆ ماڵێ خۆی وەزیرەکەی لەگەڵ خۆی بردەوە. ئەو لە جێگایەکی خۆی پەنا دا. وەزیرەکە بە پاشای گوت، ''مەنوو، خۆت مات کە، ژنەکەت دەڕوا.''

٤١٣. ئەو پاشایە، وەختێکی ژنەکەی ڕۆیشت بۆ کن ئەو چل خزمەتکارەی کە لە هۆدەیەکی بوون، بە هەر چلیان دەیانگا. ئینجا پاشا دەگەڵ وەزیرەکەی چوون بۆ ژوورێ، وەزیرەکە هەر چلی کوشت. وەزیر بە پاشای گوت، ''ئەمن ژنێ تۆ ناکوژم، بۆ خۆت دەیکوژی، نایکوژی، کەیفی خۆتە.'' پاشاش شیرەکەی لە وەزیری وەرگرت، ژنەکەی پێی پارچە پارچە کرد. پاشا زۆر مەمنوونی وەزیر بوو. وەسسەلام.

## ٤
## ئەربیل، خۆشناو و ڕەواندز

دوو تێکستی یەکەمینی ئەم تێکستانە لە ئەربیل [بە کوردی هەولێر] خۆی تۆمار کراون. شاری هەولێر، وا ناسراوە کە کۆنترین شاری ئاوەدانی دنیایە، خەڵکێکی تێکەڵاوی هەیە، بە گشتی کورد و تورک، و وا دیار بوو کە جێگەیەکی یەکجار کۆسمۆپۆلیتە بۆ لێکۆڵینەوەی دیالێکت. ئەو ئاخێوەرانەی بۆ تۆمارکردن ڕازی کران، لە بنەڕەتدا خەڵکی شار نەبوون، ئەگەرچی لەو کاتەدا لەوێ دەژیان و لە خوێندنگە گەورەکەی دواناوەندی وەک چاودێر کاریان دەکرد.

یەکەمیان عومەر سولەیمان بوو، گەردییەکی ٢٥ ساڵانی خەڵکی گەزنە، کە حەوت میل لە باکووری شارەکەوەیە. دیالێکتەکەی تا ڕادەیەکی باش خاوێن بوو، بەڵام ئەم تێکستە بێگومان ژمارەیەک شێوەی سولەیمانییەی تێدان، بۆ نموونە:

ئەربیل: ٤١٥، هەر سان (هەر ستان ڕاستتر بوو)

٤٢٣ کردووە (کردییە ڕاستتر بوو)

٤٢٩ پێوان (پیوان ڕاستتر بوو)

٤٣٧ فەوتێنم (فەوتینم ڕاستتر بوو)

ناکرێ بگوترێ کە چیرۆکی "یسف و زلەخا"کەی نموونەی ڕێکوپێکییە. من هەوڵم داوە وای لێ بکەم زیاتر بۆ لێتێگەیشتن بشێت،

بەوەی کە جێگۆڕکێ بە بڕگەی (ئەربیل: ٤١٩) بکەم، کە لە ڕاستیدا دوای ٤٢٣ گوترابوو، بەڵام دیسانیش زەحمەتی هەر هەن.

ئاخێوەری دووەم، بەکر عومەر، پیاوێک بوو نزیکەی ٤٠ ساڵان. لە بنەچەدا خەڵکی گوندی شیرەی خۆشناو بوو، کە پانزدە میل لە خوارووی ڕەواندزەوەیە، نزیکەی دوانزدە ساڵ بوو لە ئەربیل دەژیا، بەڵام هێشتایش ساڵانە سەری زێدی کۆنی خۆی دەدایەوە. لە کاتی تۆمارکردنی چیرۆکی "یووسف"دا ئەو ئامادە بوو، ئەمەیش دیار بوو سەلیقەی ئەوی گەشاندەوە، ئەگەرچی چیرۆکی شێرزاد خانەکەی لە چیرۆکی ئەرسەلان دەچێت (بە شێوەی بنگرد تۆمار کراوە).

لە سەرەتای چیرۆکەکەدا ناوی براکانی بە تەواوی تێکەڵوپێکەڵ کرد – شێرزاد خان هەم وەک شێرەوی و هەمیش وەک سولتان ئەزیەر دەردەکەوێت، جیهانشێریش دیسان وەک سولتان ئەزیەر – لەبەر ئەوە منیش ناوەکانم لە تێکستەکەدا ڕێک خستنەوە.

دوایین چیرۆکی گرۆیەکە لە ڕەواندز تۆمار کرا، لە دیوانخانە قەڵەباڵغەکەی موستەفا ئاغادا. چیرۆکبێژەکە فەتتاح خەلیفە عەبدوڵڵا، پسپۆر و شارەزایەکی درێژدادڕ (زۆربڵێ)ی پەنجا ساڵان بوو. سەرەتای ئەم چیرۆکە چۆن ون بوو، ئەوە پێشتر باس کراوە (لە پێشەکییەکەدا).

٤١٤. ڕۆژەک پاشـایەک خـەونـەکی دیت – کـوڕەکـەی خـەونـەکی دیت، خـەونەکەی لۆ باوکی خـۆی گێڕاوە. بابی گـۆتی، ''ئەو خـەونەی ئەوجـارە گێڕاتەوە لە بۆ من جـارەکی کـە مـەگێڕەوە.'' ئەو خـەونە وەها بوو، ڕۆژ هـات، لەو قـۆرەی دەرچوو، لە قـۆرەی ڕاسـتـەی دەرهـات. لەو خـەونـەی بۆ باوکی – تـکراری لۆ وەی کـردەوە، گـۆتی، ''ئەو خـەونە، خـەونەکـە زۆر باشـە. ئەتوو لە ڕۆژەک دەبییە زاتەکی زۆر گەورە.''

٤١٥. ئەو برانەی، برای ئەو کوڕەی، برایەکانی هـەرسـان، ڕۆژەک بە بابیـان گـۆت، گـۆتیـان، ''بابە، ئـەمـە برای خـۆمـان دەبـەینە ڕاوێ.'' بابی گـۆتی، ''نـە، کـوڕم، براتان گـچکـەیە. هێـشـتـا مـەیبـەنـە ڕاوێ.'' ئەوانە هـەرامـەی لەگەر بابیـان کرد، ئەحلالیـان کرد لەگـەر بابیـان، هـەرسـتـان، برایەکەیان بردە ڕاوێ.

٤١٦. لەپاشـدان بیرەک هـەبوو، برایەکەیان ئـێخـستـە ناو ئەو بیـرەی. هـەرسـتـان، جلکی برایەکەیان لە بەر کردەوە، چوون، لە خینی گورگیان وەردا، بردیانەوە لۆ بابیـان، گـۆتیـان، ''ئەوە گـورگ خـواردیتی لە ڕاوێ. ئەمە مامزەکەمان قیت کردەوە، چووینە دوو مامزەکەی، برامان لە پاش بە جێ ما، گـورگ خواردی.'' ئەوانە هـەرسـتـان، باوکی گـازی کرد، چەند پاشـای گـورگـان هـەیە، گـورگ خـڕ بوونەوە، بە زمـانـی گـورگـان، گـورگ ئیقراریان کرد، گـۆتیان، ''ئەمە نەمانخـواردیە.''

٤١٧. ئەو برایانە گەڕانەوە لەپاشدان لۆ جێیەکە کە هـاویشـتیانە ئەو

بیـرەی، هەر ئـەو جـێـیـە هاویشــتـیـانـە ناو بیـرێ، چوونەوە، دەبینن کاروانەک هـاتیـە، ئەو کـاروانە دۆلکیـان هـاویشــتـە ناو ئەو بـیـرەی، ئەو کـــوڕە لەگـــەر ئـەو کـــاروانە هـاتە دەرێ. بـرایەکـــانی لـەولاوە هاتـنەوە، گـۆتیـان، "بابە، ئەو عـەبدەکەمـانە، لێرە بـە جی مـایە، عـەبدی مـەیە، بماندەرەوە." ئەحــلالی کــرد، توجــارەکـــە، هەرســتــا بـە چەند دینـار، تەقریبەن بە سـەد دیناری ئەو کوڕەی لێیـان کڕی، کوڕەکەی بردەوە لە بۆ میسر.

٤١٨. پاشای میسر، هەر کە عەزیزی میسرێ بوو – بە دیاریی لە بۆ عەزیزی میسرێ برد. عەزیزی میسرێ چ کوڕی نەبوو، بێکوڕ بوو. ئەو کوڕە ناوی یسف بوو، زۆر زاتەکی زەریف بوو. بێغایەت ئەوە لە ماری ما، لە ماری عەزیزی میسرێ ما تەقریبەن موددەتەک عەفت ساران. لە پاشـان ژنی عـەزیزی (عەیزی) میسـرێ، هـەر کە ژنی بوو، لە کنی بوو، عەزی لەو کوڕەی کرد. ئەو کوڕە هەرستا، ئەحلالی کرد، گۆتی، "ئەمن ئیـشـی وەهـا تەعـەروزت ناکـەم." چەندی ئەحـلالی لێ کـرد تەعـەروزی نەکرد.

٤١٩. ژنە هەرسـتا، هـۆدەیەکی کرد جامـخانە، چەند یانی شـووشـە هـەیە، بنی، سـەری و ئەترافی، هەمووی شـووشـە بوو. هەرسـتا، گازی کـرد ئەو کـوڕە، گـۆتی، "وەرە، توو قـاوەچی مـەی. وەرە، چ قـاوەکم لۆ بینە." ئـەو کوڕە هەرسـتـا، قـاوەکی لۆ برد، تەمـەشـای کـرد ئەو ژنەش خۆی ڕووت کردەوە، هیچ لە بەردا نییـە، تەمەشای دەکاتن، دەبینی ئەو ژنە هـەمــووی قـــالبی لـە دەرێیــە. چـاوی خـۆی گــرت، هـەرامـــەکـەی، مــەســـینـەی قـاوەی گــرت و تێی هـەردا. چووە خـوارێ، لـە دوو چووە خوارێ، ژنە توند پشتملی یسفی گرت، لە پشترا ڕایکێشا، نەحەلەکی

لێ دا، گۆتی، "ئەوە قاوەچیی منە، هەرچی تەعەروزی من ببیتن، هاتیە تەعەروزی من بی."

٤٢٠. لە پاشدان عەزیزی میسرێ پێی زانی، ئەو کوڕەی هاویشتە زیندانێ، عەفت ساران. لەناو ئەو زیندانەی دوو سێیەکی دکە هەبوون، یەکیان جوو بوو، دوو ئیسلامی دکەش بوون، بەوێڕا چوونە ئەو زیندانەی، مان عەفت ساران. لە پاشان ئەو کوڕە یسف خەونەکی دیت، ئەو خەونەی لۆ ئەو دەهرامەکە، لۆ جووەکەی (جۆکەی) گێڕاوە، خەونەکەی لۆ جووەکەی گێڕاوە. لە پاشدان جووەکە لە زیندانێ دەرچوو، یسف لە زیندانێ ما. هەرستا، لۆ عەزیزی میسرێ تەقریری کردەوە. عەزیزی میسرێ چی دەو کوڕە لە فکری نەمایە کە هاویشتییە ناو زیندانێ.

٤٢١. لە پاشدان ڕۆژەک ئەو جووەکەیە کە دەرچوو لە زیندانێ گۆتی، "بە خوای، ئەو یسف لە زیندانێ چاکەکەی لە بۆ من کردییە، لازمە دەرهەقی ئەو چاکەیەی ئەمن جێبەجێی کەم ئیشەکەی." عەزیزی میسرێ ڕۆژەک خەونی دیت، ئەو خەونەی، چەند دنیا هەیە گازی کرد، نەیانتانی خەونەی تکرار بکەنەوە. جووەکە هەرستا، گۆتی، "بابە، شەخسەک هەیە، بە شەرت لەناو زیندانێ دەریبین ئەو خەونەی عاندە دەزانی چ خەونەکە."

٤٢٢. ئەوجا هەرستا عەزیزی میسرێ، چوو، دەرکەی زندانی کردەوە، تەمەشای کرد، یسفی هینایە دەرێ، گۆتی، "وەرە، ئەتوو ئەگەر ئەو خەونەی منت زانی حەفووت دەکەم لە زندانێ، ئەگەر ئەو خەونەی منیشت نەزانی ئەوجار ئیحدامت دەکەم." کوڕە کە هەرستا خەونەکەی خۆی لە بۆ گێڕاوە، لەو خەونەیدا، یانی ئاخر دەرەجە،

عەفت ساران گرانی دەبوو. لە پاشدان لە خەونەکەی هەرستا کوڕەکەی یسف گۆتی، ''ئەمن دەربینە، عەفت ساران ئەمن چەند ئەمـلاکی دنیا هەیە، واردات و تێکەولێکە هەیە، ئەمن هەمووی خـڕ دەکەمـەوە.'' ئەوە هەمووی خڕ کردەوە.

٤٢٣. لە پاشدان عەزیزی میسرێ بەسەردا مرد. ئەو کوڕە لە جێی عەزیزی میسرێ دانیشت، تەمەشای کرد، ئەو زلەخایە کە ژنی عەزیزی میسرێ بوو، ئەو کوڕە یسف، زۆر عەشقی بوو، ئاخر دەرەجە عەشقی بوو. هێشتان هەرامە نەبوو، دەیویست تەعەروزی بکاتن، هەر کە بە ئیشی خراپە. ئەو کوڕە، چونکە کوڕەکی زۆر لایقەکی زەریف بوو، هەر کە لە دری خۆی وەها بوو، یانی خودا ئەوەی کردووە کە ئەو شەخسە دەبتە پێغەمبەر – ڕۆژەک هەرستا، ژنە تەعەروزی بوو. بەینەکی پێ چوو، لە پاشدان ئەو کوڕە هیچ نەیدەویست تەعەروزی بکا.

٤٢٤. لە پاشدان هەرستا، وەلعال بەینەکی پێ چوو، کوڕە عەشقی زلەخای بوو. کوڕە تێفکری، عەشقی بوو، چوونکە خودا وای کرد و ئەوانە هەردووک پێکوە شاد ببن. کوڕە هەرستا، عەشقی بوو، زلەخا خۆی داوە پاش، ڕووی نەدایێ. کوڕە مەراقی کرد، بەینەکی پێ چوو، ویستی هەر کە قسەی لەگەر بکا، گفتی لەگەر بکا، هیچ ئیستیفادەی لێ نەکرد. هەرستا، ڕۆژەک چوو، ناردی – چەند شەخسان هاتن، ناردیانە ئەو دوو، پیرەژنەی هات کە داخوازی بکاتن، مێردی پێ نەکرد.

٤٢٥. ڕۆژەک هەرستا، یسف، چووە ڕاوێ لەگەر سێ وەزیل [وەزیر] و خۆی لەگەریدا بوون، چووە ڕاوێ، دقەتی کرد، ئەو زلەخایە لە پەنای دارێکی ڕاوەستایە، تەمەشایان دەکاتن. لە بۆ یسف چوو. هەردووکیان

عەمریان تەقریبەن گەیشتبووە چل ساری، هێشتان کە نە ئەو مێردی کردبوو، نە ئەو ژنی هینابوو. تەمەشای کرد لۆ یەک چوون، لەگەر یەک شاد بوون.

٤٢٦. لەوێندەر دوعایەکیان کرد، گۆتیان، "یا ڕەببی خودا، ئەگەر ئەتوو بکەی عومری مە بێخییەوە سەر یەکەکی دکە چاردە ساری." لەو عاندەی خودا ڕەعمی پێ کردن، عومری وانە بووە – هەر یەک عومریان بووە (بۆ) چاردە ساری. هەرستان، هاتنەوە قەسرێ. لە قەسرێ عەف شەو و عەف ڕۆژ دۆر و زوڕنایان لە بۆ وانە لێ دا، کەیف و سەیف لە بۆ وانە کرا. بووە پاشای میسر، هەر کە ناوی عەزرەتی یسفە، لە میسر عوکم عەدالەتەکی دانا.

٤٢٧. گرانییەکی (گرانێکی) بەسەردا هات، ئەو شەخسە هەرستا، چەند ئەملاک و فەلاع و تێکەولێکە هەیە ئەوانەی هەموو گاز کرد، عەموو گەنمەکە و جۆ و ئەوانەی هەموو لێ ستاندن، لە عەمباری کرد. لە پاشدان لە عەمباری کرد ئەوە گرانی بەسەردا هات، وەکوو چەند دنیا هەیە هەمووی دەهات لە کن ئەوانە، بە پارە ئەو دەغڵەی دەفرۆشتنێ.

٤٢٨. لە پاشدان ئەوانە، برای وەی، ماری هەبوو، هەر کە یسفییە، فەقیر بوون، ڕووت بوون، چییان نەما، خواردنیان نەما، ئەوە هەرستا برایەکانی، گۆتیان، "بابە، پاشایەک هەیە لە میسر، دەغلی دەفرۆشتە مللەت بە پارە، بە نیوەقیمەت." هەرستا، برایەکانی چوون، تەمەشایان کرد، هەر کە ئەوە، ئەو کابرایە گەنمی دەفرۆشتن، چوو، لە پێش دەرکەی وەی ئێخستیان.

٤٢٩. ئەو یسفە برایەکانی ناسی، دوو برایەکانی ناسی، ئەو دوو

برایە، یەکی زڕ بوو، دوو برایەکانیش ئیی خۆی بوون. هەرستا، تەمەشای کرد، برایەکانی خۆی ناسییەوە. ئەو یسفیش برایەکی کە گچکۆکە هەبوو، برایەکەشی لەگەریان هاتبوو. گۆتی، ''ئەنگۆ وەکی گەنمی لەوانە تێ دەکەن ئەو عەیارەکەی – هەر کە تشتی پێ دەپێون، گەنم – ئەنگۆ عەیارەکەی باوێ لە ناو جوواری ئەو برایەکەی گچکە.'' ئەوانیش هەرستان، عەیارەکەیان هاویشتە ناو جووارەکەی. سبەینێ کە باریان کرد، ئەوانە بڕۆن، گازیان کرد، گۆتیان، ''وەرە، ئەتوو ئەو ڕبەت دزی، ڕبەی جۆی.''

٤٣٠. ''ئەی بابە، ئەمن نەمدزییە.'' گۆتیان، ''بەرێ وەڵلا، ئەتوو ڕبەی جۆت دزییە.'' دوو برایەکەی دکە لەگەری زڕ بوون، گۆتیان، ''ئەمە دەڕۆین، با بمینێتن.'' هەرسان، ئەوانە دەڕۆیشتن، هەتا نیوەڕێ دەگەڕانەوە. نازانن کە ئەو (کەو) برایەکەیان، ئەو دوو برایەکە، ئەوەیان هاویشتە ناو بیرێ – ئەو قسە قسەکە – بوویتە پاشای میسر، ئەوەی نازانن. هەرستان، لێیان دا، جارێ ڕۆیشتن، چوون لۆ کن بابیان، گۆتیان، ''بابە، وەڵلا، لەوێندەر برامان ڕبەکی جۆی دزیبوو، ڕبەکە زێڕ بوو، دزی بووی. لەوێندەر پاشای میسر ئەو کوڕەی گرت، گێڕایەوە.''

٤٣١. ئەویش هەرستا، دەرپێی خۆی، لەگەر کوتەکی، پاشای میسر، هاویشتە ناو جەووارەکەی ماری بابی. بابی لەوێندەر هێواش هێواش دەچوو. باب و دایکی هەردوو چاویان کۆرە بوو لە عەزمەتی ئەو کوڕە، هەر کە یسف، هاویشتیانە ناو بیرێ. لە پاشدان خودا ڕەعمی پێ کرد، بووە پاشای میسر، هەرستا، ئەوانە چاویان ڕۆن دەبووەوە، چاویان دەکراوە. هەتا داخلی مارێ بوو، ئەوانە چاویان کراوە. هەرستا، گۆتی، ''کوڕم، کانی براتان؟'' گۆتی، ''وەڵلا، بابم، برامان

لەوێندەر پاشای میسر گێڕایەوە.''

٤٣٢. لە پاشدان ئەوان هەرستان. بابەکەی تێگەیشت کە ئەو کوڕی ویە، یسف، لە میسر بوویتە پاشا، خودا ئەوەی ڕەعمی پێ کرد، بوویتە پاشا. هەرستا، لێی دا، گۆتیە ژنەکەی خۆی، گۆتی، ''بڕۆ لەگەر کوڕەکەت.'' گۆتی، ''بڕۆ، ئەمە با بڕۆین، ئەوە کوڕی منە، یسف، دیارە بوویتە پاشای میسر.'' پەلی ژنەکەی گرت لەگەر کوڕەکەی، ئەویش چمەکەی کە هەیانبوو کردیانە خەیر، چمەکیان نەیێشت، هەرستان، ملی ڕێیان گرت، لە بۆ میسر هاتن، لە نیوەڕێ هاتن.

٤٣٣. یسف زانیی هەر کە ئەوە داک و بابی دێن، دێن لۆ شاری، لە نیوەڕێ. هەرستا، تەرتیبی سێ عەرەسی دەرکرد، چەند شورتە و جێش، ئەوانەی بە عەرەس شەرەف لە بۆ باوکی خۆی دەرکرد لە بۆ ڕێگا. بابی هات و چاوی پێ کەت، دەبینی کوڕی وی، عەزرەت یسف، لەسەر تەختی دی نیشتیە. گۆتی، ''ئەنگۆ چنە؟'' گۆتیان، ''ئەمە فەقیرین و عار و مەسەلە ئەوهانەیە.'' لە پاشدان ئەوەی پێ چوو عەزرەتی یسف گۆتیە (گۆتێ) بابی، گۆتی، ''ئەمن کوڕی توومە.'' ئەوجار بابی هەرستا، گۆتی، ''کوڕم، ئەتوو بە چ دەردی ووهات لێ هات؟''

٤٣٤. گۆتی، ''وەللا، بابم، ئەمن لەگەریان چوومە ڕاوێ، لە ڕێ گۆتیان، "ئەگەر ئەمە تەرتیبەکی لۆ وی نەکەین ئەمە پاش زەمانەک کە بمینێتنەوە ئەوە دەبتە پاشا لە جێی ئەمە. ئەمەش برا گەورەینە، ئەو برا گچکەیە، کوو دەبی؟ نەء، با بیکوژین، ماری بابمان لێ دەمینێتنەوە." ئەوجار ئەمنیان برد، گۆتیان، "وەرە، برام، بڕۆ ناو بیرەی، تێنیمانە، هەندەک ئاومان لۆ بینە." ئەوانە غاینەتیان لەگەر ئەو

برایە، لەگەر منیان کرد، ئەمنیان هاویشتە ناو بیرێ.''

٤٣٥. ''لە پاشـدان خودا ڕەعـمی کرد، کـاروانەک لە مندا ڕێـی کرد، ئەمنی هـینا، لەناو بیـرێ ئەمنی هینـایە دەرێ، تەمـەشـای منیـان کرد، دەبینن ئەمـن مندارم، سـەبیـمـە. لە پاشـدان ئەو برایانی من گـەڕانەوە، ئەمنیـان فرۆشـت. گۆتیـان، "ئەوە عـەبدی مـەیە،" ئەمـنیـان فـرۆشت وە پارەیان دا. باش، ئەمنیان هێشتە ناو بیرێ، لۆ لە پاش منتان فرۆشت، پارەتان وەرگرت؟''

٤٣٦. بابی گـۆتی، ''کورِم، چ قـابیلی وانەیە؟'' گۆتی، ''بگرە، سـەری وانە ببـڕە، مـادەم ئەوان ئەو خـەراپەیان لەگـەر توو کرد.'' گـۆتی، ''نە''، بابـە ئەمـن شـــیـــرم عـــەرارە، ئـەوانە برای مـن، لە تـوونە. ئـەمن لـەبەر خـاتری توو ئەوانـەم عـەفـوو کـرد، فـەقـەت نـامـەوێ ئەوانـە بێنە کنم، دابنیـشن. یانی یەکەکـیان با لە بـەغدا بی، یەکەکـیان لە هـەولێر بی، ئەوانـە هـەر یەکـە دوو سێ گـوندیان دەدەمێ لۆ خـۆیان، ئەو گـوندانە تەمەشا بکەن، لەو گوندانە ئیش بکەن.''

٤٣٧. ئەوانـە کـە (چ) لەسـر گـوندانە دامـەزران هـەر یەکـە بـوونە پاشای گوند، یانی ئاغای گوندەکی، شارەکی. ئەوانە پارەیان زۆر بوو، دەورەمـەند بوون، گـۆتیـان، ''نـە''، ئەمـە وا بکەین.'' برایەکـان، ئەو دوو برایـەکـە لـەگـەر هـەردووکـیـــان یەک بوون، دەیـانەویـست دیـســان ئەو برایەکە بفـەوتێنن. ڕۆژەک گۆتیان، ''وەڵلاهی، ئەمە بـا بچین بیکوژین.'' ئەوانە تـەرتیـبـیـان کـرد. یـسـفـیش خـەبەری هـەبوو کـە ئەوانە تـەرتیب دەکـــەن، لەو بـرایە، بیکوژن. ناردی دوو بـابی، گـــۆتـی، ''بابـە، ئەوانـە دیسان تەگبیریان کردیە ئەمن بکوژن.''

٤٣٨. بابی جوابی لە بۆ برایەکان نارد، گۆتی، ''نە''، مادەم وەهانێیە

ئەو برایانە وازیان لێ بینە، دەریان بکە لە شاری، با لە مەملەکەتی توو نەمینێن." برایەکەی هەرستا لە مەملەکەتی، ناردی لە بۆ شاری دکە، ئایدی وان نەبیتن. لە پاشدان باوکی و دایکی عەمری خودایان بە جێ گەیاند. ما لەوێندەر عەزرەتی یسف بە تەنها، شەخسەن خۆی. پاشی موددەتەکەی خودا ڕەعمی کرد، هەرزانی بەسەردا قەوما، کوڕەکی بوو، کوڕەکەی ناویان لێ نا. لە پاشدان عەزرەتی یسفیش بەسەردا وەفاتی (ئوفواتی) کرد.

٤٣٩. وەکی وەفاتی کرد ئەو کوڕەی شەش مانگان بوو، لەناو لانک بوو. زلەیخا لەوێندەر بووە مەلیکە لە میسر. پاشدان کوڕەکەی تەقریبەن بووە عەمرەی شازدە سار و نیو، ویستی جێ و شوون و تەرتیبی بابی خۆی دابنێتەوە. ڕۆژەک خەونەکی دیت، لەو خەونەی بابی دەبینی وەلییە، عالمە، پێغەمبەرە. ئەویش هەرستا، لۆ داکی گێڕاوە، گۆتی، "دایە، بابی من وەختی خۆی چ بووە؟" گۆتی، "کوڕم، بابی تە وەختی خۆی مندار بوو، نەفام بوو، دوو سێ برای هەبوون، ئەوانە گرتیان، ئێخستیانە ناو بیرێ." حکایەتەکەی لۆ کوڕی گێڕاوە.

٤٤٠. ئەویش گۆتی، "ئەگەر ئەو مامانەم مانە، ئەمن دەمەوێ حەقی بابی خۆم ئەمن لەو مامانە وەرگرمەوە." داکی گۆتی، "کوڕم، ئەتوو بە تەنهای، ئەتوو خودا قەبوول ناکا توو بچی، بیانکوژی، ئەتوو حەقەی لەوان وەرگرییەوە." هەرستا، ڕۆژەک چوو، چووە سەر ڕێی مامی، گۆتی، "ئەمن دەمەوێ مامم بکوژم." هەرستا، چیی ویست، ویستی مامی بکوژتن. لە پاشان زگی ڕەعمی هەبوو، نەیویست مامەی بکوژی............... مامەکە کوڕەکەی فەوتاند، مامی لەسەر تەختی دانیشت. شارەکە عەمووی بووە بەر عەمری مامی، شارەکە بووە ئایدی

مامی. عەزرەتی زلەخا خۆی خنکاند لە عەزمەتان، لەگەر مامی لەسەر تەختی دانیشت.

٤٤١. ویستیان کە ئەو زێندانەیە، کە یسف بووە ئەو زێندانی، ئەو زێندانیان (زندیانیان) کۆری، دەبینن شەخسەکی تێدایە، ئەو شەخسەی تووکی هەیە وەکوو سە، یانی هیچ جێگەیەکی دیار نییە. ئەو شەخسەیان هینایە دەر، لەناو شیریان نا، کوندەک شیر. لەو کوندە شیرەی تەقریبەن سێ ڕۆژ ما، لە پاشان هەموو بەشەر بوو.

٤٤٢. تەقریبەن بیست سار هەبوو لەناو ئەو زیندانەی مابوو، تووکی دەموچاو، قالبی هەموو بزری کردبوو، بەس چاوی لە دەرێ بوو. نەیاندەزانی ئەوە بەشەرە، گورگە، دێوە، چییە. لە پاشان خودا ڕەعمی لێ کرد، لەناو شیریان نا، ئەوە بووە بەشەر. گۆتیانە ئەو بەشەرەی، ''ئەتوو وەختی خۆی چ زلەکت کردیە؟'' گۆتی، ''بابە، ئەمن جوومە.''.........

٤٤٣. له شـاری گـورشـتـه پاشـایەک هەبوو، برایم پاشـا، سێ کـوڕی هـەبوو. کوڕەکی ناوی شێرزاد خان بوو، کوڕەکی ناوی جیهانشێر بوو، کوڕەکی ناوی ئەحمەد، بابیان ئیبراهیم پاشا بوو. ڕۆژەک چوون له بۆ ڕاوێ لەگـەر کـوڕەکانی، لەگەر عـەشـیـرەتی خـۆی چوون له بۆ ڕاوێ، تەمـەشـایان کـرد، له بیـشـەکی ڕاست هـاتن، شـێـرەک دەرهـات لەو بیشـەی. کەسـەک لەو هەزار کەسـەی، یەکەک تاقـەتی نەبوو هەتاکوو بچی، ئەو شێرەی بکوژی.

٤٤٤. له کوڕەکانی یەکەکیان هەبوو کە ناوی شێرزاد خان بوو، ڕاو زۆر چوو، ملی دا ووراغی، غاری دایە ئەو شێرەی، شیرەکی دە شێری دا، شـێرەکەی کـوشت. لەوێندەرێ ڕاویان بـەتار کرد، هاتنەوە مـارێ. ڕۆژەک گـۆتی بـه کـوڕەکانی، "ئەی کـوڕی من، وەکی ئەمن مـردم ئەنگۆ هیچ دامـەنیـشن له جێگەی مـن، شێرزاد خان دابنیشی." ڕۆژەک مرد، برایم پاشا له شاری گورشتەی کە پاشا بوو، مرد.

٤٤٥. ئەو برایە تەگبیریان کرد کە ئەوی دیکە – شێرزاد خـان بوو، لەوان گەورەتر بوو – تەماحیـان لێ کرد بیکوژن. گۆتیان، "چۆن ئەوە له داکەکی دیکەیە، له داکی مە نییە، بابـبـرایەکە، داکـبـرا نیـیـە، ئەوەی لازمـە بکوژین، ئەوە نابیـتـه پاشـا جـێی بابمان." ئەوانە هـەرسـتـان، تەماحیان لێ بوو، گۆتیان، "برام، با بچینە ڕاوێ."

٤٤٦. بە فێر بردیانە ڕاوێ، گەلەک تێنی بوون له چۆلییـەکی. چوونە

سـەر بیـرەکی، پڕی ئاو بـوو، گـۆتیـان، "ئەی برام، کێ دەچـی ئاوی هەربکێشی، کێ ناچی؟" شێرزاد خان گۆتی، "ئەمن دەچم." ئەوەیان بە کندری داهێـشتـە ناو بیـرێ وەکوو ئاوی دەربیـن، ئاوەکەی بخـۆنەوە. دایانهێشت هەتا ئاوەکیان هەرکێشا تا بە خۆی و دوو براکان لەگەر ئاغاکانی تریان ئاو خوارد، دواییێ شیـرەکیـان لە کندەرەکەی دا، ئەو کندرەیان پچڕاند کە برایەکەی خـوەیان لە بنی بیرێ بە جێ هێشت. بە جێیان هێشت، بە خۆیان چوونەوە، گۆتیان، "برامان شێر شکاندی، شێر خواردی."

٤٤٧. لەوێندەرێ کـاروانـەک دەهات، کـاروانەکی تجـارەت دەهات، لەسەر ئەو بیرەی خستیان. لەوێندەرێ دۆلکیان داهێشتە بیرێ وەکوو ئاو دەربینن، ئاوی بخۆنەوە. ئەویش، شـێـرزاد خـان، هەرسـتا، خـۆی هاویشتـە ناو دۆلکەکەی، دەرهات. گۆتیان، "ئەتوو چیی لێرە؟" گۆتی، "وەللاهـی، ئەمن بەشەرم، کەتیمە ناو ئەو بیرە." لە بیرە دەریانهینا.

٤٤٨. گۆتی، "ئەتوو کێوە دەچی، ئەی تووجارباشی؟" گۆتی، "دەچمە شـاری گورشـتەی." گۆتی، "تووجارباشی، توو ناچیە شاری گورشتە. برایەکم لەوێیە، ئەمنیـان هەر داهێـشتـە ناو ئەو بیـرەی. ئەمن ئەگـەر بچـمـە وێندەرێ ئەو برایەکـانی من ئەمنی دەکـوژن." گۆتیـان، "قـەیدی ناکـا، ئەمە دەچین. ئەوان عـەدیان نییـە. کوو ئەتوو لـەبەر دەسـتی مـە دەربینن؟" ئەمـە ئەتوومان لە بیرێ دەرهینای، لە بۆ خـۆ دیتمـانەوە، ئەو عەدی نییە."

٤٤٩. ڕۆیشتن لـە بۆ شـاری بابی، چـوونە شـاری بابی وی، لـەوێندەر مـەخلووق چاوی پـێ کـەت، گـۆتیـان، "وەللا، شـێـرزاد خـان لەگەر ئەو توجـارەیدایە." جیـهـانشـێـر لە دووی نارد، گـۆتی، "لازمـە ئەو تـوجـارە

بێتن، بە خۆ و بە کوڕی بێت بۆ مەجلیسی من." لەگەر کوڕەکەی چووە مەجلیسی. گۆتی، "ئەوە برای منە، ئەتوو عەدت خستییە." گۆتی، "نەخێر، ئەمن لەسەر بیری ئاویٚ تێنی بووم، ئەو لەگەر ئاویٚ لە بۆ من هاتە دەریٚ، کوڕی خۆمە." هەرستا، شەڕیان کرد لەوێندەریٚ، شەڕیان کرد لەگەر توجارەی.

٤٥٠. ڕۆیشتن، کەتنە ڕێی شاری قەراری. چوون، دەروێشەکە ناوی لە خۆ نا دەروێشبەچە، شێرزاد خان. چوونە شاری،...... گۆتی، بە توجاری گۆتی، "بابە، ئەمن لۆ خۆم دەچمە شاری، دەچم دەروێشی دەکەم، لە فەقیری دەگەڕێم." ئەویش بڕەک زێڕیان دایٚ، ڕۆیشت، ڕووی دایە شاری، چووە (چۆ) مەجلیسی پاشای، قەراری. لە مەجلیسی قەراری، ئەو قەرارە دوو وەزیری هەبوو، یەکەک ناوی خەزەند بوو، یەکەک ناوی بەهمەن بوو. هەرستا، چیی کرد، ئەو مەجلیسە، دەستیان بە شەراب خواردنەوەی کرد......

٤٥١. گۆتیان، "میوان، ئەتوو نازانی ئەو شەرابەی بخۆی؟" میوانەکەش گۆتی، "بەریٚ وەللا، ئەمن دەزانم ئەو شەرابەی بخۆم." بڕەک شەرابی، دوو سیٚ شووشە شەرابیان دایٚ، ئەو میوانە سەرخۆش نەبوو. لەو وەزیرەکانی پاشای ئێکە ناوی بەهمەن بوو، گۆتی، "پاشا، ئەتوو بگرە ئەو دەروێشەی، بیکوژە. ئەگەر نەیکوژی نەدامەت دەبینی لە دەستی ئەو دەروێشەی." هەرچی خەزەندیش بوو، مسلمان بوو، گۆتی، "پاشا، ئەتوو ئەو میوانەی مەکوژە. ئەوە میوانەکی زۆر باشە." لەو قسانەدا بوون شەو بەسەردا هات.

٤٥٢. میوانەکە لەگەر وەزیری قەراری، کە ناوی خەزەند بوو، چووە ماریٚ، لە ماریٚ میواندارییەکی تەواوی کرد. چای لە بۆ لێنا، نانی

دایە، خــواردی. شــەوێ بە تـەنێ لە ئۆدەکی نووست. ئەو خـەزەنـدیش کیژەکی هـەبوو، زۆر جوان. ئەو کیژە چاوی بەو کـوڕەی کەت. ئەو کوڕە ئەوەندە جـوان بوو کە ناوی دەروێشبـەچەیە، زۆر جـوان بوو، عـەشـقی بوو، هەندی قەراری نەگرت لەسەر جێی خۆی.

٤٥٣. نیوەشـەو داهات، دەرکەی کردەوە، سەبر بە سـەبر ئەچوو، دوو مـاچی لە ئەو دەروێشـەی کرد کە مـیوانیتی، دوو مـاچی لێ کرد. لەو وەختـەیدا ئەو کـوڕە بە خـەبەر هات، چوونکە پاشـازادە بوو، وە خـەبەر هات، گــۆتـی، "ئەمن نمـەکی بـابی تووم کــردیە، ئەمن ئـەوەی قــەبوول ناکـەم. ئەگەر ئەتوو هـەرنەسـتی، بگەڕێیەوە سـەر جێی خـۆت، ئەمن دوو شــیــرت لێ دەدەم، دەتکوژم." لەو قـســانـەدا بوون خــەزەند، وەزیر، هـەرسـتا لە خـەوێ، چووە پاش دەرکـەی، دەنگی هـەسـتی خـۆی گـرت، دەبینی ئەو قسـەی دەکەن.

٤٥٤. کیژەکـە، دەرویش قەبوولی نەکرد، کیژەکە هاتەوە سـەر جـێی خۆی. هاتەوە سەر جێی خۆ، خەزەند چووە کن کیژەکەی، گۆتی، "ئەوە چییە مەسئەلە؟" بە کابرای گۆت، گۆتی، "وەللا، هیچ نییە — لە بەینمان — هیچ لـە بەینی نیـیـە." هـەرسـتـا، بەو شــەوێ خــەزەند وەکـی ئەوهـەی زانـی هـەرسـتـا، چـوو، مـەلای هینـا، چوو، قـازیی هـینـا، دوو شـایدیشـی هینا، بە شـایـد و بە قـازی ئەو کـچـەی لە ئەو کـوڕەی مـارە کرد. وەکی لێی مارە کرد ئەوە بوو بە زاوای خەزەندی وەزیر، کە وەزیری قەرارییە، بوو بە وەزیری وی.

٤٥٥. قـەراریش کـچـێکی هـەبوو، ناوی شـیـمـولعـوزار بوو. خـەبەر لە خوارێ هات، لە پاشـای یەمەن، گۆتیان، "ئەی پاشـا، ئەی قەرار، ئەگەر ئەتوو نایێـی، شـیـمـولعـوزارمـان بدەیێ، ئەمـە یانی مـەملەکـەتت لێ کۆ

دەکەینەوە و مەملەکەت خەرا دەکەین، دەتکوژین.'' هەرستا سبەینێ، چوونە مەیدانێ، دەبینی تۆزغوبارەک بە دیار کەت لە دەشتێ، قاسدەک هات. تەمەشایان کرد، قاقەزەکەیان شکان، خیندیانەوە، ''ئەی جەنابی قەراری، ئەگەر ئەتوو کیژی خۆی شیمولعوزارێ لە بۆ پاشای شاری یەمەن نەنێری بە لەشکرەوە، بە هەموو شتەوە، بە زێڕ و مارەوە، ئەمە ئەتوو تاران دەکەین و سەریشت دەبڕین.''

٤٥٦. ئەو گۆتی، دەروێشبەچە، لەو مەجلیسی دانیشتبوو، گۆتی، دەو قاسیدی، ئی پاشای شاری یەمەن، گۆتی، ''ئەو قاقەزەی بدە دەستی من، بزانم ئەوە چ نووسرایە.'' قاقەزەکەی لێ وەرگرت، قاقەزەکەشی دڕاند، دەستی دا گوێی قاسیدی وە گوێکەشی لێ – گوێشی لێ دڕاند وە زمانیشی لێ دڕاند وە لێوەکانیشی بڕی. ئەوجا گۆتی، ''بڕۆ، هەرچی دەکەی هیچ قسووری مەکە، ئەمن کچت لە بۆ نانێرم.''

٤٥٧. لەو مەجلیسە بازەک گۆتیان، ''پاشا، شتێکی زۆر خەراب بوو ئەوە، ئیشێکی خەراب بوو ئەوە بەو قاسیدەی کرد.'' قاسید گەڕاوە، لە شاری یەمەن گۆتیان، ''وەڵلاهی، قاسیدمان ئەوە هاتەوە، زۆر بەکەیفە، ئەو هەر پێدەکەنی.'' نەیانزانی لێویان بڕیبوو، ددانەکانیش پەیدا کراوە، لێیان وایە پێدەکەنی. وەکی قاسید دێتن دەبینی ئەو ئیشیان لەگەڵ کردییە، بێسەروبەریان کردییە.

٤٥٨. ئەوان لەشکریان کرد لە بۆ سەر شاری قەراری، عەسکەر هات لە بۆ سەر شاری قەراری. بەهمەنیش بوو، گۆتی، ''پاشا، ئەمن نەمگۆ، "ئەتوو ئەو دەروێشبەچەی بکوژە، ئەو بەلات بەسەر دینی"؟ ئەتوو نەتکوشت، ئەوجا ببینە، بزانە چ نەدامەت دەبینی [لە] دەستی ئەو دەروێشبەچەی.'' پاشا هەرستا، لەشکری پاشای یەمەن گەیشتێ،

لەشکرەکەی گەلەک زۆر گەیشتێ، بێ حەدد و بێ حیساب لەشکر زۆر بوو، بێ غایەت بوو، کەس لە دەرحەقی نەدەهات.

٤٥٩. هەرستا، بەچەدەروێش، هاتە دەرێ، بەرگی دە بەر کرد، گۆتی، ''چ ووراغەک [وراغ: ولاخ] نییە لە بۆ من بینی کوو ئەمن سوار ببم، بچمە خەزای؟'' چەند ووراغ لە تەویلەی پاشای هەبوو، ئیی قەراری، مومکینە سەد ووراغ هەبووبی، هەمووی لە بۆ هینا. دەستەکی دەهاویتە سەر پشتێ، ئەوانە پشتیان دەشکا، چونکە ئەو کوڕە هەند کوڕەکی تەواو بوو وە پارەوانەکی زۆر بەقووەت و شەجیع بوو، خانزادە بوو. پشتی دەشکاند، هەرچ ووراغەکی هینای بە قەدەر بیست ووراغی ئەوە پشتی شکاند.

٤٦٠. پاشا گۆتی، ''لە تەویلەی من نییە چ ووراغێکی ئەوها حەتاکو ئەو دەروێشە سوار ببی، لە بۆ غەزای بچیت؟'' گۆتیان، ''نییە، پاشا، ئیللا لە ئەژدیهاخوانی زێتر کە ووراغی باپیرتە، ئەژدیهاخوان کە لە خانیمان بەستووتەوە، لە پەنجەرە کا و جەی دەدەینێ. کەس ناوێری ئەو ووراغە ببینی، ئەوەندە هارە، ناتوانن. ئەویش، گۆتیان، ''دە باشە، دەبینێرین، با خۆی بچی، بیهێنیتە دەرێ، بەشکم ئەو چەپۆکەکی لێ دەدا، دەیکوژی.''

٤٦١. ئەویش وەکی چوو، ووراغەکە[ی] لە بۆ هات، چەپۆکەکەی ڕاوەشاندێ. شێرزاد چی کرد، دەستی دا بژییان، بژیی گرت لە مستەکی، لە ناوچەوانی ئەو ووراغەی دا، ڕایکێشایە دەرێ. گۆتی، ''زینەک نییە ئەمن لەو ووراغەی بکەم؟'' زینەک لەوێ بوو، بە بیست کەسان ئەو زینە برند نەدەبوو، بە خۆ دەستەکی دا، ئەو زینەی لەسەر پشتە ووراغەکەی دانا، خۆی سوار بوو.

٤٦٢. گۆتی، ''قەت شێر، ڕمەک نییە ئەمن دەست بدەمێ، شەڕی بکەم لەگەر ئەوانە؟'' گۆتیان، ''نەوەللا، چ ڕمی وەهامان نییە، گورزی وەهامان نییە ئیللا گورزی باپیرەگەورەی پاشای هەیە، ئەگەر ئەوەی دەربینی توو بتانی دەربیینی ئەوە زۆر باشە لە بۆ حەرب.'' دەروێشبەچە گۆتی، ''لە کامە ڕاستییە؟'' چوو، جێیان پیشان دا، دەبینی عەلقەی دیارە، ئەوە حەفسەت مارە جوو خانی لەسەر ئەو گردەی کردییە، ئەویش لە بن ئەو هەموویدایە. هەر چوو، دەستەکی دایێ (دایە)، ڕایکێشا. ئەو ماری ئەو جووانە، ئەو فەقیرانە هەموو بە بن ئەو شتەی کەتن، بە بن ئەو خۆرەی کەتن، ماریان وەرگەڕان.

٤٦٣. گورزەکەی دەرئینا [دەرهێنا]، چووە مەیدانێ، دەستی بە کوشتیاری کرد، لەگەر لەشکری پاشای یەمەن، ئەو لەشکری زۆر بێسەروبەر کرد. سێ ڕۆژان حەتا هێوارێ پێوە بوو، وە ڕۆژی چارەم هات، لەو مەیدانەی بچی، سواریووراغی خۆی بوو، دەروێشبەچە، بە بن قەسری پاشایدا هات. شیمولعوزار وەکی تەماشای کرد کوڕەکی ئەوەندە جوانە، چاوی لێ کرد لە پەنجەرەی، تەمەشای کرد، عەشقی بوو.

٤٦٤. زێڕەکانی خۆی هەموو لە بەر کردەوە، لە دوور [دوڕ] دەستەسڕەکی نا، لۆی هەردا. وەکی لۆی هەردا کوڕەکە چاوی برند کرد، چاوی پێ کەت، بێهۆش بوو. خەزەندی خەزووری کە وەزیری پاشایە، گۆتی، ''هەی، ئەتوو لەبەر کچەک ئەوها بێهۆش دەبی؟'' ئەویش ڕۆیشتن، بێهۆش نەدەبوو، ڕۆیشتن لە بۆ حەربی ئەو ڕۆژێ. حەربیان کرد، غەزایان کرد، حەتا ئێوارێ، هێوارێ هاتنەوە.

٤٦٥. ''وەللاهی،'' گۆتی، ''وە چاکە ئەمن بچم لە بۆ ژوانی ئەو

کیژەی، کە کیژی پاشایە، شیمولعوزارە، ئەمن بچم بۆ ژوانی باشە.'' شەو چوو لە بۆ ژوانی کیژی پاشای، چووە قەسری، تەمەشای کرد، کیژی پاشای لەوێ دانیشتییە و چاوی پێ کەت، گۆتی، ''فەرموو، وەرە.'' ئەویش چوو، لەگەر یەک دانیشتن، خەویان لێ کەت و کیژی پاشای کە شیمولعوزارە، ئەوە دەسگیرانی هەبوو، وەکی دەسگیرانی وی دێتن، تەمەشا دەکات، زەلامەک ئەوە لەگەر دەسگیرانی وی نووستییە.

٤٦٦. ئەویش هەرستا، شیری لێ بوو، شیرەکی دەرهینا ڕایوەشاند لە تۆقەسەری دا، سەری قەلاشتەوە، کوشتی، وەلحازر [وەلحاسر: والحاصل] بریندار کرد. ژنەکە هەرستا، چی کرد، گۆتی، ''لازمە، ئەوە لێرە کوژرا، لازمە ئەوەی بزر بکەم.'' هەرستا، جووارەکی هینا، لەناو جووارەکەی نا، هەندەک زێڕیشی هەردا ناوی، زارکی بەست، فڕێی دا دەری ئەو شارەی، لە دەرەوەی شاری فڕە دا.

٤٦٧. دز هەبوو، دزەکان لە بۆ خۆیان برد. وەکی دز بردیان – دزەکان سەرعەسکەریان هەبوو، عامیدیان هەبوو – وەکی بردیانە کن عامیدی گۆتی، ''ئەوە کێ هینای؟'' گۆتی، ''وەللاهی، پاشا، شتەکی زۆر باشم هینایە، هەموو زێڕە.'' گۆتی، ''دە، دەیبینی، بیکەوە.'' ئەویش سەرەکەی دەکەنەوە، هەموو دانیشتن، جماعەتیان دا، بەس سەریان کردەوە، دەبینن زەلامەکی زۆر جوان، پەلەوانە، شازادەیە، ئەوە لەوێندەر سەریان بڕییە.

٤٦٨. گۆتی، ''مادام ئەتوو ئەوت هینا لە بۆ من، ئەگەر ئەتوو نەچی، دوختۆری نەینی، ئەوی چاک کەینەوە، ئەمن لە سەری توو دەدەم.'' ئەو دزە هەرستا، چوو، هاتە هەولێرێ، دوختۆرەکی پێ دەزانی کە

ئەننەهوو، برێین، عەلی ئەفەندی، عەلی جەڕاح. ئێ، کە چوو عەلی جەڕاحی بانگ کرد، گۆتی، "عەلی ئەفەندی!" گۆتی، "بەرێ." گۆتی، "هەرستە (هەستە)، وەرە، بچین، پاشا ئیشتی پێیە." عەلی ئەفەندی هەرستا بە خۆ و بە دەرمانی خۆی، بە خۆ و بە کەرەستەی خۆی هەرستا، لەگەر کابرای هات، چوو، لە شاری بردە دەرێ.

٤٦٩. گۆتی، "ئەتوو ئەمن لۆ کێندەرێ دەبەی، خانەخەراب؟" گۆتی، "ئەمن ئەتوو دەبەم پاشای دزان، لەوێندەر بریندارەکمان هەیە، لە بۆمان چاک بکەی و دەرمانی بکەی." گۆتی، "باشە، زۆر باشە." گۆتی، "ئەوجا پاشا خەرجەکی زۆر باشت داتێ." هەرستان لەوێ، بردیان، تەمەشای کرد، عەلی تەبیب، سوماعی پێوە نا، دیتی هێشتا نەمردییە، نەمردبوو. دەرمانی کرد، بە قەدای چەند ڕۆژێک دەرمانی کرد – ئەو، شێرزادی دەرمان کرد بە قەدای چەند ڕۆژ، سەری چا بوو.

٤٧٠. گۆتی، "ئەی پاشا، ئەمن دەچمەوە لە بۆ لای مارم، ئەچمەوە [دەچمەوە] شاری، لە مێژە ماری خۆم نەدیتییە، عەرزت دەکەم و ئیزنم بدەی، بچمەوە لای مندارەکان، بزانم مندارەکان ماینە یان نەماینە." ئەویش هەرستا، گۆتی، "بە خێر هاتی، بەسەر چاو، ئەمن ئەوەندەمان نەدەویست لە تۆ چا دەبیەوە. ئەوە چا بووە و ئەوە ئەلعان خوا حافیزت بی."

٤٧١. هەرستا، چا بووەوە (بۆوە)، هاتەوە لۆ لای مارێ. گۆتیان، "ئەتوو لە کێ بوو، مارخەراب، ئەو چەند ڕۆژە؟" ئەو عەسکەری پاشای یەمەن، ڕزانەتی خستە ناو ئەوە، ئەمە هەمووی کوشت. ئەتوو لە کێ بووی؟" گۆتی، "بابە، ئەمن بریندار بووم." ئەویش هەرستا، عەسکەری هاتەوە سەرێ، دیسانێکە، دووبارە ئەو عەسکەرانەی لەشکری پاشای

یەمەن هەموو کوشتی.

٤٧٢. دیسان چووە سەر جێی شیمولعوزاری، کە کیژی پاشایە، چووە سەر جێی وی. ئەو جارە دەسگیرانی هات، دەبینی، تەمەشا دەکا، کابرای جاران ئەوە لەگەر دەسگیرانی دیسان نووسییە!...

٤٧٣ . کە لۆ خۆشەویستی بەیان کرد گۆتی: من هەموو ڕۆژێ ئەچوومە ڕاوێ، نێچیرم ئەگرت وە پێش نێچیرێ خۆ ئەکەتم. ڕۆژەک چوومە ڕاوێ، مامزەک هات لە پێش ئەمن ڕاوەستا . ئەمن چوومە دووی، پێم نەگیرا حەتا ئاخر دەرەجە بە نیهایەت گەیشت، ووراغێ من وەقفی کرد، ڕاوەستا . دیسان عەرەکەتم کرد، بە سێ جار وەقفی کرد.

٤٧٤ . جاری سێیەمێ چوومە بن چادرەکی، تەماشەم کرد، گورجییەک لەناوی بوو، لە بن ئەو چادرێ. سوئالی کرد، ''یا عوسمان، بە خێر بێی. ئەتوو کوو هاتی؟'' گۆتم، ''وەللا، ئەمن لە دوو نێچرەکی ئەگەڕێم، نێچیرەکەی من هات لۆ ئێرانە.'' گۆتی، ''نێچیرت بناسە.'' تەماشەی چادرم کرد. چ نێچیری تێدا نەبوو. گۆتی، ''ئەمنم، ئەمن نێچیری توومە.''

٤٧٥ . ''ئەمن کچی کیسرایمە. چەند سار لەوەوپێش لە ئەرتووش شەڕەک قەوما، من عاشقی توو بووم. سێ برا لەگەرم هەیە، ئەو برایانە کوڕی کیسراینە، هاتینە بۆ ڕاووشکار، لە دەورەی مەککا ڕاو دەکەین. بە قەدەری چەند ڕۆژەکە لێرانە دانیشتووینە؛ ئەوڕۆ برایەکانم چوونە دەرەوە، ئەمن هاتم بۆ ڕێگای توو، من تۆم دۆزیوە و ئەمن ئەتۆم دیت.''

٤٧٦ . ''کە هاتم تەماشەی توووم کرد، ووراغی توو وەستا . مەزانە ئەوە ووراغی توو خەرابە. ئەوە سێ ڕۆژە ڕێیە بەو قۆناغە ئەتوو هاتی

ئێرانە. ئەو جارێ برایەکانم دێنەوە، برۆ بۆ ئەو دەرەوە، خۆت پەنهان بکە، چونکە برایەکانی من تۆ لە کن ئەمن ببینن ئیحتیمادە بتکوژن. وە ئەگـــەر ئەتووش ئەوان بکوژی بۆ من زەرەری هەیە، ئەوانیش ئەتوو بکوژن بۆ من زەرەری هەیە.''

٤٧٧. ئەو ڕۆیشت، هەتا شـــەو خۆی پەنهـان کرد. لە پاشی ئەوەی سبعەینێ داهات تۆز لە چادر چووە دەرێ. عوسمان بنی عەفان هات لۆ ئەو چادرە، گــۆتی، ''برۆ، بزانە ئەوانە هاتینە لە مـــرکی توو ڕاو ئەکەن، سەیران ئەکەن، بێ پارە، سەلامیان لە توو نەکرد، مەعنای نییە ئەوە. ئەتوو پیاوەکی وا گەورەی کە مرکی توو ڕاوی لێ ئەکەن، هیچ ســەلامیـان لە توو نەکرد، ئەتوویان بە پیاو نەزانی، ئەتووش ئەوان بە پیاو مەزانە.''

٤٧٨. عوسمانی بنی عەفان، ئێوارە داهات، هەر سێکی گرتن، لەگەر خوشکەکەی بردیەوە مالی خۆی، مەملەکەتی خۆی کە مەککەیە. لە پاشی وەی کچەکەی لێ ستاندن، خوشکەکەی لێ ستاندن لەباتیی ئەو پووشی خواردنەی کە سەیرانیان لە مرکی وی کردیە. لە پاشی چەند ڕۆژەکی خوشکەکەی پەشێمان بووەوە (بۆوە)، گۆتی، ''وەللا، ئەمن غەدرم لە برایە خۆ کرد، مەعنای نییە ئەوە لەباتیی ئەوەی. برایە من مایووس بوون لە تەختی کیسرای، ناوێرن بچنەوە.''

٤٧٩. ژنەکەی ئیعادە کردەوە. کە ئیعادەی کردەوە چوو، لە دەست برایەکانی نا، ڕۆیشت، چل ڕۆژ مۆلەتی دا بە دوایوە بچیتن. لە پاشی چل ڕۆژ مۆلەتی نەگرت، پێنج ڕۆژە، بیست ڕۆژ مۆلەتی کرد، پاشی بیست ڕۆژ چووە دوی. نەگەیشتە چ زەلامێک، چ ئینسانێک، گەیشتە قەسرێکی، بێ دەرکە بوو. لەو قەسرە دەرکەی تێدا نەبوو. گورزەکی

برند کـرد، لەبەر قـەسـریدا، لە دەرک چووە ژوورێ، قـەسـرەکـەی خـەراب کرد.

٤٨٠. تەمــاشــەی کـرد، ژنـەک هاتە دەرێ، چاوی پـێ کـەت، ئـەوی لە دوی چووبوو لە بیـری کـرد، گـۆتی، "ئـەتوو ناوت؟" گـۆتی، "نـاوی من جـەمـالڕوخ." گۆتی، "ئەتوو ناوت جـەمـالڕوخـە؟" گۆتی، "ئەدی، ئەتوو؟" گۆتی، "ئەمن ناوم عوسـمـانی بنی عـەفان." گۆتی، "چاک بوو شـێرزاد لێرە نەبوو، دەنا ئـەمنیشـی ئـەکوشت، ئەتووشـی ئەکوشت." گەڕاوە، کـە گـەڕاوە گـەیشـتـە شـێرزاد، تەمـاشـەی کرد، زۆر پیـاوەکی بەسـام بوو، شێر لێی ئەترسا.

٤٨١. گـۆتی، "یـا عـوسـمـان، یا عــەرەب، لە چی ئـەگـەڕێی؟" گـۆتی، "وەڵلا، ئەمن حـەول دەدەم بچـمـە فـارس، لـەو قـەسـرەی نێـوان بووم، خــواردنم خــوارد، خـوشـکەکـەت ئـەترســا، ئەمن لـەبەر ئەوەی هـاتمە دەرێ." گـــۆتی، "برۆ، بگەڕێوە، مـــیـــوانی منـی ئەوشـــەو." ئـەو شـــەو مـێوانداریی کرد حـەتا سـەعات سـێی شـەوێ، لە سـەعات سـێی شـەوێ گۆتی، "ئەمن ئیشێکم بە دەسـتـەوە هـەیە، لەگەر مـامی من حـەربم هـەیە، دەچم عەرب دەکەم لەسـەر کچی خۆی، نەیدایتە من."

٤٨٢. عــوســمــان گــۆتیــە شــێـرزاد، "ئـەمنیش دێم لـەگـەرت بـۆ ئەو مەملـەکەتە حەتـاکی ئـەمنیش ببینم، تەمـاشـەی بکەم." گۆتی، "نە، ئەتوو دانیشـە، مـێوانی منی. ئەمن مەسـەلەیەک هـەیە، بۆت ئەگێڕمەوە. کەیفت لێیە وەرە، کەیفت لێیە مێ [مەیێ]." مەسـەلەی بۆ گێڕاوە.

٤٨٣. گۆتی، "بابی من وەزیری مامی من بوو، هـەردووکیان برا بوون. کچی خـۆی کە ئافـتـابڕوخ لەگـەری هات، ئەوەی دا بە من. لە پاشـدان بابی من عـەمـری حـەقی هینا، عـەمری خـوای کرد، مـرد. لە پاشـی کـە

بابی من مرد ئەمنیان لە مەدرەسە مەنح کرد، گۆتیان، "برۆ، لە جێگەیەکی دی لۆ خۆت بخوینە. لۆچ لێرانە دەخوینی؟" ئەمن عومرم هەشت ساران بوو. لە پاشدان عومرم بووە دوازدە سار.''

٤٨٤. ''خواجە سیاپۆش عەمەقدار بوو، بانگی منی کرد، گۆتی، "یا شێرزاد، دەچیە (دەچیّ) کێ؟" گۆتم، "دەچمە مەکتەب، دەخوینم." گۆتی، "وەرە، مەچۆ، ئیشی حوجر هەیە. برۆ لای مامێ خۆت، چونکە کورسی ئیی تووە، ئیرسە. مادام ئیرسە لۆچ کەسەکی غەیری لەسەر دابنیشی، بۆچ ئەتوو لەسەر دانەنیشی، مەعنای چییە؟ برۆ، بە مامێ خۆت بریّ، ''هەم کچت، ئیی منە هەم کورسیشت ئیی منە، غەیری ئەمن قەبوول ناکەم لەسەر کورسییە من دابنیشن.''''''

٤٨٥. کە گەڕاوە چووە کن داکێ خۆی، داکەکەی پێی گۆ، ''کورِم، بۆچ وا عاجزی؟'' گۆتی، ''وەللا، حەفتا حەبدم حازر کردیە، دەچمە کن مەلیکی مامی خۆم. غەدری لە من کردیە، ئەمن وەزیرم، وەزیرایەتیی نەدایتە من، غەیریی لەسەر دانایە. مادام وەهایە ئەمن دەچم، موراجەعەتی مامی خۆم ئەکەم، لۆچ ئەمن وەزیر نیمە، غەیریی وەزیرە. ئەمن ئەو حەبدانەش لەگەر خۆم ئەبەم.''

٤٨٦. خواجە سیاپۆش پێی گۆت، ''بەس، پێی بریّ، "تەختت، کورسییت ئیی منە لەگەر کچەکەت، لێشت دەکڕم بە پارە، ئەمن فەقیر نیمە برێم،'' بە بەلاش بمدێ.''''' کە شێرزاد چەند عەبدێکی لەگەر خۆ برد سێ جار خەبەری مامێ خۆی دا بە قاسید، جوابی نەداوە. کە چووە ناو مەجریسێ، شێرزاد، چووە سەر مەجریسێ، سەلامی کرد، هەموو سەلامیان وەرگرت، بەس مامێ وی نەبی، گێی لێ نەبوو.

٤٨٧. تەماشەی کرد، ئەو کەسەی کە غەیرییە لەسەر کورسییە وی

دانیشتیه – ئەو ساعیب ئیرسه – ملی گرت، له تاقی دا، کوشتی. گۆتی، "یا شێرزاد، لۆچی وەها بێئەدەبی؟" گۆ، "ئەمن بێئەدەب نیمە، ئەتوو بێئەدەبی. ئەگەر ئەتوو بێئەدەب نەبای ئەمن لۆچ تۆری دەبووم و دەچوومە ئەو کۆران و ئەو کۆران؟ بابی من وەزیر بوو، بابی من مرد، ئەمن له جێی بابی خۆم وەزیرم. چ مەعنایە؟ کەسێ غەیریی لەسەر کورسیە (کورسێ) بابی من دابنیشی ئەمن (بنێشێمن) قەبوول ناکەم."

٤٨٨. "وە له پاشی کورسی کچەکەشت ئیی منە، ئیی توو نییە. وە نازانی ئەمن بە بەلاش لێت ئەخوازم، بە مالی دونیا چەندی تەلەب بکەی، وە باری حوشتر پارەت ئەدەمێ، بە ملیۆن، بە ملیارد، چەند تەلەب بکەی ئەمن فەقیر نیمە." گۆتی، "ئەمن لۆیە کچی خۆم نەدا توو، ئەتووشم لەسەر کورسییە دانەنا، گۆتم، بزانم چ نەوعە پیاوەکی لێ بە دەردەی."

٤٨٩. گۆتی، "ئەمن ئەو نەوحە پیاوەمە – چەند پەهلەوانت هەیە لە مەملەکەتی سیاپۆش لە بۆ مەیدان حازرم، یەکاویەک هەمووت لۆ لە عەرزی بدەم و ئایە دەیانکوژم، ئایە ئازادیان دەکەم." لە پاشی وەی سوال و جوابی نەکرد، کەسەکی غەیریی هینا بۆ وەکالەت، لەسەر کورسییە خۆی دانا، گۆتی، "حەتا سبعەینێ دێمەوە." کە چووە مارێ خۆی داکی مردبوو، دەگریان لە مارێ وان. حەتا ئەو داکێ خۆی بردە سەر قەبرا و لەناو قەبری نا و کفن و دفنی کرد، بە جێیان هێشت، مەلیکی سیاپۆش یازدەهەزار نفووسی دەوری قەسرێ خۆی دانا، هەموویان بە نیزامی، بە تەعلیمات داینا، کە ئەگەر شێرزاد عەرەکەتی کرد بیکوژن، خۆی قاهیم کرد.

٤٩٠. خـواجه سـیاپۆش عـەمەقدار بوو، گۆتی، ''کورم، بزانه دۆسـتت نییـه لەو مـەملەکەتە ئیللا دوشـمن نەبی. کـه مـەلیک دوشـمنێ توو بیتن دیارە هیچ دۆستت نییه. بەو کەسـانەی گۆتی، "هـەر کەسـی مـەرحەبا له شـێـرزاد بکاتن ئـەیکوژم." سـەبەب چییـه؟ دیاره کـەیفی لەگـەر ئەتوو نایێـتن، چاوی به توو هـەرنـایەتن. چاک وەیه مـەملـەکـەتی خـۆت به جێ بێـری و خـانی و قـەسـر و مـرک و ئەتفال و خـۆت هـەمـوو بفـرۆشـی، له دەفتـەر بدەی، دەکـات چەند مـەبلـەغ پاره. برێ، "به خـواجـه سـیـاپۆش فرۆشتم، بزانم کێ مەنحی هەیه."''

٤٩١. به دەلـلال بانگی ڕاهـێـشـت سێ ڕۆژا، ''قـەیسـەری و خـانه و ئوتێل و حـەمـام و ئەوه و ئەوه هەمـوو فـرۆشـتـم، هـەنده مـەبلەغـە، بەو هـەنده پارەم دا، له پاشی وەی دامه خـواجه سیاپۆش، کێ مـانیحه، کێ حقوقی هـەیه لەگەر ئەمـن، بێ، مەنحم بکا.'' کەس نەبوو حقوقی لەگەر ئەوی هـەبی وه قەرزداری کەسیش نەبوو.

٤٩٢. له پاشدان بانگی ڕاهێشت، گۆتی، ''کورم، دیسـان حەوانەوەت لێره نابی، بچـۆ–ـه دەرێ، برۆ لێرانـه. بانگ ڕابێره، "کـێ مەنحم دەکا، ئەمـن له مـەملەکـەتی نامـینم، ئەڕۆم."'' سێ ڕۆژ بـانگی ڕاهێـشـت به دەللالی، کەس نـەیگۆ، ''لۆ چ دەڕۆی، لۆ ناڕۆی؟''، کەس خـۆی بەسـەرەوه نەبن.

٤٩٣. ''ئەو سیاپۆشـه، خواجه سیاپـۆش، ئەو قەسرەی لۆ من دروست کردیه بێ دەرکه. ئێک لەغـەمی لێ دایه. لۆیه بێ دەرکەیه چونکه ئەمن سـاعـیبـدوشـمنم، مـەلیک دوشـمـنی منه. وه ئەمنیش لەو ڕۆژی حـەتا ئەلعانێکه، حەموو ڕۆژەکی که خودا خـەلقی کرد، هەمـوو شـەوێ دەچم، سێ سـەحـات لەو مـەملەکەتی سیاپۆشـی حـەربی ئەکـەم، سێ سـەحـاتا

مەیتیان لێ دێخم، دوایێ دێم، ئەگەڕێمەوە. کە ئەگەڕێمەوە مەخسەدم ئاخر نەبووە. ئەوجار ئەگەر دێی، وەرە لەگەرم، ئەگەر نایێی، مێ.''

٤٩٤. گۆتی، ''دێم.'' ووراغەکیشیان لۆ وی زین کرد، لەگەر شێرزاد چوونە ناو ئەو حەربەی. حەربیان ئەوێ شەوێ موەفەق بوون. شووره کەتبوو، ڕووخابوو.... گۆتی، ''بزانە، مامی من چەند بێعاقرە، وا ئەزانی ئەمن مردیمە، لۆیە حەسکەری لەناو دەرگەی نەهێشتیە.'' عوسمان گۆتی، ''نە''، ئەوە مەخسەدی ئەوەیە کە تەماشەی بکاتن، ئەتوو – کەس لێرانە نییە – بێی، بتگرن''.

٤٩٥. حجوومی کرد لۆ ناو ئەو دەرکەی، وەکی چوو کەسی تێدا نەبوو، ڕووخابوو. کەسەی وان سەحوو بوو. ئەوجا ڕۆیی لۆ مەملەکەتی سیاپۆشی. ئەوجار کەمەندی لە پشتێ خۆ کردەوە، بەسەر منارەدا چوو، چوو لە قەسرێ وی، ئافتابرۆخ، دەسگیرانی بوو، کچێ مامێ وی، هینایە دەرێ. کە هینایە دەرێ ووراغەکی زۆر باشی دە بندا بوو، هەرسێکیان سوار بوون.

٤٩٦. لەشکر جوملە ڕێیان لێ گرتن. براوەیان کرد، ئەوانە سێ ڕێگەیان گرت، هەر یەک دە ڕێیەکی چوون. ئەو ژنە زۆر ئازا بوو، شیری هینایە دەرێ، چووە ناو حەربەی لە دەستەڕاست، یەعنی لە یەمین و... لە هەر سێک لا حەملەیان برد، حەربیان کرد. لە پاشدان ئافتابرۆخ شێرزادی کوشت، نەیزانی، تاریک بوو شەو، شیرەکی لێ دا، وەک مشار خشتی کرد، کوشتی.

٤٩٧. لەشکر شکەستەی کرد، وەختێک بانگی عوسمانی کرد، گۆتی، ''یا عەرەب، مای؟'' گۆتی، ''مایمە، ئەمما زۆر برینم دە قالبیدا هەیە.'' گۆتی، ''کان شێرزاد؟'' گۆتی، ''وەللا، نازانم.'' تەماشەی کرد،

چوو، ئەو جێیە شیری لێ دابوو، وەکی مشاری خشتی کردبوو، عەینەن لە دوایێ (دوایە) مشاری لێ دایە، لەسەر ناوچەی خشت کردبوو. ئەوجار کە تەماشەی کرد، ئەو مەیتەی هەرگرت، هەر ئێکەک کەرت کەرتیان هەرگرت، هینایان لە پێشی قەسری خۆی.

٤٩٨. بەیانی داهات، ڕۆژ هەرات، شارتیەوە، ئافتابڕوخ شێرزادی شاردەوە، لەگەر عوسمان هاتن بۆ ئەو قەسرە. ئافتابڕوخ کە شاردیەوە، شێرزادی شاردەوە، لە پاشدان خۆی ڕووت کرد، خۆی بەسەر ڕمێدا دا، بە خۆشی خۆی کوشت، ئافتابڕوخ کە دەسگیرانی شێرزادی بوو. عوسمان بە تەنها چوو لۆ ئەو قەسرەی.

٤٩٩. وەختی چوو جەمالڕوخ گۆتی، "لۆچ ئەتوو؟ کانی شێرزاد؟" گۆتی، "ئەمن زۆر بریندارم، تەداویم بکە حەتا قسەت لۆ ئەکەم." تەداویی کرد، شیری گەرم کرد، دایێ، برینی بەست، خۆی حازر کرد بۆ حەربی مامی خۆی. گۆتی، "دەچم، خینی برای خۆم ئەکەمەوە." ئەو ژنە تەعەممولی نەکرد عوسمان دیسان لەگەری سوار بوو.

٥٠٠. ئەوجارە هات، جەمالڕوخ، بە شەو داخیلی ئەو مەملەکەتەی بوون. دیسانێکە بە چارنار حەملەیان برد لە بن ئەو منارەی قەلحەی سیاپۆش. چووە سەر بە کەمەندێ، سێ حەبد لەسەر سەرێ وی نۆبەدار بوون. لە پاشدانەرێ ئێکیان فیراری کرد، دووشی کوشت. شیرەکیشی لە ناوقەدی مامێ خۆی دا – چ نەوع ئافتابڕوخ لە شێرزاد دابووی، شەققی کردبوو، ئەویش وەهای لە مامی خۆی دا، شەققی کرد.

٥٠١. ئەو ژنە گەڕاوە، جەمالڕوخ، بە عوسمانی بنی عەفانی گۆت، "کان قەبری شێرزادی، لە کێیە؟" تەماشەی کرد، پیشانی دا، گۆتی،

''بینە، ببینم.'' کە نیوەڕێی هینایە دەر لەناو قەبری، ماچێکی لێ کرد، گۆتی، ''باشە.'' ماچەکیشی لە ئافتابڕوخ کرد، گۆتی، ''بزانە، ماریّ منیشت خەرا کرد، ئێ برایێ منیشت خەرا کرد، ئێ خۆشت خەراب کرد. جێت زۆر خۆشە، لە جێی خۆی بە.''

٥٠٢. گەڕاوە دیسانێکە لە بۆ قەسرێ خۆی. وەسییەتی (وەسێتی) خویندەوە لە بۆ عوسمانی بنی عەفان، گۆتی، ''ئەمن چوون دەفەوتێم، ڕمەکیان لە من دایە لەو حەربەی کە مەملەکەتی سیاپۆشیە – ئەو ڕمە ئەتوو ئاگات لێ نەبوو. سەری ئەو پەهلەوانەم فڕێ دا، حەفتێیەکیان کەو بە شیرەکی – کە شیرم لێ دا حەفتێیەکیان کەو، سەرم فڕێ دا. حەملەی کرد لەو سەرە ئەتووش بکوژی، ئەمما، ئافەرین، ئەتوو فیرارت نەکرد وە ئەمنیش نەمهێشت ئەتوو بکوژی، ئەمن ئەو پەهلەوانەم کوشت. ئەوە قایدی جەیشی وان بوو، تەمای بە ئافتابڕوخ بوو، وەیزانی ئەمن شێرزادم.''

٥٠٣. ''لە پاشی وەی کە ئەمن حەقی خۆم وەرگرت، ئەو ڕۆژ بریندارم، نامینم حەتا سبەی، حەتا دوو سبەی. ئومێدت بە من نەبێت. گەنج و خەزینەی خۆم هەموو پێشکێشی توو کرد، ئەمن وارسم، کەس حەقی لەسەر نییە. نەشچیە مەملەکەتی کیسرای لە بۆ ژنەکی، چ مەعنای تێدا نییە، ئەتوو مادام کوڕی ئەو نەوعە پیاوەی، زۆر زەنگینی، هەزار ژن لۆ تۆ هەیە، خۆت مەفەوتینە لەسەر ژنێکی.''

٥٠٤. سەری وەسەر ڕانێ وی کرد، هەتا سبعەینە هەردووکیان گریان، سبعەینە مرد، عەمرێ خوای کرد. کە عەمرێ خوای کرد تەماشەی کرد، هینای، شووشتی جوان، شاردیەوە لەو باغەی، لەناو ئەو باغەی کفن و دفنی کرد، بە خاکی سپارد. کە بە خاکی سپارد،

عوسمانی بنی عەفان هەرستا، ئەو ئەشیای کە لەناو ئەو قەسرەی هەبوو هەمووی لە ووراغیان نا و لە بۆ خۆی برد، چووە کن داک و بابی خۆی.

## ٥

## سوورچی

خێڵی سوورچی ئەو ناوچەیەیان بە دەستە کە هاوسنووری ڕووباری زابی گەورەیە لە چەمینەوە لەناکاوەکەی ڕووەو ڕۆژاوایەوە، دوانزدە میلێک لە ڕەواندزەوە، تا جێگەیەک کە کەموزۆر بیست میلێک دەکەوێتە باشوور، باشووری ڕۆژاوای شاری ئاکرێوە. دیالێکتەکەیان لە ڕەگەزی ژووروو (بادینانی) و ناوەندی (سۆرانی) پێک هاتووە.

ئاگاییدەرەکەی من، مام حوسێن موحەممەد ئەمین، لە ناوەڕاستی پەنجاکانی تەمەنیدا بوو. لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی بێسمەکەر بوو، پێیشی دەگوترێت سویسناوە، کە چواردە میل لە ڕۆژهەڵاتی ئاکرێوەیە، بەڵام دوو ساڵی ڕابوردوو لە شارەکەدا ژیابوو. وا پێ نەدەچوو ئەمە بە هیچ جۆرێک کاری کردبێتە سەر دیالێکتەکەی.

## حارێ من

٥٠٥. وەکی ئەز کچکە بووم، پیچەک مەزن بووم، گۆتیانە من، باوکێ من گۆت، "هەروو مەز مەڕ." پاشی وەکی مەستر بووم ئینا گۆتیانە من، "هەروو جۆت." ئەبێینێ گا. دوو گا دێبەینە جۆتێ، حەتا هێوارێ دێ جۆتێ کەین، هێوارێ گایە خۆ هینین، هێینەوە.

٥٠٦. حارێ من چێ بوو، خۆش بوو. من لە بۆ خۆ ڕێنجبەرەک گرت، هەنارمە جۆت. شوانەکیشم گرت، هنارمە مەز مەڕ. پاشی وەکی گەنم گەیی وێجا سەپانەکم گرت. وێجا هناردم بدرووتن. وەکی درووشی گێرەین کر، هنگیشین هەر ئاوێت، (داینە بای،) کێشاینە ژۆر. پاشی وەکی ئەو گەنمین کێشا کارینەکین چێ کر، کاین کێشایێ.

* * *

٥٠٧. ئاخێ دێ کۆرن، وێجا دێ ئاوێ تە ناو ئاخێ کەن. وێجا دێ کاش پە ناو وەرکەن، دێ تێک دەن، تێک دەن. وێجا دوو کەس دێ کێشن، قوڕی، یێکیش دێ کەتە لک بن. پاشی وەکی هیشک بوون دێ کەنە دیوار، دێ کەنە خان.

## چێرۆک: ئەحمەد و سێ کۆسە

٥٠٨. هەبوو، هەبوو، چ لە خودێ مەستر نەبوو،

چش لە بەندەی درۆهینتر نەبوو.

ژنەک و مرۆوەک هەبوون، سێ گایان هەبوون. مرۆوەکە گۆتە ژنەکێ، ''ئەتوو سبیانێ هەروو باژێر، گایەکی بفرۆشە. ئەما ڕووسین و برسیینە، لە بۆ مە پە جلک بدە و پە پێراو بدە و پە شەکر بدە.'' گۆتی، ''ئەز دێچمە جۆتێ، ئەتووش گای ببە باژێر، بفرۆشە.''

٥٠٩. ژنەکێ گا بردە باژێر بفرۆشی. سێ برا هەبوون لە باژێرێ، کۆسە بوون، وەکی یەک لە لای ژۆرێ بوو، ئێکیش لە نیوەکێ بوو، ئێکیش لە لای ژێرێ بوو. وەکی گای برد، گەیاندە لای ژۆرێ، کۆسەی گۆتە ژنەکێ، ''نێرییێ توو پە چەندی؟'' گۆتی، ''نێری نییە، گایە.'' کۆسە گۆتێ، ''نێرییە، ئەتوو دینی، گا نییە، ئەکەر بفرۆشی نێرییە توو سێ لیرە تینتن، ئەز دێ چارا دەمە توو.'' ژنییەکە چۆ، نەیدایێ.

٥١٠. گەشتە کۆسێ نیوەکا باژێرێ. ئەو کۆسەی گۆتێ، ''ها، ژنێ، گیسکێ توو پە چەندی؟'' ژنەکێ گۆتێ، ''بابە، نێرییە، گیسک نییە.'' کۆسە گۆتە ژنەکێ، ''نێری نییە، گیسکە، ئەتوو دینی. ئەز هەمە ڕۆژێ گەلەک حەیوانا ئەکڕم، گیسکە، نێری نییە. ئەکەر گیسکێ خۆ بفرۆشی دینارەکی تینی، ئەز دێ دووا دەمە توو.'' نەیدایێ.

٥١١. چۆ خوار لە بۆ بنێ باژێر، گەشتە کۆسێ دی. کۆسێ دیکە

گـۆتێ، ''دیکرێ تـوو پە چەندی؟'' گـۆتـی، ''بابـە، دیکر نـیـیـە، گـیـسکە.''
گۆتی، ''نە، ژنێ، دیـکرە. ئەز هـەمـوو ڕۆژێ چلا ئەکرِم، بیـسـتـا ئەکرِم.
گیسک نییە، دیکرە.'' گۆتە ژنەکێ، ''دیکرێ توو سێ درەما تینی، ئەکەر
بدەیە مـن دێ چار دەرەمـا دەمــە توو.'' ئینا دای پە چار دەرەم. گـایان
کردە دیکر، لێیان ستاند پە چار درەم.

٥١٢. وەکی گـای دایێ ژنەکێ دەرەما پـە نان و کەسب دا لە بۆ خـۆ و
مێردێ خۆی. حێجز بوو، ژنەکە، زۆر حێجز بوو. ژنەکە چۆوە مارا خۆ.
مـێردەکـەش هێـوارێ لە جـۆتێ هـاتەوە، چاوێ خـۆ گێـڕان لـە مـارا خـۆ
داخـوا ژنەکێ چ شـیـو لێ نایە. گۆتی، ''ژنێ، توو هـەوڕۆ لە بۆ مـە چ لێ
نایێ؟'' گـۆتی، ''مـرۆو، هندەک نـان و کـەسـبم ئێ لە بۆ شـیـوێ هـینای
بخـۆی. لە بۆ سبـەشـم گۆشت و مۆشت وێ هینـای، شیـوەکا خـۆش دێ
لێ نێین.''

٥١٣. وەکی چۆنە ناو جیێ خـۆ، بنون، گۆتی، ''مرۆو، ئەمـن گایە خـۆ
گـەیانـدمـە لای ژۆری باژێرێ، مـرۆوەکـەی گـۆتە من، "وەللا گـا نـیـیـە،
نێرییە، توو دینـی." ئەمن گـایە خۆ بردە خوارێ، گەشتمـە نیوەکا باژێر،
"ها،" کـۆسـێ نیـوەکێ گـۆتە من، "گـیـسکێ تـوو پە چەندی، گـیـسـک؟
گیسکێ توو دینارەکی تینی، بەرێ دێ دوو دینـارا دەمە توو." گـەشتـمە
لای ژێرێ، گـۆتی، "دیکرێ توو پـە چەندی؟" گـایان کـردە دیـکر، پە چار
درەمام دایێ. دەرەمـەک من وێ پە نان و کـەسب دای، سبـەی دێ کـەینە
شیو و میو، دێ خۆین.''

٥١٤. مرۆوەکـەش گۆتە ژنەکێ، ''ئەتوو خـۆ حـێجز مەکە، دێ تۆرا خۆ
لێ کـەمـەوە. ئەز ئەزانم، ئەناسـم ئەو کۆسـانە.'' سـبـەینێ هـەردوو گـایێ
دی بردن، فـرۆتـی، مـرۆوەکـەی فـرۆت. کـەرەکی دێزەی پـێ کـڕی، هندەک

پارەی ماشەوە، زێڕ مانەوە. کەرێ دێزەی دا پێش خۆ لە بۆ مەز کۆسێ لای ژۆری باژێرێ، سێ زێڕ تە کوونا کەریڕا کرد. وەکی گەشتە مەز کۆسەی دوو سێ دارەکی لێ دان کەریش گۆتی، ''تڕ، تڕ،'' هەر سێ زێڕی لە کوونی هاتنە دەرێ لە مەز کۆسەی. گۆتی، ''کەرباب خودان، ئەتوو هەر ئەڕی زێڕ؟!''

٥١٥. کۆسەی گۆت تە درێ خۆ، ''تەبی ئەو کەرەی لەو مرۆوەی هەر بستینی، وێ ئەڕی هەر زێڕ.'' گۆتێ، ''ئەتوو کەرێ خۆ نافرۆشی؟'' مرۆوەکەی گۆتە کۆسەی، ''ما توو نابینی کەرێ من هەر وێ ئەڕی زێڕ؟'' کۆسەی گۆتێ، ''تەبی ئەو کەرەی بفرۆشییە (بفرۆشیە) من.'' کەرێ خۆی دا پێش خۆ، لە بۆ مەز کۆسەی نیوەکێ چۆ. وەکی گەشتە هێوەی کۆسێ نیوەکێ، سێ زێڕی تە کوونێڕا کردنەوە، دوو سێ دارەکی لێ دان، سێ زێڕەکەی فڕێ دان.

٥١٦. کۆسێ لای ژۆریش وێ لە دوو تێ. وەکی گەشتنە یێک یێ نیوەکێ گۆتێ، ''برا، ئەو مرۆوەی سێ دار لە کەرێ خۆ دان، سێ زێڕێ ڕیتن.'' گۆتی، ''لە مەز تووشی ڕیت زێڕ؟'' گۆتێ، ''ئەرێ وەللا، لە مەز منیشی ڕیتن زێڕ.'' ''وەللا،'' گۆتی، ''تەبی ئەو کەرەی ئانی بفرۆشیتە مە ئانی تەبی هە لێ بستینین، هەر وێ ڕی زێڕ.'' هەر دوو برایەکا گۆتە مرۆوەکەی، ''ئەو کەرەی بفرۆشە مە.''

٥١٧. مرۆوەکەی کەرێ خۆ دا پێش خۆ، لە بۆ مەز یێ خوارێ چۆ. وەکی هێشتا نەگەشتە مەز مرۆوەکەی خوارێ هەر سێ زێڕ تە کوونا کەریڕا کرنەوە، ئینا دوو سێ دارەکی لێ دان، ئینا کەری گۆت، ''تڕ، تڕ،'' هەر سێ زێڕی فڕێ دان. هەر سێ کۆسەش گەشتە یەک، یێ خوارێ گۆتە هەردووکێ ژۆرێ، ''ئەو مرۆوەی سێ دار لە کەرێ خۆ

دان، سێ زێڕی ڕیت." گـوٚتی، "وەڵلا، لە مــەز تووشـی ڕیتن؟ لە مــەز مـەشـی هەر ڕیتن زێڕ. وەڵلا، تـەبی ئەو کـەرەی هەر بدەتە مـە، پە پارە بی، پە چ بی، تەبی بفرۆشیتە مە."

٥١٨. هەر سـێک پێ وەر هـاتن کـو لێ بکڕن. مـرۆوێ خـودانێ کـەر گۆتـە هـەر سێ کۆسـە، "ما ئەنگۆ نابینن کـەرێ من هـەر وێ ڕی زێڕ؟" گۆتی، "مـار خەراب، ئەو کەرەی بفرۆشـە مـە. پە چەندی بی دێ لە توو کڕین." گۆتی، "کەرێ من شـەش هـەزار تینیت، دوو هـەزار خاترێ ئەنگۆ بیتن، چـار هـەزار زێڕیش بدەنە من." چار هەزار زێڕیـان دایێ، کـەریان لێ کڕی.

٥١٩. وەکی مرۆوەکە چۆ، پارێ خۆ بەتن، کۆسە گۆتە مرۆوەکەی، "چ خواردن بدەینە کەری؟" ئینا گۆتی، "لە ژۆرەکا هۆ جوان وە بێنن، بەرک و مـافوورا لە بۆ کـەری ڕائێـخن و خـوارنیش، خـەمسـەکـا کـونجیـا، تەنەکەشی دۆشاوێ تێک هەر بکەن، لەبەر کەری دانێ، دەرگەش لەسەر پێوە نێ، وێجا سبەینێ وەرنە بەر وی، دێ لە بۆ ئەنگۆ ڕی زێڕ."

٥٢٠. ڕۆژا بەراییێ برایێ مـەزتر کەر لە بۆ خـۆ بردە ژۆر، بەسـتـەوە. گۆرییـا وی بوو، گۆرییا برایێ مـەزترێ بوو، ڕۆژا بەراییێ ئەو لە بۆ خۆ برد. ڕۆژا پاشـتـر گـۆرییـا برایـێ ناویـتـرێ بوو، وەکی بـرایێ ناویتـرێ سبیانێ هات لە برایێ خۆ پرسی، گۆتی، "کوو بوو، چاک بـوو، خەراب بوو؟" گـەلەک زێڕی ڕیتن ئانی کـێم؟" ئەویش پە قـەست قـسـە لە بۆ نەکرد، گۆتێ، "حەتا ئەزی ساخم هەر ڕوونێم، هند زێڕی وێ ڕیتنە."

٥٢١. ڕۆژا دوایێ برایێ کچکە برد، گۆرییـا وی بوو. گۆتە برایێ خۆ، "چ بوو؟" گـۆتی، "گـەلەک باش بـوو، هندەک زێڕی ڕیتن." برایێ کـچکە برد، ئەوێ شـەوێ ئەوی بـرد، لە ژۆرێ بەسـتـەوە. سـبـیـانێ زوو وەکی

دەرکێ وەکە، کەرەکەش لە پشت دەرکێ سکەت ببوو. ئەویش نەزانی، هندی پار پە دەرکێڕا نا نەبوووە. پێ کەرێ سکەت ببوو، پێ وی کەتبوو پشت دەرکێ، نەبوووە دەرک.

٥٢٢. وێجا نارێ کەری سپی ئەچۆن. گۆتی، ''کەرباب خودان، هەر وێ ڕیتی مەجیدی!'' چووبوو باژێر، گۆتبوو دوو حەمارا، ''کەرێ من هەر وێ ڕیتی مەجیدی. لە بۆ من دەرکێ وەکە، پە من نابیتەوە، دێ حەقا دەمەنگۆ.'' وەکی دەرکێیان کردەوە کوو کەرێ وی وێ سکەت بووی، هەر سێ برا هاتنە مەز ئێک، ڕا وەستان، گۆتیان، ''مار خەراب، ئەتوو لە بۆ چ قسەت لە بۆ من نەکرد؟'' گۆتی، ''ئەما هەر سێک برایێ ئێکین (برایێکین)، هەر سێک وەکی یێک لێ بێین.'' گۆتی، ''برا، کەرین لە ڕەمەزانی کڕی پە چار هەزار زێڕ، دا بچین، ئەو مرۆوەی بکوژین، ڕەمەزانی، تۆرا خۆ لێ وەکەین. ئەمەی کوشتین.''

٥٢٣. ژنەکەش گۆتە مێردێ خۆ، ''ها، ئەو مرۆوە لە مە ناگەڕێن.'' مرۆوەکەش هەرستا، جلکێ خۆ گۆڕین دا نەناسنەوە، هەردووک چۆنە ئاقاری. دارەک وا هەی، ئەما بێینێ خرنووک. ژنەکێ هۆ باوەشین لێ کرد، مرۆوەکەش هەر هۆ کۆری، پاقژ ئەکرد. هەر کۆسە هاتن سەراویان کردێ. مرۆوەکەی ناوێ خۆ کردە ئەحمەد. ئەحمەدی چ کرد، بیست زێڕ کرنە خۆردە، هینا هەمی پەو خرنووکێوە کردن.

٥٢٤. وەکی هەر سێ کۆسە هاتنە مەز ئەحمەدی گۆتیانێ، ''ئەوە چییە؟'' گۆتی، ''ئەوە ڕەزێ منە، هۆتەوە پارەی پێوە تێ.'' گۆتیانێ، ''ئەحمەد، ئەو ڕەزەی حەز ئەکەین بفرۆشیە مە.'' ئەحمەدیش گۆتێ، ''ما دنیا هەر لە بۆ پارەی نییە؟'' ڕەزێ منیش پارە پێوە تێ.'' ''نەخێر، تەبی هەر بدەیە مە.'' هەویش گۆتێ، ''ئەز ڕەزێ خۆ نافرۆشم.'' ئینا ژنەکێ

گۆتێ، ''دێ، بفرۆشە.''

٥٢٥. ئینا گۆتێ، ''وەکی هەر لە من نەگەڕێن دێ فرۆشم. ئەنگۆ دێ لە من هەر ستینن. ئەز مرۆوەکی فەقیرم. ڕەزێ من دە هەزار زێڕا تینتن، دوو هەزار خـــاترێنگۆ، هەشت هەزار زێڕیش بدەنە من.'' ئەوانیش گۆتێ، ''گەلەک باشە.'' هەشت هەزار زێڕیان دایێ، لێیان کڕی. گۆتیانێ، ''ئەو ڕەزە چ تۆو پە خودان بکەین؟'' ئەویش گۆتێ، ''هەر وەکی من باوەشـینێ لێ بکەن ئو بکۆرن.'' ئەوان خـیـوەتا خـۆ هینان، لەناو ڕەزێ خۆیان گرتەوە.

٥٢٦. ژنەکێش گۆتە مێردێ خۆ، ''دا ئەمە (دامە) بڕۆین، نە خۆ دێمە کوژن.'' ئەویش و ژنا خۆ چۆنە گوندەکی. هەر سێ کۆسە هندی باوەشین لە ڕەزی کرد، هندی هەریان کۆری، پێوە هات هندە خڕنووک بەرێ وی، چ پارە پێوە نات [نەهات]. هەر سێ کۆسە گۆت، ''ئەوە عەین ڕەمەزان ئەو فێرە لە مە کرد.'' چۆن لە دوو بگەڕێن. لەو گوندەی چۆنە گوندەی، هە پسیاریان کرد. هندەک ژنا گۆتی، ''ئەوە مارا ئەحمەد لێرە.''

٥٢٧. وەکی ئەحمەدی دیت کوو ئەو کۆسە وێ لە دوو وی ئەگەڕێن کوو ببیننەوە، بکوژن، ئەحمەدی قەبرەک لە بۆ خۆ کۆری، ئینا خۆی تە هەندور قەبری نا. کێردەکیشی تەگە خۆ بردە قەبری، گۆتە ژنا خۆ، ''وەکی هاتن لە بۆ مەز توو، ئەتوو لە خۆ بدە. دێ سوالێ لە توو کەن، "ئەحمەد چ لێ هات؟" ئەتووش بگریێ، لە خۆ بدە، ببێ، "ئەحمەد مرد."''

٥٢٨. وەکی کۆسە هاتن گۆتیانێ، ''ئەحمەدێ برایێ مە چ لێ هات؟'' گریا، لە خۆی دا، گۆتی، ''مرد.'' ئەوانیش گۆتێ، ''قەبرێ ئەحمەدی برایێ مە نیشا مە بدە.'' ئەویش گوتێ، ''وەتێهێ قەبرێ ئەحمەدی.''

ئینا وەکی کۆسە چۆنێ پە شەو لە قەبریان هاوێتەوە، ئاخیان لەسەر فرێ دا، گۆتیان، "دێ مەیتێ وی لە قەبرێ دەرئینین، دێ نەفتێ پێداکەین، ئاگری بەردەینێ دا بسۆژیت، دێ تۆرا خۆ لێ کەینەوە."

٥٢٩. کۆسێ بەراییێ ئاخ لەسەر هاوێت، دەست دا بەردی، لەسەر هەرگری. ئینا ئەحمەد کەپی لێ گرت و لێی برِی. ئینا دەستێ خۆ هۆ لە کەپێ خۆ کرد، وەی نەکرد برایێ دی ببینن، ئینا رِۆی، چۆ دەراهێ، رِوو نشت. ئینا برایێ دیکە گۆتێ، "ئەتوو لە بۆ ئەترسێی؟ حمرێ توو نەمینی!" ئەویش گۆتێ، "بۆن وا لێ تێ." ئینا یە دیکە چۆیێ، خۆشخۆشانی چۆیێ کوو دێ بەردێ لەسەر قەبری وی هەرگریت.

٥٣٠. ئینا گیووی لێ گرت، لێی برِی. ئینا ئەویش دەستێ خۆ پە گیوویێ خۆیوە نا و رِۆی، وەی نەکرد برایێ دی پێ بحەسێ، بزانیتن، گۆتی، "بایەکی لێ دێت، لە منی دا." بوو گۆرییا یێ دی، چۆیێ. ئەویش چۆ کوو بەردێ لە سە هەرگری، لە قەبری دەربینیتن مەیتێ وی. ئینا لێوا ئەویشی برِی. هەزار رِەحمەت لە توو و لە دای بابێ توو. خەلاس.

## ٦
## ئاکره

شارۆچکەی ئاکره (بە کوردی: ئاکرێ، بە عەرەبی: عەقره) ناوەندی قەزایەکە هەر بەو ناوە، دەکەوێتە گۆشەی باشووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی مووسڵ. ئەمە کاتی خۆی بەشی هەره خوارووی میرنشینی بادینان بوو، کە لە عەمادییەوە حوکم دەکرا. وەک بازاڕ، شارەکە خزمەتی ناوچەی خێڵی سوورچی لە باشوور و ڕۆژاوا و خێڵی زێباری و بارزانییەکان دەکات لە باکوور و ڕۆژهەڵات. لە شارەکە و دەشتەکەی دەوروبەری، بەشێک لە دانیشتووان، لە هەندێ جێگە دەگاتە ١٠٪ لە کۆی هەمووان، لە مەسیحییانی ئارامیئاخێو پێک دێت.

هەموو تێکستەکانی ئەم بەشە، بێجگە لە دوا دانەیان، لەلایەن یەکێک لە پیاوانی بنەماڵەی ئاغایەکی ناوچەکەوە دیکتە کراون. فارس، کە لە سەرەتای چلەکانی تەمەنیدا بوو، دیار بوو هەرگیز لە ماڵەکەی خۆی بەولاوە نەڕۆیشتبوو، مەگەر بۆ مووسڵ.

چیرۆکی "کچا حاکمی" لەلایەن کەسێکی گەنجترەوە کە زۆریش سەفەری کردبوو تۆمار کراوە. سادق، کە بە پیشە سەرتاش بوو، لە کۆتاییی بیستەکانی تەمەنیدا بوو، لە سوپای عیراقیدا لە فەلەستین خزمەتی کردبوو دوای ئەوەی کە لە کەرکووک مەشقی پێ کرابوو. دیالێکتەکەی هێشتا شوێنەواری کارکردی زیاتری کوردیی باشووری پێوە دیار بوو، بەڵام هەندێ شێوەی عەمادییەیشی جاروبار بە کار

دەهێنا. لەوەیە ئەمە ئەنجامی هەندێ پێوەندیی تایبەت بێت لەگەڵ ناوچەی زێباریدا، چونکە ئەم شێوە و فۆرمانە لە هەندێ گونددا کە تەنیا چەند میلێک لە خۆراوای ئاکرەوەن، بۆ نموونە گوندک، بە دی دەکرێن.

٥٣١. مرۆڤـەک هـەبۆ، هـەمـۆ ڕۆژێ پ خۆ دا چتـه (داشته) چیای، دا پ خـۆ پشـتیـیـەکێ (پشـتێکێ) دارا ئینتـه باژاری، پ خۆ دا فـرۆشـیت، دا دەت پ نان، دا بـەتەڤــه بۆ خــۆ ئو دایکا خــۆ. ڕۆژەکێ چۆ چیــای، طەیرەکێ زێڕ گرت، ئیـناڤـه، پ خـۆ بره باژاری دا فـرۆشـیتن. بره بەر دکـانی مـرۆڤــەکی، گـۆتێ، ''ڤی طەیرەی ناکـڕێ؟'' گـۆتێ، ''بـەلێ، پ چەندێ؟'' گۆتێ، ''پ پێنج دینارا.'' خودانێ دکانێ گۆتێ، ''بەلێ، بدەڤە، دێکرم پ پێنج دینارا.''

٥٣٢. ئێکی دیکه هـەر ل (هـەلل) طەنیـشت وی بۆ، گۆتێ، ''بۆ من بینه پ شـەش دینـارا.'' هـات، دا دەتێ، ئێکی دیکه وێڤەتر بۆ، گۆتێ، ''بۆ من بینه پ هـەفت دینارا.'' هات، دا دەتێ، ئێکی دیکه وێڤەتر بۆ، گۆتێ، ''بۆ من بینه پ هـەشت دینارا.'' هـات دا دەته وی پ هـەشت دینارا. ئەو هـەر سێکێت ئەوولی هـەرسێک برایێت یێک بۆن، گۆته خودانێ طەیری، ''دێ چ کـەی؟ قـابیله طەیری نـەدەیه مـە؟'' طەیر پ خـورتی ل دەسـتی ئینا دەرێ، هاڤـێـتــه پاش دکــانێ. گـۆتـه خـودانێ طـەیری، ''هـەره، بو خــۆ شکایەتێ بکه.''

٥٣٣. خودانێ طەیری چ کر، ڕا بۆ، ئەوی دەستەکێ جلکێت ژنا کرنه بەر خـۆ، پ شـەگ دەست دا جـەرکی، چۆ ئاگێ. گەشـتـه برایێ مـازترێ، ملێ خـۆ ل ملێ وی دا. کابرا ڤـه گـەڕیاڤـه، گۆته ژنەکێ، ''ئـەڤ شـەڤـه ناهـێـیــه مــال لالی من؟ ئەزێ مــســافـرم.'' ژنـەکێ گــۆتێ، ''مــالـه ته ل

کێرێیە؟'' گۆتێ، ''مالا منا ل فلان جادێ.'' گۆتێ، ''بەلێ، دێ هێم. دا بچم، جەرکێ خۆ دا نمە مال، نۆکە دێ هێم.''

٥٣٤. مرۆڤەکە چۆڤە، خودانێ طەیری ڕا بۆ، چۆ مالا کابرای، دەرگە قوتا. کابرا هات، دەرک بۆ ڤە کرەڤە. چۆن، ڕوو نشتن، کابرا دەست هاڤێتە ژنەکێ، دەس ت سوکرێ وەراند کۆ دێ ماچی کەت، زانی کۆ خودانێ طەیرییە. خودانێ طەیری چ کر، ڕا بۆ، کابرا خەندقاند، کاغەزەک نڤیسی بۆ برایێت وی کۆ، ''ئەز ئەحمەدێ پیرکێمە، خودانێ طەیرکێمە، ئەڤە من برایێ هونگۆ خەندقاند. ئەڤە یێت خۆشن، یێت نەخۆش دێ لێ دوو هێن،'' ئۆ کاغەز دا نا سەر سینگێ کابرای. ڕا بۆ، دەر کەفت ل خانی، دەرک دا ئێخست، چۆ مالا خۆ.

٥٣٥. صوبەی زوو برایێت وی هاتنە دکانێ، مان حەتا نیڤرۆ، برایێ وا نەهات باژاری. ئەو تەحەیر مان، گۆتی، ''برایێ مە ئەگرۆ دیار نییە، دا بچینە مالا وی، سەح کەینێ، بەلکە یێ نەخۆش بیت.'' ئەو چۆن، ل دەرگەی دا، کەس جابا وا نەدا. دەرک گە کرەگە، چۆنە ژۆر کۆ برایێ وا یێ خەندقاندی، کاغەزەک دیت کۆ یا نگیسی، ''ئەز ئەحمەدێ پیرکێمە، خودانێ طەیرکێمە، ئەگە من برایێ هونگۆ خەندقاند. ئەگە یێت خۆشن، یێت نەخۆش دێ لێ دوو هێن.''

٥٣٦. ئەحمەدی زانی دێ چن، شکایەتێ لێ کەن لالی حاکمی. ئەحمەدی بەطانییەک پەیدا کر ئۆ هندەک بەقالی پەیدا کر، چۆ ل بەر دەرکێ قشلێ، تشتێ خۆ دا نا وێ دەرێ. دیت هەر دۆ برایێت کابرای هاتن. سەح تکەتێ هەر یێکێ خەنجەرەکا پشکزێر یا ل بەر پشتا وی، هەر یێکێ دەبانجەک یا ل طەنیشتا وی. ئەحمەدێ پیرکێ ئەلبیسێ خۆ گۆرا بۆ، گۆتە وان، ''دێ چ کەن، ئەز خولام؟''

٥٣٧. ئەوان گۆتێ، ''دێ چین، شکایەتێ ل ئەحمەدێ پیرکێ کەین، برایێ مە یێ خەندقاندی.'' ئەحمەد گۆتێ، ''ئەز خولام، هونگ خودانێت خۆ و خەنجەرا پشکزێر ئۆ خودانێت خۆ و دەبانجێ، حاکم دێ بێژتەنگۆ (بێشتەنگۆ)، "عەجیبە، هونگ نەشێنە هێتیمەکی؟"'' (ئە)وان گۆتە ئەحمەدی، ''ئەم چ بکەین؟'' گۆتێ، ''هونگ خەنجەرێت خۆ و دەبانجێت خۆ و ئەلبیسێ خۆ لالی من دا نێن، پاشی هەرنە لالی حاکمی.'' ئەوا چ کرد، ئەلبیسێ خۆ و ئەشیایێ خۆ هەمۆ لالی ئەحمەدی دا نا و چۆنە لالی حاکمی، گۆتێ، ''ئەحمەدێ پیرکێ برایێ مە یێ خەندقاندی.''

٥٣٨. ئەحمەدێ پیرکێ چ کر، ڕا بۆ، ئەشیایێ وان هەمۆ بر ئۆ کاغەزەک نڤیسی، ل شوونا خۆ دا نا، '' ئەز ئەحمەدێ پیرکێمە، خودانێ طەیرکێمە، ئەڤەمە من ئەشیایێ هونگۆ بر. ئەڤە یێت خۆشن، یێت نەخۆش دێ لێ ل دوو هێن.'' حەتا ئەو لالی حاکمی زڤڕینەڤە سەح تکەنێ کۆ تشتێ وان یێ بری، کاغەزەک ل وێ دەرێ یا نڤیسی، ''ئەز ئەحمەدێ پیرکێمە، – '' حەتا خلاسیێ.

٥٣٩. حاکمێ موسلێ یێ کاغەزا تنڤیسیت بۆ حاکمێ وی جێی، ''تۆ چتوڤ حاکمی، نەشێی مرۆڤەکی ل مەملەکەتێ خۆ بگری؟'' حاکمی پ شەڤ ل دیوانخانا خۆ گۆتی، ''هەرچیێ بچیت، حاکمێ موسلێ بۆ من بینتە لێرە پ ڕەزیلی ئەز دێ کچا خۆ دەمێ.'' ئەحمەدێ پیرکێ گۆتی، ''بەختێ خۆ بدە من، ئەز دێ ئینم، ئەمما پ وی شەرتی، من عەفۆ بکەی.'' حاکمی گۆتێ، ''ئەتۆ کیی، کوڕێ من؟'' گۆتێ، ''ئەز ئەحمەدێ پیرکێمە.'' حاکمی گۆتێ، ''من تۆ عەفۆ کری.''

٥٤٠. ئەحمەدی چ کر، ڕا بۆ، کاڤلەکێ مەرەز کڕی، هەر بسکەکێ

زەنگلەک پێڤە کر ۆ سندۆقەک چێ کر ۆ چۆ مووسلێ. پسیار کر، ''مالا حاکمی کێرێیە؟'' پ رۆژ مالا حاکمی زانی، ئەو پ شەڤ ڕا بۆ، چۆ، هێدی وەکۆ دزا، چۆ مەزلا حاکمی. ئەوی کاڤلێ مەرەز ئینا دەرێ، ملێ خۆ وەر کر، خۆ هژاند.

٥٤١. حاکمی گۆت، ''بیسمیللا، ئەو کییە؟'' گۆتێ، ''هوششش، ئەز مەلایەکەتێ ڕوحکێشانێمە.'' حاکمی گۆتێ، ''موهلەتا من بدە حەتا صوبەی دا ئەز ڕوخسەتا خۆ عەیالێ خۆ بخازم، گەردەنا خۆ پێ ئازا بکەم.'' ئەوی گۆتێ، ''چو پ دەستێ من نییە. دێ تە کەمە سندۆقێدا، دێ تە بەمە لالی ڕەبلعالەمین، ئەگەر ئەو تە عەفۆ بکەت، نە خۆ چو پ دەستێ من نییە.'' حاکمی گۆتی، ''ئیننا لیللا وە ئیننا ئیلەیهی ڕاجیعوون.''

٥٤٢. ئەحمەدی حاکم ت سندوقێ نا، گۆتە حاکمی، ''ئەز دێ گاز کەمە تە، ''کۆچ، کۆچ!'' ئەتۆ بێژە، ''حەو، حەو.'' ئەز دێ گاز کەمە تە، ''کرش، کرش.'' ئەتۆ وەکۆ کەری بزڕە. خودێ پ ڕەحمە، بەلکە تە عەفۆ بکەت. ئەیش [ئەز ژی: ئەزیش] دێ بۆ تە ڕجای کەم.'' ئەحمەدی گۆتێ، ''ئەز دێ تە دەرەجێت عوسمانیدا هاڤێمە خارێ، چو دەنگا نەکە. ئەکەر تۆ بکەی، ئۆف!، دێ خودێ ل تە غەزەب چیت.''

٥٤٣. ئەحمەدی سندۆق ڕا کر پشتا خۆدا، هات، هەکۆ ماندی تبۆ دا گورێل کەت، حاکم دا کەتە هەوار. ئەحمەدی گۆتی، ''هوششش، نەخۆ دێ خودێ ل تە غەزب چیت.'' ئەحمەدی سندۆقا حاکمی ئینا دیوانخانا حاکمێ ئاکرێ. ئەحمەد چۆ طەنیشت حاکمی، گۆتێ، ''هوس.'' گاز کر، ''کۆچ، کۆچ!'' ئەو حاکمێ ت سندۆقێدا صانی ڕەوی. گاز کرێ، ''کرش، کرش!'' کەرانی زڕی. ئەحمەد ڕا بۆ، گۆتە حاکمی،

''خـودێ ل ته خۆش بـۆ.'' سندۆق ڤه کـرەڤـه. وەختـێ حـاکم دەر کـەفت ل سندۆقـێ دیت حـاکـمێ ئاکـرێ یێ ڕوو نیـشـتـی ل سـەر تـەخـتـێ خـۆ، مەجلیسا وی یا گرتییه، ئینا شەرم کر، حالەن پەقی.

## ''چاکی نەمایە''

٥٤٤. مرۆڤەک هەیە، ل کووستان دێ هێتن بۆ گەرمیان. دیت مارەک یێ ت ناڤ بەفرێدا، یێ سمری ل سەرما. ئەوی مرۆڤی گۆتی، ''ئەز دێ ڤی مارەی بەمە گەرمیان. دنیا هەتاڤە، یا گەرمە، بەلکە نەمریت.'' ئەوی مرۆڤی چ کر، دەست دا ماری، کرە ت جەندکێدا. هندەک ئاخ بۆ ماری کرە ت جەندکێدا. مرۆڤەکەی گۆتی، ''خێرە، حەیوانێ خودێیە، دا نەمریتن سەرمادا.'' هاڤێتە ملێت خۆ، هاتە گەرمیانێ.

٥٤٥. سێ چار قوناغا هات، گەیشتنە جێ گەرمێ. جەندکا خۆ ل پشتا خۆ ڤە کرەڤە، دا نا عەردی، دەڤێ وێ ڤە کرەڤە، مار ئینا دەرێ. گۆتە ماری، ''حەیوانێ خودێ، پ خێر بچی، وەغەرا تە پ خێر!'' ماری چ کر، ڕا بۆ سەر کلکا خۆ، چۆ بەرەکا کابرای. کابرای گۆتێ، ''دێ چ کەی، مارۆ؟'' ماری گۆتێ، ''ئەز دێ پ تە ڤە دەم.'' کابرای گۆتێ، ''من تۆ ل ناڤ بەفرێ ئینای، نەخۆ دا مری سەرمادا. ئەڤە سێ چار ڕۆژە من تۆ ل پشتا خۆ کری، ئەڤەش حەقێ چاکییا منە، دێ تۆ پ من ڤە دەی؟''

٥٤٦. ماری گۆتێ، ''دوژمن بگەتە دوژمنی چو هێڤە و هۆڤە نینە. باپیرێ مە سەرا باپیرێنگۆ ل بەحەشتێ هاڤێتە دەرێ. ئەز دێ پ تە ڤە دەم.'' کابرای گۆتە ماری، ''وەرە، بچینە شەریعەتی.'' ماری گۆتێ، ''بچینە لالی کێ؟'' کابرای گۆتێ، ''وەرە، دا بچینە لالی بنەدارا هەنێ.'' ماری گۆتێ، ''هەرە، دا بچین.'' هەردوک گەل یەک چۆن، چۆنە لالی بنا

دارێ، گۆتێ، ''بۆ مه شەریعەتی بکە.'' بنا دارێ گۆتە کابرای، ''باخڤە.'' کابرای گۆتە ماری، ''تۆ ببێژە.'' ماری گۆتە کابرای، ''تۆ ببێژە.''

٥٤٧. کابرای گۆتە بنا دارێ، ''ئەز لە کوویستان بۆم، دا هێمە گەرمیان. من دیت ئەڤ مارە ت ناڤ بەفرێدا بۆ، دا مریت ل سەرما. ئەمن بۆ خێرا خۆ هەل گرت. دا نا جەندکێدا، هندەک ئاخ من بۆ کرێ و دەڤێ جەندکێ من دروو ۆ جەندک من هاڤێتە پشتا خۆ. ئەز هاتم بۆ گەرمیان، ئەز گەشتمە جێ گەرم، من مار بەر دا وێ دەرێ، من گۆتێ، "پ خێر بچی، حەیوانێ خودێ." مار ڕا بۆ سەر کلکا خۆ، زڤڕییە بەرەکا من، من گۆتێ، "دێ چ کەی، مارۆ؟" ماری گۆتە من، "دێ پ تە ڤە دەم." من گۆتێ، "من چاکی یا تگەل تە کری." مارێ تبێژیت، "چاکی نەمایە."''

٥٤٨. بنا دارێ گۆتە کابرای، ''وەیە، هەکۆ مار تبێژیتن. ئەز دارەکا مازنم. هاڤینێ وەختێ گەرمێ مرۆڤەک دێ هێتن ل ڕێکێ، دێ هێتە بن سێبەرا من، دێ ڕوو نێت، دێ شوتکا خۆ ڤە کەتەڤە، دێ سەرێ خۆ کۆت کەت، دێ فێنک بیت، دێ ئیستراحەتێ کەت، دێ نڤیت، گیانێ وی دێ ڕەحەت بیت. پاشی هنگی دێ ڕا بیت کۆ دێ چیت، دێ هۆ بەرێ خۆ کەتە من، دێ بێژت، "ئەڤ طایێ هەنێ یێ باشە بۆ هنجار." نابێژتەڤ خۆ، "من ئیستراحەتا کری بن ڤێ دارێ، ئەزێ نڤیستیم، من چاکییا لێ دیتی." نەخێر، زەمانێ چاکیێ نەمایە، مار یێ حەقە.''

٥٤٩. ماری چ کر، ڕا بۆ سەر کلکا خۆ، گۆتە کابرای، ''دێ پ تە ڤە دەم.'' کابرای گۆتە ماری، ''ئەز شەریعەتێ ڤێ بنەدارێ قەبوول ناکەم.'' ماری گۆتێ، ''کەیفا تەیە.'' کابرای گۆتە ماری، ''یا هەنێ چێلەکە، دا بچینە لالی وێ، شەریعەتێ خۆ بکەین.'' ماری گۆتێ، ''بلا.'' هەردوک

ڤێکرا چۆنە لالی چێلێ، گۆتە چێلێ، ''مە شەریعەتەک یێ هەی، بۆ مە بکە.'' چێلێ گۆتە وی، ''ببێژن مەسەلا خۆ.'' ماری گۆتە کابرای، ''تۆ ببێژە.'' کابرای عەینەن وەکۆ مەسەلا بنا دارێ بۆ گۆت، چێلێ گۆتی، ''مارێ حەقە.'' مرۆڤەکەی گۆتە چێلێ، ''بۆچی مارێ حەقە؟''

٥٥٠. چێلێ گۆتە وا، ''بەلێ، ئەز گۆلک بۆم مالا خودانێ خۆ، ئەز مازن بۆم، گەلەک چێل ۆ گا یێ ل من زێدە بین، هەمۆ سالێ دا شیری ل من خۆن، دا ماستی ل من خۆن، دا روونی ل من خۆن، خودانێ من گەلەک خێرا ل من دیتی. نۆکە خودانێ من قەساب یێ هینای، دێ من فرۆشیتن، ئەزا پیر بیم، چاکی نەمایە. خودانێ من نابێژتە عەقلێ خۆ، "من گەلەک خێر یا ل ڤێ چێلێ دیتی و نۆکەش یا پ دەڤێ خۆ خودان تبیت." نەء، دێ من فرۆشتە قەسابا دا من ڤە کوژن بۆ خاترا روبع دینارەکی. وەلحاسل، چاکی نەمایە، مارێ حەقە.''

٥٥١. ماری چ کر، را بۆ سەر کلکا خۆ، گۆتە کابرای، ''دێ پ تە ڤە دەم.'' کابرای گۆتە ماری، ''ئەز شەریعەتێ چێلێ وە ناکەم.'' مارێ گۆتێ، ''کەیفا تەیە.'' کابرای گۆتە ماری، ''یێع هەنێ ریڤییەکە. وەرە، دا شەریعەتێ خۆ بەینە لالی ریڤی.'' چۆنە لالی ریڤی هەردوک، گۆتە ریڤی، ''مە شەریعەتەک یێ هەی، بۆ مە بکە.'' ریڤی گۆتە ماری، ''ببێژە.'' ماری گۆتە کابرای، ''تۆ ببێژە.''

٥٥٢. کابرای گۆتە ریڤی، ''ئەز ل کووستان بۆم، دا هێم بۆ گەرمیان. من دیت مارەک ت ناڤ بەفرێدا بۆ، وەخت بۆ بمری ل سەرما. من دل پێ صۆت، من گۆت، "خێرە." من هاڤێتە جەندکێدا، من دەڤێ جەندکی دروو، من جەندک هاڤێتە ملێ خۆ حەتا هاتمە بادینا، گەشتمە جێ گەرم، من جەندک ل ملێ خۆ ئینا خارێ، دا نا عەردی، من دەڤێ وێ ڤە

کرەڤـە، من مـار ئینا دەرێ، ئەز سـەح تکەمێ مـارێ گەرم بی، یێ قـەلەو بی.''

٥٥٣. ''من گۆتە ماری، "پ خێر بچی، حـەیوانێ خودێ." مـار هاتەڤ بەرەکا من، من گۆتێ، "دێ چ کـەی؟" گۆتە من، "دێ پ تە ڤـە دەم." من گۆتێ، "من چاکییا تگەل تـە کری، مـن تۆ یێ ل پشـتـا خـۆ کری، هندە ڕۆژا من تۆ هـەل گرتی، بۆ چی دێ پ من ڤە دەی؟" ماری گۆتێ، "ئەکەر دوژمن گەشتە دوژمنی لێک ڕا نابرن."''

٥٥٤. ڕیڤی گۆتە کابرای، ''ئەتە چتوف درۆ کر؟'' کابرای گۆتێ، ''بۆ چی؟'' ڕێڤی گۆتە وان، گۆت، ''چتوف تە دەس هاڤێتـە مـاری؟ ئەز باوڕ ناکەم.'' گۆتە مـاری، ''وەتوڤـە، مـارۆ؟'' ماری گۆتێ، ''بەلێ.'' ڕیڤی گۆتە کابرای، ''ئەوەل تە چتوف دەس هاڤێتە ماری، کرە جەندکێدا، نۆکەش وە لێ بکە.'' کابرای دەس هاڤێتە ماری، دا نا جەندکێدا.

٥٥٥. ڕیڤی گـۆتە کـابرای، ''تـە دەڤـیش لێ درو بۆ؟'' کـابرای گـۆتێ، ''بەلێ.'' ڕیڤـی گۆتێ، ''ئەز باور نـاکـەم.'' گۆتـە مـاری، ''وەتوڤـە، مـارۆ؟'' مـاری گۆتێ، ''بەلێ.'' ئینا گۆتـە کـابرای، گۆتێ، ''دەڤێ جـەندکێ بدرو، هـەروەکی ئـەوولی تە چتـوف دروبۆ نۆکـەش وە لێ بکە.'' کـابرای دەڤێ جـەندکێ هـەر وەکۆ ئـەوولی باش دروو، مـار عـاسێ بۆ. ئینا ڕیڤی گۆتە کـابرای، ''دێ، ڤـێـجـا بکوژە مـاری.'' کـابرا پ هـەردۆ پییـا پ سـەر جەندکێ کەفت حەتا مار تێدا هەرشی، ئینا مارەکە کوشت.

## لەعبا ڕیڤی

٥٥٦. تبێـژن ڕیڤـیـیـەک تگەل قـوربەشـەیـەکی بۆنە شـریک. ڕیڤـی گۆتە قـوربەشـەی، ''ئەتۆ چەند لەعبـا تزانـی؟'' قوربەشـەی گۆتـێ، ''ئەز صـەد ۆ یەک لەعبا تزانم.'' ڕیڤی گۆتێ، ''ئەز یەک لەعب تزانم.'' ڕۆژەکێ بەفرە و سەرمـایە ڕیڤی دیت گـورگەک چۆ لالی وا، ئینا ڕیڤی گۆتە قوربـەشـەی، ''حیلـەیەکێ بکە دا ئەم دەستێ گـورگـی خلاس ببین، نـەخۆ دێمـە خۆت.'' قوربەشـەی گۆتی، ''لەعبێت خۆ من هـەموو بیر کرنەڤە.''

٥٥٧. ڕیڤی گۆتێ، ''پا، من لەعبـا خـۆ بیـر نەکرییـە.'' گـورگ چۆ لالی وا. ڕیڤی گـۆتە قـوربـەشــەی، ''وەرە، ئەز ۆ تۆ دێ شــەڕی کـەین حــەتا گـورگ ببـێـژتە مـە، "ئـەڤە هونگۆ چییـە؟" ئەز دێ ببـێـژمـێ، "مـە چێـچک ڤێکرا یێت کرین، ئەمێ چێچکت خۆ نەناسینەڤە. چاک بۆ تۆ هـاتی، دا بۆ مە لێک ڤە کەی."'' ڕیڤی گۆتە قوربەشەی، ''ئەز دێ بێژمە تە، "هـەرە، چێچکێت مە لە کونێ بینە دەرێ دا گورگ بۆ مە لێک ڤە کەت."''

٥٥٨. گـورگی چ گـۆت، دلێ خۆدا، گـۆتی، ''ئەز جـارەکێ ڤـانە ناخـۆم، حـەتا چێچکێت خۆ تیننە دەرێ، پاشی دێ هـەمـا ڤێکرا خۆم.'' گـورگی گۆتە ڕیڤـی، ''دێ، چێـچکێت خـۆ بیننە دەر دا بۆ هونگۆ لێک ڤـە کـەم.'' ڕیڤی گـۆتە قـوربـەشــەی، ''ئەز دێ بێـژمـە تـە، "هـەرە بینـە دەرێ." ئەتۆ هـەرە ت کۆنێدا، ڕوو نـێ خـارێ، نەهـێ دەر. ئەز دێ گازی تە کـەم، "ئەتۆ بۆ چێـچکا نـاینـیـیـە دەر؟" ئەتۆ ببـێـژە، "زۆرن، ئەز نـەشـێـمـێ." ئەز دێ بێژمە تە، "ڕا وەستە، ئەز دێ هێمە هـاری تە."''

٥٥٩. ڕیڤـیش چۆ ژۆر، هەردوک ڕوو نشتن ت کونێدا. گورگ مـا ل بەر دەرکێ کونێ، گـاز کرێ، ''هونگ بۆ ناهێنە دەرێ؟'' ڕیڤی گۆتە گورگی، ''ئەتۆ پ خێر بچی، سەر چاڤا. ئەم ل مـالا خۆ پێک هاتن.'' گورگ چ بکەت؟

## هارۆن ڕەشید ۆ دز

٥٦٠. وەختێ هارۆن ڕەشیدی دز زۆر بوّن ل بەغدا، شورطە دەر حەق نەتهاتن، نەشیانێ. شەڤەکێ هارۆن ڕەشید ئەلبیسێ خۆ گوّڕا بۆ، پ خۆ دەر کەفت بۆ تەفتێشا بازەری ۆ یا مەحەلا، دیتن سەعەت شەش سێ مرۆڤ ل کۆلانەکێ دەر کەفتن. هارۆن ڕەشید تێ خوری، گۆتێ، ''هۆنگ کینە؟'' گۆتێ، ''ئەم ڕێڤینگین.'' ئینا هارۆن ڕەشیدی خۆ نێزیکی وا کر، گۆتێ، ''هونگ ڕاستیێ بۆ من ببێژە، هونگ چنە؟''

٥٦١. گۆتێ، ''بابۆ، ئەم دزین.'' هارۆن ڕەشیدی گۆتێ، ''ئەیش دزم، من ناکەنە شریکێ خۆ، گەل هونگۆ بێم؟'' وان دزا مەعیەن کر کۆ ئەویش دزە، ئینا گۆتێ، ''بەلێ، تۆش وەرە، بە شریکی مە.'' هەر چار گەل یێک بۆنە شریک. حەتا قەدەرەکێ چۆن، پاشی ڤە گەڕیانەڤە. گۆتە هارۆن ڕەشیدی، ''ئەتۆ چ تزانی؟'' هارۆن ڕەشیدی گۆتێ، ''ما هۆنگ چ تزانن؟''

٥٦٢. ئێکی ل وا گۆتێ، ''هەکەر ئەز بچمە پشت هەفت دەرکا، تولسمەکێ بخوونم، هەر هەفت دەرگە دێ ڤە بنەڤە.'' یێ دوێ گۆتێ، ''ئەکەر صە بڕەویت ئەز تێ تگەهەم ئەو چ تبێژیت.'' یێ سێێ گۆتێ، ''ئەگەر ئەز بچم، نۆبەچی یێ ڕا وەستای بیت، ئەز پف کەمێ حالەن دێ خەوڕا چیت.'' هارۆن ڕەشیدی گۆتێ، ''بەلێ، ئەیش تشتەکی تزانم.'' ئینا گۆتێ، ''تۆ چ تزانی، بێژە.'' گۆتی، ''بەلێ، ئەکەر مە بگرن، مە بینینە هەر صەلبێ کۆ دێمە صەلب کەن، ئەز دێ شێم خۆ لێ

خلاس کەین.''

